# خانۆچکەی ئەفسوناوی

و دۆزینەوەی دونیایەکی تازە

نوسینی نۆرتن جێستەر

گۆرینی لە ئینگلیزیەوە سباح یاسین



خانۆچکەی ئەفسوناوی

هەنگاو بەنا خانۆچکە ئەفسوناویەکدا هەڵبهێنە

و بۆ دەرەوەی دونیا برۆ

گەر لەم ژیانە تورەیت. لە گەڵ مێلۆی لاودا بەرەو دونیای ژیری گەشتبکە. هەر وەك ئەو، لەمەودوا قەد بێزاری کارت تێ ناکات.



نەخشەی بەرگەکەی لە لایەن جۆنسن لانگەی یەوە کێشراوە.
نەخشەکانی ناوەیی نوسراوەکە لە لایەن جۆلیس فیفەوە کێشراون.

PDF4Kurd

# خانۆچکەی ئەفسوناویی

نووسینی نۆرتۆن جەستەر
Norton Juster

گۆرینی لە ئینگلیزیەوە سەباح یاسین

# پێشکەشە

**بە دایکم ( ئامەخانی حاجی مەحمود )**

**کە فێری کردم نەترسم و**

**دەستبەرداری حەقی خۆم نەبم.**

# پێزانین

لێرەدا دەخوازم زۆر زۆر سوپاسی ئەو هاوڕێیانە بکەم کە کاتێ داوای یارمەتیم لێکردن، بە دڵفراوانییەوە بەدەنگمەوە هاتن، پێشەکی کاکە پێشڕەو و سالار فەخری کە کۆمپیوتەرو بەرنامەی کوردییان بۆ رەخساندم تا دەست بە کاری وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە بکەم. بە دوای ئەواندا، بەڕێز مینەی شاعیر وەك دۆستی رۆژگاری تەنگانە، کاتێکی زۆری لەگەڵمدا بەسەربرد، لە چاککردنی حونجەو روونکردنەوەی گرامەری کوردی و داڕشتنەوەی هەندێ لایەنی نوسراوەکە. کاتێکیش داوای کێشانی وێنەکانی ناو ئەم بەرهەمەم لە کاك سالاری حەمەڕەش کرد، لاوچاکانە وێنەکانی نەخشەکێشکرد، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك، هەر وێنەکانی ناو بەرهەمەکەم سکانکردەوەو هەندێك پاکسازیم تێداکرد و وەك خۆی دامنانەوە. بەڵام کە لە 2004 بۆ کوردستان گەڕامەوە، دیم لە کوردستان ماکنتاش بەکار نابەن و PC بەکاردەبەن. جا هەمدیسان کەوتمەوە تایپکردنی نوسراوەکە. دوای ئەوە کاك شێرزاد حەسەن، ئینجا کاکە مینە، هەندێك هەڵەی چاپ و حونجەیان بۆ راستکردمەوە و کاکە نەبەزو و سامانیش دڵسۆزانە لە کاری دیزاین و فۆتۆشۆپدا یارمەتییان دام. هەر هەموویان جێی سوپاسن.

# وتەیەك

جاری یەکەم کە دەقەکانی ناو ئەم رۆمانەم بە ئینگلیزی خوێندنەوە، هەستمکرد کە وشە سادەکانی خوێندنەوەیان خویان بۆ دونیا دەردەبڕن.

لە خوێندنەوەی دووهەمدا هەستمکرد کە نوسەر لەرێی گەمەی وشەسازیەوە، لێدوان و خوێندنەوەی چڕوپڕی هەزری خۆی بەسادەیی وسروشتی لای من بەیاندەکات.

لەسێهەم خوێندنەوەدا هەستی پرسیار لە وەرگێڕانی بابەتەکەو بەشدارکردنی خوێنەری کوردی لام بووە مەبەست.

ئەوەیکردومە هەستی بەرپرسیارایمە لەبەر دەم ئەو زمانەی کە هاندەریی مانەوە و بەرگریە بۆ ژیانیك کە سەرچاوەی خۆشەویستی و مرۆڤ بوونمی لە ئامێز گرتووە ، جا گەر بڵێم وشە ژیانی بە پێز دەکات ، ئەو بە هیوام ئەو گورینەوە لەو رەوە وەك هەولێك رەچاوکرێت ، خو ئەگەر نا ئەوا ماڵی خراپ سەری خاوەنی دەگرێتەوە. من لە دوایی لبەنجام گەیاندنی ئەم گۆرێنە هەست بە دەولەمەندیی زیاتری روانیین خۆم دەکەم ، جا تۆش شایستەی بڕیارەی لەزەتی وەرگرتنیت.

بلاوکردنەوە پاشکۆی ئەم پەراوە کە دەیخۆێنیتەوە، کار و نوسینی کولتور ناس" فرانك بوس" کە خویندنەوە نوێی بۆ کولتور مرۆڤایەتی هانیە دونیاوە. جا لەو رووەوە، دەشێت نوسراوەکەی ئەو و دەقی رۆمانەکە مانای وشە و بەهایانەی کولتور کە توٚ بە ئاگایی یان بێئاگایی بەکاریان دەبیت مانایەکی تری بداتی کە خۆت بڕیار یان رەچاوەی ماناکەیی بکەیت.

وشەو بەهایی کەمانای ئازادی و بەرپرسیار دەجولێنیت شاراوەیی سەپاند رابردوش بەردوام پێدەدا کە هاوەسەنگیان و ناهاوسەنگیان دەربرینە گفتوگۆ و کارو بیر کردنەوە پەیوەستێتیەتی. خۆناسینی مرۆڤ لە سەرچاوەی وشە سادەکان و بەهان نرخێنراوەکان سەردەگرێت کە پارسەنگانی حەق و ناحەقیان لەخۆدی ماناکانیادا شاردۆتەوە. جا تۆ چۆن پارسەنگی بوونی خۆت و دوربەرکەد دەگۆرێت.

ئەوە پرسیاریکە کە خوت بەوشە و کردوە لە بەها سەپاوەکانی زمانی خۆت و کومەلی دەکەیت تا ماڵئاوای لە خۆ هەڵخەڵاتان و ئاوایی لە داهێنان دەکەیت.

# 1

## مێلۆ

منداڵێك هەبوو نـاوی مێلـۆ بـوو، ئـەو  نـەك یـەك جار بـەڵكو زۆربـەی كـات نەیـدەزانی چۆن هەڵسوكەوت لەگەڵ خۆیدا بكات. كاتێك لە قوتابخانە دەبوو، بەتاسەوە، خوازیاری چوونەدەرەوە بـوو، كـە جێیدەهێـشت، بیری لە گەڕانەوە دەكـردەوە. لـەكاتی  گەڕانەوەشـی بـۆ ماڵـەوە هـەر لـە دڵـەڕاوكێدا بـوو. لـە هـەر شـوێنێك بووایە، گورج دەیویست بچێت بۆ شوێنێكی دی. كـاتێكیش  دەگەیـشتە ئـەو جێیـەی كـە مەبەسـتی بـوو، بـە خۆی دەگووت: ئەم هیلاكی و سەر قاڵییە بۆ ؟ لەپێناوی چیدا من دێم و دەچم ؟ لەوە دەچێ هەموو شتێك لەپێناوی كات بەسەربردندا بێت.....!

شتەكانی دەوروبەری، جێی سەرنجی ئەو نەبوون تا بتوانێت بە چاوی بیركردنەوە تێیان بڕوانێت.

ڕۆژێكیان، مێلۆ لە قوتابخانەوە بەرەو ماڵەوە دەچوو، بە دڵێكی پڕ لە ئازارەوە نهێنیەكانی ژیـانی خـۆی بـەم شێوەیە دەدركاند: من تێناگەم بەهای پرسیار چییە، بۆچی دەبێت پرسیار لەسـەر بـوونی شـتەكان بكرێـت؟ یـان گیروگـرفتی بـێ سـەروبنی بیركـاری بۆچـی  دەبێـت ڕاڤـەبكرێت ؟ یـان ژمارەیـەك لـە ژمارەیـەكی تـر دەركرێت چی دەگۆڕێت، یـان بۆچـی دەبێـت ئەسـیوبیا لـە سەرنەخـشە  دیاریبكرێـت؟ یـان پیتـەكانی مـانگ چۆن حونجە دەكرێن؟ ئەم گرفتانە، بۆچی پێویستە بیری لێبكرێتەوە؟......

وادەردەكەوت، كە بە ڕاسـتی كەسـێك نـەبێت، لـە نزیكـەوە پرسـیارەكان بـۆ مێلـۆ شـیكاتەوە و تێیگەیـەنێت. بۆیـە، گـەڕان بـە دوای زانینـدا لای ئـەو وەك هەمیـشە كـات بـە فـیڕۆدان بـوو.  ڕۆژانـە، ئـەم بـیرە لاوازانـە هاودەمی ژیانی مێلۆ بوون تا وای لێهات بۆ ماوەیەك بـە پـەرۆش نـەبوو بـۆ كـوێ دەچێـت یـان چـی دەكـات، بەڵكو هەر دەیویست پێهەلگرێ و بێهودە ڕێبكات.  هەندێ جاریش، كە بیری خۆشی بۆ دەهـات، جیهـانی بـە گەورەو جێی ڕامان دەبینیەوە، بەڵام كە بێزەوقی دایدەگرت، گەردوونیشی بە بێواتـا شوناسـدەكرد، ئـەوەش دەبووە مایەی زیاتر دڵتەنگی  تا ڕادەی هیلاكی و بەر چاو لێڵ بوون لەكاتی ڕۆشتندا. بۆیە بەخۆی دەگوت: ئەم شتانەی دەورو بەرم، نە هی منەو نە بۆ من دەبن، هـەر بۆیـە گـرنگیش نییـە مـن بـۆ كـوێ دەچـم یـان ناچم.


قەڵاکەی لە هەوادا
N
W
E
S
گەوجی
شاری بیرکاری
دەعەجان
Conclusions
شیوی دەنگ
بۆ خانۆچکەکە
لە خانۆچکەکەوە
سەراب
راستی
روانگە لە دارستاندا
THE DOLDRUMS
خاڵی تێروانین
فەرهەنگی شارستانیەت
دەریای
زانین
پێ دەشتی سەرلێشیواندن

مێلۆ لەچەقی ئەم بیرە ئالۆزانەدا، ئالۆزا بوو، لەپڕ بەدەم ڕۆشتنەوە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، دەنگی هەناسە دانەوەکەی، چۆلەکە بێ ئاگاکانی گوێ سەربانەکەی لاتەنیشتی لە جریوەجریو خست. چۆلەکەکان لەئەنجامدا بەدەم دڵەڕاوکێوە، لەشەقەی باڵیاندا و فڕین. مێلۆش بێوەستان و بەبێ ئەوەی سەیری ئەملاولا بکات، بەناو شەقامە جەنجاڵ و کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا هەنگاوی بەردەوامی هەڵدەهێنایەوە تا بەهەڵەداوان خۆی بەماڵەوەدا کرد و بە پلیکانەکاندا سەرکەوت (یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، دە)ی ژمارد. لەناکاو بۆی ڕوون بووەوە کە لە ژورەکەی خۆیدا هەنگاو هەڵدەهێنێت. خۆی بەسەر قەنەفەکەیدا داو بە بۆڵەو دڵتەنگییەوە وتی: پاشنیوەڕۆیەکی دوورو درێژم بەسەر برد.



هەمیشە ڕەش بینانە سەیری شتەکانی ناو ژورەکەی دەکرد، خوێندنەوەی پەڕاوەکانی لا گران بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، خولیای یاری کردنی نەبوو. هەندێك لەو ئامێرانەی کە هەیبوو بە کارەبا کاریان دەکرد ئەو نەیدەزانی بەکاریان بهێنێت. هەندێکیشیان، ئەوەندەی یاری پێ کردبوون، کە ئیتر خۆشییان تیا نەمابوو. تەنانەت چاوەکانی، ئەو ڕۆژە، دەست بەرداری گەڕان بوون بە ناو سەرەنوێلکەی ژوورەکەیدا، کە پڕ لە تۆپی بچوك و گەورەبوو، لەگەڵ کۆمەڵێك {مەتەڵی ئالۆزی لەیەکدان}. لە ناکاو، چاوی بە پاکەتێك کەوت، کە لەوەوبەر نەیدیبوو، بۆیە لە خۆی پرسی: تۆ بڵێیت، کەسێك ئەو پاکەتە سەیرو سەمەرە گەورەیەی لێرە بەجێ هێشتبێت؟

پاکەتەکە نە چوارپاڵو، نە شەشپاڵو، نە پانکۆڵە بوو، لە هەموو ئەو پاکەتانەی کە لەوەوبەر دیبوونی گەورەتر بوو. زەرفێکی شینی بریقەدار بەلایەکی پاکەتەکەوە چەسپ کرابوو، کە لێی نووسرابوو... "بۆ مێلۆ کە کات و بوارێکی زۆری هەیە."

{بێگومان گەر تۆش لە ناوەختدا پاکەتێکی وات بۆ بێت، دوور نیە کە بکەویتە بیر کردنەوەلێی و سەرت بسوڕمێت لەوەی کە کێ بۆی ناردویت و بۆچی لە ئێستادا نێردراوە؟ گەر تا ئێستا شتێکی لەو بابەتەت بەدەست نەگەیشتبێت، چاوەڕێکە، ڕۆژێك دێت کە لەناکاو دیاریەکت بۆ دێت.}

مێلۆ بەسارديیەکەوە کەوتە دوان لەگەڵ خۆیدا: تۆ بڵێیت، ئەو دیارییە بە بۆنەی ڕۆژی لە دایك بوونمەوە نێردرابێت ؟ نا... نابێت..، بۆ ئەو ڕۆژە، چەند مانگێکی ماوە. لەهەمانکاتیشدا، کارێکی وەهام نەکردوە کە شایستەی سەرنجی دایکم بم تا دیاریەکی لەناکاوم بداتێ.

{دەبوو ئەو دان بە کەموکوڕیەکانی خۆیدا بنێت گەرچی دانـان بـە نـەزانینی خۆیدا لای خۆیشی کارێکی گرانبوو .}

هەر بۆیە، خێرا وتی: لەوانەیە، من حەز لەم پاکەتە نەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی نازانم لە کوێوە هاتووە و کێ ناردوویەتی ناتوانم بۆ نێرەرەکەی بگێرمەوە.

پاش تاوێك بیرکردنەوە مێلۆ وەك ڕێزێك بۆ نێرەرەکەی، نامەکەی کردەوە. لە نامەکەدا نوسرا بوو: "**خانۆچکەیەك**، بە ئاسانی پارچەکانی لە ماڵەوە لە یەك دەدرێن. ئەمە دیارییە، بۆ ئەو کەسانەی کە قەت گەشتیان بۆ دەرەوەی دونیا نەکردووە."

مێلۆ بە تاسەوە پرسی: دەرەوەی دونیا کوێیە؟

پاکەتەکە لەم شتانە پێکهاتووە:

یەك ( 1 ) یەك ڕێگای ڕاستەقینە کە دەبێت ڕەچاوی لەیەکدانی بکرێت بە گوێرەی زانیاری دیاریکراو.


سێ ( 3 ) لەکاتی بەستنی تابلۆکاندا دەبێت ڕەچاوی گۆشەنیگا بکرێت و ئاشکرا دانرێت. هەروەها، دەبێت پارەی وردە و کاغەزتان پێ بێت تا باج بدەن، لەکاتی پەڕینەوەتان بەرەو ناوچە نەزانراوەکان هەڵبژارد.

یەك ( 1 ) نەخشەی ڕێگا و بان، بە ووردی و تەواوی لە لایەن نەخشەکێشەرانەوە، کێشراوە. لەسەر نەخشەکە زانیاری تەواوی ناوچە سروشتییەکان و دەستکاریکراوەکان، بەچاکی دیاری کراون.

یەك ( 1 ) پەرتوکی یاساکانی هاتووچۆکردن، دەبێت گشت کات لە ماشێنەکەدا بێت تا خاڵەکانی هاتووچۆ ڕەچاوبکرێت. لەهەمان کاتدا، نەخشەکانی هاتووچۆ دەبێت پاك ڕاگیرێت و نەدڕێنرێن.

ئەم تێبینیەی خوارەوەش بە خەتێکی بچوك لە نامەکەدا نوسرابوو:" ئاکامی گەشتەکە مسۆگەر نەکراوە کە چۆن دەبێت، بەڵام گەر بە تەواوەتی سەرئەنجامەکەی دڵخۆشکەر نەبوو، ئەوا زیانی بەفیڕۆدانی کاتت بۆ قەرەبوو دەکرێت".

بەدەم خوێندنەوەی زانیاریەکانەوە مێلۆ دەستی بە لێکدانی پارچەکانی یارییەکە کرد. لەئاکامدا، ژورێکی باج وەرگرتن لە ژورەکەیدا قوت بوەوە. ئینجا دەرگاو پەنجەرەکەی بەست و دوای ئەوە دەخیلەی پارەکەی



لـە ژووری بـاج سـەندنەکە دانـا. ژووری باجەکـە، لەوخاڵە پـشکنینانە دەچـو کـە دەکەوێتـە چـەقی رێگـە خێراکانی  بەینی سنوری دەوڵەتەکان بێ لە جیاوازی قەبارەو ڕەنگە ئەرخەوانییەکەی کە دەدرەوشایەوە.

مێلـۆ لەبـەر خۆیـەوە دەیـوت: چـەند یارییـەکی سـەیر و سـەمەرەیە، دەبـوو بـەلای کەمـەوە رێگەیـەکی تیژلێخوڕینیان لەگەڵدا ڕەوانـە بکردایە تا گەشتەکە  بەڕاستی بەرەو دەرەوە بڕۆشـتایە. لەبـەر ئـەوەی مێلـۆ بیرێکی تری نەبوو بۆ کات بەسەربردن، بەناچاریەوە سێ تـابلۆی ئاگاداری دانـا، پـێش گەیـشتن بـە ژووری باجدانەکە، کە نووسرابوو.." پێش گەیشتنت بە ژوورەکە هێواشی کەرەوە. تکایە پارە ئامادەکە بۆ گـومرگی رێگەدان و مەبەستی ڕوون لە بیرتا دیاریبکە."

دوای ئەوە مێلۆ بەهێواشی نەخشەکەی کـردەوە کـە رێگاکـان، دەریاکـان، شـارەکان، شارۆچکەکان، گونـدەکان، شـاخەکان، دۆڵـەکان، شـیوەکان، ئاسـەوارە دێرینـەکان کـە بـەوردی نەخـشەکرابوون. کـە بـە جـادەو لقـەکان دەگەیشتنەوە، لە یەك جودا دەبوونەوە، نەخشەی رێگاوبانەکە دەکرێت بە رێگا و بانەکانی ئـەمرۆ بـەراورد

بکرێت. گرانـی تێگەیـشتنی مێلـۆ تـەنها لـەوەدا بـوو کـە نەیـدەزانی ئـەو ناوانـەی کـە لەسـەر نەخـشەکە نووسراون، چ مانایەك دەبەخشن، کاتێك کە دەیخوێندەوە.

دوای ماوەیەکی کورت، مێلۆ بەخۆی وت: من بەراستی بڕوا نا کەم ئەم ناوچانە لە راستیدا بوونیان هـەبێت، گەرچی لەم ساتە وەختەدا بوون و نەبوونیان گرنگیەکی ئەوتۆیان  بۆ من نیە.

پاشان چاوی نوقاندو پەنجەی خستە سەر نەخشەکە، کە چاوی هەڵهێنا، پەنجەی لەسەر وشـەی (فەرهـەنگی شـار) دانـابوو.  مێلـۆ بەهێواشـی وشـەکانی خوێنـدەوە و بەخۆشـییەوە وتـی: باشـە، هـەر بـۆ ئـەوێ دەچـم، یەکسەر چوو ئوتومبێلەکەی هێناو لە تەپوتۆز پـاکی کـردەوە. ئینجا نەخـشەو پـەڕاوی یاساکانی هاتوچۆی هـەڵگرت و سـواری ئۆتۆمبێلەکـە بـوو.  بـەرەو ژووری گومرگەکـە لێیخـوڕی. کاتێـك لـە  بازگـەی بـاج نزیـك بووەوە، پارەی خستە ناو دەخیلەکەوە بە مەبەستی سنوور تێپەڕاندن. لەو کاتەدا، بـە دوودڵییـەوە، بـەخۆی دەوت: بە هیوام کاتێکی خۆش بەسەربەرم، ئەگەر نا، ئەوا دوانیوەڕۆیەکی ناخۆش چاوەڕێم دەکات.



2

## له دەرەوەی چاوەڕوانی

لەناکاو مێلۆ بەخێرایی کەوتە لێخوڕین، کاتێك سەری بۆ دواوە وەرچەرخاند، بێجگە لە دەشتێکی بەرینی سەوز هیچی تری بەدی نەکرد، نە داربەستی گومرگ، نە ژوورەکەی، تەنانەت ئاسەواری خانووەکەشی بەدی نەدەکرد. ئەم گۆڕانە ناکاوەش لە راستییەکی ڕووت دەچوو نەك خەووخەیاڵ، یان یاری خۆ هەڵخەڵەتاندن. مێلۆ بۆ ئەوەی خۆی لەم گۆڕانکارییە دڵنیا کاتەوە هەردوو چاوەکانی خۆی بە پەنجەکانی هەڵگلۆفی تا زیاتر دڵنیا بێت. ئینجا بە خۆی وت: چییە ئەم ڕوداوە کە ڕویداوە؟ {لەوانەیە، ئێستا تۆش، هەر وەك ئەو بیر لەو ڕوداوە ناکاوە بکەیتەوە} ! ئەم یارییە زۆر لەوە ڕاسترە کە من ئێستا بیری لێدەکەمەوە. ئێستا، لە شوێنێکم کە ناوی نازانم، نازانم بەرەو کوێوە دەچم.....!!! ڕووداوەکەش، ڕویدا، بەهۆی ئەو خانۆچکەیەوە کە بەدیاری ناردبوویان لە جێگەیەك و لەلایەن کەسێکی نەزانراوەوە. سەیر لەوەدایە سەرباری لەناکاویی ڕووداوەکە، هەست بە دڵخۆشی دەکەم لە بەجێهێشتنی ژوورەکەم و بەردەوامدان بەم گەشتە، ئێستا بیردەکەمەوە.....

{لەم بیرکردنەوەیەدا، مێلۆ گەیشت بەو ئەنجامەی کە یەك شت بە تەواوی هەست پێ دەکا، ئەوەش دڵخۆشییە کە بیرئەکاتەوە}

ئەو ڕۆژە تیشکەکانی ڕۆژ وا دەدرەوشانەوە، کە هیچ گەردێك، لە ئاسماندا نەیدەتوانی بەری هاتن و گەڕانەوەیان لێبگرێت، ڕەنگەکانیش بەهەمەجۆری ڕەنگیان لە چاوی مێلۆدا دەدایەوە. گوڵەکانیش لەو ڕۆژەدا، بەتیشك ئاوڕێژ کرابوون و بریسکەی دارەکانیش لەکەناری ڕێگاکەدا بە سەوزێکی زیوی دەدرەوشانەوە، زیاتر لە هەرکاتێك، چاوشارکێیان بە تێڕوانین دەکرد تا مێلۆ بەردەوامی بە بیرکردنەوە بدات. تابلۆیەك لە کەناری گوێسەبانەی ڕێگاکەدا بوو، مێلۆی بەئاگاهێنایەوە، کە لێی نوسرابوو: "زانیاری، وریاکردنەوە، ئامۆژگاری بەئارامی و دڵفراوانیەوە پێشکەش دەکەین. ئۆتۆمبێلەکە ڕاگرە و هۆڕنێك لێدە."

لەگەڵ هۆڕن لێدانا، پیاوێکی کورتە باڵا کە پاڵتۆیەکی درێژی لەبەردابوو، بەپەلە لە خانووەکە بەدەرکەوت، لەبەرخۆیەوە دەدوا، ئەوەی دەیگوت چەند جارێك دوبارەی دەکردەوە: گیانەکەم بەخێرهاتن بۆ زەوی چاوەڕوانی تا خەونەکانتان بەڕێخەن، گیانەکەم بەخێرهاتن بۆ زەوی چاوەڕوانی تاخەونەکانتان بەڕێخەن. بەڕاستی، لەم ڕۆژەدا زۆر گەڕۆك بۆ ئێرە نایەن. ئێستا دەتوانم بۆ ئێوەچی بکەم؟ پێم ناڵێیت من ئەمەم یان ئەوەم یان چیم! ئەتۆ دەزانی من کامیانم؟

مێلۆ لەسەرخۆ پرسی: ئەرێ ئەم ڕێگەیە بۆ فەرهەنگی شار دەچێت؟

کابراکەی (کە نەیدەزانی چ باسە یان خۆی کێیە) هاتەدوان: باشە ئێستا! باشە ئێستا! من ڕێگەیەکی هەڵە بۆ فەرهەنگی شار یان شارستانیەت نازانم، گەر ئەم ڕێگەیە بۆ ئەوێ بچێ، ئەوا دەچێ، گەر بۆ ئەوێش نەچێت ئەوا دیارە بۆ شوینێکی تر هەردەچێت. هەر لەبەر ئەو هۆیە هیچ ڕێگەیەك هەڵەنیە کە بۆ جێگەیەك دەچێت. بەڵام، ئەی تۆ دەتوانی پێم بڵێیت، ئەمڕۆ باران دەبارێت؟

مێلۆ بە نەزانینەوە وتی: من لەو بڕوایەدا بووم کە تۆ بەئاگابیت، لە گۆڕانی کەش و هەوا.

پیاوە بچکۆلەکە وتی: نا ...، نا، ئەرێ من ئەمەم، یان ئەوەم، یان چیم تۆ پێم ناڵێیت من کێم. من بەهیچ شێوەیەك لە گۆڕانی ئاووهەوا ئاگادارنیم . هەرچەندە بۆ تۆ گرنگە کە بزانی ئاووهەوا چی لێبەسەردێت.



بەدەم دوانەوە، پیاوەکە کۆمەڵێ میزەڵدانی پڕ لەهەوای بە هەوادا بەردا. میزەڵدانەکان بەرەو ئاسمان هەڵکشان، هەریەکە بەلایەکدا لەهەواکەدا بڵاوبوونەوە.

بەپێکەنینەوە کابرا وتی: پێویستە بزانین (با)بە چ لایەکدا میزەڵانەکان دەبا.

لەوکاتەدا، میزەڵانەکان وردە وردە بۆ ئاسمان بەرزدەبونەوە. مێلۆ کە لە هۆکاری پێکەنینەکەی کابرا نەگەیشتبوو، پرسی: ئەم جێگەیە چ جۆرە جێگەیەکی چاوەڕوانکردنە؟

لەوەڵامدا کابرا وتی: پرسیارەکەت لەجێی خۆیدایە، پرسیارەکەت لەجێی خۆیدایە، (چاوەڕوانی) ئەو کاتەیە کە خەونەکان تێیدا گەڵاڵە دەبن، کە تۆ هەوڵی بۆ دەدەیت. ئاشکرایە زۆربەی خەڵك دەیانەوێ لە کەناری چاوەڕوانیدا، کەناربگرن. کاری منیش ئەوەیە کە هانیانبدەم لە چاوەڕوانی دەرچن بەرەو سنوری خەونەکانیان هەنگاو هەڵهێنن. پێم بڵێ: ئێستا دەتوانم چی بۆ تۆ بکەم؟


پێش ئەوەی مێلۆ وەڵامی کابرا بداتەوە، کابرا بەهەڵەداوان بۆ ناو خانووەکە گەڕایەوە. پاش چەند خولەکێك هاتەوە و پاڵتۆیەکی چەرمی لەبەر کردبوو، چەترێکیشی بە دەستەوە بوو.

مێلۆ کە بیری لە بێهودەیی وەڵامەکانی کابرا دەکردەوە، بە چاکی زانی کە بەردەوامی بەگەشتەکەی خۆی بدات تا بە یەکێکی شارەزا لە ڕێگا و بانەکە دەگا، کە شێوازی وەڵامدانەوە ئاسانتر بێت.

مێلۆ کۆتایی بەلێدوانەکە هێناو وتی: بڕوام وایە ئێستا دەزانم ڕێگەی خۆم چۆن بدۆزمەوە!

هەرچەندە مێلۆ لە وەڵامەکەی خۆی دڵنیا نەبوو، بەڵام سوپاسی کابرای کردو بەرەو ماشێنەکەی چوو.

پیاوە بچوکەکە لەبەر خۆیەوە، دەیگوت شازی جوانیە! شازی جوانیە. لەوانەیە تۆ ڕێگای خۆت بدۆزیتەوە، چونکە تۆ پابەندی بەوەی لەمڕۆدا یان لە داهاتوودا ڕێگەیەك بدۆزیتەوە، گەرهاتو لەو گەڕانەتدا بەو



ڕێگایانەدا کە دەڕۆیت، ڕێگاکەی منت دۆزیەوە، ئەوا بە ئەرکی خۆتی مەزانە بۆم بگەڕێنەرەوە. هەرچەندە بڕوام وایە پاش ئەو هەموو ساڵە ڕێگاکەی من ژەنگ لێیداوە. ئەرێ تۆ وتت: ئەمڕۆ باران دەبارێت، وات وت، وا نەبوو؟

کابرا چەترەکەی هەڵدا و لەکاتی بەڕێکردنی مێلۆدا وتی: دڵخۆشم بەوەی بڕیاری ڕۆشتنتدا، چونکە من لە ئاشکراکردنی بیری خۆمدا بۆ یەکێکی تر دلگران دەبم، جا ئەگەر بیرەکانم پڕمانابن یان بێمانابن، بەرزبن یان نزمبن، لە ناوەوەبن یان لەدەرەوەبن، سادەبن یان جەنجاڵبن، ئەوا تۆ بۆ خۆت هەڵیانسەنگێنە، بەڵام چاك وایە تۆ لەم ڕێگەیەدا چاوەڕێی هەموو شتێك بکەیت. من گشت کات دەڵێم کاری چاوەڕوان نەکراو قەت ڕوونادات. زەحمەت نەبێ بە هوشیاری ماشێنەکەت لێبخوڕە. بۆ سەر زەوی خەونەکانت بەخێر بڕۆن.

لەگەڵ دوا وشەیدا، گرمەی هەورەتریشقە وەك چەپڵەلێدان دەنگی دایەوە.مێلۆ ئۆتۆمۆبێلەکەی لێدەخوڕی، بە یارمەتی ڕووناکی تیشکی خۆرەکە بینی ئاسمان کردوویەتیە باران بارین کە بە خوڕ بەسەر کابرادا دەهاتەخوارێ.

ئەو ڕێگەیەی کە مێلۆ گرتبویە بەر، بەرەو دۆڵێکی سەوزو پانتایی شۆڕدەبوەوە. ئۆتۆمبێلە بچووکەکە لە کاتی ڕۆیشتندا لە تاسەکانی ڕێگاکەی ئەدا و بەرزو نزم دەبوەوە. ئەم بارە هێدی هێدی مێلۆی لەلێخوڕین بێزار کرد، چونکە تاسەکان ئیستۆپی یەك لە دوای یەکیان بە مێلۆ دەگرت. بۆیە زوو زوو قاچی لە گازدانەکە بەرز دەکردەوە، ئەم بارە تادەهات مێلۆیان نائومێدو وەڕز دەکرد، بەیەك گەشتنیشی بە کابرای

کورتە باڵا زۆر بەرهەمدار نەبوو.  لەگەڵ کەم بیرکردنـەوە و زۆر ئیـستۆپ گرتنـدا، ماشـێنەکەش تـا دەهـات گوڕی کەمتر دەبووەوە.

بـەدەم وەنەوزدانـەوە مێلـۆ بـەخۆی دەوت: کـاتێکی سـەیرم لەسـەرزەمینی چـاوەڕوانی بەسـەر بـرد، دەمەتەقێشم لەگەڵ ئەو پیاوەدا بەهیچ جێگەیەکی نەگەیاندم، بێلەوەش بیرکردنەوەکانی ئـەو پـڕ لـەگومان بوون.

 مێلۆ بەدەم ئەو بیرە پەرشوبڵاوانەوە، ماشێنەکەی هێواشتر دەڕۆیشت و نەشیدەزانی کە بـەم زوانـە تووشـی گیانداری سەیرتر دەبێت. ئاسۆی بیرکردنەوەی تادەهات لاوازتر دەبوو،  هێدی هێدی ماشـێنەکە لای دەدا تـا بە تەواوی لە ڕێگەی مەبەستی لایدا.  گەرچی تابلۆیەکی کە بۆ ڕێنمایی هاتووچۆکەران دانرابوو،  ئامـاژەی رۆشتنی بۆ لای چەپی ڕێگاکە دەکرد، بەڵام ئەو بۆ لای ڕاست لایـدابوو.  ئـەو ڕێگەیـەش کـە مێلـۆ گرتبویـە بەر خەمساردانە ڕاکشابوو، دەورو بەرەکەشی تەڵەی سستی لەو ناوەدا نابۆوە تا  هەر بیرکەرەوەیەك لـەوێوە رەت بوو  لەخشتەی  بەرێت. مێلۆش هەتا زیاتر بیرکردنەوەی سست دەبوو، زەوی و ئاسمانی لێڵ و تـۆراوتر شـەپۆلی بیرکردنـەوەیان دەتـۆران. تەنانـەت هەواکـەی دەوروبەریـشی گـرژو گـران دەجوڵایـەوە. باڵنـدەکانی ئـەوناوەش بێتامانـە گللـەیی خۆیـان دەکـرد.  پـێچ و پـەناکانی ڕێگاکـەش کـەم فرسـەتانە هەسـت و هۆشـی مێلۆیان بەند دەکرد.

کیلۆمەتر دوای کیلۆمەتر، کیلۆمەتر دوای کیلۆمەتر، ماشێنەکە هێواشتر دەڕۆیشت، تا وایلێهات نەیدەویست لەوە زیاتر ڕێگە بکات. مێلۆ خەو ئەیبردەوە، بەدەم باوێشکەوە ئەی پرسکان: لەوەدەچێ ئەمڕۆ من بەهیچ جێگەیەك نەگەم، هیوادارم  ڕێگەیەکی هەڵەم هەڵنەبژاردبێت.....

کیلۆمەتر دوای کیلۆمەتر، کیلۆمەتر دوای کیلۆمەتر، ماشێنەکە بێ وزە دەبوو تا لە ڕۆیشتن کەوت. گەرچـی مێلـۆ برِیـاری وەسـتانی نـەدابوو، وە بـە پچڕپـچڕییەوە لـە خـۆی پرسـی: ئـاخۆ مـن لـە چ چـۆڵ و شـیوێکدا گیرساومەتەوە؟

دەنگێکی نادیار وەڵامی دایەوە: تۆ... لە... دونیـــای وەستاودا چەقیوی.

مێلۆ لەسەرخۆ چاوی بە دەوری خۆیدا گێڕا، تا بزانێت دەنگەکە لە کوێوە هات، بەڵام هیچی بەدی نـەکرد و خەویشی دەهات.

دەنگێکی تر هەڵیدایەو وتی: گەر هەر مرۆڤێکی وەك تۆ تەنها پابەندی گوێ و چاو بێ بۆ زانین.....

مێلۆ بیری لای وەڵامی یەکـەم جاربو، بۆیـە پرسـی: دونیـای وەسـتاو چییە؟ لـە هـەمان کاتـدا، هەوڵیـدا کـە بزانێت دەنگەکان لەکوێوە دێن..

دەنگێکی تر لەلایەکی ترەوە بەرزبوەوە، وتی: ئەی هاوڕێـــــــی خەواڵو، دونیای وەستاو ئـەو دنیایەیـە کـە تۆ  ڕووداوی تێدا دروست ناکەیت..!!

دەنگێك لەسەر شانی مێلۆوە دەهات، ئەوەندە لە گوێیەوە نزیك بوو كە لە خەو و خەلۆەت ڕایچڵەكاند، بەڵام لەبەر كەمی كێش و بچوكی قەوارە و ڕەنگی گیانلەبەرەكە، مێلۆ دركی بە ڕۆنشینی ئەو نەكردبوو، كە لە سەر ئێخەی كراسەكەی ڕاكشاوە.

گیان لەبەرێكی تر بەردەوامی بە لێدوانەكەدا، وتی: ڕێگەمبە با خۆمانت پێ بناسێنین. ئێمەی تەمەڵی خوێن سارد لەسەر هێزدابڕاوان ژیان دەكەین. ئێستاش لە خزمەتی بەڕێزتاین بۆ هەر فەرمانێك كە كاری نەوێت.

كاتێك مێلۆ چاوی بە دەور و بەری خۆیدا گێڕا ، بۆ یەكەم جار هەزاران لەو زیندەوەرە بچوكانەی بەدیكرد، كە لەسەر ماشێنەكە، لە ڕێگاو بانەكەدا، لە ناو گیاو پوش و پەڵاشەكاندا، لەسەر قەد و لق و پۆپی گەڵاو دارەكاندا، بە سستیەیەوە ڕاكشاون.

ئەوان لەشێوەو قەوارەو ڕەنگدا زۆر لەیەكدی دەچن

{ئەوەمان لە بیر نەچێت ئەوان ڕەنگی ئەو جێگایانەیان دەگرت كە لێی دەكەون، هەر بۆیە هەندێكیان زیاتر لەوی تریان دەچن، وەك ئەوەی لەخۆی بچێت} .

مێلۆ هاتە جواب و وتی: "پێخۆشحاڵم بە بینینتان."

{هەرچەندە مێلۆ ئەوەی وت بەڵام لەوە نەدەچوو دڵخۆش بێت بەو بەیەكگەیشتنە، بەڵام نەریت وابوو كە وا بڵێت }

مێلۆ هەروەك پەشیمان بێت، وتی: وا بیردەكەمەوە، كە ڕێگاكەم ونكردبێت، دەتوانن ئێوە ڕێنمایم بكەن تا دەرچم؟

گیانلەبەرەكەی كە بەسەر پێڵاوەكەیەوە هەڵتروشكابوو، بە توڕەییەوە، وتی: قەت مەڵێ بیر دەكەمەوە....!

{پێش تەواوكردنی وتەكەی، گیانلەبەرەكە خەو بردییەوە}

گیانلەبەرێكی دیكەیان هەڵیدایە: ئەو پرۆسێسە سەیرەی كە ئێوە پێی دەڵێن: (بیركردنەوە) چونكە دژی دامودەزگای تەمەڵی نەریت دامەزراوە.

( ئەویش كەوتە باوێشكدان و... خەو بردییەوە)

سێهەم بە دەم خەوتنەوە وڕێنەی دەكرد: ڕێگە بەكەس نادرێ لە ڕێگای قەتیسماودا، بیركاتەوە، چونكە بڤەیە.

هەریەكێكیان بهاتایەتە قسەكردن، بە دەم لێدوانەوە، خەو دەیبردەوە، بەڵام یەكسەر یەكێكی تریان درێژەی بە لێدوانەكە دەدا، بەو شێوەیە دەمە تەقێ بەردەوام دەبوو. گیانلەبەرێكی تر لە مێلۆی پرسی:



پـەرتووکی یاسـاییت هەیـە ؟    تـۆ لـەوە ناچـێت فـەرمانی یاسـای گـشتی ژمـارە ( 1750389د.س)ت خوێندبێتەوە.

مێلۆ بە پەلە پەرتووکی یاسایی لە گیرفانی دەرهێنا، ئەو لاپەڕەیەی کردەوە کە نوسـراوە... فـەرمانی یاسـای گشتی (1750389د.س)، هەموو کارێك کە بیرت دەوروژێنێت، تێگەیشتنت لادروست دەکات، هانی گفتوگۆ و راڤەکردن دەدا، بێهۆ نەك هەر بڤەیە بەڵکو قەدەغەیە. تەنانەت چونە خەڵوەتەوە بەهیوای نزیکبوونەوە لە خوداش قەدەغەیە و بـە شـکاندن و لادان لـە یاسـا دەژمێردرێـت. پـشتگوێ خـستن و پـەیڕەوی نـەکردنی یاسـای تەمـەڵی بـە هوشـیاری دادەنرێـت. هەرکەسـێ یاسـای تەمـەڵی پـەیڕەو نـەکات ئـەوا سـزای تایبـەتی دەدرێت.

مێلۆ ، لە پڕ وتی: ئەو یاسایانە، یاسایەکی پڕو پووچن، چونکە مرۆڤ هەردەم بیر دەکاتەوە.

گیانلەبەرە سستەکان بەیەك دەنگ قیژاندیان: ئێمە بیر ناکەینەوە....

ڕەنـگ زەردێکیـان کـە لـە ناوەنـدی گوڵـە نێرگزێکـدا هـەڵتوتابوو، وتـی: لـە زۆر کاتـدا، تـۆش وەك ئێمـە بـیر ناکەیتەوە، هەر لەبەر ئەو هۆیەیە کە ئێستا لەگەڵ ئێمەدا دەدوێیت. ئەو مرۆڤانەی وەك تۆ بـیر لـە دەسـت

ئـەدەن، ڕوو دەکەنــە لای ئێمــە، ئێمــەش زەمینــەی خــەویان بــۆ خــۆش دەکــەین. { لەگــەڵ تــەواو بــوونی وتەکەیدا، بە دەم مشەمشەوە خەو بردیەوە}

مێلۆ بەهـەڵس و کـەوتی ئـەم گیاندارانـە پێکـەنینی دەهـات، گەرچـی هەسـتیدەکرد، کـە پێکـەنین کـارێکی نەگونجاوە. لەناکاو، ڕەنگ ڤاوەییەکیان کە بە پانتۆڵەکەیەوە خۆی گرمۆڵە کرد بوو، وتـی: پێکـەنین دەمـارە هەستیارەکان دەبزوێنێت. تۆ دیارە بێ ئاگای لە یاسای ناوچەیی فەرمانی ژمارە (ڤ574381).

مێلۆ جارێکی تـر پەرتووکەکـەی کـردەوە، یاسـای ناوچـەیی فـەرمانی ژمـارە (ڤ574381)ی دۆزییـەوە، کـە دەڵێت: "لەدونیای وەستاودا، پێکەنین ڕێی پێنادرێـت جگـە لـە بـزەی سـەر لێـو، ئـەویش لـەدوای نیـوەڕۆی سێشەممواندا بەدزییەوە دەبێت ئەنجامدرێت. هەر سەرپێچی کردنێك بەنەعلەت لە قەلەمئەدرێت."

مێلۆ بە گومانەوە پرسی: باشە، گەر نەتوانی پێبکەنیت و بیربکەیتەوە، ئەی چیی دەتوانی لەجێی بکەیت؟

یەکێکی تریان هەڵیدایە: هەرشتێ هەتا هیچ کردن، هەمووشتێك تا ئەو ڕادەیە هـیچ نەکـەی. بـەو شـێوەیە، مەبەسـتی نەنوسـراوی کۆمەڵـەی لانـەوازان پـەیڕەو دەکـەیت کـە وەك میراتێکـی چـرو پـڕ لـە باپیرانــەوە بەجێماوەتەوە، کە دەکرێ لەمڕۆشدا بە کوێرانە کڕنۆشی بۆ بەرین.

ئەمجا هەر یەکە لەگیانلەبەرەکان بە دوای یەکتردا بێ وەستان، ئاماژەیـان بـۆ بەرنامەکـەی باپیرانیـان کـرد: هەشتی بەیانی لە خەو هەڵدەستین، دوای ئەوە خەریك دەبین بە هیچ نەکردنەوە.

_ لە هەشتەوە بۆ نۆ دالغە لێدەدەین.

_ لە نۆوە تا نۆ و سی خولەك یەکەم سەرخەو دەشکێنین._ لـە نـۆ و سـی خولەکـەوە تـا دە و سـی خولـەك کات بەفیڕۆ دەدەین._لەدە و سی خولەکەوە تا یانزەو نیو سەرخەوی دووهەم دەشکێنین_لـە یـانزەو نیـوەوە کات بەبادەدەین تا، نانی نیوەڕۆ دەخۆین.

_لە یەکەوە تا دوو خۆ دەخلافێنین ، وە ئەملاوئەولا دەکەین.

_لەدووەوە بۆ دوو و نیو سەرخەوی دوای نیوەڕۆ دەشکێنین.

_لەدوو نیوەوە تا سێ و نیو بەدالغە، کاری ئەمڕۆ دەخەینە سەر بەرنامەی سبەینێ.

_لە سێو نیوەوە تا چوار سەرخەوی درەنگان دەشکێنین.

_لە چواری ئێوارەوە تا پێنجی ئێوارە کاتێك لە سستێتی، بەماندوییەوە بەسەر دەبەین.

_لە شەشەوە تا حەوت خۆمان بەوەرەو بڕۆوە دەخلافێنین.

_لەحەوتەوە تا هەشت سەرخەوێکیتر دەشکێنین, ئەو کاتـە کاتـژمێرێك بـۆ خـەوی شـەو دەمێنـێ, ئـەویش بێخەم بەبادەدەین.



_وەك دەبینی ئێمە كاتمان نیە بۆ بیركردنـەوە, یـان ڕێگا دۆزینـەوە, یـان گومـان كـردن, گـەر بێـت و ئێمـە بجوڵێین ئەوا پرۆگرامی ڕۆژانەمان پێ جێبەجێ ناكرێ.

مێلۆ كە هێشتا حاڵی نەبووبوو لە بەرنامەكەیان, پرسی: ئێوە مەبەستتانە كەهیچ ناكەن؟

_ئێمە نامانەوێ هیچ شتێك بكرێت.

_ئێمە دەمانەوی هیچ نەكرێ, هیچ نەكردنیش لەڕێگەی مرۆڤێكی وەك تۆوە بەئەنجام ئەگەیەنرێ.

_گیانلەبەرێكی شەڕانیان وتی: تێدەگەیت؟؟!

_بەڕاسـتی هـیچ نـەكردن, كـەمترین وزەی دەوێ، هەرلەبـەر ئەوەیـە هەفتانـە ئێمـە پـشوو دەدەیـن تـاهیچ گۆڕانكاریەك لەدنیای وەستاودا ڕوونەدا.

_كاتێك كە تۆ هاتیت, ئێمە خەریك بوو بخەوین. دەتەوێ لەگەڵماندا سەرخەوێك بشكێنی؟

_مێلۆ لەبیری خۆیدا بیری لە خەوتن ئەكردەوە بە دەم وڕینەوە پرسی: كەس لێرە هیچ دەكات؟

_دوان لەگیانلەبەرەكان بەیەك دەنگ وتیـان: زۆربـەی مرۆڤگـەل لـەم ناوچـەیەدا مـێش دەقـەپێنێن، بـێ لـە سەگی چاودێر، كە بەها بۆ كات دادەنێت.


مێلۆ بەگومانەوە پرسی : سەگی چاودێر چییە؟

گیاندارێکیان ڤیژاندی: سەگی چاودێر هات..

سەگەکە بەتووڕەیەوە کلکی بادەدا و تەپ و تۆزی بەوناوەدا پەرش و بڵادەکردەوە, تەمەڵی کە بیری مێلۆی قەتیسکردبوو، خەو دەیبردەوە.

گیانلەبەرەکان بەیەکتریان دەوت: خۆت حەشاردە، قوژبن بگرە تا بەلای سەگی کات لە کۆڵمان دەبێتەوە.

{مێلۆ تا ئەو کاتە نەیدەزانی کە کات بەهای هەیە یان چاودێری هەیە، بەڵام بینی گیانلەبەرە سستەکان سستانە پەرش و بڵاوبوونەوە}



سەگی چاودێر شاڵاوی بۆ سەر ئۆتۆمبێلەکە برد، بەمرخەوە چڕنوقی لە دەرگاکە دەخشاند. چاوە گەورەکانی و حەپەی بەمەبەستی، نەك تەنها مێلۆی وریاکردەوە، بەڵکو بیری خۆدەربازکردنی لە مێشکیدا بزواند.

سەگی چاودێر، سەگیکی ئاسایی کەم تووك بوو، کاتژمێرێك بە لاقەدییەوە بوو، کاتێك هێمن بووەووە، لە مێلۆی پرسی: تۆ پێم ناڵێیت لێرە چی دەکەیت؟

مێلۆ ئاساییانە وتی: تەنها کات بە فیڕۆ دەدەم.

سەگەکە بە تورەییەوە وتی: تۆ تێدەگەیت چی دەڵێیت؟

{سەگەکە بەڕادەیەك  توڕەبوو کە کاتژمێرەکەی لە ناکاو لە کار کەوت.}

توڕەیی و پرسیاری سەگەکە وای لە مێلۆ کرد کە بۆ یەکەم جار بە بیریداهات کە بەهای تەواوی کات، داهێنان دەگەیەنێ، نەك ژیان بەفیڕۆدان.


پێش ئەوەی مێلۆ وەڵامبداتەوە، سەگەکە پرسی: تۆیەکی لاو چی دەکەیت لە دونیای لانەوازاندا؟ جێگەیەکی تر نیە بۆی بچی؟!

مێلۆ بە شڵەژاوییەکەوە وەڵامی دایەوە: من لەسەر ڕێگەبووم ، بەرەو  فەرهەنگی شارستانیەت لێمدەخوڕی. لە ناکاو، ماشێنەکەم کەوتە هەڵبەزودابەز، بڕواش دەکەم لە دوای ئەوە هێدی هێدی توانای بیرکردنەوەم لەدەستدا و کەوتمە گێژاوی  وەستانەوە. باشە تۆ ئامادەی هاریکاریم بکەیت تا لێرە دەرچم؟

سەگەکە لەسەرخۆ دووا و جەختی لەسەر ئەوە کرد: تۆ دەبێ  بە بیرکردنەوەی خۆت لێرە دەرچیت. هەروەها، من وا بیردەکەمەوە کە تۆ دەبێ بزانی هۆکاری دەستەپاچە بوونت چیە پێش  ئەوەی لە ڕێگای مەبەست لاتدا؟

مێلۆ وتی: من وا لێکیدەدەمەوە، کە لە لێخوڕیندا بەرەو فەرهەنگی شارستانیەت توانای بیرکردنەوەم لە دەستدا،  وەڕسی هەلبەز و دابەزی ڕێگاکەش کە دووبارە و دەبار بوونەوە، بە هێواشی بیر و بیرکردنەوەی خەواندم و تەمەڵیش وەك تۆ دەیزانی باوەشی نەرمی بۆ کردمەوەو، خەمساردی ئەم ناوچەیەش لە بیرکردنەوە دەریکردم، کاتێك بە خۆم زانی  وەنەوس دەدەم و تەمەڵەکانی ئەم دەورەش  لەگەڵمدا وڕێنە دەکەن.

سەگەکە وتی: لەدەست دانی بیرکردنەوە، نیشانەی لاوازی ئیرادەیە، ئیرادەش توانایەکی شاراوەیە کە داینەمۆی بیرکردنەوەیە.



مێلۆ بە کەساسیەوە وتی: دەترسم لەوەی بڵێم، کە من کەم هەوڵ ئەدەم..!

{دانان بە نەزانیدا، هەستی بیرکردنەوەی لای مێلۆ زیاتر دەوروژاند}

سەگەکە وتی: کەواتە ئێستا ئێمە ئەوە دەزانین، پێشبین و دورخایەنانە پلانت دانەناوە، بۆیە بەم جێگەیە گەیشتویت، گەر وابێ، دەبێ ئێستا چی بکەیت؟

سەگەکە قەڵەمبازێکی دایە ناو ماشێنەکەوە و وتی: پێت گران نیە دانیشم؟ من حەز لە گەشتی ئوتوموبێل دەکەم.

{مێلۆ تا ئەو ساتە نەیدەزانی کە ماشێنەکەی بە وزەی بیرکردنەوەدەڕوات. هەر لەگەڵ هەستی بەو بیرە کرد، دەمارەکانی بیری گرژبوون بۆ خۆ قوتارکردن، بیری لە گێژەنی ژیان کردەوە، کە چۆن هەر شتێك پەیوەستە بەشتێکی ترەوە، ماسی بەئاوەوە، ئەرز بە کەونەوە، رۆژ بە ئاگرەوە، مرۆڤ بە شارستانیەتەوە.. پابەندە، یان چۆن باڵندە دەفڕێ؟ یان بۆچی دایکی لە کاتی خۆیدا نانی بۆ ئامادە دەکات؟ یان ئەو میوانە لە چ کێڵگەیەکەوە هاتبوون و جوتیارەکان چ گۆرانییەکیان بەسەر سروشت دا هەڵداوە و بۆچی؟ بۆچی دەنگ کراوە بە بڕگە و بڕگەش کراوە بە وشەی جۆراوجۆر، تا ڕستە پێکبهێنن و مانا بە دونیا بدەن و ناوی شتەکان بنێن. } ئەو هەست و بیرانە وردە، وردە وزەی لێخوڕینی مێلۆی بەگەڕدەخست. {مێلۆ بەردەوام بو لەسەر ڕاڤەکردن و پرسیاری جۆراو جۆری لە خۆی دەکرد: بۆچی پیتی (ب ) دەربڕینی بیر و بیرکاریە، کێبووە ئەو هەڵبژاردنەی کردووە و چۆن ئەوانی تری ڕازی کرد؟ }

مێلۆ هەستی دەکرد.. لەگەڵ بەردەوام بوونی لە بیرکردنەوە ماشێنەکە زیاتر دەبزوێت...!

سەگەکەش لەم بزواندنە بە ئاگا هات، بۆیە هانی مێلۆ ئەدا کە بەردەوام بیربکاتەوە.

ماشێنە بچوکەکە تا دەهات، زیاتر دەڕۆیشت، هاوشان لەگەڵ وزەی مۆخی مێلۆدا دەبزوا، ڕوەو خوار بەڕێگاکەدا لەسەرخۆ تل دەبوەوە. پاش چەند خولەکێك چوونە سەر ڕێگا سەرەکییەکە و لانەی لانەوازانیان بە تەواوی بەجێهێشت. هێدی هێدی ڕەنگەکان گەشاوەتردەبوون، بیرەکانی مێلۆش پێشبڕکێی لەگەڵ ڕێگەکەدا دەکرد، تا دەهات پەلیان دەهاویشت بە لای جودادا، بە وتنەکانیا دیاربوو کە دەیوت: لادان و هەڵە ئاسان دەکرێن، بەڵام ئاکامەکانیان گران دەکەونەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا، کاری بێ پلان سەرئێشەو دڵەڕاوکێ چێدەکات، هۆ و ئاکامەکان چۆن دووبارە دەبنەوە؟ تەنیا بیرکردنەوەی چالاکانە ڕێ و مەبەست بەیەکەوە گرێ دەدا.

سەگەکەش لە تەك مێلۆدا بێخەم ڕووی لە هەوا و لەسەر پاشەڵی هەڵتروشکابوو، کاتژمێرەکەشی لەگەڵ دەورانی خوێندا ، تك.. تکی دەکرد.

# 3

# بەخێرهاتن بۆ فەرهەنگی شارستانیەتی

سەگی کات پاش ماوەیەك لێخوڕین بە مێلۆی وت: تۆ دەبێ لە تووڕەییم ببووری، چونکە، بەتوڕەییەوە ناڕەزایی ئاشکرا دەکەم، لەو ڕێگەیەوە توانیومە وەفای خۆم بۆ کات بەیانکەم و بەرپرسیارانە ڕاپەڕێنم.

مێلۆ کە دڵخۆش بوو بە ڕزگاربونی لە زەلکاوی قەتیسماو، بە سەگەکەی وت: زۆر سوپاس بۆ وەڕینەکەت، کەبە ئاگای هێنامەوە و بۆن و ڕەنگی ژیانیانی لا نوێ کردمەوە.

سەگەکەش بەخۆشییەوە وتی: زۆرچاکە، پێخۆشحاڵم بەوەی کە دەیبیستم. لەو بڕوایەدام لە ڕێگادا، هاودەنگی یەکتر بین. لێرە بەدواوە، بە تۆك بانگم بکە.

مێلۆ بە سەرسامییەوە وتی: ناوەکەت زۆر سەرنجڕاکێشە، بەڵام تۆ (تیك، تیك) دەکەیت، نەك( تۆك، تۆك). بۆچی ئاوەها ناو نراویت؟

سەگەکە بەدەم داچەقاندنەوە، وتی: قەت وا مەڵێ.

مێلۆ فرمێسکی لەچاوی سەگەکەدا بەدی کرد، بۆ پاساودانەوەی ڕاکەی، بەپەلە وتی: مەبەستم بریندارکردنی هەستت نەبوو.

سەگەکە بە دەم کۆکردنەوەی بیرەوەریەکانیەوە، وتی: گوێ مەدەرێ، ناو لێنانەکەم پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە، خۆشە گێڕانەوەی. ئێستا بۆت دەگێڕمەوە. لە کاتی لەدایکبوونمدا، دایك و باوکم بە دڵێکی خۆشەوە چاوەڕوانی ئەوەدەکەن کە نەوەکەیان لە خۆیان بچێت. چونکە خۆیان (تیك تیك)دەکەن، چاوەڕێن کوڕەکانیشیان هەر (تیك تیك) بکەن. بۆیە پێش وەخت ناوی براکەم بە (تیك) ناونوس دەکەن. بە پێچەوانەوە ئەو،( تۆك تۆك) دەکات..!!. ئەم ڕوداوە چاوەڕوان نەکراوە، دایك و باوکم دەسەپاچە و شپرزەدەکات. بۆیە بڕوا دەکەن کە منیش هەر (تۆك تۆك) دەکەم، بەو بۆنەیەوە، بەپەلە بە تۆك ناوم دەنووسن. من زۆرکات دەڵێم... هەڵە چرکەیەکی چاوەڕێ نەکراوە گەرچی دوای ئەو ڕووداوە، باوك و دایکم ویستبویان ناوەکانمان بگۆڕن تا لەگەڵ لێدانی دەنگدا بگونجێت. بەڵام لەبەر گرانی حوکمی سەگایەتی، ئاسان نیە نەریت گۆڕین. دایك و باوکم، لەو ڕۆژەوە، دلگرانن و بڕیاریان داوە کە چیتر نەوە نەخەنەوە.

مێلۆ بۆ گۆڕینی باسەکە چونکە هەستی (تۆك) ئازار دەدا، پرسی: ئەی باشە، چی هانیدایت کە ببیتە چاودێری کات؟

(تۆك) بەدەم خوراندنی گوێی چەپییەوە وتی: پاسەوانی کات لە باپیرانمانەوە بۆ ئەوە وەك کارێك ماوەتەوە، لەوەش دەچێت لە دێر زەمانەوە، هەروا بووبێت، لە مەبەستم تێدەگەیت؟

ئەوسا، کات بە شێوازی ئەمرۆ نەدەژمێردرا، بەلام کە مرۆڤگەل کەوتنە خۆڕێکخستن، پێویستیان بەدابەشکردنی کات هەبوو، تا بزانن کەی شەمەندەفەر دێ و دەڕوا تا بەجێ نەمێنن.

هەر بۆیە، بڕیاریان دا کە شەست چرکە لە خولەکێکدا بێت، شەست خولەك لە یەك سەعات دا بێت، بیست و چوار سەعات لە ڕۆژێکدا بێت، گەر لەوە زیاتر کاتیان دابەش کردایە، ئەوا دوور نەبو بەدەردی ڕەش و سپییەکەی دین و دونیای لێبێت. هەر کاتێك بیر لە مێژوو دەکەمەوە، کات بەفیڕۆنەدان زیاتر لە ئەستۆ دەگرم.

{بەگێڕانەوەکەیدا، بەرپرسیارێتی ( تۆك) تا ئەو ڕادەیە ڕوون بوو کە ئامادەیە شەڕ دژی بەفیڕۆدانی کات بکات.}

(تۆك) بەدەم خۆکشاندنەوە, پەلی درێژکرد بۆ سەر داشبولی ماشێنەکە و سەیری دەرەوەی دەکرد. ئینجا وتی: چاودێری لە کات کارێکی گرانە، بەلام بەگزادانەیە، وەك دەبینیت، کات بەنرخترە لە ئەلماس بۆ ژیان، بۆیە لەگەڵ گەشەی زانیاریدا، کەمتر کات بە فیڕۆ دەدرێت. ئەوانەش کە ڕێزی کات نازانن، کاتیش بێ بەزەیی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات .

{لەو کاتەدا ماشێنەکە لە "فۆرتێك" یدا، تۆك بەهەر چوار پەلییەوە کەوتە سەر کوشنەکەو بەئاگاهێنەرەکەی (ئەلارمەکەی) کەوتە لێدان.}

مێلۆ پرسی: خۆ ئازارت پێ نەگەیشت؟

(تۆك )وتی: ئمم، دەبوو پێشبینی فۆرتی ڕێگاکەم بکردایە.

لەگەڵ بەردەوامی گەشتەکەیاندا, تۆك باسی گرنگی کاتی دەکرد و نموونەی جۆراوجۆری لە وتەی شارەزایان دەهێنایەوە. بیر و هەستی مێلۆش لەگەڵ باسەکاندا، زیاتر خرۆشیان تێدەکەوت، ماشێنەکەش خێراتر ڕێیدەکرد. دونیای بیرو خەونەکانیان بەرەو ڕەهەندی جیاواز شەپۆلی دەدا. لەناکاو، بریسکەی منارە چاودێرەکانی فەرهەنگی شارستانی بەئاگای هێنانەوە. کاتێ لە قەلاکە نزیك بوونەوە، نیگاری سەر دیوارەکان، سەرگوزشتەی ڕابردویان بە وێنەی جیاواز دەگێڕایەوە، گەر بهاتایە (تۆك) مێلۆی بەئاگا نەهێنایەتەوە، ئەوا دوور نەبوو کە خۆی بە دیوارەکەدا بدایە. لەگەڵ وریا بوونەوەیدا, مێلۆ بە خێرایی ماشێنەکەی ڕاگرت و لە بەردەمی دەرگا ڕەنگینەکەی قەلاکەدا دابەزین.






**لەو کاتەدا پاسەوانی بەردەمی دەرگای قەڵاکە قوڕگی پاککردەوە...ئەها، ئحم.  بە مەبەستی ئەوەی کە تۆك و مێلۆ بە لایدا وەرچەرخێن، دوایی وتی: ئێرە فەرهەنگی شارستانیەتە، مەڵبەندی شاهانەیە بۆ پەرەپێدان بە زانیاری. باشی جێگای ئەم شارەش لەوەدایە کە کەوتۆتە دامێنی گردۆڵکەکانی سەرلێشێوانەوە بۆ گومانکردن تا نزیکی دەریای زانیاری درێژ دەبێتەوە. ئەمڕۆش جارچی پاشا جاڕی وشە کڕین و فرۆشتنی داوە، جا ئێوە هاتوون بۆ کڕینی وشە یان فرۆشتنی؟**

**مێلۆ بە سەرسامیەوە پرسی: داوای لێبوردن دەکەم، لە مەبەستت ناگەم؟**

**پاسەوانەکە دەنگی بەرزکردەوە:کڕین یان فرۆشتن؟ کڕین یا فرۆشتن؟ ئەی مەبەستی هاتنت، بۆ فەرهەنگی شارستانیەت چییە؟**

**مێلۆ لە وەڵامدا وتی: من لە ماڵەوە بووم، نەمدەزانی چی بکەم.**

**پاسەوانەکە وتەکانی پێ بڕی، وتی: دەی بڵێ، چ هۆیەك هانیدایت بەرەو ئێرە  گەشت بکەیت؟  هیچ نەبێت دەبێت ڕوونکردنەوەیەك هەر هەبێت،  چییە؟ بۆچی؟ چۆن؟ لەبەر چی؟ لە کەیەوە؟ زیاتر لەوانەش، بڵێت.**



مێلۆ سەری ڕاوەشاند، بێ وەڵام مابوو، هەر لە دەرگاوانەکەی دەڕوانی.


پاسەوانەکەش سەری لەقاندو بە تەوسەوە وتی: لەجێی خۆیەتی، چوونە ژوورەوە بێ هۆ هەر نابێت. تۆ چاوەڕێمکە بزانە هۆیەك بۆ هاتنەکەت نادۆزمەوە. ئا.. بیرمکەوتەوە، شتێکم لایە تۆ لەوانەیە لە بازاڕدا بیفرۆشیت یا هیچ نەبێ بڵی ئاڵوگۆڕی دەکەم، بیکەرە بەهانەیەك بۆ هاتنەکەت.

دەرگاوانەکە، جانتایەکی ڕزیوی لەسندوقەکەی ژێر خۆیدا دەرهێنا، دەستی بە پشکنینی شتەکانی ناوی کرد، بەدەم گەڕانەوە، لەگەڵ خۆیدا دەدوا: نا، نا، ئەمە نافرۆشرێت..... ئەمە دەفرۆشرێت.... لەپڕ بە ڕویەکی خۆشەوە، زنجیرێکی بەرزکردوە و بەخۆی وت: بۆ نا ؟! ئەمە دەفرۆشرێت، ئەمە لەوشتانەیە کە

دەگونجێت بە لایکەمەوە بە سەرباقی ئالۆگۆڕی پێ بکرێت، هەرچۆنێك بێت، نرخی بەكار بردنی ماوە، هەرچەندە بەكاریش هاتووە.

بە دەم لێدوانەوە، ملوانکەیەکی لە ملی مێلۆ کرد و وتی: فەرموو، ئێستا هۆی هاتنە ژورەوەت هەیە.

مێلۆ لە دڵی خۆیدا دەیپرسی: دەبێ بازاڕ چی بێت؟



لەگەڵ چونە ناوەوە، دەنگێ سەرنجی ڕاکێشا کاتێك نزیك کەوتەوە، زانی کە بازاڕەکە بە وشەی هەمەڕەنگ و شەنگارە ڕازاوەتەوە، خەڵکی بە سەوداو مامەڵە جۆش دراون. ئالآیەکی هەڵواسراو بە ئاگای هێنایەوە کە نوسرابوو: بۆ بازاڕی کڕین و فرۆشتنی وشە و وشەسازی بەخێرهاتن.

لەژێر ئالآکەدا، پێنج پیاوی کەڵەگەتی باریك ڕاوەستابوون، کە بە یەك شێواز بەرگیان پۆشیبوو. بەرگەکەی بەریان پێکهاتبوو لە نیوە پالتۆی ئاوریشم ، (شەپقەی قوت)یان لەسەرخۆیان نابوو، (پێلآوی لوت کەوش)یان لە پێدابوو، بە ویقارەوە و بێ باکانە سوکە لەنجەیان دەکرد. مێلۆ سەیری دەکردن. لەناکاو، هەر پێنجیان ڕووەو ئەو هاتن، ڕۆیشتن و هەنگاو هەڵهێنانەوەیان، دەنگێکی سەیری لەهەستیدا دەوروژاند کە نەیدەزانی بە چ وشەیەك دەریبڕێت. کاتێ نزیك بوونەوە، یەك بە دوای ئەوی تردا وتیان: ئەم کاتەت باش، چاك بوو هاتی، بەخێرهاتی، سەرچاوهاتی، بەرەکەتت هانی... .

مێلۆ سوپاسی کردن، ئەوانیش وتیان: پیتی مەزن، شای وشەسازی، مەلیکی بڕگەی لەیەکدراو، گفت پێکهێنەر، وشەی سەرەتاو دوایی.

مێلۆ پرسی: زەحمەت نەبێت، ئێرە چ شارێکە...؟؟

ئەوان وتەکەیان بە مێلۆ بڕی، وتیان: نیشتیمان، وڵات، دەوڵەت، دەسەڵات، پێناسەی کۆمەڵایەتی ....

مێلۆ کە ئەو وشانەی لێکدەدایەوە، ئینجا دەنگی بەرزکردوە، وتی: من وای بۆ دەچم، ئەو وشانە کە ئێوە یەك بە دوای یەکدا دەیڵێن، کەم و زۆر سێبەری یەك ترن، وا نیە؟!

ئەوان بەیەك دەنگ وتیان: بێگومان، بەدڵنیاییەوە، بەڕاستی، بێ کەم و زۆر، هەر وەهایە وەك تۆ لێکیدەدەیتەوە.


مێلۆش بەگومانەوە پرسی: گەر وایە، ئەی بۆچی، هەریەك لە ئێوە وشەیەكی جودا بەكار دەبەن، چاكتر نیە تەنها یەكێكتان بدوێن؟

بەتوڕەییەوە یەك بە دوای یەكدا، وتیان: بێمێشكییە، بێمانابیە، بێمانایییە، پڕوپوچیە، نالەبارییە، بێسەروبەرەییە...

ئینجا، هەر پێنجیان، بەیەك دەنگ وتیان: هەر وشەیەك كە دەووترێت، ماناو سێبەری جودا جوداى هەیە، ئەو جیاوازیانەیە، كە وا دەكات كە وشەیەك باشتر لە جێی خۆیدا مانا بپێكێت. تۆش پێویستە لێكیبدەیتەوە. بۆ نموونە، تۆ بۆت هەیە هەڵیبژێریت. هەر بۆیە، گەر وشەیەك ڕاستبێ... هەرچۆنیك بێ... بۆ نموونە، (دە كەرەت دە)، ئەوە دەگەیەنێ كە دەجار ڕاستە. ئاشكراشە كە تۆ تا ئێستا نازانی ئێمە چ كارەین.!!

ئینجا یەك، بەدوای یەكدا خۆیان پێناساند: میری وشە ڕوونكردنەوە، پیری مانا لێكدانەوە، سۆفی جەوهەر هەڵسەنگاندن، ژمێریاری وشە و چەمكەكانی، بەڕێوەبەری بەردەستی دوهەمی تێگەیشتن.

پیری مانا وتی: لەڕێگای لێكدانەوە، هەر یەك لە ئێمە بە جۆرێك ئامۆژگاری مەلیك دەكەین لە فەرمانو كاروباری وڵات بەڕێوەبردندا. ئێمە بەیەكەوە كابینەی مەلیك پێكدەهێنین. دەزانی كابینە ئەم مانایانە دەبەخشێ (1)ژووری تایبەتە، جێی جل و بەرگ هەڵگرتنە، چەكمەجەی دۆڵابە بۆ پاراستنی شتی گرانبەها، یان ئەرشیفی نهێنی هەڵگرتن. (2) ژووری سەرۆك وەزیر و سەرۆك دەوڵەتیش هەر بە كابینە ناو دەبرێ. (3) جەستەیەك لەسەرۆكی نەتەوە یان ڕاوێژكەری بەجێهێنەریش هەر بەو ناوەوە دەناسرێن.



دوای ئەو لێدوانـە، پـیری مانـا سـەری ڕێـزی بـۆ مـیری وشـە دانەوانـد و بـە مێـلۆی وت: بـۆ ئاگـاداری زیـاتر، حەزدەکەم بزانی، کە فەرهەنگی شارستانیەت، ئەو پانتاییەیە کە سەرانسەری دونیای داهێنان و گەشەی لە ئەستۆ گرتووە، (وشە)ش سەرپۆپەی ئەو گەشەیە ئاشکرا دەکات

مێلۆ بە ڕامانەوە، وتی: من نەمدەزانی وشە گەشە دەکات.

سۆڤ جەوهـەر هەڵیدایـە: دیـارە تـۆ زۆر بـیر لـە ڕەگ و ڕیـشە و قـەدی وشـە ناکەیتـەوە، کاتێـك بـەکاریان دەبەیت، تا وێنەی گەشەداری وشەت لا ڕوون بێت، کە هەر وەك دار گەشـە دەکات و لـق و پـۆپی جیـاوازی لێدەبێتەوە.

لەودەمەدا کۆمەڵێك مرۆڤ دەوریان دان، تا بزانن منالەکە بە دوای چیدا وێڵە و چیش دەزانێ یان نازانێت.

مێلۆش نەترسانە، وتی: نەمدەزانی وشە ڕەگ و قەدی هەیە، لق و پۆپیشی لێدەبێتەوە.

ژمێریاریش لە مێلۆی پرسی: باشە، دار پارە دەگرێ، وایە؟

لە وەڵامدا مێلۆ وتی: من شتێکی وەهام نەبیستوە!

بەڕیوەبەری بەردەستی دوهەمی تێگەیـشتن بەتەوسـەوە وتـی: کـەوابوو هەنـدێ شـت دەشـێت ڕووبـدات یـان هەبێت کە تۆ نەیزانیت ڕویداوە یان بوونی هەیە. گـەر ئـەو گریمانەیـەمان پەسـەند کـرد، ئەوسـا دەشـێت بڵێین کە وشە بەردەگریت، نەك هەر ئاسایی وەك هەموو شتێکی تر گەشە دەکات.

خەڵکەکەش بە خۆشییەوە بڵاوەیان لێکرد.

ئینجا، پیری مانا بەئارامیەوە ڕووی دەمی لە مێلۆ کرد و وتی: لەگۆڕەپانی گەورەی شاردا، جارچی شاهان لـە هەفتەیەکدا یەکجار جاڕدەدات. لەو ڕۆژەدا وشەی جۆراوجۆر لە ناوەندی مرۆڤگەلدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

ژمێریـاریش وتـی: وشـەکان ، کـێش و ئـاوازی هەیـە، شـیوازێکی جـوداش لـەخۆ دەگـرن ، گـەر لـەم پیتـە لێکدراوانە (صنهج) بکۆڵینەوە ، دەبینین مانا نابەخشێت، هیچ ئـاوازێکیش لـەخۆ ناگرێـت. مـن لـەو ڕووەوە حساب بۆ وشە دەکەم پێش ئەوەی بڕیار بدەم کە لە بازاڕی ئاڵوگۆڕدا بەکاربرێت.

هەروەك هەست بە شەرمەزاری بکات، مێلۆ وتی: من نازانم وشەی تەواو و ناتەواو چیدەگەیەنێت...؟

هەر پێنجیان کەوتنە جووڵە، مێلۆش لە تەکیاندا ڕێیدەکرد.....

سۆڤ جەوهەر، بەئەسپایی بە مێلۆی وت: ئێمە بڕیاری شێوازی ئاڵوگۆڕ یان کڕین و فرۆشتنی وشـەی تـەواو نـادەین ، بـەڵام تاڕادەیـەك چـاودێری لـە مانـا گـۆڕینی وشـەکان دەکـەین لەگـەڵ ڕۆژگـاردا.... بـە مەبەسـتی کەمکردنەوەی سەرلێشێواندن .

ژمێریاریش پشتگیری لە وتەکانی سۆڤ کـردو، وتـی: گـەر وشـەکان بـەرداربن یـان بێبـەربن، ئـەوا مرۆڤگـەل بڕیاری هەڵسەنگاندن و نرخدانانی باش، خراپ یان مامناوەندێتیان دەدات.

**بەڕێوەبەری بەردەستی دووهەمی تێگەیشتنیش بە ئاماژەوە وتی: وشە ڕەنگدانەوەی هەست و هۆشی تاك یان گروپ ئاشکرا دەکەن، دیارە باش و خراپ بەرپرسیارێکی هۆشمەندانەیە کە لە ئەستۆی مرۆڤدایە هەڵیبژێرێت.**

**مێلۆ بە گەشییەوە وتی: پاش گوێگرتم لێتان، وا هەستدەکەم کە کەمێك زیاتر لە هێزی وشە بە ئاگام.!!**

**سۆڤی جەوهەر کە لەگەڵ خۆیدا دەدوا، وتی: ئاسانە لە قەدی دار کەوتنەخوارەوە، بەڵام کەوتنی هەر قەدێك ترسێکی ناکاو دەخولقێنێت.**

**میر لە ناکاو قیژاندی، سۆفیش بەلادا کەوت. بۆ پاساودانەوەی قیژەکەی، میر وتی: تۆ نەدەبوو دەربڕینێك بدۆزیتەوە کە کەمتر ترسناك بێ لە قەد کەوتن...؟**

**سۆفیش وتی: ڕاستە، دەبوو بیرم لە هەڵبژاردنی وشەکان بکردایەتەوە پێش دەربڕینی. کاتی خواردن نزیك بۆتەوە، دەبێ ئێمە بەرەو کۆشك بڕۆین، تۆش وەك میوانێ بانگهێشت کراویت.**

**بەڕێوەبەری بەردەستی دووهەمی تێگەیشتنیش بە ئاماژەوە وتی: چاکە، لە بازاڕدا چاو بۆ ئەو وشانە بگێڕیت کە کۆڕی گفتوگۆی سەر خواردن گەرمدەکات.**

**میری روونکردنەوەش وتی: بازاڕ جێگەیەکی کراوە یان داخراوە، کە مرۆڤگەل هەم کاتی لێ بەسەردەبەن، یان پرۆسێسی کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕی وشە یان شتێکی تری تێدا ڕوودەدات.**

**لە ناکاو، هەرپێنجیان، (مێلۆ )و( تۆك )یان بەجێهێشت. گەرچی مێلۆ گەرەکی بوو بپرسێ، بەڵام ئەوان لە شەقامەکە پەڕینەوە. چۆن هاتبوون ئاوەهاش وونبوون....**

**هەر دوای ئەوەی ئەوان لە چاو وون بوون، مێلۆ بە نەرمی سەری (تۆك)ی دەخوراند و لەسەرخۆ وتی: قەد بە بیرمدا نەهاتبوو کە وشە ئەوەندە گێژاو لە دواندا چێبکات.**

**تۆك بە پێکەنینەوە وتی: تەنها لەو کاتانەدا نەبێ کە زۆر دەڵێیت و کەم مەبەست دەپێکی.**

**مێلۆ بەگەرمیەوە تۆکی بەخۆیەوە گوشی، وتی: ئەم هەڵوێستە ئاشکرای ڕەسەنیی بیرکردنەوە دەکات. دەی با بڕۆین بازاڕ ببینین، بازاڕ خرۆشاو دیارە..... .**



# 4

# بازاڕ لە ژاوەژاودا

بازاڕەکە بێ لەوەی گۆڕەپانێکی بەربڵاو بوو، وشە لەیەك چووەکانیش پانتایی جودایان لە بیری سەیرکەران، فرۆشیاران و کڕیاراندا دەخولْقاند. مێلۆ بەملاو بەولای بازاڕەکەدا وەك جۆگەلەی ئاوی یاڵەکان دەڕۆیشت، جارێك بە هێمنی و جارێك بە قەڵەمبازدان. فرۆشیارەکانیش بە ئاوازی جودا دەیانخوێند، کڕین، فرۆشتن, گۆڕینەوە. بازاڕ بەگشتی بۆنی زەمکردنی لێ نیشتبوو. گالیسکە دوو ئەسپییەکان، وڵاخە بەرزەکان بە بار وشەی زانراو و نەزانراویان باردەکرد یان دایاندەگرت. هەندێ لە فرۆشیارەکان لۆتیە دەنگخۆشەکانیان بەکرێ گرتبوو تا بازاڕی فرۆشتن گەرمکەن. بۆیە لێرەو لەوێ گوێت لەم دەنگانە دەبوو: ئەگەرەگان، بەکارن لەو کاتانەدا کە حساب بۆ سەرکەوتن یان ژێرکەوتن، خۆشی یان ناخۆشی خۆت و کۆمەڵ دەکەیت. ڕۆژانە بەکاربردنیان و ئەگەری تێگەیشتن زیاد دەکات. بیرت نەچێت، ئەگەر و گریمانەکان بە پێزن، بۆ ڕەواندنەوەی گرێ ڕەهاکان.

فرۆشیارێکیتر دەیوت: پرسیارەکانی( کەی؟ کام؟ کوێ؟ چۆن؟ چی؟ چەند؟ بۆچی؟ لەبەرچی؟.....) لە مەبەستی جامبازە جۆراوجۆرەکان و مامەڵە نابەجێکانیان دەتپارێزێت.

فرۆشیارێکیتر دەیوت: ئاوادارە، شیلاوییە، وشە شیرینەکا ، تا یار و نەیارەکانی پێبدوێنیت.

ئەوەی ئەو ڕۆژە لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا دیاربوو، وشە ئاڵووێر دەکرا. وشە کەم و زۆر بێ لەو دەردەبڕا هاوشانی مرۆڤەکانیش بوو، گەرچی بارێك ئاستەم بوو بزانرێ ئەو پەیوەندییە چۆن و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و بۆچی ؟ مێلۆ کە سەرەوخواری بازاڕەکەی تەیکرد، لێکدانەوەی بۆ وشە و دژواری دووان و بەکاربردنیان، هەستی بەراورد و پرسیاری لا دروستدەکرد.

هەربۆیە، بە لێدوانەکانیدا لەگەڵ خۆیدا، وەهای دەردەخست: بۆچی وشە مەبەست دەڕەخسێنێت لە کاتی لێدواندا؟ بۆ نموونە چۆن وشەی (کورت) لەسەرەتا داڕێژرا؟ تۆ بڵێیت بە بەراورد یان بە پێوانەی باڵای دوو مرۆڤ، یان دوو داردا، بەسەرئەنجامی گەیاندبێتن کە یەکێکیان باڵای بەرزەو ئەوی تریان باڵای کورتە. باشە ، کاتێك گەیشتن بە شوناسکردن و ناولێنان، کە یەکێـــــکیان لەوی



تریان بەرزترە، چۆن هاتن و ناوی درێژ و کورتیان دارشت ؟

{مێلۆ بە ڕاڤەکردنی وشە ساکارەکان، لە دژوار بوونیان نزیك دەبۆوە، بەمەش هەست و هۆشی خۆی زیاتر بەرەو هاوسەنگ بوون دەچوو.}

لەو کاتەدا، دوکانداریك بانگی لە مێلۆ کرد: فەرموون وەرنە ژوورەوە، بەهاترین وشە لێرە دەستدەکەوێت، بەدوای چ جۆرە وشەیەکدا وێڵن؟

مێلۆ بە شەرمەزاریەوە بە لای (تۆك)دا وەرچەرخا و وتی: وشەکان شاز دەردەکەون.

(تۆك)یش هیلاکی و برسێتی ماندوی کردبوو، له وەڵامدا وتی: هەموو وشەکان بەکارن، گەر بێتو تۆ لەجێی خۆیدا به کاریان بهێنیت.

{ تۆك بیری له ئێسکێ دەکردەوه بۆ خواردن نەك وشەیەك بۆ وتن.}

دونیای وشەسازی تا دەهات زیاترو زیاتر مێلۆی بۆ ناوخۆی ڕادەکێشا. هەر بۆیه چەند وشەیەکی هەڵگرت و کەوته خوێندنەوەیان و ڕاڤەکردنیان: بەرپرسیاری، کۆشش، ئیرادەگەری، تۆ بڵێی بتوانم فێری پەیڕەوکردن و بەکاربردنیان ببم بەو شێوازەی داهێنەرەکانیان بیریان لێکردۆتەوه؟



فرۆشیارەکه ڕووی کرده مێلۆو وتی: گەر ئەوانەت بەدڵ نیه دەتوانی هەندێ له وشەکانی وەك {چەژنت پیرۆزبێت، ئەم بەرگەت پیرۆزبێت، سەری ساڵت پیرۆزبێت ،.....} بەڕاستی، ئێستا ئەوانه باون.

مێلۆ پارەیەکی کەمی له گیرفاندا بوو، بیری له باجی گەڕانەوه دەکردەوه، بۆیه به (تۆك)ی وت: بابڕۆین.

کاتێك بەرەوخوار بوونەوه، به دوکانێکی سەیار گەیشتن، دروشمێکی گەورەی پێدا هەڵواسرابوو، دەیوت: "له دەنگەکان وشه پێکبهێنه".

کاتێك چونه ناوەوەی ، بینیان 28 سندوق له پیتی بزوێن و نەبزوێنەکان دانراوه، که لاو پاڵی بەسەر یەکدا کەوتوون.

فروشیارەکە پاش بەخێرهاتنیان وتی: وەك دەبینیت هەموو دەنگەکان لەگەڵ خاڵبەندییەکانیان لێرە دەستدەکەون. هەروەها، پیتی بە تام و بێ تامیشمان هەر هەیە، بفەرموو پیتی (ژ) تاقیکەرەوە.

مێلۆش بەگومانەوە پیتی (ژ)ی خستە دەمیەوە، لەسەرخۆ گازێکی لێگرت و بەدەم پێکەنینەوە، وتی: بەراستی شیرینە.

فرۆشیارەکەش وتی: پیتی (ژ) کە سەرەتای وشەی ژیان و ژینگەیە شیرینە خواردنی. بەڵام پیتی (ژ) کە سەرەتای وشەی ژەهر و ژەنگە تاڵە و تفتە و خواردنی کوشندەیە. دیارە، ئەمڕۆ بەخت سەر ئەکات، مەترسە لە کڕینی پیت و خاڵبەندییەکان تا وتەکانت بەنووسین دەربڕیت.

بۆ پاساوی وەڵامی فرۆشیارەکە، مێلۆ، وتی: وشەسازی لەسەر من گران دەکەوێتەوە، گەر بۆ خۆم پیتەکان لەیەك بدەم.

{مێلۆ دانی بەوەدا نەنا کە نازانێ چۆن وشە چێبکا(دروستی بکات)، یان توانای کڕینی نیە.}

لەناکاو دەنگێك لەوسەری دوکانەکەوە بەرزبۆوە: من دەتوانم (ی ا ر م ە ت ی ت) یارمەتیت بدەم ، من مامۆستای حونجە کردنم.

مێلۆ سەری بەرزکردەوە، بینی هەنگێك دوو ئەوەندەی خۆی دەبوو، لە چەقی دوکانەکە ڕاوەستاوە، بەردەوامە لە سەر لێدوانەکەی: من هەنگی حونجە کردنم, هیچ ترست (ن ە ب ێ) نەبێ.

(تۆك) کە گومانی هەبوو، پاشەو پاش خۆی لە قوژبنەکەدا مەڵاسدا.

دوایی هەنگەکە بە باڵ فشکردنەوە، وتی: دەزانم حونجەی (ه ە م و و) هەموو وشەیەك بکەم، تاقیم کەرەوە.

مێلۆ پێشنیاری کرد: دەتوانی حونجەی ڕۆژباش بکەیت؟

هەنگەکە نەرمە فڕینێکی بەو دەورەدا کرد، دوایی وتی: (ل ە و ا ن ە ی ە) لەوانەیە، تۆ لە ژێر کاریگەری (پ ێ و ا ن ە ی) پێوانەی ترسدا ڕەچاوی من بکەیت. ئێستا ڕێگەم بدە با مەبەستی خۆمت زیاتر بۆ ئاشکرا بکەم. (ئینجا نیشتەوە، بە باڵی باوەشێنی خۆی دەکرد) بیر لە گرانترین وشە بکەرەوە تا من بۆتی حونجە بکەم.

{هەنگەکە بەدۆستانە لەگەڵ مێلۆدا دەجوڵایەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوە بوو، چ جۆرە دۆستایەتییەك لە هەنگێك چاوەڕێ دەکرێت؟}

مێلۆ بە گەرمییەکەوە بە هەنگەکەی وت: حونجەی سەوزایی بکە...

هەنگەکە وتی: حونجەی ئەو وشەیە گرانە، ڕێگەم بدە با بیربکەمەوە.

هەنگەکە وایدەردەخست، کە بیردەکاتەوە، بەهێواشی لەم سەری دوکانەکەوە بۆ ئەوسەر دەچوو، دوایی لە مێلۆی پرسی: چەند کاتم ئەدەیتێ بۆ حونجەکردن ؟

مێلۆ بە پێکەنینەوە، وتی: تەنیا (دە) چرکە... ( تۆك) کات ڕاگرە.


هەنگەکە پاش چرکەیەك ، وتی: (س ە و ز ا ی ی ).

دوکاندارەکەش وتی: تەواو حونجەی کرد.

مێلۆ بە سەرسامییەوە پرسی: بە ڕاست دەتوانی حونجەی هەموو وشەیەك بکەیت؟

هەنگەکە بە لەخۆڕازییبونەوە، وتی: ئا.. لەوانەیە، گەر بڕوا بکەیت، ماوەیەك لەمەو بەر، من هەر وەك هەموو هەنگێکی کارکەر ، لە دوی گوڵی دەم مێوانی جوان و بۆن خۆشدا دەگەڕام لە دەشت و دۆڵ و شاخدا، بە مەبەستی هەنگوین چێکردن، ناو بە ناویش تۆوی نێرەو مێیەی گوڵانم دەگواستەوە. هەر لە منداڵییەوە توانای حونجەکردنم بزوێنرا بوو، بە یاری و گەمەوە لەلایەن هەنگە شیلە مژەکانەوە، لەوساوە، ئەو گەمەیە بۆتە هاودەمی تەنهاییم لە ناو گوڵاندا.

دەنگێك لە پشتی مێلۆوە قیژاندی: نا کەسبەچە ، درۆمەکە.





دەنگەکە دەنگی زەردەواڵەیەکی پان و پۆڕ بوو, پاڵتۆیەکی نایاب و پانتۆڵێکی سووری خەت بازنەیی لە بەردا بوو، کڵاوێکی سادەی لەسەر نابوو، بەسەر هەنگەکەدا شەڕانگێزانە دەیقیژاند: بێ مانایە"

گۆچانەکەی دەستی بەو ناوەدا با دەدا، کلکە لەقێشی دەکرد" دەی فرە پیاو خێراکە ئەوەندە نا بەدڵ سەیرم مەکە، ئەو مندالە بچوکەم پێ بناسێنە.

هەنگەکە بە تەوسەوە وتی: ئەم برادەرە کەشخەیە (زەردەواڵە)ی ناوە، کارەکەشی هەر بەوجۆرەیە کە دەیبینیت.

زەردەواڵەکە قیژاندی: بێمێشك هەموو کەس زەردەواڵەی خۆشدەوێت، هەر لەم رۆژانەشدا بە (مەلیك)یشم وت....

هەنگەکە وتی: تۆ قەت بە مەلیك ناگەیت، ئەم پێدا هەڵدانەت لە چییە؟




زەردەواڵەکە لە وەڵامدا، وتی: نەزان، زەردەواڵە بە ڕەچەڵەك لە خێزانی بەگزادەکانەوە کەوتوونەتەوەو لە دێرزەمانەوە، بە دەسەڵاتدار ناسراون، گەر بتەوێ هەر ئێستا بە لاتینی بۆت بەیاندەکەم، کە چ ڕۆڵێکمان لە شەڕەکانی خاچ پەرستەکاندا دیوە، لەگەڵ( ڕیچارد)ی مەلیکدا، کە بە (دڵی شێر) ناسراوە. ئەی، نەزان، ئێمە نەبووین، لە دەریای ئەتلەنتیك لەگەڵ کۆلۆمبۆسدا پەڕینەوە؟ ئەمڕۆش، لە زۆربەی قوژبنەکانی

جیهاندا، خانەوادەکانی ئێمەن کە دەسەڵاتدارن. گەر بەڵگەت دەوێ سەیری مێژووی تۆمار کراو بکە تا ڕاستیت بۆ دەرکەوێ، کە زەردەواڵە لە ناوەندی شەڕ و ئاشوب دا چ ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە.

هەنگەکە بەدەم چەپڵەلێدانەوە، وتی: گوتارێکی (ج ە ر گ) برە، ئێستا تۆ بۆچی بەرۆکمان بەرنادەیت؟ من هەوڵ دەدەم ئەم لاوە فێری حونجە بکەم.

زەردەواڵەکە دەستی کردە ملی مێلۆ و وتی: کەرەکەری ئەم هەنگە قەد نابڕێتەوە، گەر هاتوو کەوتیتە ژێر کاریگـەرییەوە. ئـەوا فێـــری



حونجە دەبیت . جا گەر ئەمڕۆ ئەو، فێری حونجەی وشەیەکت بکات، خێرا پرسیاری وشەی حونجەیەکی ترت لێدەکات. من دەزانم، جیهانی وشە چەند فراوانە، گەربێت و ئەو مامۆستاتبێ، لە حونجە بەولاوە شتێکی تری لێ هەڵناکڕێنیت. ئیتر چ پێویست بە خۆماندوو بوون دەکات هەر وەك باپیری گەورەم (جۆرج واشنتۆن) فەرمووی.

**هەنگەکە وتی: کەڵە پیاو چۆن دەتوانی بوختانی وا بکەیت؟ تۆ کە تا ئیستاکێ ناتوانی حونجەی ناوی خۆت بکەیت، چۆن خۆت بە (جۆرج واشنتۆن) ەوە، دەلکێنیت؟**

**زەردەواڵەکە گۆچانەکەی بە دەوری خۆیدا دەخولاندەوەو دەیووت: حونجە بێ لەوەی لاساییە، کۆپییەکی ناشرینی دێرزەمانە و جێماوە، لەمرۆژەدا بێ لە جامبازی، نیشانەی مایە پووچییە. شەلم، کوێرم دەست لە کەس ناپارێزم.**


**مێلۆ لەم بەزم و ڕەزمەی بەینی زەردەواڵە و هەنگ تێنەدەگەیشت. لەناکاو، هەنگەکە شاڵاوی بۆ سەر زەردەواڵەکە برد و زەردەواڵەکە گۆچانێکی بە قاچی هەنگەکە گەیاند. هەنگەکە بەسەر سندوقی پیتەکاندا کەوت و هاواری لێبەرزبۆوە: ئای قاچم شکا.!!**

**زەردەواڵەکەش دەیووت: کوا شەپقەکەم ؟**

**{شەڕەکەی بەینیان تا دەهات گەرمتردەبوو ، نیگەرانیش لەوناوەدا پەرەی دەسەند. خەڵکەکەش دورەپەرێز لە شەڕەکەیان دەڕوانی.}**

**مێلۆش لەبەر خۆیەوە، دەیووت: دەبێ رێگە چارەیەك هەبێت بۆ تێگەیشتن، لە جێی شەڕو زرمە کوتێ....**

**شەڕەکە بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا سندوقی پیتەکان بە سەریەکدا ڕژان، دەنگەکان تێکەڵ و پێکەڵ بوون، گەردەلولی نەسرەوتی کە بەربڵاوتردەبوو ، دەنگی مرۆڤەکانی ئەو ناوەشی لە گرێژەنە دەرکردبوو. ئەوەی دەبیسترا گێژاوێك بوو لە وشە کە سەرلێشێواوی ئاشکرا دەکرد. تەنانەت هەنگەکە وڕێنەی دەکرد: منداڵێکی ساوا پێمدا هەڵشاخاوەو لێمکەنەوە.**



5

# قۆمیسەرە کورتەباڵاکە

فرۆشیارەکە بە توڕییەوە دەیوت: کرد. چی. سەیرکە (دەیووت: سەیرکە چیتان کرد.)

دەنگەکان، بێ ئاگایانە لە زاری مرۆڤی ئەوناوە تێکەڵدەبوون، ناخیان کۆنترۆڵی ئاسایی لە دەستدابوو.

شاگردەکەش بە بۆڵەوە دەیپرسکاند: چۆن کاول بووماڵم.


فرۆشیارەکە بە پەلە دەنگەکانیان لە یەکدی جوداکردەوە. کاتێك هەنگی حونجەکەریش هۆشی هاتەوە بەخۆیا ، لەشەقەی باڵی داو بۆی دەرچوو، مێلۆش بەشپرزەییەوە ڕاوەستا. لەو کاتانەدا، پۆلیسی شارستانیەت گەشتە بازاڕ بە شاورلێدان.

ڕێبوارێکیش بۆ ئاگادارکردنەوەی مرۆڤگەل وتی: ووریابن وا پۆلیسی مامەڵەی نابەجێ گەیشت.

پۆلیسەکە تا دەهات دەنگی بەرزتر دەبۆوە : دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەمەڕ شێواندی ناخ و دەربڕین بەجێبگەیەنرێ تا هۆکارە دزێوەکانیش بخرێنە پێشچاو. بەرلەوەی ئاکامە نەزانراوەکان لەتەك ڕەشەبای سەرلێشێواویدا ون بێت.

کاتێك مێلۆ لێی ووردبۆوە، بینی ناوشانی دوو ئەوەندەی باڵای دەبێت. بەڵام ڕۆیشتن و قەڵەمبازدانەکەی لە ئەرز بە ئاستەم جودا دەکردەوە. بەرگێکی شینی ئاسمانی لە بەردا بوو، فایشێکی سپی لەسەر بەستبوو، جووتێ دەستکێشی سپیشی لەدەستکردبوو. خۆگۆڕینەکەی بێ لە توڕەیی، لوتبەرزانە شەخسیەتی دەردەخست، کە لە ڕاستیدا وەها نەبوو. دەمووچاوی بە هۆی شاورلێدانیەوە سور هەڵگەڕابوو، کاتیکیش دەمی بە شاورەکەیەوە نەدەبوو، هەرکەسێ لە نزیکیەوە بوایە پێیدەگوت: تۆ خەتاباری، من تا ئێستا تاوانباری وەکو تۆم هەر نەدیوە!.

کاتێ پۆلیسەکە بە مێلۆ گەیشت، زەنگی ئاگادارکەرەوەکەی ناو لاشەی تۆك هەر لێیدەدا. پۆلیسەکە هەر دەدوا: من تا ئێستا تاوانباری وەك تۆم نەدیوە.؟! تۆش لەوەدەچێ نەزانی کاتێك پۆلیس دەدوێت سەعاتی زەنگ {ئەلارم} لێدان قەدەغەیە.



پۆلیسەکە پەڕاوێکی دەرهانی کە لێی نوسرابوو: ( پەڕاوی ڕەچاوکردن) دەستی کرد بە تۆمارکردنی ئەو باسانەی کە لەسەریدا مێلورەی دەکرد، لە مەڕ  هۆ و ئاکامە چاوەڕوان نەکراوەکان دەینووسی.

بەگرژییەوە دەیووت: زۆر جوانە.. زۆرجوانە ، کەس نالێ من لە نانەوەی ئەم ئاشوبە بەرپرسیارم ؟ قسەبکەن ئەگینا زۆربەتان ڕەوانەی بەندیخانە دەکەم!

هەموو بێدەنگ سەیری یەکترییان دەکرد، بێجگە لە مێلۆ و تۆك و زەردەواڵە نەبێت، کەس نەیدەزانی ڕووداوەکە چۆن دەستی پێکرد.

پۆلیسەکە بینی زەردەواڵەکە خۆی دەتەکێنێت، بۆیە پیێ وت: تەکاندنەکەت گومان هەڵدەگرێ؟

زەردەواڵەکە پەشۆکا، گۆچانەکەی لەدەستبەربۆوە، بەشڵەژاوییەوە وتی: با بۆت ڕوونکەمەوە. بەشەرەف و ناموسم، بێ زیاد و کەم، من بەوناوەدا ڕێم دەکرد تا هەست و هۆشم بە وشەکان ئاودارتربکەم ، چ لە ڕوی دەنگدانەوە، چ لە ڕوی شێوازداڕشتنەوە. لەناکاو، ئەم کوڕەم دی...

پۆلیسەکە کە  وتەکانی دەنووسی، کە گوێی لە کوڕەکەبوو، وتەی بە زەردەواڵەکە بڕی: ئەها... من بیرم لە هۆکاری سەرلێشیوان دەکردەوە. بە خۆم دەووت، گەر پوشێ نەبێت، ئاگر چۆن دەکەوێتەوە ؟

زەردەواڵەکە وتی: من بەهیچ شێوەیەك مەبەستم ئەوە نەبوو.

پۆلیسەکە ڤیژاندی: بێ دەنگبە، کێ پرسیاری لە تۆ کردووە؟

{ پۆلیسەکە لە ئەرزەکە بەرزبۆوە تا زەردەواڵەکە بێدەنگتر بێت.}

پۆلیسەکە بەلای مێلۆدا وەرچەرخا و  پرسی: پێم نالێیت شەوی 27 ی ئەم مانگە لە کوێ بوویت؟

مێلۆ لە وەڵامدا وتی: ئەوە چ پەیوەندیەکی بەمرۆوە هەیە ؟

لەوەڵامدا پۆلیسەکە وتی، چونکە من لەو ڕۆژەدا لە دایکبووم. "لە پەڕاوەکەیدا دەینوسی" تەنانەت، تۆش یادی لەدایکبوونی منت لە بیرکردووە. کوڕان، بەمرۆژگارە لە دایکبوونی مروڤی تر لەبیر دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا سەگێکی بێ ڕوخسەتی ڕەچاوکەری کاتت دوای خۆت خستووە، سەرلێشێواویت ، لە دەرونی خەڵکانێکدا وروژاندووە، وشەت لە زاریاندا قەتیسکردووە، پێم نالێیت چیتر ماوە بیکەیت ؟

(تۆك) بە مرخەیەکەوە بە پۆلیسەکەی وت: تۆ لەوە ناچیٚ گویٚ بگریت؟

پۆلیسەکە وتی: مرخە کردن لە پۆلیس بەپێی یاسا قەدەغەیە، ئامادەی بەندتکەم ؟

مێلۆ نوسراوی ناو پەڕاوەکانی قوتابخانەی هاتەوە یاد: تەنها دادوەر بۆی هەیە داد بسەپێنێت.

پۆلیسەکە شەپقەکەی لاداو و ڕۆبێکی ڕەشی لەبەرکرد و وتی: خاڵێکی چاکت بیرهێنامەوە، من هەروەها دادوەریشم. ئێستا حەزدەکەیت، سزاکەت بە ڕستەی درێژ یان کورت دەست پێبکات ؟

مێلۆ وای هەستدەکرد کە گاڵتەی لەگەڵ دەکات، وتی: با کورتبێ و ببڕێتەوە، گەر بەئەرکی خۆتی نازانی؟.

دادوەر دوای ئەوەی سێ جار دەستی نوقاوی ڕاستی وەك چەکوش دا بە بەری لەپی دەستی چەپیدا، وتی: تۆ تاوان باریت ! ئەوە کورتترین ڕستەی سزایە کە من پێی بزانم.

هەموو ئامادەبووەکان سزاکەیان پەسەندکرد، بەکارێکی شیاویان لە قەڵەمدا. دادوەریش بەردەوامیی بە لێدوانەکەیدا: ئەم سزا کورتە ناواخنیشی هەیە. ئەویش شەش ملیۆن ساڵ لە زیندان مانەوەیە..!! ئێستاش دادگا دادەخەین. فەرموون بۆ زیندان بڕۆین تا لەویٚ بەندتانکەم.

مێلۆش وتەیەکی تری پەرتوکەکە هاتەوە بیری: تەنها بەڕێوەبەری بەندیخانە بۆی هەیە مرۆڤ بەندکات.

دادوەر ڕۆبەکەی داکەن، کۆمەڵێ کلیلی دەرهانی و وتی: چاك بوو بە بیرت هێنامەوە، من بەندیخانەش بەڕێوە دەبەم.

زەردەواڵەکەش کە لای کەنار وەستابوو، وتی: ورەتان بەرزبێت، خوو ڕەوشتتان کار لە بەسەربردنی ماوەی زیندانیتان دەکات، دوورنییە کە دوای ملیۆنێك ساڵ بەربن.

بەرەو بەندیخانەکە بەڕێکەوتن. کاتێك گەیشتن، دەروازە گەورەکانی بەندیخانە بەهێواشی کرانەوە. مێلۆ و تۆك بەدوای بەڕێوەبەردا، بەناو ڕاڕەوە تاریکەکاندا هەنگاویان دەنا، مۆمەکانی ناو ڕاڕەوەکە بە پرتەپرت ڕێگاکەی بۆ ئاشکرا دەکردن. بەڕێوەبەر بەدەم ڕێگەوە ئاگاداریکردنەوە: هۆشتان لە پێدانان بێت، کاتیٚ بەرەوخوار دەبنەوە.

هەوای ساردی ژێرزەمینەکە تا دەهات گرانتر و ساردتر بە ڕوویاندا تەوژمی دەدا. دیوارە پەککەوتووە ڕزیوەکانی ڕاڕەوەکەش گوزارشت لە مێژووی بەندیخانەکە دەکا. قوژبن بە قوژبنیش بە جاڵجاڵۆکە هەستیارەکان تەنرابوون.

بەڕێوەبەرەکەش هەر لەبەرخۆیەوە دەدوا: ئارامی لەم ئارامگە هەتا هەتایەی بووندا ، دەدۆزنەوە، لەمڕۆبەدواوەش خانم (کام) هاودەمی رۆژانەتان دەبێت.

مێلۆ پرسی: خانم چی؟

بەڕێوەبەر بەپێکەنینەوە وتی:خێوی کارمەند لێرە کات بەسەر دەبات !!

مێلۆ بەشپرزەییەوە پرسی: کام  خێو؟



بەڕێوەبەر بە سەرکەوتنەوە، وتی: هۆ بەڵێ، ئەو دەمێکە لێرە خێوەتی هەڵداوە.

{ڕاڕەو ومۆمەکە هاوئاهەنگانە تاریکیەکەیان بە پرتەی کورت و درێژ تەلیسماوی دەکرد. ئەوان بۆ سێ چرکەی تر ڕۆیشتن، چەند دەرگاو راڕەوی تریان بڕی تا گەیشتنە ژوری بەندکردن.}

بەڕێوەبەر وتی: لەمڕۆ بەدواوە، لێرە شەوگار بەسەردەبن.

دەرگا ئاوەڵا بوو، دوای ئەوەی بەڕێوەبەر ڕۆیشت، داخرایەوە. تۆك و مێلۆ چاویان لە پەنجەرە خنجیلەکەی بنمیچەکە گیرکرد کە ڕێگەی بە تیشکە سەرکەشەکان دەدا کە نەسرەوتانە بە تیژی دیواودیوبکەن. پاش خولەکێك، دەنگی بەڕێوەبەر لە درزە کپەکانی دەرگاکەوە دەهات کە دەیووت: تا شەش ملیۆن ساڵیتر لێرە ژیان بەسەر



دەنگ و دەنگدانەوەکە کزبوو، بەڵام وشەکانی پۆلیسەکە دەزولە دەماغی مێلۆی دەکرۆشت بۆ وەڵام}

مێلۆ بەکزییەکەوە بە تۆکی وت: لەوە دەچێ بە ڕاستی بەندمانکەن.

تۆك کە لاقی دەخوراند بە هێمنییەوە وتی: خۆت نیگەران مەکە، شتێکی باش هەر ڕوودەدا، گەر بە ئەرکی نازانی کەمێ پشتم بخورێنە. گەرما خەریکە دەمپڕوکێنێت.

کاتێك مێلۆ تۆکی دەخوراند ، وتی: تۆك تۆ دەزانی ئەم ماوەیە بە هۆی نەزانینی حونجەکردنەوە توشی زۆر گێرمە وکێشە بووم، خۆ گەر ئەمجارە ڕزگارمبێ، پەیمانم بەخۆم داوە کە نەك هەر خۆم فێری حونجەکردن دەکەم، بەڵکو ڕێگەی خۆفێرکردن دەکەمە سونەتی ژیان و تا بۆم بکرێ پەڕاوی جۆراوجۆر دەخوێنمەوە.

دەنگێكی ناسك لە گۆشەیەكی تاریكەوە بەرزبۆوە، وتی: تۆ گەنجێكی زۆر بەرچاو ڕوون و بەبەرنامەی بۆ خۆپێگەیاندن.

مێلۆ دوای كەمێ چاو هەڵگڵۆفین و بەیارمەتی تیشكە ساواكانەوە، ئافرەتێكی سەرسپی بەدیكرد كە بە لەپی دەست و رانی لە گۆشەیەكدا تەشی دەڕست .

مێلۆ بە شپرزەییەكەوە، وتی: چۆنیت ؟

ئافرەتەكەش لە وەڵامدا وتی: ئەی تۆ چۆنیت ؟

مێلۆ بە ئەسپایی بە تۆكی وت: چاك وایە ئاگامان لە خۆمان بێت، (كام) جنۆكەش لەگەڵمانا لە ژوورەكەدایە.

ئافرەتەكە بەچرپە چرپی مێلۆدا، لای روون بوو كە ترس دایگرتووە، بۆ ڕەواندنەوەی ترسەكەی وتی: خەم مەخۆ من خۆمم.

مێلۆ پەڕاوی داستانەكانی هاتەوەیاد كە جنۆكە لە ئەلارم دەترسن، بۆ بەرگرتن بە ئەگەری لێدانی ئەلارمەكەی تۆك، دەستی لەسەر كاتژمێرەكە دانا.

ئافرتەكە لەوە دەچو لە مەبەستی كردارەكەی مێلۆ گەیشتبێت، بۆیە بە پێكەنینەوە وتی: من (كام)م، خێو نیم ، (كام) بۆتە نازناوم. لەوەوبەر كاری من هەڵسەنگاندنی وشەبووە، لە بەینی كام شت، كام ئاژەڵ، كام مرۆڤدا باشە یان خراپە، مامناوەندیە تا بە گوێرەی پێویست هەڵیسەنگێنم و بەهای سروشتییان بۆ دارێژم تا مروڤگەل سەرچاوەیەكی ڕوونیان هەبێ لە كاتی گفتوگۆ و لێدوان، دایەلوگ و مشتومڕدا. گەر هەمووو شتێكت بۆ باسكەم بەلایكەمەوە كاتێكی زۆرمان دەوێت كە بزانین چۆن دەنگ وشە پێكدەهێنێت ؟ وشەش چۆن بەها پێناسە دەكات ؟

مێلۆ بەسەرسوڕمانەوە، وتی: كە تۆ ئەوەندە زرنگی چی بە ئێرەی گەیاندی ؟

ئافرەتەكە وتی: من پوری شاهی شاهانم، گەلێك ساڵ لەمەوبەر، بەرپرسیاربووم لەوەی كە كام وشە لە كام كاتدا بووترێ وە بە كام بەهاش هەڵسەنگێنرێت ، تا لەو ڕێگەیەوە هاوسەنگیی فەرهەنگی { فێربوون و نووسین و خوێندنەوە} ڕابگیرێت. بۆ نموونە، گەر بێتو تۆ هەزارەها شێوەی وتن و نووسین هەڵسەنگێنی و لە بێژنگی بدەیت، كە كامیان بوترێ یان بنوسرێ. ئەوسا، لەوانەیە بەڕادەیەك لە گرنگی كارەكەم تێبگەیت. نازناوی (كام) لەگەڵ رۆژگاردا بووە بە ناوم، من بۆخۆشم تا ئێستا دەپرسم كام كار هێندەی كارەكەی من گرنگ بووە یان دەبێت؟ لەسەرەتای كاركردنمدا، بە باشترین شێوە هەوڵم دەدا كە هەمووو وشەیەك لە جێی تەواوی خۆیدا بەكار ببرێ. بۆ هاندانی خەڵكی كە پەیڕەوی هونەری ئاخاوتن بكەن، بۆ ئەم مەبەستەش تابلۆی تایبەت بەو ڕێنماییەم لە زۆر شەقام و كۆڵانەكانی شاردا چەقاندبوو، كە نوسرابوو: "بە ئاسانی و ڕوونی بدوێ"، "هەست و هۆشی خۆت لە تەرازو بدە، تا بەهیچ لایەكدا سەرنەكات".

لەگەڵ ڕۆژدا، شای گەورەو مەزن دوا هەناسەی وەستا، دیوەخان بێگەورە و بێسەر مایەوە. منیش بەجارێك پەشێو و دڵگرانبووم. لەهەمان کاتدا، داهێنانی وشە بەرتەسك بۆوە. ئەمەش بووە هۆی بڵاوبونەوەی نەزانین. منیش بە ناچاری زۆر لەو وشە ڕەسەنانەم لای خۆم گلدایەوە، بە هیوابووم جێگری شا، تەوژم بە وشەسازی بدات و مرۆڤگەلیش بەهاکان رەچاوبکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش، ئەم تابلۆیەم لە جێی ئەوانیتر دانا کە دەیوت: "وشەی وتراو بێ لە بێژنگدان، بەهاکان دەشێوێنێ".

لەلایەکی ترەوە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی وشەی داهێنراو تا دەهات کزتر دەبوو، بەروبوومی وڵاتیش زیاتر زەرەرمەند دەبوو، نوسین و وتنیش باریان لاسەنگتر دەبوو. دیوەخانیش دەستەپاچانە باجی زیاد دەکرد کە تا دەهات نرخی کام داهێنان باشترە یان خراپترە؟ لە گرێژەنە دەرچوو. تەنانەت، هەندێ جار بۆخۆشم لێم تێك دەچوو کە، کام کار بکەم ؟ یان کام کار نەکەم ؟ بە ناچاری، تابلۆیەکیترم لە جێی ئەوانی تر دانا کە دەیوت: "تەواو بدوێ یان کە نەزانی بێ دەنگ بە !"

بە ناچاری تا دەهات کارەکانم لە (کام......؟) دەرچوبوو. تابلۆیەکی پەلەم بڵاوکردەوە لە جێی تابلۆکە پێشتر کە دەڵێت: "بێ دەنگی لە ئاڵتوون چێکراوە !".

بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو بیرکردنەوەیەدا، گفتووگۆکردن بە ڕاشکاوی رووەو خەپەکردن برا و داهێنانی هۆشمەندانەی وشە، تەرازوی بە لای خراپەکاریدا زیاتر سەریدەکرد. هەر بۆیە مەزاجی دوان لای مرۆڤی دیوەخان و جادە، کەم و زۆر لەیەك دەرچوون.

کاتێك مەلیك بینی چی ڕوویداوە ... زۆر تووڕەبوو، هەربۆیە لە دوای ئەو بەسەرهاتانەوە، من لەم ژێرزەمینە ژیان دەکەم. هەرچەندە پیر و لاوازم، بەڵام زۆر زاناتر لە جاران بیر دەکەمەوە. لە دوای بەند کردنم، کەس بیری لە دانانی ، کام یەکێکیتر ، نەکردۆتەوە تا کارەکانی من لە ئەستۆ بگرێت. ئەمەش یەکێك بوو لەو ڕونکردنەوانەی کە بۆچی مرۆڤ ئەمرۆ گوێ بە وتنی ئەم دەربڕینە یان ئەو دەربڕینە نادا؟

ئافرەتەکە لەگەڵ تەواو بوونی قسەکانیدا، دەستێکی دا بە شانی مێلۆدا و کەوتەوە تەشی ڕستن. مێلۆ بەدڵ تەنگییەکەوە پرسی: کەوابوو تۆ لەو ساوە لێرە بەندکراوی؟

ئافرەتەکە وتی: بەڵێ تەنانەت زۆربەی خەڵکی منیان لە بیر کردووە. گەرچی ئێستا ئەوان وەك خێو و جنۆکە بیر لە من دەکەنەوە، من تێدەگەم ئەوان بیرەکانیان لە سەر بڕوا داڕشتووە نەك زانین، هەر بۆیە ناوەکەش شێوێنراوە. لەهەمان کاتدا، ئەوان بۆ خۆیان دەستبەرداری خوڵقاندنی وشەسازی بوونە.

مێلۆ وتی: هەرچەندە تۆ بە هەڵە بەند کراوی بەڵام لەوە ناچێ زیندانی کردن کاری تێکردبێتی.!

{ئافرەتەکە، خۆی بە بەندی هەڵەی نەزانراو لە قەڵەم دەدا}.

لە وەڵامدا وتی: تۆ دەتوانیت بانگم بکەیت بە نەنەی هەڵە تا ئەو کاتەی لە هەڵەی نەزانین ئازاد دەبین. ئێستا حەز دەکەم ئەم خاڵبەندییەم وەك دیارییەك لێوەرگریت.

مێلۆش بە بڕواوە، وتی: پەیمانت دەدەمێ، کە هەندێ هەڵە لای خۆمەوە کەم بکەمەوە بەوەی کە خۆم فێرکەم (کام) بیرە چاکە بیری لێبکرێتەوە.

ئافرەتەکە وتی: وتەکانت دڵخۆشکەرن، بەڵام بێ گەڕانەوەی ئاواز و ژیری بۆ ناومان ئاستەمە کە ئازادیی بەرهەمداربێت.

مێلۆ بە سەر سوڕمانەوە پرسی: مەبەستت چییە لەوەی ئاواز و ژیری بگەڕێتەوە؟

ئافرەتەکە لە وەڵامدا وتی: تۆ نازانیت کە ئاواز و ژیری هاوسەنگی ناخی مرۆڤ و کۆمەڵەکەیان رادەگرن؟ چیرۆکی ئەوان زۆر دوورو درێژە، بڕواش ناکەم، ئێوە کاتتان هەبێت بۆ گوێ گرتن!

تۆك وتی: بەڵێ دەخوازین گوێمان لێت بێت.

مێلۆش وتی: کاتمان زۆرە خەمت نەبێ.



6

## داستانی هەڵەیەکی نەزانراو

لە کۆندا ئەم ناوچەیە، ناوچەیەکی نەزۆکی دڕندەو ترسناك بوو. بێشەی ڕق و تورەیی دێو وجنۆکەی نەزان بوو. دۆڵ و شیوەکانی ژیانیان لە خۆ نەدەگرت، بێ لە هەندێ ڕووەکی دڕکاوی کە بەخواروخێچی لێرەولەوێ ڕوابوون. تەنانەت، ئاژەڵێش لەبەر تاڵی و تفتی نەیدەتوانی بیانخوات. ئەوەی لەم ناوچەیەدا بوونی هەبوو بیابان بوو، ئەوەی بیابانیش نەبوو بەردەڵانی بوو، بێ لە سێبەری مەرگ کە پاسەوانی نەبوونی دەکرد. ئەو کاتانە، نیشتەجێی ئێرە لە کولەکەی تەڕیشدا باسیی نەبوو. لەهەمان کاتدا، دەعەجانەکان لە یاڵەکانی پشتەوە پاسەوانییان دەکرد و بەڕۆژانە شاڵاویان بۆ سەر کەناری دەریا دەبرد، نەکا کەسێك سنوری بیابانەکانیان ببەزێنێت.

ڕۆژێك پاپۆڕێك لە دەریای زانینەوە هات، شایەکی لاو فەرمانداری دەکرد. بە ناوی زانینەوە، ئەو دەستی بەسەر ئەم ناوچەیەدا گرت، بۆ ئەوەی لە دۆڵ و شیوە بیابانیەکانی ئەم ناوچەیە شارەزا بێت، کەوتە گەڕان. لەو گەڕانەیدا بیروکەی ئاوەدانکردنەوەی ئەم ناوچانەی لا دروست بوو. دێو و دەعباکانی ناوچەکە کەوتنە دژایەتیەوە، لە ئەنجامدا، شەڕێکی بێوێنە لە بەینی هەردوو لایاندا بەرپابوو. شەڕەکە ئەوەندە گەورە بوو کە بەهاکانی بەینی ئەرز و ئاسمانی لە یەك ڕەنجاند. گەرچی شا نەیتوانی سەرکەوتنی کۆتایی بەدەست بهێنێت. بەڵام توانی لە کەناری دەریادا ناوەندێکی ئازاد بۆ خۆی و هاودەنگەکانی مەرەخەس بکات.

لەو ڕۆژەدا شا بانگیدا: شارێکی ئازاد لێرە چێدەکەیەن.

{ لەو ڕۆژەدا هەستی ئاوەدانکردنەوە بیرۆکەیەکە کە ژیان ئاو دەدا.}

لەگەڵ بڵاوبونەوەی دەنگی شاری ئازاددا، لە جیهانەوە پاپۆڕی گەورەو بچوك خەڵکیان دەرهێنا. شارەکەی تا دەهات گەورەتردەبوو، ئەویش سنورەکانی بەرفراوان دەکرد.ساڵ هات و چوو، شا لە بەهاراندا، شاڵاوی بۆ سەر لانەی نەزانین دەکرد. لە زستاناندا ناوچە داگیرکراوەکانی ئاوەدان دەکردەوە. هاوڵاتیانیش بە بیر و هۆشەوە، شارەکەیان بە فەرهەنگی شارستانیەت ناونووسکرد و یاساکانی بۆ بەڕێوەبردنی کۆڵان و جادەکان دانا. شا، هاوسەرێکی هاوسەنگی دییەوە، پاش گفتوگۆ و یەکتر ناسین، هەردووکیان گفتیاندا کە خێزانێك پێکبهێنن. پاش ماوەیەك شازادەی میهرەبان دوو نەوەی بە یەك سك خستەوە. شا و شازادە بە دڵێکی خۆشەوە ئاهەنگێکی ڕەنگینیان سازدا. لەو ئاهەنگەدا شاژن ناوی یەکێ لە کوڕەکانی نا (پیتی دانا) و شاش کوڕەکەی تری ناونا ( بیرکاری تیژ). لەگەڵ ڕۆژگاردا، شا و شازادە هەوڵیاندا، کە هەردووکیان بەڕێوەبردنی وڵات و زانینی سەردەم فێربن تا لە داهاتودا شار بە دانایی و زانایی بەڕێوەبەرن.

رۆژانە توانای کار و بیری هەردوو لاوەکە لە گەشەدابوو، شا کە زانی کات هاتووە بۆ ئەوەی فەرمان بگرنە ئەستۆ، پێی وتن: من پیربووم و توانای زۆران بازیم نەماوە گەرچی پیریی ترسناکە، بەڵام نەزانین گەلێك ترسناکترە. دەزانم ئێوەش بە کار و بیرن بۆ ئاوەدانکردنەوەی شار و پەرەپێدانی، بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەریەکێ لە ئێوە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. یەکێکتان دامێنی خواروی دەشتی سەرلێشواوی ئەهوەن کاتەوە، ئەوی تریان دۆڵ و شیوە ڕەقەڵانەکان ئاوەدانکاتەوە

هەر دوو لاوەکە هاودەم و هاوئاهەنگ لە گەڵ یەکدیدا کێبڕکێی داهێنانیان دەکرد و ململانێشیان لە گەڵ سێبەری نەزانیندا دەکرد. دەعبای نەزانیش کە خۆیان لە بە پەشتەماڵی ئابڕو ئاڵاندبوو بەربەرەکانی



خۆیان بەتین تر دەکرد تا مەرگ باڵادەستربێت لە ژیان.

لەلایەکی ترەوە، هەردوو براکە لە داهێنان و بەجێگەیاندنی ویستی خۆیان زۆر لەخۆیان ڕازی بوون. لە تەك ئەوەشدا، سێبەری بەخیلی بەرامبەر بەیەك لەدەرونیاندا چەکەرەی دەکرد، چونکە کێڵگەکانی زانین بە پێوانەیەکی هاوسەنگ نەدەپێوران. دووریش نیە کە ناهاوسەنگی نێوانیان پەیوەست بێت بە خەسڵەتی سروشتی شاراوەی ویستیان کە خوازیاری لغاوی شارستانیەتی بێت.

پیتی مەزن دەیوت: وشە ڕۆڵی سەرەکی لە ڕێکخستنی ژیاندا دەگێڕێ.

بیرکاری تیژ بەرپەرچی دەدایەوە: ژمارەی بنچینەیی بیری ڕێکخستنە.

لەگەڵ ڕۆژگاردا، کێبرکێ هەڵوێستی جودای لای دوو برا پێگەیاند. شای گەورەش لەم کەین و بەینەی نێوان کوڕەکانی بە ئاگانەبوو، بەڵام بەردوامی گەشەی شارستانیەت بۆی دڵخۆشکەر بوو.


ڕۆژانەش، کاتێ شای گەورە لە ناو گوڵ و گوڵزاری باخچە ڕازاوەکەیدا ژیانی بەسەردەبرد، کەم و زۆر، جوانیو بۆنی گوڵان بیری شایان بەلای بێبەشبوونی خۆی لە نەوەی مێینە دەکردەوە کە هەستی باوکایەتی لە پیریدا ڕاژەنن. بە دەم ئەم بیرانەوە، ڕۆژێك لە باغچەی کۆشکدا دەگەڕا. لەناکاو گریانێکی بەکوڵی پڕ سۆزی ساوایەکی بەگوێدا کەوت. بیستنی ئەو سۆزی گریانە، گوێ و چاوی (شا)ی بە ماگنێت کرد، سەبەتەی بەدیکرد، ملی بۆ نا، چاوەکانی بەبینینی دوو ساوا پڕ لە خۆین و شەوقکرد، لاوێتی لە هەست وبیریدا ژیایەوە، نەیدەزانی بگری یان پێکەنێ؟ دووانەیەکی مێینە، یەکێکیان قژ قەترانی، ئەوی تریان قژ ئاڵتونی بەگریان داوای باوەشی نەرمیان دەکرد.



کە شەو داهات، شا بانگی ڕاوێژکەران و گەورەو بچوکی شاری کرد بۆ ئەوەی شایستەترین ناو هەڵبژێرن تا شایستەی خونچەکان بێت. کاتێ مرۆڤگەل لە هۆڵی کۆشك کۆبوونەوە، دەنگێك وتی: ناوی "ئاواز" لە یەکێکیان بنێن.

مرۆڤگەلیش هەروەك بیانەوێ تەرازوی هەست بە ژیری ڕاگرن بەیەك دەنگ وتیان: ئەویی تریان ناوبنێن "ژیر" بە هیوای ئەوەی شارستانیەت بە ئاوازی ژیری بەرێوە بچێت.

بەڕۆژانە گەشەی دوو کیژۆڵە، زیاتر سەرنجی مرۆڤیان ڕادەکێشا، نەك تەنها لەبەر جوانی قەدوباڵایان، بەڵکو بیر تیژی و سۆزیان هەستی خۆشەویستی لە ڕۆحدا دەجوڵان. جووتە خوشك بە ڕۆژانە مامەڵەیان لەگەڵ ژیاندا دەکرد تا نەهێڵن سێبەری نەزانین بیرو هۆش پەردەپۆشبکات یان نامۆیبکات. چونکە بە ژیر و هەستیارانە تەمومژی گیان و ڕۆحی مرۆڤیان دەڕەواندەوەو کاتێك کێشە لە نێوانی دوو برادا دەردەکەوت، ئەوان بە نەرمی و نیانی ، وشەو ژمارەیان لە تەرازوی هاوسەنگیئەدا.



کاتێك شا لە دونیا ماڵ ئاوایی‌کرد، دوو برا زیاتر لەیەکتر کەنارگیربوون. پیتی مەزن تاجی شای وشەی لەسەر خۆی دانا. بیرکاری تیژیش تاجی ڕەنووسی لەسەر خۆی دانا. هەریەك بەجۆرێك پەرەیان بە وشە و ژمارە دەدا، بە هیوای ئەوەی لە فەرهەنگی شارستانیەوە مۆرکی لایەك باڵادەستتربکات.

{ئاواز و ژیر تا ئەوکاتە، تاجی سەری بوون.. ڕاڤەکردن.}

ڕۆژ هات و چوو ، مەملەکەتی وشەو ڕەنووس بەرفراوان و دەوڵەمەندتر دەبوون. لەهەمانکاتدا، جیاوازی بەینی جووتە برا بەرەو لە شیرازە دەرچوون دەچوو. جووتە خوشك، لە چارەسەرکردنی کێشەدا، دەیان وت: (نە شیش بسوتێ و نە کەباب.).

ڕۆژێك پیتی مەزن پێی لە زەوی داگرت و وتی: لە ژیاندا وشە لە ژمارە بەهادارترە، مەملەکەتی داناییش کە شارستانیەتی بەرهەم هێناوە گەواهی بۆ ئەدا و هەموو ئاخاوتنێکیش هەر وشەسازی دەدا. بیرکاری تیژیش بێ یەك ودوو لە وەڵامدا وتی: بیرکردنەوە دەرئەنجامی بوونی فۆڕمەکانی رەنووسن لە بووندا نەك بەعەکسەوە و پۆلین کردنیش دەستپێکێکی لۆژیکی ژمارەیە نەك وشەدارِشتن. گڕوکڵپە و گێرمەوکێشەی نێوان دووبرا تا دەهات بەتینتردەبوو، بۆ ڤوتاربوون لەو کێشانە هەر دوو برا بەئاشکرا داوایان لە دوو خانزادەکە کرد، کە وشە و ژمارە بگێژن و ببێژن تا بەهای پڕ بەڤاڵبیان لە تەرازوی شیاودا، شوناس بکرێت.

دوو خانزادەکە بۆ چەند ڕۆژێك، زۆر بە وردی لە گرنگی و بەهای وشە و ژمارە کۆڵینەوە و گوێیان لە شاهێدی جۆراوجۆر گرت تا بزانن ئەوان چۆن لە کار و کردەوەی ڕۆژانەیاندا، پارسەنگی وشە و ژمارە دەکەن...

سەرئەنجام، دووخانزادەکە بەیەکەوە گفتوگۆی خۆیان بەیانکرد: وشە و ژمارە یەك نرخیان بۆ ژیان هەیە. هەر دوو لایان لە پەرەپێدانی شارستانیەت هەم بنچینەن هەم تەواوکەرن، چونکە سنوری زانیاری وەك ئەو دەسترازەیەیە کە وشە ، پێچاو پێچەکانی پێکدەهێنێ و ژمارەش ، تان و پۆی دیاری دەکات. بۆیە هیچیان نە لە لم ژماردن گرنگترن، یان لە ئەستێرە گەشترن. جا چاك وایە پیتی مەزن و بیرکاری تیژ ڕێگەبدەن کە هەردوو مەملەکەتەکە بە ئاشتی بژین و شەڕی باڵادەستی نەبێ بە هۆی تێکدانیان.

گشت کەسێ دڵخۆش بوون بەسەرئەنجامەکە کە ئاواز و ژیر پێگەیشتبوون، بەڵام جووتە برا تووڕەبوون و بەیەك دەنگ بانگی نارەزاییان دەربڕی: بەداخەوە کە دوو خانزادەکە نەیانتوانی، بڕیارێکی بابەتیی بدەن، چونکە بڕیارەکەیان بێ لە ڕاگرتنی تەرازووی هەستو هۆش، بوونی (یەك) ڕاستی پەسەند ناکات.

بەدوای ئەو لێدوانەدا، دوو برا بڕیاریاندا کە ئاواز و ژیر ڕەوانەی تاراوگەی هەتا هەتایی بکرێن کە دەکەوێتە ناوچەی نەزانینەوە. ژیر و ئاواز، لەو ڕۆژەوە، لە کۆشکە ڕاگیرکراوەکە لە هەوادا گوزەران دەکەن. بەدوای دورخستنەوەیاندا، ناهاوسەنگی لە هەست و بیری ئەم زەویەدا بە ئاڵۆزی ماوەتەوە و پابەندی ئاکامی چاوەڕێنەکراوە. منیش لە بێچاریدا، تەشی دەڕێسم.

مێلۆ بەپەرۆشەوە لە ئافرەتەکەی پرسی: ئەی دووبراکە چییان لێ بەسەرهات؟

(کام) لە وەڵامدا وتی: تاراوگەکردنی دوو خانزادەکە تەنها دوا تەبایی ئەوان بوو کە لەسەری ڕێك کەوتن ، لوتبەرزی و ترسیش لە پەشیمان بوونەوە، تەواو دەستەپاچە و گۆشەگیری کردون تا ڕادەیەك کوێرانە بیری سەلماندنی ئەو ناڕاستیەیە دەکەنەوە کە بڕوایان پێیەتی. بڕواش دەکەم، گەر ئاواز و ژیر نەگەڕێنەوە، ئێمەش ئارامی نادۆزینەوە.

مێلۆ وتی : لەوانەیە ئێمە بتوانین رزگاریان بکەین.

(کام) لە وەڵامدا وتی: ئەوە کارێکی  هەروا سانا نیە، چونکە قەڵاکەی کە ئەوان بۆی تاراوگە کراون، لێرەوە زۆر دوورە. لەسەرو ئەوانەشەوە،  لەهەوادا وەستاوە و بە پەت بە ئەرزەوە گرێدراوە کە دەبێت بە پلەی پەیژەدا بۆی سەرکەوێت. پلە پەیژەکانیش کە بە لیکی جاڵجاڵۆکە گرێ دراون، هەواکەش گێژەڵوکە دەکا. هەروەها، دێوو درنجی نەزانین داوو تەڵەی زۆریان بە چواردەوریا ناوەتەوە. لە هەرکاتێکدا بۆیان بلوێت پەلامار دەدەن. بۆیە، دەترسم لەوەی بڕوابکەم کە منداڵێکی بچوك لەگەڵ سەگیکی کات ڕاگردا، بتوانن کارێکی وا گەورە ئەنجامبدەن. جا بیر لە ئازادکردنی من مەکەنەوە، من بەم ژیانە ڕاهاتووم، چاك وایە ئێستا لێرە دەرچن و هەموو ڕۆژەکەتان بە با نەدەن.

مێلۆ بە خۆش باوەڕییەکەوە وتی: خەم مەخۆ، ئێمە تا شەش ملیۆن ساڵی تر لێرە وەك مزراح دەیخولێنینەوە.

(کام) بەساردییەکەوە وتی: ناشێ وتە و کرداری ئەو بەڕێوەبەرە بێشوناسەت بە سنگی فراوانەوە وەرگرتبێت. هەر ئێستاکە، دەسکی ئەو دەرگایە بادەو بێخەم ئەو ڕێگەیە بگرە کە لەبەرتایە، بەرەو ئەو جێگەیە بڕۆ کە دەبێت بۆی بچیت.

کاتێك مێلۆ ماڵ ئاوایی لە (کام) کرد ، وتی: سەرچاوم هاتیت. دیاری من بۆ تۆ ئەم وشانەیە... بیر و هەستت هاوسەنگ ڕاگرە تا تەرازوی ژیانت لاسەنگ نەکەوێتەوە.

مێلۆ و تۆك هەر کە لە دەروازەی بەندیخانەکە بەدەرکەوتن، تیشکەکان هەواڵی ئازادییان ڕادەگەیاند. ڕاوێژکەرانی پاشا، لەناکاودا، پەیدا بوون و یەك بەدوای یەکدا، کەوتنە دووان: ئەها، ئەوە ئێوەن ! لە کوێ بوون؟! لە هیچ کوێوە دیارنەبوون،  ئێمە قوژبن نەما بە دواتانا تەی نەکەین. پاشا لە دیوەخان چاوەڕێتان دەکات. هەر ئێستا لەگەڵماندا وەرن.

لەکاتێکدا، بەشڵەژاوییەوە هەنگاویان دەنا، مێلۆ پرسی: ئەی ماشێنەکەم نەهێنم ؟

میری وتی: پێویست ناکات.

پیری مانا وتی: بە کاری ناهێنیت.

ژمێریار وتی: بیری لێمەکەرەوە.

سۆفی جەوهەر وتی: بێ سوودە.

بەرێوەبەری بەردەستی دووهەمی تێگەیشتن وتی: داوا نەکراوە، سەرباقی ئەوەش ئێمە  ئامێری خۆمان بە کار دەبەین.

هەموو وتیان گالیسکەی بێ ئەسپ دەمان گەیەنێت.

مێلۆ بیری لە تیژ ڕۆشتنی گالیسکەکە دەکردەوە، پرسی: چۆن بە ڕێی دەخەن ؟

به یەك دەنگ وتیان: بێدەنگبە، بۆ خۆی دەڕوات.

پاش ماوەیەك  لەبەردەم كۆشكی شاهانەدا ڕاوەستان



P.T.

# 7

# خواردنی شاهانه

لەگەڵ گەشتنە کۆشك، ڕاوێژکەران کەوتنە دوان: لەم ڕێگەیەوە....! دوامەکەوە، پێشکەوە، پێهەڵگرە. لێرەوە برۆ.

بەلۆق هەڵهێنانەوە بە پلیکانە مەڕمەڕەکانی کۆشکدا هەموویان بۆ سەرەوە سەرکەوتن. مێلۆ و تۆکیش بە دوایاندا دەڕۆیشتن. دەرگاو ڕووکاری دەرەوەی کۆشکەکە لە شێوازی پەڕاوێکی گەورەدا داڕێژرابوو. دەروازەکانی لە جێی ناوی نوسەردا قۆقز دیاربوون، ئەو دیمەنە سەرنجی مێلۆی بە یەکجار گۆشاردا. ئینجا، هەموویان چوونە هۆڵێکی ئاوێنە بەندەوە. کاتێك هەنگاویان هەڵدەهێنا، ناوی خۆیان لەسەر دیوارەکان دەخوێندەوە. لە ناکاو، یەکێ لە کارکەرانی ناو کۆشك وتی: کاتی خواردنە، داواکراون، پەلەکەن، دەمێکە چاوەڕێتانن .

مرۆڤگەل لە هۆڵەکەدا لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆیان دەکرد بە درێژایی مێزێك دانیشتبوون. مێزەکە بە پەرداخ و کەوچك و چەتاڵ ڕازابۆوەو. لەو سەری مێزەکەوە پاڵتۆیەکی شاهانە بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو کە نەخشی ئاڵای فەرهەنگی شارستانێتی تیا کێشرا بوو. زۆربەی ئەو خەڵکانەی لەوێدا دانشتبوون، مێلۆ لە بازاڕ دیبوونی. گوێی لە فرۆشیارێك بوو کە باسی مێژووی پیتی (ڤ) ی بۆ کۆمەڵێك دەگێڕایەوە. چاوی بە زەردەواڵە و هەنگ کەوت کە بە ڕووی یەکتردا هەڵدەشاخان، بە بێ هیچ هۆیەك شەڕە دەنوکیان بوو. پۆلیسەکەش سەرقاڵی پەڕە ڕەشکردنەوەیە، لەبەر خۆیەوە دەڵێت: هەمووتان تاوانبارن.

کاتێك مێلۆیشی بەدیکرد، پێیووت: شەش ملیۆن ساڵ لە چاوتروکانێکدا تەواو دەبێ، وانیە ؟ ئای لە دەست کاتی بێ دادەوەر چەند بە هەڵەداوان دەڕوات.

برسێتی میوانەکانی هەراسانکردبوو، کاتێك، مێلۆ و تۆکیان دی بەرەو مێزەکە دێن، ئاهێك بە دڵ و دەرونیانا هاتەوە. زەردەواڵەکە دەستی تەوقەی بۆ مێلۆ درێژکرد و وتی: پیاوە پیرەکە پێخۆشحاڵم بە گەیشتنت، هەڵبژاردنی خواردنی ئەم ئێوارەیە لە ئەستۆی تۆدایە.

مێلۆ لەبەرخۆیەوە دەیووت: چۆن توشی گونڕەشی خۆم بووم.

هەنگەکە بە فریای مێلۆ کەوت و پێشنیازی بۆ کرد: وتەیەکی بە پەلە لە کاتی خواردندا بڵێ، ئەوا بۆ خۆت مەرەخەس دەبیت.

مێلۆ بیری لە هەڵبژاردنی خواردنێك دەكردەوە كە داوای بكات، بەڵام جۆق و بۆقی میوزیك لێدان سەرەنجی ڕاكێشا، جاڕچی دیوانیش دەنگیدا: پاشای تاك و تەنیای وشەسازی گەیشت.

پاشا لە دەرگاكەوە بە دەركەوت، ڕووەو كورسی شاهانە هەنگاوی دەنا، دوای دانیشتن بە دەنگێكی هێمن و لاوازەوە، وتی: بە زەحمەتی مەزانن هەر كەس جێی دیاری كراوی خۆی بگرێت.

مێلۆ تا ئەو كاتە پیاوی وا گەورەو ورگ زلی نەدیبوو كە دوو چاوی زەق و ڕیشێكی درێژ بە بەرۆكیدا شۆڕبووبۆوە، موستیلەیەكی زیو لە پەنجە بچكۆلەكەیدا دەبریقایەوە، تاجێكی بچوكیش لە سەر سەری ڕۆنیشتبوو كە بە پیت و وشەی ڕەنگدار دەوری گیرابوو.

پاشا سەیری مێلۆ و تۆكی دەكرد، پرسی: میوانەكانمان ناویان چییە؟

لە وەڵامدا مێلۆ، وتی: من مێلۆم ناوە، هاودەنگەكەشم تۆكی ناوە، پڕ بە دڵ سوپاسی میواندارییەكەشت دەكەین، حەز دەكەم بڵێم، كە كۆشكەكەت لە جوانیدا بێ وێنەیە.

میری ڕوونكردنەوەش گەلاڵەی وتەكانی مێلۆی كردەوە و وتی: كۆشكەكەت لە دونیادا بێ هاوشانە.

ژمێریاریش وتەكەی مێلۆی هەڵسەنگاند، وتی: بەراوردی قەشەنگیی كۆشكەكەت ئاستەمە بكرێت.

سۆفی جەوهەریش ڕۆحی بە بەر وتەكەی مێلۆدا كرد و وتی: كۆشكەكەت لە وێنەی دڵدایە، وشە بە شادەمارەكانیا گەشت و گوزار دەكات.

بەڕێوەبەری بەردەستی دووهەمی تێگەیشتن مەبەستی مێلۆی ئاشكرا تر كرد: كۆشكەكەت شازی دونیایە.

پاشا وتی: بێ دەنگ بن. ئێستا كوڕی باش ئەم كوڕە چۆن دەوڵەمەند دەكەیت؟ دەتوانی گۆرانی بڵێیت؟ چیرۆك بگێڕیتەوە؟ مۆسیقا بژەنیت؟ ئەكرۆبات بكەیت؟ سیحر بنوێنیت؟ چی دەزانی كە پێشكەشی ئەم كوڕەی بكەیت ؟

مێلۆ بە كزییەوە دانی بە نەزانی خۆیدا نا، وتی: هیچ شتێك لەوانە نازانم كە تۆ پرسیاری لێ دەكەیت.

پاشا بە تەوسەوە وتی: چەند منداڵێكی گشتیت لە وەڵامدانەوەدا، دەور و بەرەكەی من دەتوانن هەموو شتێك بكەن. بۆ نمونە میر دەتوانێت بە هەناسەیەك دەریا وشك كاتەوە. پیری مانا دەتوانێت قژی خۆی دارنێ و هەر تاڵەی بكات بە دوو كەرتەوە. ژمێریار دەتوانێت هەرچییەك لە دونیادا هەیە لە یەك دایان برێت. سۆفی بەرد نییە لەم گەردوونەدا ئەو نەتوانێ هەڵی داتەوە. بەڕێوەبەری بەردەستی تێگەیشتن بە تاڵێك دەزوو هەموو شتێك هەڵدەگرێ، بەڵام تۆ ناتوانیت هیچ شتێك پێشكەش بەم كوڕە مەزنە بكەیت ؟ خۆ تۆ لەم بەینەدا مەتەڵ نیت؟

مێلۆ لە پڕ وتی: دەتوانم تا هەزار بژمێرم.

پیتی مەزن بە تووڕەییەوە وتی: ژمارە، قەت لێرە ناوی مەهێنە، گەر زۆر پێویستت بوو بەکاری بهێنە. ئێستا تۆ و تۆك وەرن لامەوە دانیشن و خواردنی ئەم ئێوارەیەش هەڵبژێرن تا بیخۆین.

مێلۆ ئامۆژگارییەکانی دایکی هاتەوە یاد کە پێی وتبوو: هەر کاتێك میوان بوویت خواردنێکی کەم و سوك بخۆ. بۆیە مێلۆ وتی: چاك وایە خواردنێکی سوك بخۆین.

زەردەواڵەش بە دەست ڕاوەشاندنەوە بانگی لە چێشتکەرەکان کرد، وتی: خواردنەکە با سوك بێت.

چێشتکەرەکان مەنجەڵێکیان بە پەلە هێناو لە سەر مێزەکەی بەردەمی پاشا دایان نا کە سەر قاپەکەی هەڵدایەوە، تەوژمێك هەوا سوك و ئاسان بۆ ئاسمان بەرز بووەوە.

زەردەواڵە بە لاچاو خوراندنەوە، وتی: خواردنەکە زۆر گران بەها بوو، بەڵام داخەکەم ئاسان لە دەستمان دەرچوو.


پاشا ڕووی کردە مێلۆ، وتی: دەتوانی پێشنیازی خواردنێکی تر بکەیت.


مێلۆ دوای کەمێ بیر کردنەوە، وتی: با خواردنێکی قورس بخۆین.

زەردەواڵەش بە بۆڵەوە، وتی: خواردنێکی قورس لەو لایەوە بهێنن.

چێشتکەرەکانیش بە نقەنق، مەنجەڵێکیان هێنا، لە سەر مێزەکە دایاننا. کاتێك، سەری مەنجەڵیان هەڵدایەوە، لە ئاسنی ڕەش هەڵگەڕا و بەولاوە هیچ شتێکی کەیان بەدینەکرد.

زەردەواڵە بە تەوسەوە، وتی: ئەم ئێوارەیە مەتەڵ دەخۆین.





پاشاش وتی: ئێستاش کاتی گوتار خوێندن هاتووە، با مێلۆ گوتاری خۆی بدات.

مێلۆ وتی: خوشك و برایانی بەڕێز، حەز دەکەم لەم هەلە بە نرخەدا بڵێم.......

پاشا وتەکەی بە مێلۆ بڕی، وتی: لاسایی کار ناکات.

مێلۆش بە دڵ گرانییەکەوە وتی: من دەمویست بڵێم.....

{ مێلۆ گوێی هەر بە گوتاری جامبازانی ڕامیاری راهێنرابوو}.

پاشا هەڵی دایە: یەکێکی تر با گوتاری خۆی بدات.

زەردەواڵە بەپەلە، وتی: قەلەمونێك کە باش سورکرابێتەوە، پەتاتەی کوڵاو، کەرە، بەستەنیش بە دوای نانخواردندا بێت.

هەنگەکەش هەستی کرد، کە زەردەواڵەکە نۆرە بڕەی کردووە، بە دوایدا وتی: شەکری گوڵاو، نانی هەرمێ شەربەتی هەنار، مرەبای سێو با بێت.

پۆلیسەکەش لە بەرخۆیەوە دەیووت: تەماتەی برژاو، گۆشتی برژاو نانی برژاو بە ماستاو و سەوزەوە با بێت.

ئەوانی تریش، یەك لە دوایەك، گوتاری خۆیان خوێندەوە تا سەرەی پاشا هات، پاشاش بەخێرایی، وتی: بریانی، گیپەو شیلاوگ بە پێچکەی کولاوەوە، لەگەڵ هەندێ یاپراخی گەلا مێو و سلق، بە پیاز و باینجان و تەماتەوە، با سوراحییەك (دۆ)شی لەگەڵ بێت.

لەگەڵ خواردن لەسەر مێز دانرا، دەنگی کەوچك و چەقۆ و چنگاڵ لە گوێی مێلۆدا ئاوازێکی پچڕ پچڕ و ناهارمۆنی بوو. پاشا بینی کە مێلۆ لە قاپە بەتاڵەکەی بەردەمی خۆی دەیڕوانی، نەرمە شانێکی لێداو پێیوت: ئێستا لەوە بخۆ کە لەوەی بیرت لێیکردۆتەوە.

مێلۆش بە تەوسەوە وتی: ئێستا دەزانم، کە وشە مەزنەکانی خۆم چۆن دەخۆم !.

پیت لە وەڵامدا وتی: چی بچێنی هەر ئەوە دەدوریتەوە، جارێکی تر کاڵەك بە ئەژنۆ ناشکێنیت.

وتەکانی پادشا لە مۆخی مێلۆدا دەنگی دەدایەوە، زگیشی چاوەکانی بەگەڕخستبوو، چونکە بۆن و ڕەنگ و دەنگ، تامیان داوا دەکرد و گەدەیان هەڵدەگلۆفی، بۆیە لەبەر خۆیەوە دەیگوت: تێر ئاگای لەسکی برسی نیە. بەڵام هەر وەك دەڵێن "لە پاش ترێك خەمشەی برێت" گرنگ ئەوەیە، هەڵەی خۆم لە ئەستۆی خۆم بگرم.

بۆ دواندنی مێلۆ، میر وتی: فەرموو وشەکانی خۆت بەم چنگاڵە ئەم دیو و ئەو دیو بکە، بەڵکو هیچ نەبێ تام و ڕەنگەکەی کەمێك بگۆڕدرێت.



پیری ماناش بۆ پاساودانەوەی لێدوانەکە وتی:ئەم وشە بێ سەرو بنانەش بکەرە ناواخنیان.

سۆفیش درێژەی بە لێدوانەکەداو وتی: چاك وایە وشەکان تەڕکات، بەڵکو ئاسان تر نەرم ببنەوە.

ژمێریاریش هەڵیدایە: ئاکامەکان چەکەرە دەکەن، بەڵام مەرج نیە، لەگەڵ هۆکارە نەزانراوەکاندا چونیەکبن دەرچن.

بەڕێوەبەری بەردەستی تێگەیشتن ڕوونتری کردەوە: تیرت هاویشت، بەڵام نیشانت نەپێکا.

لەو کاتەدا ، پارچەیەك گۆشت لە قوڕگی میر گیر بوو و بەرێوەبەری بەردەستی تێگەیشتنیش مستەکۆڵەیەکی دا بە ناو پشتیدا و وتی: ئەوەندە بخەرە دەمتەوە کە ئاسان بجورێت.

سۆفیش وتی: وەك بایەك وەهایە، بە لای گوێیدا تێپەڕێت.

میر لەسەرخۆ وتی: ئەگەر شتێك نەبێت، ئەوا شتێکی تر هەر دەبێت.

ژمێریاریش بەبزەیەکی سەرکەوتوانەوە وتی: تاوەی قرچاو بە ئاگر کۆتایی دێت.

میر بۆ دەمکوت کردنیان بەدەنگێکی بەرزەوە، وتی: باشە، باشە خۆ هەڵەیەك بە هەڵەیەکی تر چارەسەر ناکرێ.

لەو کەین و بەینەدا پادشا توڕەبوو: گەر زیاترتان لە زاردا نیە، بەرۆکمان بەردەن.

لەوەڵامدا هەر پێنجیان یەك بە دوای یەکدا، وتیان: پەشیمانین. داوای لێبوردن دەکەین. بمانبورە هەڵەبووین. بەخۆماندا دەچینەوە.

کاتێك، ڕاوێژکەرەکان لە جێی خۆیان دانیشتنەوە، بێدەنگی باڵی ساردی بەسەر کۆڕەکەدا کێشا. پاشا بانگی چێشتکەرەکانی کرد: ئێستا دواخواردن بهێنن.

مێلۆش کە برسێتی باڵی نەرم کردبوو، پرسی: دوا خواردنی ئەم ئێوارەیەتان چیە؟

پیتی مەزن لە وەڵامدا وتی: خواردنێکە بە نیمچە پێگەیوو شوناسکراوە و لە چەپکەکانی مەعکەرۆنی دروست دەکرێت.

مێلۆ بەپەلە پرسی: (نیمچە) پێگەیوو چییە؟

لەوکاتەدا چێشتکەرەکان بە سینی گەورەوە بۆ ناو هۆڵی نانخواردن هاتن.

زەردەواڵە بۆ ئەوەی سەرنجی مێلۆ ڕابکێشێ وتی: نیمچە گەیوو، هەر نیمچە گەشەیە، پێکهاتووە لە دەستەواژەیەك، ئەها(پارچەیەکی لە سینیەکە هەلگرتوو، خستیە دەمیەوە) زۆر بەلەزەتن، بەڵام مەرج نیە کە تۆ وا لێکی بدەیتەوە، بۆ نموونە سەیری ئەم چەپکە یان چەمکە بکە... دەڵێت زەوی تەختە.

هەنگەکەش کە کێبڕکێی لەگەڵ زەردواڵەکەدا دەکرد، وتی: زەردواڵە هەنگەشەلێی بەسەردا دەکات.

ئینجا دانەیەکی بەرزکردەوە بۆی تا مێلۆ بیبینێ و وتی: بۆنموونە، ئەم دانەیە لێی نوسراوە، تاك وتەنهام، ئەمە نیمچە چەمکە، چونکە تەواو گەشەی نەکردووە.

مێلۆ بینی هەر سێ سینیەکە بە خێرایی خوران، ئەو هەر ئەوەندەی بۆ کرا چەند دانەیەك بخوێنێتەوە کە نوسرابوو.... بێ لەمانگ، هەموو قورسیەك لە بەرزیەوە دەکەونەوە. باران ئاوە لە هەواوە سەرچاوە دەگرێت. کرنووش بردن بچوکیە. فڕوفێل دەستمایەیە.



**تۆك بە ئەسپایی بە مێلۆی وت: شەو خواردن خەوی ناخۆش دەهێنێ.**

**مێلۆش لە وەڵامدا وتی:  خەم مەخۆ بۆم، چونکە هەندێ لە وتە و شتەکان بیرم پێدەکەنەوە، ئەم دانەیەی کە لێینوسراوە... هێزی شارراوە سەرچاوەیە... هەڵیدەگرم بۆ بیرکردنەوە نەك بۆ خواردن.**

8

# ئامادەیی زەردەواڵە


میر دەستی بە ورگیدا دەهێنا و دەیوت: لەوە زیاترم بۆ ناخورێت.

پیری مانا بەهەناسە تونگیەوە دەیوت: ماڵم وێران .. ورگم تەقی.

سۆفیش بە خاویەوە دەیوت: نەدەبوو ئەوەندەم بخواردایە.

ژمێریار بە دەم پشتێن شلکردنەوەوە دەیوت: بە جارێك ئاوساوم.

بەڕێوەبەری بەردەستی تێگەیشتنیش بە دەم بیرکردنەوەوە دیوت: گەر کاکە هی خۆت نییە،خۆ کایەنەکە هی خۆتە.



پاشاش کە خواردن مرِی کردبوو، وتی: چێشتکەر ئەو داهێنەرەیە کە خواردن بەرهەمدێنێت، بۆیە بە دەگمەن تۆ دەبیستی کە چێشتکەر زیادخۆری بکات.

مێلۆش بە تەوسەوە وتی: لەوە دەچێ بەپەلە زۆرت خواردبێت.

زەردەواڵەش هەڵیدایە: زۆر خواردن لەوەدایە کە زۆر بە پەلە بخۆیت. من بە ئاگام لە کەم خواردن بە پەلە یان بە تیژ خواردن بێ پەلە .

زەردەواڵە پێش تەواوکردنی وتەکانی وەنەوزی ئەدا.

پاشا کە لەوە دەچوو بیەوێ بدوێت بەڵام مرۆڤگەل لەبەر پڕی ورگیان، گوێگرتن لایان مەسەلەیەك نەبوو، بۆیە یەك بە دوای یەکدا دەڕۆیشتن و ڕووەو دەرەوە مل درێژ بوون. پاش ماوەیەکی کەم، بێ لە مێلۆ و تۆك و زەردوەاڵەی خەوتو، کەسێك لەو دەورو بەرە نەمابۆوە. خۆدزینەوەی میوانەکان، کاری لە پاشا کردبوو، چونکە سۆزدارانە دەیووت: دۆست وخۆشەویستان، حەز دەکەم، هەستی دڵسۆزی خۆمتان بۆ دەربڕم ...

مێلۆش بە ساکارانە وتەکانی بە پاشا بڕی و وتی: بمبورە گەر دەڵێم، بێ لە من و تۆك و زەردەواڵەی خەوتوو، کەسی تر لێرە نەماوە.

پاشاش دانی بەو ڕاستیەدا نا و وتی: ئەوە بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێت. دوای هەموو بەیەك گەیشتنێك، هەریەك بەلایەکدا دزە دەکا و دەڕوات، منیش کە (خو)م خووم بە وتاردانی دوای نانخواردنەوە گرتووە. دەزانم ئەوان ئاشبەتاڵیان کردووە و کەس بەدەورمەوە نەماوە، بەڵام هەر وەك خویەك یان حەزێك بۆ خۆم وتار دەدەم. لەهەمان کاتا، بە هیوام کە کەس ڕەچاوی لێدوانەکەم نەکات.

زەردەواڵەکە لەوە دەچوو  خەبەری بووبێتەوە، وتی: من دەچمە کنیان بۆ نانخواردنی ئێوارە، چاکە تا ئەو کاتە بۆخۆم بخەوم.

برسێتی زۆری بۆ مێلۆ هانی بوو، گلەییەکانی پادشا لە گوێیدا دەزرنگانەوە، زەردەواڵەکەش کە هێشتا لەخەو هەڵنەستابوو، بەڵام خۆی بۆ گوژمێکی تری نانخواردن ئامادە دەکرد. ئەم بارە نالەبارە مێلۆی  هاندا کە بڵێت: چۆن ئەوان کە ئاوەها دەخۆن، هەر بیر لە خواردنی تر دەکەنەوە بیخۆن ؟

پاشاش وتی: ئەوە شورەییە، لەمرۆ بە دواوە خواردنی ئێواران بۆ شەو دەگوێزینەوە.

مێلۆش بە تەوسەوە وتی:  ئەوەی کە تۆ بە تەمای بیکەیت، لەوە دەچێ ، کە دەڵێ: " کەرێکم دا بە کەرێ، سننان لە پشت گوێی دەرێ" .

زەردەواڵەکەش بە دەم خەوەوە، تەرجەمەی لێدوانەکەی مێلۆی بۆ خۆی دەکردەوە: تۆ دەڵێیت، کە هەموو خراپەیەك هاوسەنگن لە وتندا، بەرامبەر  بە باشییەکی ناهاوسەنگ لە کرداردا. بەڵام من بڕوا دەکەم، کە چاکتر وەهایە ناوەندی کردار و وتن ڕەچاوبکەیت، پێش ئەوەی بڕیاربدەیت.

مێلۆ بە نارەزاییەوە وتی: من نازانم چۆن و  بۆچی دەبێت، ڕەچاوی ناوەندیەتی ( ڕاست یان درۆ، ڕەش یان سپی، ئازا یان ترسنۆك ) بکرێت. چونکە ئەو بەهایانە کە وشە و کردارن، هەر مرۆڤ دروستی کردوون، بەڵام  ژیانی منیان تەواو  ئاڵۆز کردووە.

پاشا کە هەستی بە دڵشکاوی و بێهیوایی خۆی دەکرد،  باشتر لە مێلۆ  دەگەیشت. بۆ پاساودانەوەی دڵی مێلۆ  وتی: ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاستییەکی ڕوون و بەڵگەنەویستە، کە گرانە بۆ کەسێکی تر بزانێت، گەر

بێت و خۆی گیرۆدەی ئەو جۆرە دەردە نەبێت. کاتێك، کە تۆ گلەیی لە وشە و دەربڕینەکانی دەکەیت ، ناحەقت نیە کە نەزانیت بۆچی و چۆن ئەو وشە و بەهایانە دروستکراون؟ چونکە وشە لە ڕێی بەها کۆمەڵایەتیەکانیەوە دەسەڵاتی هەیە. ئەو هاوکێشەیە ئاستەمە بۆ زۆر کەس کە تێبگات. چونکە تێگەیشتن لە مەلەکردن دەچێت کە دژی تەوژمی ڕووبار دەکرێت. کردنی مەلەیەك لەو جۆرە گرانە ، تێڕوانینی جەنجاڵییە، نەکردنیشی، خود لە گەمەی گاڵتەجاڕیدا قەتیسدەکات. جا مەترسە ، بپرسە لەوەی بۆچی و چۆن، بەڵام لە گوتارە بازاڕییەکان خۆت دوور ڕابگرە، چونکە زۆرجار نەك هەر نەزانانە وتراون بەڵکو مەبەستی گلاویشیان هەیە.

پاش ماوەیەك تێڕامان، پاشا پرسی: باشە بە بڕوای ئێوە، لەمڕۆدا، چۆن دەتوانرێت تەجاوزی ئەو بارە لاسەنگە بکرێت؟

زەردەواڵەش بەپەلە وتی: بەرنامەی خوێندن هەڵتەکێنە، یاساکان تازەکەرەوە.

پاشاش بە نارەزاییەوە وتی: یاساکان بەرامبەر وشە دەوەستنەوە.

زەردواڵەکەش کە هەوای لێدوان لە کەلەی دابوو، وتی: خەلات ببخشەرەوە، هەموو گیانلەبەرێك بە پارە بکڕە.

پیتی مەزنیش نائومێدانە سەری دەلەقاند، زەردەواڵەش، بەردەوامی بە هەڵەوەڕییەکەی خۆی دەدا؛ داوای یارمەتی لە دۆست و دوژمن بکە، سەوداو مامەڵە لەگەڵ دەوروبەردا دامەزرێنە، گوێ بە هیچ مەدە، هەرچی هەیە و نیە ئەم دیو وئەودیوی بکە، یان وشە کورتکەرەوە، لە وتەکانی ڕابردوت پەشیمانبەرەوە، سنوورەکانی شارستانیەت سەر لە نوێ داڕێژەرەوە، پردەکان داڕوخێنە.

لێدوانەکەی زەردواڵەکە گێچی پاشای بەرزکردبۆوە تا ڕادەی چاو سور هەڵگەڕان. زەردەواڵەکە لە ڕوانینەکەی پاشادا ترسێکی کوشندەی خوێندەوە کە قاچە لاوازەکانی بە لەرز هانی، هەر ئەوەندەی بۆکرا کە سووك و ئاسان دانیشێت بێورتە.

مێلۆش کە لە بیریخۆیدا خەریکی بیرکردنەوە و پلان بوو، هەلی بێدەنگبوونی زەردەواڵەی قۆزتەوە و بە هیواشی بە پاشای وت: تۆ ئەتوانی ڕێگەچارەیەك بدۆزیتەوە تا ئاواز و ژیر بۆ ناومان بگەڕێنەوە.

{بیستنی وشەکانی ئاواز و ژیر پیتی مەزنیان ڕاچڵەکاند. چونکە، پیت بە ڕادەیەکی باش دەیزانی لە دوای تاراوگەکردنی ئاواز و ژیر ناهاوسەنگیی، بازنەیەك لە کەم تەرخەمی و ساردی لە ڕۆحی مرۆڤی شارستانیەتیان کردۆتە دوفاقەیەکی گەندەڵ لە باش و خراپەی بێ هەست و هۆش بوون.}

پاش کەمێ ڕامانان، پاشا تاجەکەی سەری داگرت و وتی: داوایەکی زۆر بەجێن، پێشچاوخست، گەرچی کاتێ ئەوان لەناوماندا بوون، زۆر بە بابەتیانە لەسەر گرفتێك لە ناوەندی وشە و بیردا بکەوتایەتەوە یان لە ناوەندی کۆمەڵدەبێ، ئەوان بەئاسانی لەتەرازوی مەحەکیان دەدا و، بە پێکەنین یان بە توڕەبوون

چارەیەکی ڕەوایان بۆ دەدۆزیەوە. ئەوەشمان بە بیردا هاتەوە، ئەوکاتانە شارستانیەت بنجی فەرهەنگێکی دادەڕشت و ئەوانیش ئەو پارسەنگەبوون کە هاوسەنگیان بە گفتوگۆ رادەگرت. بەلآم لەمڕۆدا، من بڕوا ناکەم گەڕانەوەی ئەوان کارێکی هەر وا ئاسان بێت.

زەردوالەش هەڵیدایە و وتی: بەدڵنیاییەوە، ئەوەندە ئاسان نیە گەڕانەوەیان، بەلآم دەشێ هەوڵی بۆ بدرێت.

مێلۆش کە بیری لە دووانەکەی پاشا دەکردەوە، پرسی: گەر ئاسان نیە گەڕانەوەیان، ئەی گرانیەکەی لە چیدایە؟

زەردەوالەش وتەکانی مێلۆی وتەوە: چیە کە ناهێلێت بکرێت.

پاشاش وتی : زۆر زەحەمەتە بەجێگەیاندنی.

زەردەوالەش لایەنی پاشای گرت، وتی: راستە، گەشتن بە مەبەستیك لەو جۆرە زۆر گرانە بەجێگەیاندنی.

مێلۆش ڕووی دەمی کردە پاشا و بە بڕوایەکی رەهاوە وتی: تۆ دەتوانی بە ئاکامی بگەیەنیت، گەر بێتو مەبەستتبێت.

زەردەوالە لەبەرخۆیەوە دەیوت: بێگومان، پاشا دەتوانێ ئەنجامی بدات، گەر بێتو بیەوێت، بەلای کەمەوە دەتوانێ ڕێگەی گەڕانەوەیان بدات.

پیتی مەزن ڕوویکردە زەردەوالە و پرسی: بە بڕوای تۆ چۆن ئەنجام دەدرێت؟

زەردوەالەش بە لەخۆڕازیبوونەوە وتی: زۆر ئاسانە بۆ منداڵێکی خوێن گەرمی جەربەزە، کە خاوەنی ماشێنێکە کە بیرکردنەوە دەیبزوێنێت، لەگەڵ سەگێکی چاودێردا کە چاوی تیژی ، دڕ بە نهێنیە شاراوەکان دەبات، و دەتوانن هاودەنگی یەکتربن لە چوون و هاتنەوەدا، بەو مەرجەی کە پیتی مەزن و بیرکاری تیژ ڕێگەبدەن.{لەناکاو زەردەوالەکە بێدەنگ بوو.}

پاشا بە زەردەوالەی وت: بەردەوام بە لەسەر لێدوانەکەت.

زەردوالە بە ناچاری پلانەکەی خۆی تەواو ئاشکراکرد: مێلۆ دەبێت دەشتە درێژەکان کە چۆڵ و ترسێنەرە ببڕێت تا بە شیوە نەزانەکان دەگات. ئینجا دارستانە چڕەکان و بیابانە بێ ئاوەکان ببڕێت، دوا بەدوای ئەوە ئەرزە قلێشاوەکان بەجێبهێلێت تا بە ئاسەواری زەبەلاحەکان دەگات. دوایش بە ناوچە بێهەستەکاندا تێپەڕێت تا بە شارستانیەتی ڕەنووس دەگات. گەر هاتوو بە سەلامەتی بەوێ گەیشت، ئەوسا دەبێت بیرکاری تیژ ڕازیبکات تا ئەویش ڕازیبێت لەسەر ئەوەی کە خانزادەکان بۆ ناومان بگەڕێنەوە. گەرچی بڕوادەکرێت، کە بیرکار لەسەر هیچ شتێك پێکنەیەت کە پیتی مەزن پەسەندی کردبێت. جا مێلۆ پلانی چیە بۆ کردنەوەی ئەو گرێ کوێرانە ؟ من نازانم. بەلآم بڕوادەکەم، هەوڵی بێکۆڵدانی لەمەبەستی دوور نزیکی دەخاتەوە. گەر هەموو شتێك لەگەڵ بیرکاردا بەچاکی کۆتایی هات، دوای ئەوە شاری ڕەنووس بەجێ

دەهێڵێت و بەرەوە ناوچە شاخاویەکان دەڕوات، کە نەزانینی بە شێوەی سێبەرێ لە خۆیدا حەشاردراوە. ئینجا سەر شاخ دەکەون و چەند لوتکەیەك تێپەڕ دەکەن تا بە دوایین شاخ دەگەن و بەرەو پۆپەکەی سەر دەکەون. لەوێوە پلیکە پەیژەکان بەدی دەکەن، کە بە گاشەبەردەوە گرێدراوە. دەبێ ئەوەش لەبیربگرن، هەمیشە لە شەودا با هەڵدەکات و پەیژەکە هەر جارەی بە لایەکدا سووڕدەخوات. بۆیە لە شەودا ئاستەمە سەرکەوتن و دابەزین. دیارە بۆ مروڤی خاوەن ئیرادەی وەك مێلۆ، ئەوە مەسەلەیەك نیە، دوای سەرکەوتنەکەیان، دەچنە ناو کۆشکەکەوە لە هەوادا راگیراوە، لە گەڵ خانزادەکاندا بە خۆشی دەدوێن. دوایش بە ناو بەردەلانە تیژەکاندا بۆ لامان دەگەڕێنەوە. ئەوساکە، مەملەکەتی دانایی ئاهەنگێکی گەورەتان بۆ ساز دەدا، گەر تا ئەو کاتە بەری ئاهەنگتان پێوە مابێت.

پاشاش بە دەم خوراندنی ڕیشیەوە وتی: من قەد بەو شێوەیە، بە بیرمدا نەدەهات، کە کارێکی ئاوەها گران دەکرێت، وا ئاسان ئەنجامدەدرێت.

زەردەواڵەش پشتگیری کرد و وتی: ئا.... ئاسان ئەنجامدەدرێت.

مێلۆش ناچار بوو بڵێت: بڕواناکەم هەر وا ئاسان ئاواز و ژیر بدۆزینەوە، وەك ئەوەی ئێوە باسی لێوە دەکەن.

زەردەواڵەش بۆ ڕاگرتنی دۆستایەتی مێلۆ وتی: منیش چاوەڕێی گرانیی لە گەشتێکی وەهادا، هەر دەکەم.

تۆکیش کە گوێ قولاخی گێڕانەوەکە بوو، پرسی: کێ بە کارەکە هەڵدەسێت ؟

پاشا وتی: پرسیارەکەی تۆك لە جێی خۆیدایە، بەڵام گرفتێکی تریش هەیە.

مێلۆ کە لە دڵەوە نەیدەویست، لێدوانەکە ڕووە و ئاسۆیەکی تر بچێت، پرسی: ئەو گرفتە چییە؟

پاشا لە وەڵامدا وتی: بەداخەوە من ئێستا ناتوانم ئەوەت لا بدرکێنم، هەتا لە گەشتەکە نەگەڕێنەوە. کاتێك بە هەست و بیرەوە گەڕانەوە، مەبەستمە بڵێم... کاتێك ئاواز و ژیریش بۆ ناومان گەڕانەوە. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی تۆکیش دەڵێم... گەڕانەوەی ئاواز و ژیر، لەسەرەتاوە مێلۆ پێشنیازی گەڕانەوەیانی کرد، بۆیە ئەو شایستەی بەجێگەیاندنێتی. دیارە تۆکێش هاودەمی مێلۆ دەکات.

مێلۆ ویستی بڵێت: تۆ دەزان ... ی ...

پاشا وتەکانی بە مێلۆ بڕی و باوەشێکی گەرمی پێداکرد و پێیوت: لەمڕۆ بەدواوە، فەرهەنگی شارستانیەت ڕێزێکی تایبەت دائەنێت بۆ کەسانێك کە وەك تۆ ڕێگای خۆیان بە بەرپرسیارانە هەڵدەبژێرن. ئاشکرایە کە تۆ لەم هەڵبژادنەتا، ڕووبەڕوی کێشەی جۆراوجۆر دەبیت کە یان بەسەرکەوتن یان بە تێکشکان کۆتایی دێت، چاك وەهایە ئامادەی هەموو شتێك بیت . دیاری من بۆ ئەم گەشتەتان ئەم هەگبە و پەڕاوەیە، کە دەشێ بۆ بەردەوامدان بەگەشتەکەتان سوود بەخشبێت. هەگبەکە پڕە لە وشە، کە لەوانەیە بە ڕۆژانە

زۆربەیان بەکار نەبەیت. بەڵام لەبیرت بێت، هەر کاتێك ناهەمواری هاتە ڕێت و وەڵامت نەبوو، دۆش دامەمێنە، هەوڵدە پرسیار و وشەکانی ناو هەگبەکە بەکاربهێنە.

مێلۆ بەخۆشیەوە هەگبە و پەڕاوەکەی وەرگرت و وتی: زۆر سوپاسی هەست و  هۆشت دەکەم کە بەو شێوەیە هانم دەدەیت بیربکەمەوە.

کاتێك، هەر چواریان بەرەو لای ئۆتۆمۆبێلەکە بە ڕێکەوتن، پاشا وتی: ئێوە پێویستیتان بە چاوساغ  و ڕێنیشاندەری کارامە دەبێت، کە لەگەڵتاندا گەشت بکات. زەردواڵەش کە خاوەنی ئەزمونی جەربەزانەیە ئامادەیە سەرقافڵەی خۆشی و ناخۆشی ڕێگەتان بکات.

زەردەواڵەش کە بە هیچ جۆرێك بیری لە گەشتێکی وا ترسناك نەکردبووەوە، وتی: تۆ بوەستە با بزانم ماڵەوە دەڵێن.....

پیتی مەزن بەردەوامی بە وتەکانیدا: ئێوە لە ڕێگادا بۆتان دەرئەکەوێت، کە زەردەواڵە، چەند شارەزا و ئازایە لە گەشت کردندا. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند گوێڕایەڵە و پشت بەخۆ بەستە لەکارو فەرمان بەجێگەیاندنا.

ئەم پیاهەڵدانەی پیت، تەواو نوزەی لە زەردەواڵە بڕی، دەماری پیاوەتی جوڵان کە بەشداری گەشتەکە بکات.

مێلۆش  کەم و زۆر لە پیاهەڵدانەکەی پاشا بە گومان بوو، بەڵام بڕوای دەکرد کە دەشێ لە گەشتەکەدا زەردواڵە هاودەنگێکی سود بەخشبێت، بۆیە لەسەرخۆ وتی: کوێرە چیت دەوێت بۆ گەشت کردن؟

تۆك کە لە فیکەی مێلۆ گەیشت، وتی: گۆچانێك کە لەنوکی پێت گیرنەبێت.

لەگەڵ ماڵ ئاواییاندا، پیت وتی: پرسیارەکان بە ڕوونی بکە ؟!



زەردەواڵەش لەبەر خۆیەوە دەیوت: گەر زمانم بوەستایە، ئێستا دڵەڕاوکێم توش نەدەبوو، خۆ تازە ناشکرێ پەشیمان ببمەوە.

# 9

## هەمووی پەیوەستە بەوەی کە تۆ چۆن لە شتەکان دەڕوانیت

لەگەڵ بەردەوامی لێخوڕیندا تا دەهات، مێلۆ و هاودەنگەکان لە فەرهەنگی شار دووردەکەوتنەوە، بە ناوەندی دەشتە کاکی بە کاکیەکاندا دەڕۆیشتن، کە سنوری ناوەندی شاری وشە و ڕەنووسیان بەیەك دەگەیاند. لەو پێدەشتەدا، ئەوەی درکی پێدەکرا، هەست و بیری گەشتیارەکان بوو کە بەبێدەنگی داهاتویەکی تریان دەخولقاند.

کات ، دواینیوەڕۆیەکی درەنگ بوو، زەدەپەڕی هەتاویش خەوالوانە بەرەو پشتی کێوەکان خواردەبووەوە، هەواش بێباکانە بەرووی گەشتیارەکاندا تەوژمیدەدا. ئاسۆی ڕۆژیش تا بڵێیت بە هەموو لایەکدا بەر فراوانتر دەیڕوانی. تۆك بە کلکەلەقێدا دەریدەخست، کە لەگەڵ هەوادا چونیەکە. مێلۆش بەبزەوە، فەرمووی لەو داهاتووە دەکرد کە خۆی شانۆکەی دەنوسێتەوە. زەردواڵەش نەرمە شنەی بە دەم باکەوە دەکرد. سێبەری دار و دەوەنەکانی ڕێگەش، تەممەڵانە لەسەر گازی پشت بەوناوەدا ڕاکشابوون، لەوە دەچوو دوا وزەی تیشکە ماندووەکان بەرەو ناخی زەوی بارکەن.

زەردەواڵە هەناسەیەکی پڕ بە سیەکانی هەڵمژی، وتی: گەر پانتایی ئاسۆ هەر ڕەهەندێکی هەبێت، ئیرادەی جەربەزەییە کە مانای دەداتێ نەك ترسی لە نادیار، بەڵام چییە کە ڕۆحی من بەند دەکات؟

دەشتەکە تا دەهات، ڕووەو تەسکی دەچوو تا بە گەرووی دارستانەکەدا کۆتایی پێهات. تابلۆیەك لە کەناری دارستانەکەدا چەقێندرابوو، کە بەئاشکرا چاوی گەشتیارەکانی بەکێش دەکرد، کە دەیوت.... ئەم ڕێگایە بەرەو گۆشەنیگا دەڕوات، ڕاستەو ڕاست دەچێتە سەرچاوگەی تێڕوانین.

کاتێك گەشتیارەکان چوونە ناو دارستانەکە... گەر دەلاقەیەکی ناوەندی گەڵاو لقەتەنراوەکان نەبوایە کە درزێکی ڕوناکی پەخشدەکرد، ڕێگاکە وەك کیژێکی ترسێنراو لە درزی عەباوە چاوی بە ئاستەم دەردەکەوت.

مێلۆ لە کاتێکدا کە بە هیوا بوو بە سەرچاوەی تێڕوانین بگات، بەڵام لە جێی ئەوە ڕووبەڕووی چڕی و پڕی دارستانەکە بووەوە، کە دەربڕینی تابلۆکەی ئاوەژوو دەکردەوە وەك لەوەی ئاشکرای بکات، بۆیە سەرسامانە پرسی: ئەریێ تیشکەکە خۆی حەشاردەدات یان گەڵایە ئەرز دەشارێتەوە؟

تۆك لە وەڵامدا وتی: گەر چاو گۆشەنیگای خۆی دیار نەکرد، سەرچاوە بێشوناس دەمێنێتەوە.

زەردواڵەش هەڵیدایە: کەواتە لەو کاتەدا عەبا ئابڕوو حەشارنادا، بەڵکو ترس یان لەزەت لە ڕوانین لە پشتی عەباوە روو دەدا.

مێلۆش پرسی: چڕی و پڕی دارستانەکە سەرنجڕاکێشە.... وا نیە؟

دەنگێك لە گۆشەیەکی بەرزەوە هەڵیدایە: من نازانم دارستانەکە چۆن سەرنج ڕادەکێشێت یان هەست دەجولێنێت. بەڵام تێڕوانینەکان هەریەکێ لە ئێمە پەیوەستە بە گۆشەنیگایەوە کە لێوەی دەڕوانێت.

مێلۆ قسەکەرەکەی بەدی نەدەکرد کاتێك چاوی بۆ گێڕا، بۆیە پرسی: داوای لێبوردن دەکەم، وەڵامەکەت زۆر لام ڕوون نیە؟

دەنگەکە بەجۆرێکی تر وەڵامەکەی دووبارەکردەوە: بینین، هەر بینینێك بێت، پەیوستە بە گۆشەنیگای سەیرکەرەوە کە چۆن و لە چ گۆشەیەکەوە بۆ شتەکان دەڕوانێت.

مێلۆ، کاتێك سەری بە لای دەنگەکەدا وەرچەرخاند، جووتێ قۆنەرەی بریسکەداری لەئاستی چاوەکانیدا بەدیکرد ، کە لەپێی قسەکەرەکەدا بوو. ئەو قیت و قوت بێ هیچ یارمەتییەك بە وزەی خۆی لە هەوادا ڕاوەستابوو. قسەکەرەکە کە هاوتەمەنی مێلۆ دەبوو، بێ لەوەی ئەو لە هەوادا ڕاوەستابوو، جیاوازییەکی تری مرۆڤانە یان نامرۆڤانە لە ڕوخسار و شێوازیاندا بە دی نەدەکرا. لاوەکە بەردەوامی بە لێدوانەکەیدا و وتی: بۆ نموونە، گەر تۆ لە بیابانەکەدا گەورە ببوویتایە لەوانەبوو "دارستان" سەرنجت ڕانەکێشێت !.

زەردەواڵەکە نەیدەویست دژ بەیەکێك بدوێت، کە لە بەرزایی نەوەد سانتیمەترەوە بێ هیچ پاڵپشتێك ڕاوەستابێت، گووتی: بێگومان، ئەوەی تۆ دەیڵێیت، نکۆڵی هەڵناگرێت.

لاوەکەش بەردوامیی بە ئاخاوتنەکەی خۆیداو وتی: گەر بهاتایە ئێمە دار بووینایە، لەجێی ئەوەی کە هەین ، ئەوا دوور نەبوو مرۆڤی فەلا لە ڕۆژی یاد کردنەوەی مەسیحدا بیانبڕینایەوە و لە ژووری دانیشتنەکانیاندا، بە گڵۆپی بریقەدار بمانڕازێننەوە.



مێلۆ بە ڕامانەوە پرسی: باشە، ئەوە چ پەیوەندییەکی بە تێڕوانینەوە هەیە ؟

لەوەڵامدا لاوەکە وتی: هیچ پەیوەندی نیە پێوەی، بەڵام گریمان کە ئەوەش جۆرێکە لە تێڕوانین، ئەوسا دەکرا بڵێین لە هەمانکاتدا، تێڕوانینێك زۆر جیاوازتر لەوەی ئێمەش هەر بوونی هەیە.

مێلۆ کە سەرنجی لە ڕاوەستانەکەی ئەدا، پرسی: چۆن دەتوانی ئا بەو بەرزییەوە بێ هیچ پاڵپشتێك ڕابوەستیت؟



له وەڵامدا لاوەکە وتی: گەرچی تۆ لەگەڵ مندا هاوتەمەن دەرئەکەوی، بەڵام من تێناگەم تۆ چۆن پێت بە زەوی گەیشتووەو ئاوەها بێخەم ڕاوەستاویت.

مێلۆ پرسی: مەبەستت چی یە؟

لاوەکە لەوەڵامدا وتی: منداڵ لای ئێمە لە هەوادا لە دایك دەبێت و سەری لەو ئاستەدا دەمێنێتەوە کە تێیدا لە دایك بووە. لەگەڵ ڕۆژگاریشدا، قاچمان ڕووەو زەوی گەشەدەکات تا پێیان بەزەوی دەگات. بەڵام هەندێك لە ئێمە لەبەر هەر هۆیەك بێت قەت بە تەواوەتی پێمان بە زەوی ناگات و ژمارەیەکی تریش لە ئێمە بە ناسروشتی گەشەدەکات.

لەگەڵ لێدوانەکەیدا، لاوەکە چەند تەقلەیەکی لێدا، ئینجا وتی: بە دڵنیاییەوە تۆ دەبێت تەمەنت درێژبێت، بۆیە قاچت بە زەوی گەیشتووە.

مێلۆ بە پەرۆشەوە وتی: نا.. نا بەو شێوەیە نیە کە تۆ لێکیدەدەیتەوە. چونکە خێزانەکانی ئێمە لە سەر خاك گوزەران دەکەن و هەر لەسەر خاکیش زاوزێ دەکەن. کاتێکیش منداڵی ئێمە لە دایك دەبێت. دوای نۆ مانگ، گەر ئێسکی چاك گەشە بکات، ئەوا دەکەوێتە گاگۆڵکێ ، پاشان گەر نەخۆشی و دەردەسەری توشنەبێت، ئەوسا بە تەواوەتی پێ‌دەگرێ و بەسەر زەویدا دەڕوات و بەردوام دەبێت لە هەڵچووندا تا ناوەندی تەمەنی 20–30 ، ئینجا لە هەڵچوون دەوەستێ.

لاوەکە بە پێکەنینەوە وتی: گەشەی ئێوە سەیر داڕێژراوە، گۆشەنیگای ڕوانینیشتان بەردەوام لەگەڵ گەشەی تەمەندا دەشێت بگۆڕێت و تا ڕادەیەکیش ئەو گۆڕانە کاربکاتە سەر ئەزمونی تاکەکان کە ڕوانینی تایبەتی و چاوەڕێ نەکراوی دەبێت.

زەردەواڵەش وتی: نا... نا خەمت نەبێت ئەوەندە بە تیڕوانینی داینامیکیانە بیر ناکەنەوە، چونکە هەر لە منالیەوە مێشکیان پڕ لە شتی بێ سەروبن دەکرێت.

مێلۆ لەوە دەچوو بۆچوونەکانی لاپەسەند بێت، بۆیە بە هەستێکی ڕاستگۆیانەوە وتی: لێدوانەکەتان گەرچی بەمن قووت نادرێت بەڵام جێی بیرکردنەوەیە.

لاوەکەش پەرەی بە لێدوانەکەیداو وتی:گۆشەنیگای ئێمە گشت کات لەیەك خاڵی تێڕوانینەوە گەشەدەکات، بەڵام ئاسۆی بینینمان لەگەڵ گەشەکردنندا ڕوونترو فراوانتر دەبێت. ئەمەش گرفتمان کەمتر بۆ دروست دەکات. لەسەروو ئەوانەشەوە، لەگەڵ ڕۆژگاریشدا, زیاتر لە زەوی نزیك دەبینەوە.

تۆکیش کە گوێ ڕایەڵی لێدوانەکان بوو، وتی: بە زانینی ئەو ڕوانگە جودایانە خۆشحاڵم کە دەیبیستمو حەزدەکەم خوێندنەوە یان تێڕوانینی خۆت لەسەر ئێمە ئاشکرابکەیت .لاوەکە داواکەی تۆکی پەسەندکردو وتی: کوڕە لاوەکە ، تۆ تائێستا بە دوای شتەکانەوە وێڵێت و سەرشێتانەش هەوڵ دەدەیت.

سەگە، تۆش زۆربەی کات نیگەرانی کە چۆن مرۆڤ کات لە دەست نەدات.  زەردەواڵە، تۆش دەرهەق زۆربەی شتەکان هەڵەیت، هەر بۆیە ڕووداوەکان لە ناکاودا لە تۆ ڕوودەدەن.

زەردەواڵەش کە ئامادەنەبوو کە دان بە لاوازیەکانی خۆیدا بنێت، بە گیانێکی بەرگریکەرانەوە وتی: ئەوە فشەیەکی هەڵبەستراوە.

تۆکیش وتی: ئەوەی تۆ دەیڵێیت جێی بیرکردنەوەیە.

مێلۆش پرسی:  تۆ چۆن ئەو شتانە دەزانیت؟

لاوەکە وتی: ئاسانە زانینیان، من بۆ خۆم ناوم دیدەیە و توانای بینینی ناوەوەی شتەکان و دەورو بەرەکەشیم هەیە. ئەشتوانم شتە داپۆشراوەکانیش ببینم.

مێلۆ لەوە دەچوو کە شان و ملی ئازاری بدات، لەبەر سەربەرزکردنەوە و دوانی لەگەڵ لاوەکەدا، بۆیە پرسی: باشە ئەو تێڕوانینە قووڵانە بۆ تۆ ناخۆشی دروست ناکات ؟

دیدەش لە وەڵامدا وتی: بەڵێ ناخۆشی دەسازێنێت، بەڵام لە بیرت نەچێت ، گرنگە بزانیت چۆن شتەکان دەبزوێن. لە هەمان کات، دایکم لە شتەکان دەڕوانێت، باوکم ڕوانینەکان هەڵدەسەنگێنێت، برا گەورەکەم لایەنی جودای شتەکان دەخوێنێتەوە، خوشکە بچوکەکەم ( بینایی) لە داهاتوویان دەڕوانێت.

مێلۆ کە تامەزۆی بەرزی و شێوازی ڕاوەستانەکەی دەکرد، لە دیدەی پرسی: بڕوا دەکەی کە من بتوانم وەك تۆ بەرز ببمەوە و لەوێوە بۆ دونیا بڕوانم ؟

دیدەش لە وەڵامدا وتی: تەنها ئەو کاتە دەتوانی کە هەوڵێکی زۆر هۆشمەندانە بدەیت تا وەك گەورەیەك بڕوانیت.

مێلۆ پاش ڕامانین و بیرکردنەوە بەهۆشمەندانە هەوڵیدەدا کە بەرزببێتەوە، لەگەڵ بەردەوامی هەوڵداندا، هەستی کرد کە لە زەوی بەرزدەبێتەوە، بەڵام کاتێك بەپەلە چاوی دەگێڕا، کەوتەخوارەوە.

دیدەش بە گەرمیەوە وتی:  بەڕادەیەکی چاك هەوڵتدا.

زەردەواڵەش وتی: تا سوار نەگلێت، نابێت بە سوار.

مێلۆش وتی: بەڵی ئەزمونێکی چاك بوو، بەڵام بەپەلە گەورەبوون، لەوە دەچێت بڵێن لە ترێك بوو بە کوڕێك، چاکتر وایە بە شوێن ڕێگەی خۆمدا بگەڕێم.

دیدە وتی: تێڕوانینێکی هۆشمەندانەیە بۆ گەشەکردن. بەلایکەمەوە هەموو کەسێك لە ژیاندا شایستەی ئەوەیە کە تێڕوانینی خۆی بۆ شتەکان هەبێت. چونکە ئەو تێڕوانینە جیاوازانەیە کە گەشە بە شتەکان ئەدا، نەك یەك شێوازی ڕوانین.

تۆك كە بە چواردەوری خۆیدا دەیڕوانی و لە دیدەی پرسی: ڕوانینی تۆ بۆ شتەکان لەو جێگەیەوە لەگەڵ ڕۆژگاردا ناگۆڕێت ؟

لە وەڵامدا دیدە وتی: بە دڵنیاییەوە دەگۆڕێت، چونکە من ئێستا دیدی خۆم لەسەر شتەکان دەردەبڕم کە لەم ئانەدا بیریان لێدەکەمەوە، کە دەشێت تۆ بە شێوازێکی تر بیریان لێبکەیتەوە.

دیدە دەستی بۆ گۆلە ئاوێك درێژ کرد و وتی: ئەو گۆلە ئاوەی کە لێرەوە دیارە، دەشێت لە دیدەی مێرووولەیەکەوە دەریایەك پێکبهێنێت، بەڵام لە ڕوانگەی فیلێکەوە، قومەئاوێکی خواردنەوە زیاتر نەبێت و لای سەرە مێکوتەیەکیش ژینگەیەکی ڕەها بێت. کەواتە ڕوانین بۆ شتەکان بە شێوەیەك پەیوەستە بە گۆشەنیگای سەیرکەرەوە کە لە چ مەبەستێکەوە دەڕوانێت و لە چ گۆشەیەکەوە تێیدەڕوانێت. ئێستا حەز دەکەم لەگەڵمدا بێن تا بەشێکی تری دارستانەکەتان پێنیشاندەم.

{ڕۆیشتنەکەی دیدە لەهەوادا بە شەپۆلێکی وزە دەچوو.}

مێلۆ بە دەم ڕۆیشتنەوە لە دیدەی پرسی: ئەرێ هەموو کەسێك لێرە وەك تۆ گەشە دەکەن؟

دوای کەمێك وەستان و ڕامان، دیدە وتی: بەگشتی وەك من گەشە دەکەن، بەڵام هەندێك کەس لە ئێمە پێچەوانە گەشە دەکەن، پێیان لەجێی ئەوەی ڕووەو خاك ڕۆچێت، ڕووەو ئاسمان هەڵدەکشێت. گەورەکانمان هانی ئەو کەسە هەڵاوگێڕانە دەدەن کە دەستبەرداری ئەو گەشەیە ببن و وەرچەرخێن.

مێلۆ پرسی: چی لەو کەسانە دێت ، گەر بێتو دەست بەرداری ئەو هەڵچوونە نەبن؟

دیدە بە هەست و هۆشێکی نەرمەوە وتی: گەر بەردەوام بن لە هەڵچوون ئەوە بەلایکەمەوە دە ئەوەندەی قەبارەی ئاسایی گەشە دەکەن. من بیستوومە ئەوان لە ژینگەی ئاسایی بوون دەردەچن و بەرەو ئەستێرەکان دەکشێن.

لە ناکاو دیدە بە سەر دارێکی بەرزدا قەڵەمبازێکیدا.

10

# سەمفۆنیەکی هەمەڕەنگ

گەشتیارەکان کە بەدەم ڕاکردن و پێکەنینەوە بە ناو دارستانەکەدا قەڵەم بازیان دەدا، تیشکە تیژەکان بە دزییەوە چاوشارکێیان لەگەڵ گەڵاکاندا دەکرد. لێرەو لەوێ، جار نا جارێ، لقە ڕووتەکان ، لە گەڵا ڕێگاکەیان بۆ تیشکە بێ ئابڕووەکان خۆش دەکرد تا لەسەر زەوییەکە خۆیان ڕاخەن. چڕی دارستانەکە ئارەقێکی زۆری بە گەشتیارەکان کردبووەوە، گەر تەوژمی وابەستەیی سێبەرەکان نەبوایە ئەوا لەشیان وشك دەبووەوە.

دیدە کە بەدەم ڕاکردنەوە پێدەکەنی و هاواری دەکرد، لە پڕ خۆی بە دارێکدادا، کە ڕێکاو ڕێك لە بەر چاویدا قوت وەستابوو، دیدە هەناسەیەکی هەڵکێشاو ڕاوەستا، لەو کاتەشدا زەردەواڵەش خۆی بە قەدی دارێکدادا، بە گرژییەکەوە وتی: وا هەست دەکەم کە ئێمە ڕێگەمان لێ ونبووە.

دیدەش کە لەو کاتەدا پشووی دەدا، بەدەنگی بەرز وتی: بێمێشکییە، شتی وا چۆن ڕوودەدا ؟!

مێلۆ پرسی: کەوابوو تۆ دەزانی ئێمە لە کوێین ؟.

دیدە وەڵامی دایەوە: بە دڵنیاییەوە دەزانم، ئێمە ئا لەم شوێنەداین، لەگەڵ ئەوەشدا، ونبوون ئەوە ناگەیەنێت کە نەزانیت لە کوێیت، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ نەزانیت لە کوێنیت...!!

مەتەڵی لە کوێیت و لە کوێنیت، بیری زەردەواڵەی ئاڵۆز کردبوو.

دیدە بەردەوامی بە وتەکانیداو وتی: گەر بڕوا بە من ناکەن لە دەرگای ماڵی زەبەلاح بدەن تا بزانن ئەو چی دەڵێت...

دیدە، دەستی بۆ خانویەك ڕاکێشا کە لە ناوەندی دوو داری گەورەدا دروست کرابوو.

مێلۆ و تۆك بەرەو ماڵەکە چوون لەسەر دەرگای ماڵەکە نووسرا بوو ( زەبەلاح) لە دەرگاکەیان دا. مرۆڤێکی ئاسایی و سادە دەرگاکەی کردەوە و وتی: نیوەڕۆتان باش.

تۆك بە گومانەوە پرسی: تۆ زەبەلاحیت ..؟

ئەو بە فەخرەوە وتی: بۆ ئەوەی دڵنیا بن لە ناوەکەم حەز دەکەم بزانن کە من بچوکترین زەبەلاحم لەم دونیایەدا. ئێستا چیتان لە من دەوێت ؟

مێلۆ پرسی: ئەرێ ئێمە ون بووین؟




زەبەلاحەکە لە وەڵامدا، وتی: پرسیارەکەتان گەلێك گرانە، بۆچی ناچن لە  فینجۆرە پرسیار بکەن، بە لای چەپی خانووەکەمدا بڕۆن ماڵەکەی ئەو دەدۆزنەوە.

ئینجا ئەوان بۆ لای چەپی خانووەکە ڕۆیشتن، دەرگای خانووەکەی کە دییان بە تەواوی لە دەرگای پێشو دەچوو، لەگەڵ یەك جیاوازی بچوکدا کە ئەویش تابلۆی سەر دەرگاکەیە کە لێی نوسراوە (فینجۆرە) هەمدیسان تۆك لە دەرگاکەیدا.

پیاوەکەی کە دەرگاکەی کردەوە هەر لە زەبەلاحەکە دەچوو بە هەستێکی خۆشیەوە پرسی: ئەرێ ئیوە باشن؟

تۆك بە گومانێکی کەمترەوە پرسی: تۆ فینجۆرەیت ؟

لە وەڵامدا وتی: بێگومان، من درێژترین فینجۆرەم لەم جیهانەدا کە ئێوە دەیبینن، ئێستا دەتوانم چ یارمەتییەکی ئێوە بدەم؟

مێلۆ پرسی: تۆ بڕوا دەکەیت کە ئێمە ونبووبێتین؟

لە وەڵامدا پیاوەکە وتی: وەڵامدانەوەی ئاسان، گرفتی ئاڵۆز بۆ من دەخولقێنێت، بۆیە چاك وایە بۆ لای چەپی خانووەکە بڕۆن و پرسیار لە قەڵەوی دراوسێم بکەن، بەڵکو ئەو وەڵامتان بداتەوە.

پیاوەکە بە دوای لێدوانەکەیدا،  قاپیەکەی داخست.

لاکەی تری خانووەکە هەر لە لای یەکەم و دوهەم دەچوو، بێ لەو جیاوازیە کە لەسەر دەرگاکە نوسرابوو(قەڵەوە).

کاتێك مێلۆ لە دەرگایدا، یەکاویەك دەرگاکە کرایەوە، تۆك کە  شێوازی کابرای بەدی کرد لە نهێنی بارەکە ئاگاداربوو، بۆیە ڕاستەوخۆ وتی: تۆ دەبێت پیاوە قەڵەوەکە بیت !

پیاوەکە بە ڕوویەکی گەشەوە وتی: فەرموون بڵێن، ئێستا قەڵەوترین پیاوی ئەم جیهانە گوێی بۆ ئێوە ڕاگرتووە. ، ئەگەر نا ئەوا ئەتوانن بڕۆن لە ڕووکاری ئەودیو لە ڕەقەڵە پرسکەن.




دەرگای چوارهەمیش ، هەر لە دەرگاکانی تر دەچوو، بەلآم تا ئەوکاتە وەلآمی پرسیارەکەیان چنگ نەکەوتبوو. لەو دەرگایەشیان دا کە لەسەری نوسرابوو(ڕەقەڵە).  پیاوێك کردیەوە کە هەر لەوانەی پێشوو دەچوو، پیاوەکە وتی: دەی بەخێر هاتن، میوانی درەنگ، گلەیی لە سەر خۆیەتی.  بەڕاستی زۆر لە مێژە چاوەڕێ بووم کە ڕێبوارێك لە دەرگام بدات.



مێلۆ کە پەلەی بوو وەڵامی دەست کەوێت پرسی: تۆ بڕوا دەکەیت کە ئێمە ونبووبین؟

تۆك کە نەیدەویست لێدوانەکە درێژە بکێشێ، هەڵیدایە و وتی: چەند لەمەوبەر، بێ لە ئێمە کەسی تر سەری بەم دەرگایەدا کردووە؟

پرسیارەکەی تۆك، پیاوەکەی شڵەژاند، لەوەڵامدا وتی: داوای لێبوردن دەکەم، دەبێت بچم دەرگا بکەمەوە.

تۆك وتی: تۆ هەر ئێستا دەرگات کردەوە.

پیاوەکە وتی: ئەوە ڕاستە کە تۆ دەیڵێیت، من لەوە دەچێت کە بیری خۆم لە دەست دابێت.

تۆك ویستی یارمەتی کابرا بدات تا بیر بکاتەوە، بۆیە پێیوت: تۆ ڕەقەڵەترین، قەڵەوترین، لاوازترین و زەبەلاحترین مرۆڤی ئەم جیهانەی کە ڕاوەستاویت.

پیاوەکەش بە هێمنیەوە وتی: تۆ کەسی ڕەقەڵەتر، لەم شیوازەی مندا دەناسیت؟

مێلۆش کە هەڵسوکەوتی کابرای لا ڕوون بوو، وتی: لە ڕاستیدا کەسێکی ڕەقەڵەتر ناناسم، کە شێوەی تۆی هەبێت، بەڵام ئەوە دەزانم کە تۆ هەر هەمان مرۆڤیت لە ژێر چوار ناوی جیاوازدا، کە لە خانوویەکی چوار ڕووکاردا دەژیت.

پیاوەکە دەستی لەسەر چەناگەی دانا و لەسەرخۆ دەمی نزیکی گوێی مێلۆ کردەوە، بە ئەسپایی وتی: تۆ ناتەوێت ماڵم وێران کەیت؟ بەڵام بە ڕاستی تۆ نابینیت من فیڕنەگولەم لە چاو زرتە زەلامێکدا ، یان کورتەبنەم لە چاو کەڵە زەلامێکدا و ڕەقەڵەشم لە چاو زرتە ورچێکدا، کەڵەگەتیشم لە چاو کورتە باڵایەکدا. بەم شێوەیە، من لە ئێستادا، دەتوانم چوار کار لە یەك کاتدا ئەنجام بدەم. بەلای تۆوە ئێستا

"ڕاستی" وەك گۆچانێکی چەماوەیە،  وانیە ؟! بۆ ڕاستی و ڕاستکردنەوەی لێدوانەکەم، من نە کورتم، نە درێژم، نە قەڵەوم، نە لاوازم،

بەڵکو مرۆڤێکی ئاساییم بە گوێرەی  پێوانەی داڕێژراو . جا با لەسەری نەڕۆم، ئێستا پێم بڵێ پرسیارەکەت لە سەرەتادا چی بوو؟

تۆك و مێلۆ بە یەك دەنگ وتیان: ئایا ئێمە ونبووین؟

دوای کەمێك بیرکردنەوە و سەرخوراندن، پیاوەکە وتی: ئای لە مێژە، ڕووبەڕوی پرسیاری وەها گران نەبوومەتەوە. بەئەرکی مەزانن جارێکی تر پرسیارەکەم بۆ دووبارە بکەنەوە. چونکە، لەوە دەچێت من بیر کردنەوەم لە دەست دابێت.!




مێلۆ جارێکی تر پرسیارەکەی بۆ دووبارەکردەوە....

پیاوەکەش بە ئەسپایی بۆڵەیەکی لێهات و وتی: کاشکێ بمتوانیایە وەڵامتان بدەمەوە، گەرچی من لەیەك شت بەگومانم، ئەویش گەلێك گرانە بزانم، کە ئێوە ونبوون یان هێشتا خۆتان نەدۆزیوەتەوە. بەڵام هەست دەکەم کە ئێوە لە شوێنێکەوە هاتوون و بەتەماشن بۆ شوێنێکیتر بچن. بۆیە هەر دەبێت، لێرەوە بەرەو ئەوێ بەڕێکەون، تا لە لایەکی ترەوە سەر دەردەهێننەوە. ئێستا ئێوە بۆ جێگەیەك هاتوون کە دەبوو بۆی بهاتنایە.  لەبەر ئەوە، کارێکی زۆرگرانە کە بگەڕێنەوە بۆ ئەو جێگەیەی کە هەرگیز لێی نەبوون. پێشنیازی من بۆ ئێوە ئەوەیە کە هەوڵدەن، بگەنە ئەو جێگەیەی کە بە تەماین تا بتوانن لەوێ بڕیار بدەن

بۆ کوێ دەتانەوێت بڕۆن. بەڵام لە ئێستا بەدواوە تکایە گەر هەر پرسیارێکی ترتان لا گەڵاڵە بوو، بە ئەرکی مەزانن بچن لە ماڵی زەبەلاح بدەن. چونکە من زۆر کاری ترم هەیە کە ئەنجامم نەداوە.

پیاوەکە بێ دووان دەرگاکەی داخست.

مێلۆ و تۆك بە دەم بیرکردنەوە، بەرەو لای دیدە ڕۆیشتن. دیدە بە پێکەنینەوە وتی: بەهیوام وەڵامتان چنگ کەوتبێت. پاشان لەسەرخۆ کەوتنەوەڕێ، بەدەم ڕۆیشتنەوە مێلۆ لە دیدەی پرسی: ئەرێ دیدە، لەم دارستانەدا گەلێك مرۆڤ دەژین؟

لەوەڵامدا، دیدە وتی: بەڵی لێرە شارێکی تاکو تەنهای لێیە کە "بوونی" پێدەڵێن، ئالێرەوە دەست پێدەکات.

لەو کاتەدا، دیدە خۆی بە دارگوێزێکدا دا و چەند گوێزێکی لێکەوتە خوارەوە. لەگەڵ بەردەوامییاندا لە ڕۆشتن، دارستانەکە وەك دەربەندێك بە ڕووی دەشتا بکرێتەوە، کرایەوە، لە لای چەپەوە شارێکی سەرنج ڕاکێش دەرکەوت، سەربانەکانی بەوێنەی ئاوێنە دەدروشایەوە، دیوارە بەردینەکانی پرشنگی ڕەنگیان دەپرژاند، شەقامەکانی بە زێڕ و زیو چەوڕێژکرابوون.

مێلۆ سەرشێتانە بەرەو شارەکە هەنگاوی هەڵهێنایەوە، وتی: ئەوە، ئەو شارەیە کە تۆ باستکرد، دەرکەوت...

دیدە وتی : نەخێر، ئەو شارەی کە تۆ دەیبینیت چاو هەڵخەڵەتێنەرە. بەڵام لە راستیدا تۆ ئێستا لە شەقامی شارێکدا پیاسە دەکەیت کە نایبینیت.

{مێلۆ وێڵی دونیایەك بوو کە لەزەتە کاتیەکانی بۆ ئامادەکات نەك بۆ خۆی هەوڵی بەدەست هینانیان بدات}.

مێلۆ پرسی: چاو هەڵخەڵەتێنەر چی دەگەیەنێت ؟

دیدەش بەم شێوەیە تاووتوێکرد: چاو هەڵخەڵەتێنەر، تراویلکەیەکە یان تارمایییە یان نیمچە بیرکردنەوەیە. ئەوانە دیاردەیەکن کە لەبەر هەر هۆیەك بێت، بە ڕاست و دروست خۆیان لە بیردا دەنەخشێنن، بەڵام کاتێك بنج و بناوانیان دەپشکنین، هەر حەزێکن کە بیر وەك بڵقی ئاو دەیانخولقێنێت. بۆ نموونە، لە ڕۆژگاری گەرما مرۆڤ لە رێگادا وا هەست دەکات کە ئاو لە دوورەوە دەبینێت، بەڵام کاتێك، لێی نزیك دەبێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە ئاوی لێنییە ، یان کاتێك مرۆڤ خەونەکانی لە دەست دەدات، حەشارگایەك لە جێی دروست دەکات تا لەو ڕێگەیەوە تامەزرۆی خەونە لە دەست چووەکانی بکات.!

زەردەواڵەش کە ماندووی خەو بوو، پرسی: چۆن دەتوانیت شتێك ببینیت لە کاتێکدا لەوێدا نییە ؟

لە وەڵامدا دیدە وتی: زۆرجار ئاسانترە لە بیری خۆتدا شتەکان بخولقێنیت وەك لەوەی بۆیان بڕوانیت. بۆ نمونە گەر شتێك حەز بکەیت لە ناخەوە بیبینی بە چاو نوقانیشەوە هەر دەیبینیت، هەربۆیە داڵغەچییەکان ئاسانتر داڵغەکانیان بەجێ دەگەیەنن وەك لەوەی کار بۆ گۆڕاندنیان بکەن.

تۆکیش پرسی: ئەرێ ڕاستی لە کوێدا حەشاردراوە؟

دیده بە دەنگێکی دۆستانەوە وتی: ئا لێرەدا... ئێستاکە ئێوە لە ناو ئەو شەقامەدا ڕاوەستاون ، کە دەکرێ بەڕاستی ، یان بوون ، ناوی بەرین.

هەرسێکیان بە چواردەوری خۆیاندا دەیانڕوانی. تۆك بە پشکنین و بۆن کردن. زەردەواڵە بە گۆچان بادان ، مێلۆش بە وردبوونەوە . بەڵام لەوە نەدەچوو کەسیان شتێکی تایبەت ببینن، دیدە بۆ تابلۆی بە ئاگا هێنانەوەکەی سەر ڕێگاکان دەستی درێژ دەکرد کە نەدەبینرا، بانگی لە خەڵکەکان دەکرد کە وەڵامیان نەدەدایەوە.

{خەڵکی ئەو شارە وێڵ و بێ وەڵام دەگەڕان.}

دیدە لە پڕ بە دەنگێکی خرۆشەوە وتی: بەڕاستی شارێکی زۆر دلگیرە.

مێلۆش وتی: من هیچ شارێك نابینم.


دیدەش بە تەوسەوە وتی: خەڵکی ئەم شارەش هەر تۆ نابینن. چونکە نە ئەوان ونە تۆ بەراستی بە دوای یەکتردا ناگەڕێن و هەوڵی ئاشکرا کردنی یەکتریش نادەن.

پاش ماوەیەك بێدەنگی مێلۆ بیری بۆ شۆفێرە کەمتەرخەمەکانی ناو شار دەچوو. بۆیە لەناکاو، قەڵەمبازێکی دا ، تا نەیکەن بە ژێرەوە. ئینجا بە گومانەوە کەوتە دوان: دەبێ کارێکی گران و ئاستەم بێت کە لە شارێکدا بژیت و نەتوانیت بەشدار بیت لە دروستکردنیدا. کەچی خۆشت بە خەڵکی شار بزانیت.

دیدەش هەر بە دەم ڕۆیشتنەوە وتی: گەر ئەوەی تۆ دەیڵێت وا بێت. ژیان لەو ژینگەیدا ئاستەمە بەسەربردنی. پرسیارەکە ئەوەیە کە تۆ چۆن وزە و بەرپرسیاری خۆت بەگەڕدەخەیت ؟ تا نەبیتە کەسێك لەو کەسانەی کە بە کویرانە مل بۆ گوزەرانی ڕۆژانە ئەدەن، دان بە لاوازی خۆشیاندا ناهێنن.

{ شاری کوێران زەلیلی دەرەخسێنێت.}

مێلۆ کە بە پەرۆش بوو بزانێت، پرسی: ئەی باشە ئێستا جێگەیەکی تر نییە کە ئەو خەڵکە لێی بژین؟



دیده كه دەیویست لەسەر لێدوانەكەی خۆی بڕوات، وتی: بۆ ئەوەی لە بوونی چواردەورمان بەئاگابین، پێویستە لە خاڵی گەشتكردنەوە لە دەوروبەرەكەمان وردبینەوە تا ئەو جێگەیەی بە هیواین پێی بگەین، ئەگەر نا ئەوا لەو ناوەندەدا كە پێیدا تێپەڕ دەبین لە دەستمان دەچێ.

لێدوانەكەی دیده، چیرۆكی ژیانی ڕۆژانەی بە بیری مێلۆدا هێنایەوە كە نەیدەزانی چیدەكرد و بۆچی دەیكرد، چونكە دوای هەموو كردن و نەكردنێك پەشیمان دەبووەوە. زەردواڵە كە لە باسەكە نەدەگەیشت پرسی: ئەی باشە، ئێستا ئەو خەڵكە بەچییەوە خەریكن؟

دیده هەر بەردەوامی بە لێدوانەكەی خۆیدا: ئەوان تا ئێستا لەو خانووانەدا ژیان دەكەن كە نایبینن، لەو جادانەدا دێن و دەچن كە ئاسەواری ونبووە.

مێلۆ پرسی: بۆ كەس پێیان ناڵێت بۆچی وەها گوزەران دەكەن؟

دیده لە وەڵامدا وتی: ئەوان كە كوێرایەتیان پەسەند كرد، زۆر گرانە گوێ بۆ خۆشیان بگرن.

زەردەواڵەش بەتەوسەوە وتی: كە چوار دیوار ژینگە بێت، شاری هەڵخەڵەتاندن ئارامگەیە.

دیدەش وتی: زۆربەیان لەوێ ژین بەسەر دەبن، بێ ئەوەی هەڵیانبژاردبێت. كاتێك كە تۆ ڕاستەوخۆ لە ژیانی خۆتدا چالاك نەبوویت و یەكێكی تر بەرنامەی بۆ تۆ داڕشتوە، ئەوە ئەوە دەگەیەنێت كە تۆ نەك ڕچەشكێن نیت، بەڵكو بەستەزمانیت. لەهەمان كاتیشدا كە نازانیت لە كوێیت، ئەوا هەڵپە بە دوای جێگەدا دەكەیت.

تۆك بە هاوئاهەنگانە وتەكانی دیدەی پەسەندكرد و وتی: لە شاری كوێراندا، پاڵەوانەكان ئەكتەرن نەك داهێنەر.

مێلۆ كە هەستی گەشبینانەی جوڵابوو، وتی: ڕۆژێك شارێك چێدەكەین، كە ئاسان گوزەرانی تێدابكرێت و لە شاری هەڵخەڵەتاوان ڕازاوەتربێت.


دیده بە زەردەخەنەیەكەوە وتی: كاتێك دەشێت ئەوە ڕووبدا كە ئاواز ژیرانە بووە مەبەست. ئێستا با پەلەبكەین تا كۆنسێرتی ئێوارەمان لە دەست نەداوە.

هەرسێكیان دوای دیده كەوتن، بەرەو پلیكانەیەك كە نەدەبینرا و هەردەم شەپۆلی بۆ سەرەوە و خوارەوە دەدا. لەوێشەوە بەرەو دەرگایەك ڕۆیشتن كە بوونی هەر نەبوو. لە ساتێك كەمتردا، ئەو ناوەندەیان بەجێهێشت بۆ جێگەیەكی تر كە ئاستەم بوو پێناسە بكرێت. بۆیە خۆیان لە لایەنێكی تر بینیەوە كە لە دارستانەكە نەدەچوو.

لەودەمەدا، ڕۆژ بە هێواشی ماڵئاوایی لە ڕەنگەكان دەكرد و چین چین تیشكە زەردو سەوزو شینەكان لەسەریەك بەئەسپایی بەناویەكدا دەچوون تا باڵندەكان بە ئاسانی بۆ لانەكانیان بگەڕێنەوە. لە هەمانكاتدا، ئەستێرە بێ ئۆقرەكانیش لە ئاسماندا، لەگەڵ نەمانی تیشكی رۆژدا شوخایەتی خۆیان بۆ دونیا بەیاندەكرد.

دیدە بۆ بەئاگاهێنانەوەی گەشتیارەکان وتی: کورگەل، ئاسۆ ئەم شەو روونە، گەر لە ئاسمان وردبنەوە، دەبینن چۆن رەنگ دەنەخشێت ؟

کۆنسێرتەکە لە شێوازی کەوانەیەکدا دامەزرابوون. لای ڕاستەوە دەستەی کەمان بێژان ڕاوەستابوون، لای چەپەوە دەستەی نەی ژەن دانیشتبوون، هەر لایەکیان بە جۆرێك ئاوازەکانیان دەژەند کە شەپۆلەکانیان وەك ماری عاشقەو ماشقە یەکیان دەگلاند و هەڵدەسانەوە. لە پشتی کەمان و نەیەکانەوە دوور لە ژماردن، شمشاڵ، شەیپوڕ، کلارنێت، بۆق و جوق، جوزەلەی هەمە چەشن ڕیزیان بەستبوو کە هەریەك لە کاتی لێدانی کۆنسێرتەکەدا بە جۆرێك هەوایان دەجولان. ڕیزی تەپڵ، دەهۆڵ، دەف، زەڕب و جاز هەریەك بە نازێك لێدەدران. کۆڕی سازو سەنتور و پیانۆ، لەرەی دڵی ئەرزو ئاسمانی دەبزوان. کەناری پشتەوەی کۆنسێرتەکە بە هاوئاهەنگی ڕیتم و تێمپۆی ڕۆژ و شەویان دەخولقاند کە گونجاوبێ لە گەڵ وەرزی خۆرهەڵهاتن و ئاوابووندا تا کەژی ژیان بەردەوام بێت بێ وەستان.



لەناوەندی کەوانەی سەمفۆنیەکەدا ئاماژەکەری مۆزیك لەسەر سەکۆکەی بەئاگاوە دەست و پەلی دەجولان تا مۆزیك ژەنەکان بەو شێوازە بژەنن کە ئەو دەیوست. ئاماژەکەر مرۆیەکی بالآبەرزی چاو قەترانی، دەم

خنجیله بوو، لێوەکانی خۆیان مەلاَسدابوو لە ژێر لوتێکی تیژو چەماوەدا کە لەگەڵ چەناگەیدا یەکدیان تەواودەکرد. کاتێك ئاماژەیدەکرد، بزوتن لە پەنجەی پێکانیەوە شەپۆلیان دەدا تا بە ناو ماسولکەکانی ڕانیدا هەڵدەکشا، ئینجا، بە ناو لەشیدا دەخشا تا باڵەکانی فڕەی نەرم و تیژی بە دەستەکانی دەکرد و لە کۆتایشدا پەنجەکانی دەهەژاند.

میلۆ کە دەیڕوانی و گوێیگرتبوو، لە ناکاو بەدیدەی وت: من هیچ مۆزیکێك نابیستم.

دیدەش لەسەرخۆ وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، بەلاَم تۆ بە دڵ گوێ ناگریت، هەر بۆیە شەپۆلی ئاسایی هەوا هەست پێناکەی کە چۆن لەگەڵ بزوتنی ئاماژەکەردا شەپۆل دەدەن و جیهانی رەنگیش لە چاودا چەن بە نەرمی دەگۆڕێن.

تۆك بەسەیرکردنێکی پڕ لە پرسیارەوە لە دیدەی پرسی: ئەم ئێوارەیە چ ئاوازێك لێدەدەن؟

دیدەش وتی: بێگومان خۆرئاوابوون لێدەدەن.

میلۆ بە سەرسورمانەوە دوبارەی وتەکانی دیدەی کردەوە: خۆر ئاوابوون لێدەدەن !

دیدەش درێژەی بە لێدوانەکەی خۆیدا: ئەوان لەو چرکە و ساتانەوە کە گەردوون گەشتی خۆی دەست پێکردوە تا ئێستا هەر ئاوازی جۆراوجور لێدەدەن، لە هەڵهاتنی خۆرەوە تا ئاوابوون، دیارە شەوانیش هەر مۆزیك بە شێوازی جودا دەژەنن، گەر ژەنینی مۆزیك نەبایە برِوا ناکەم ئێمە بە ڕەنگەکان ئاشنا بوینایە. گەرچی ئێمە گۆڕانی کەژەکان لە گۆڕانی ڕەنگدا ڕەچاودەکەین، بەلاَم ئەوی ئەوان دەینەخشێنن دەشێت چرکەیەك بێت و کۆتایی نەبێت. گەر دەخوازی زیاتر بزانی چاوەڕێکە تا ڕۆژ ئاوا دەبێت، بۆخۆت دەتوانی پرسیار لە ئاماژەکەر بکە، کە چۆن ئاوازو تێمپۆ هاودەنگن.

لەوەدەمەدا، ڕۆژ لە زەردەپەڕەوە بەرەو رەنگی سور دەچوو، سوریش تێرتردەبووەوە و بەرەو تاریکی دەچوو. ڕەنگ لە شەپولی تیشکە هاودەمەکانی دادەبڕا و بێوتە ماڵئاواییان لە وزە و بزوتن دەکرد. لەو کاتانەدا، گەشتیارەکان بینییان کە کۆمەڵێك لە مۆزیك ژەنەکان لە لێدان کەوتن و هەستیانکرد کە تێمپۆ و ئاوازی سەمفۆنی ڕۆژ بۆ شەو گۆڕدرا. لەهەمان کاتدا، ئەستێرەکانی حەوتەوانە بە هێواشی خۆیان لە کەمەرەی ئاسمانەوە ئالاَند. لەگەڵ دابەزینی باڵەکانی هارمۆنی و بەرەو خوار بوونەوەیاندا، رەشماڵێك لە تاریکی بە ئەسپایی بە سەر ئاسمان و ڕێسماندا هەڵئەدرا. دونیا بەرگی شەوی پۆشی و گیانلەبەرانی ڕۆژیش، هەریەك بە جۆرێك لە لانەی شەویاندا ئوقرەیان گرت .

میلۆ کەسەرمەستی ئەو شەوە دایگرتبوو لە دیدەی پرسی: پەیوەندی نێوان مۆزیك و ڕەنگ لە چیدایە؟

دیدە بە ئەسپایی وتی: بێ مۆزیك هیچ جۆرە تێمپۆیەك نابێت، هەر تێمپۆیەك ئاوازێ دەچرێت کە بۆخۆی شەپۆلێك لە ڕەنگدانەوە پێکدەهێنیت.

مێلۆ ڕوەو ئاماژەکەری موزیك ڕۆیشت کە ناوی هارمۆنیە، کاتێك بەیەك گەیشتن وتی: بەڕاستی ڕۆژئاوا بوونێکی هێمن بوو.

لەوەڵامدا، هارمۆنی وتی: دەبوو هەر بەو شێوەیە بێت، ئێمە لە دێرزەمانەوە یاری بە شەپۆلەکان دەکەین تا پاساوی تاریکی و ڕووناکی، گەرما و سەرما بە گونجاوی و گوێرەی پێویست بۆ هەرلایەك ئامادەکەین لە ڕێی تێکەڵکردن و هەڵوەشاندنەوەی شەپۆلەکان بێکۆڵدان.



مێلۆ پرسی: بەدرێژایی ڕۆژگار تۆ هەر کار دەکەیت؟

بە دەم سوڕدانەوە هارمۆنی وتی: بەڵێ گیانەکەم، من هەموو ڕۆژێك کار دەکەم، تەنها شەوان پشوو دەدەم، یاوەر و یارانم بەشەویش ئاواز دەژەنن.

مێلۆ کە بڕوای نەدەکرد، ڕەنگەکان بەو جۆرە دەنەخشێن، بۆیە پرسی: باشە چی ڕوودەدات گەر بێتو ئێوە لە مۆزیکلێدان بکەون؟

هارمۆنی ئاماژەی بۆ تیپی مۆزیکەکە کرد کە لە لێدان بکەون. دەستبەجێ، دونیا بووە تاریکستانێك، هەموو شتێك وەك هێڵێکی ڕەش دەردەکەوت. دەتگوت دیوارێکە کە بۆیاخچییەکە تەنیا یەك فڵچەی وەشاندووە لە ماوەی یەك ساڵی ڕەبەقدا بەجێی هێشتووە تا وشك بێتەوە. کاتێ هارمۆنی کەوتەوە دەست جوڵان ئالەتەکان کەوتنەوە ژەنین، ڕەنگەکانیش وەك لەوەوپێش کەوتنەوە شەپۆلدان.

هارمۆنی هاوسەنگی دەنگ و رەنگی بۆ مێلۆ بەم شێوەیە ڕوونکردەوە: کەمانە هێمنەکان سەوزایی دەگەشێننەوە. دەهۆڵەکان دەریا هەڵدەپەڕێنن. شمشاڵەکان زەردەپەڕی ئێواران دەخەوێنن. هارپۆنەکان بە لەنجە هەڵمی دەریا بەرزدەکەنەوە. بەم ڕۆژگارە، هەزارو یەك ئاواز دەژەنین تا بزوێن و نەبزوێنەکان بە هاوئاهەنگی جێگۆڕکێ بە ڕەنگ دەکەن.

لەو کاتەدا کە هارمۆنی دەدوا، تیشکە ساواکانی چاوی مێلۆ بە کزی شەپولی گەشیان دەدا. تۆك، زەردەواڵەو دیدەش بە پەرۆشەوە گوێیان بۆ لێدوانەکەیان ڕاگرتبوو. ئینجا هارمۆنی وتی: ئێستا دەبێ بچم بخەوم چونکە چەند شەوێك لەوەوبەر، زەماوەندی هەورەتریشقەمان هەبوو، دەبو تا بەیانی ئاماژە بکەم. بەڵام ئەمشەو هێمنە، چاك وایە کەمێك ماندوێتیم بڕەوێنمەوە. تۆ ئەمشەو ئێشکچی لێدانبە، بەڵام لە بیرت نەچێت، کاتژمێر 5:23 ی سەرلەبەیانی خەبەرم کەرەوە. بەدوای ئەوەدا، بەسێ هەنگاو هارمۆنی لە چاو ونبوو. زەردەواڵەش خەوی لێکەوت و دیدەش لە هەوادا ڕاکشا، تۆکیش جێگەی خۆی خۆش دەکرد و لەبەرخۆیەوە دەیگوت: مۆزیك پانتایی بیر فراوان دەکات...

مێلۆ خۆشبەختانە، ئەو شەوە زۆر پرسیار لە مێشکیدا گەڵاڵە دەبوو، بە دەم ئەو بیرانەوە کەوتە هەڵدانەوەی نۆتەکان و بە پەرۆشەوە جوڵەی بە سەری پەنجەکانی دەکرد.



# 11

## هاژەو وژە

سات، ساتی بەجێدەهێشت، کاتژمێرکەی جەستەی تۆکیش 5:22 خولەکی دەخوێندەوە. مێلۆ لەو کاتەدا، چاوەکانی خەو واژویکردبوون، بەڵام هەستی بەرپرسیار و چاودێری بەئاگای دەهێنایەوە. بەڵام شتەکانی بەر چاوی تێکەڵەیەك لە ڕەنگی تاریکیان نەخشاندبوو و شەویش تەواو نەدەبوو، ئەویش بۆ بەرگری لە خەوتن خۆی دەدواندن: چی دەبێت گەر بۆ چەند خولەکێکی‌تر ئاماژەکەری ئۆرکێستراکە بکەم؟

ئەم بیرەی دەهێناو دەبرد، چی دەبێت؟ سەرباقی ئەوەش، مۆزیك ژەنەکان دەزانن چ مۆزیکێك لێدەن، ئەوا بەیانی دەبێتەوە با هارمۆنی گەر زیاتر بخەوێت، بەیانی کە هەستا زۆر سوپاسم دەکات، منیش بۆ خوم زۆرجار دیومە کە ئاماژەکەرانی مۆزیك چۆن دەست دەهێنن و دەبەن لە کاتی لێدانی سەمفۆنیدا، جا ئەمشەو جارێکە و جارێکی تر شانسێك لەم جورە بۆ من ناخولقێتەوە تا لەگەڵ تیپێکی ئاوا مەزندا ببم و بتوانم ڕەنگەکان بە کەیفی خۆم بنەخشێنم.

ئەو بیرانە مێلۆی خستە سەر بڕیارێك کە دەبوو بیدات. هەربۆیە وەك لێزانێك خۆی خستە سەر پەنجەی نووکی پێ و سنگی کەمێ بردە پێشەوە بە شێوازێك کە بڕوای وابوو گەردوون چاوەڕێ ئاوازێکی نەژەنراو دەکات. کات بوو بە 5:23 خولەك، دونیا تا ئەوکاتە خەواڵو دیاربوو، مێلۆ بە هێواشی پەنجەتوتەی جولاند، یەك ساز نۆتەیەکی ژەنی، لەگەڵ دەنگی نۆتەکەدا، شەپۆلێك تیشك ڕەنگ لیمۆیی بە ئاسماندا فرتەی کرد و بە دونیای بەریندا بڵاو بووەوە. بزەیەکی خۆش دەزولەکانی ڕۆحی مێلۆیان وروژاند. ئەمجارە بۆ تاقیکردنەوە، هەمان پەنجەی جولاند، بەڵام بە ڕاستەوڕەوێکی تردا. لە وەڵامدا دوو ساز و یەك شمشاڵ کەوتنە لێدان، سێ تیشکی کەوتنە شەپۆلدان، کە بەیەکەوە نیوبازنەی پەلکەزێڕینەیان نەخشان.

مێلۆ بەئارامییەوە دەیڕوانیە مۆزیکژەنەکان کە بەردەوامییان بەلێدان دەدا. لەگەڵ لێداندا، ڕەنگە سەوزەکان شەپۆلی کاڵیان بەسەر یاڵەکاندا و گەڵای دارستانەکەدا دەپرژاند. مێلۆ بەم بەزم و نەزمە گەشەی دەکرد. لەناکاو، هارمۆنی بەبیردا هاتەوە، کە دەبوو لە خەو هەڵیسێنێت، بۆیە بە پەلە هێمای بۆ مۆزیکژەنەکان کرد کە لە لێدان بکەون.

بەڵام مۆزیکژەنەکان تیژتر مۆزیکیان دەژەنی، ڕەنگەکانیش کاڵتر دەدرەوشانەوە و چاوی مێلۆیان ئازاردەدا.

مێلۆ لە ناچاریدا، دەستێکی بە چاوانیەوە گرت بە دەستەکەی تری هەوڵیدەدا، کە دەستی وەك هارمۆنی بجوڵێنێت، بە هیوای ئەوەوە کە



مۆزیکژەنەکان لە لێدان بکەون. مێلۆ پاش ماوەیەکی چاك هەوڵدان، توانی مۆزیکژەنەکان هێواش کاتەوە و ڕەنگە ئالۆزەکانی دونیا هێمن کاتەوە، ڕەنگ باری ئاسایی خۆی وەرگرێتەوە. بەڵام هەرچی هەوڵی دەدا، نەیتوانی مۆزیکی بەربەیانیان لێبدات. تادەهاتیش ماندویی و شەکەتی، تەواو دەستە بچکۆلەکانی لە پەلوپۆ خستبوو، هەر بۆیە بێ ئاگایانە بە نەرمی دەستی بە لاتەنیشتی خۆیدا شۆڕکردەوە.

مێلۆ لەناکاو بە ئاگاهاتەوە کە ئۆرکێستراکە مۆزیك بەنەرمی لێدەدەن، کاتژمێرەکەی تۆکیش لەو ساتەدا 5:27 خولەکی بەربەیانی نیشان دەدا. مێلۆ بەخۆشیەکی سەرکەوتوانەوە هاواری کرد: هەستن لەخەو خۆر هەڵهات.

هارمۆنی کە گوێی لە دەنگی مێلۆ بو گورج ڕاستبوەوە و لەبەر خۆیەوە دەیووت: خەوێکی خۆش بوو، هەستدەکەم هەفتەیەك خەوتووم، گەرچی لەوە دەچێت کە چەند خولەکێك درەنگتر لە ڕۆژان هەستابم، گرنگ نیە چوارخولەك لە کاتی نیوەڕۆ لەجێی ئەم دواکەوتنە لێیدەردەکەم.

هارمۆنی چووە سەر سەکۆی لێدان و ڤیت بۆی وەستا، بە مێلۆشی وت: ئەمشەو کارێکی چاکت ئەنجامدا، جارێکیتر گەر ڕێگەمان یەکی گرتەوە، ئەوسا ڕێگەت ئەدەم کە لە ڕۆژدا سەرپەرشتی ئۆرکێستراکە بکەیت تا ئەو کاتە خۆش هاتیت.

تۆکیش بە ڕەزامەندییەوە کلکە لەڤەی بۆ مێلۆ دەکرد. مێلۆش بێدەنگ، قوڕ و قەپی لە بەسەرهاتی شەو کرد. لەو ڕۆژەوە تا ئەم کاتە، بڕواناکرێت، کە کەس بە ئاگا بێت لەو هەفتە سەیرو سەمەرەیە کە ڕەنگ تێیدا ئالۆزبووبوو، بێ لەو مرۆڤە بە ئاگایانەی کە لە کاتژمێری 5:22 بەخەبەر بوون.

تۆك گەشتیارەکانی لە کات بە ئاگا هێنایەوەو وتی: کوڕگەل کاتی ڕۆیشتن هاتووە، ڕێگای دوورمان لەبەرە، با بڕۆین.

هارمۆنی بە سەرلەڤانەوە بەرێی کردن، ئەوانیش بە هیوای ڕۆژێکی ڕەنگینەوە ملی ڕێگەیان گرتەبەر. لەو ساتانەدا کە بە ناو دارستانەکەدا دەگەڕانەوە، گوڵە گەشاوەکانی سەر ڕێگاکە هەناسەی مرۆڤی دەبڕی و هەستیانی تەلیسماوی دەکرد. لە ناکاو دیدە گەشتیارەکانی ئاگادار کردەوەو وتی: بەداخەوە من ناتوانم زیاتر لە گەڵتانا بڕۆم، دەزانم لەم دارستانەدا گۆشەنیگای زۆر جیاواز هەیە کە پێم خۆش دەبوو نیشانتانی بدەم، گەرچی بڕواش دەکەم گەر بە چاوی بیر لە ڕێگا بڕوانن، ئەوا دوورنیە بۆخۆتان ڕەهەندی زیاتر بە ڕامان ئاشکرابکەن.

گەشتیارەکان بەسەرڤالێیەوە لەتەك دیدەوە هەنگاویان هەڵدەهێنایەوە، کاتێك سواری ماشێنەکە بوو، دیدە وتی: ئەم تێلیسکۆبە بەکارە بۆ ئاشکراکردنی ئەو شتانەی چاو ئاسان زەفەریان پێ نابات، دەتوانیت وەك دووربین بەکاری بەریت تا شتە دوورەکانت بۆ نزیکبخاتەوە.



مێلۆ بە دڵێکی خۆشەوە سوپاسی کرد و ماڵئاوای لێکرد و بە سەرێکی پڕ ڕامانەوە بەرەو کەناری دارستانەکە ماشێنەکەی لێدەخوڕی، لەسەرخۆ بە ناو دۆڵ و شیوەکاندا بەرەو خوار دەبووەوە. بەردەوام بە شیودا شۆڕ دەبوونەوە، بە هەورازدا بەرزدەبوونەوە، گەرچی قۆرتی ڕێگاو بانەکە جارجار گەدەی دەگوشی و زاری بە پێکەنین دەهێنا بەڵام بیری لە وەستا نەدەکردوە. لە کۆتاییدا، ڕێگاکە ڕووەو دۆڵێکی قوڵ ڕۆچوو کە ڕووبەڕووی کەلێنێکی شەقاریی دەم بە هاژەو وژە بووەوە. لەوە دەچوو کە ڕێگاکە بڕیاری دابێت کە بەرەو شیناییەکی بریسکەدار ڕایانکێشێت، گەر بیانەوێت یان نەیانەوێت. تەوژمی ئاو لە گەرووی شیوەکەدا بە دەنگ و دەنگ دانەوە، ڕۆحێکی نیگەرانی ئاشکرادەکرد ، سەرباقی ئەوەش هەوای شیوەکە، دیواری دەربەندەکانی بەردەوام تەڕدەکرد. باکەی کە بە دەربەندەکەدا ڕەت دەبوو، بە پەلەپڕوزکێ

دەیخواست دەربازبێت. کاتێك گەشتیارەکان زیاتر دەچوونە ناو دەربەندەکەوە، دامێنی شیوەکە بە سپیاوێك لە کەف و بەرد پێشوازی لێکردن.

بەردەکانی ئەو دامێنە کە چین چین لەسەریەك ڕاکشابوون ، کەرەڤانێك هەر لەوێدا راوەستابوو، تۆك ئاماژەی بۆ کردو وتی: ئەوە کەرەڤانی کاروانچیە لەوێدا وەستاوە.

هەر وەك تۆك بۆی چوو وا دەرچوو کەرەڤانە سپییەکە بە قوڕو لیخاو داپۆشرابوو، لە تاشە بەردەکەی پشتی کەرەڤانەکەوە نوسراوێکی لێ هەڵکەنرابوو کەدەیوت: دەنگدانەوە ، لە خواریشیەوە بە بچوکی نوسرابوو: دکتۆر زەب زەبە.

مێلۆ ماشێنەکەی ڕاگرت و بە هیوای پرسیار کردن بەرەو کەرەڤانەکەچوو ، بە ئەسپایی لە دەرگاکەی داو بە کەمێك ترسەوە پاشەو پاش هاتەدواوە. لەو کاتەدا، دەنگی کەوتنەخوارەوەی کۆمەڵێك فەخفوری لە بەرزیەوە هات کە وردوخاش بوون، دەرگای کەرەڤانەکەش کرایەوە. ئینجا دەنگێکی قەبە لە ناو کەرەڤانەکەوە پرسی: گوێت لە شکاندنی دەرزەنێك فەخفوری بوو؟

بەبیستنی دەنگەکە مێلۆ لەترسا پاشەو پاش بۆ دواوە کشایەوە، لە بێئاگاییدا لەقادرمەکان کەوتەخوارەوە. تۆك و زەردەواڵەش بە هەڵەداوان بۆ لای چوون. دەنگەکە قەبەتر لەناو کەرەڤانەکەوە دەهات، بە جۆرێك گەر بهاتایە تۆ گوێت لێبایەی، بڕوات دەکرد کە قوڕگی پاك دەکاتەوە، هەرچەند ئەو دەیگوت: پێم بڵێ گوێت لە شکاندن بوو، یان نا؟

مێلۆ کە خەریکی هەستانەوە بوو لە وەڵامدا وتی: گوێم لە شکاندنێك بووە.


دەنگەکە بە خۆشی‌یەوە وتی: من لەو بیرەدا بووم کە تۆ دەیبیستیت، باشە ئێستا، پێم بڵێ کە قەت گوێت لە دەنگی نەعلی لە توك دروستگراوی مێرووله بووە، کەکاتێك بە سەر فەرشی خوریدا ڕێ دەکات؟

پێش ئەوەی مێلۆ وەڵامی بداتەوە، ئەو وتی: بۆ نایەیتە ژوورەوە، چاوەڕێی چی دەکەیت؟ دەی وەرە، باش بوو کە ئێوە لێرەوە هاتن. بەترسی هەنگاوەکانتانا دەردەکەوێت کە بێدەنگن و لە توانای دەنگ ناگەن.

گەشتیارەکان بۆ ناو کەرەڤانەکە بە ئەسپایی هەنگاویان هەڵهێنا. تۆك بە گیانی بەرگرییەوە سەرقافڵەچی بوو، مێلۆ بە دوایدا دەڕۆیشت، زەردەواڵەش بە دڵە کوتێوە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە.

پیاوەکە بەدەنگێکی گەورەوە وتی: ڕێگەم بدەن با لە نزیکەوە سەیرتان بکەم، بێدەنگیتان وام لێدەکات کە بڕوا بکەم توشی دەنگ لاوازی بوونە.

ناوەوەی کەرەڤانەکە بەقات قاتی ڕەفە هەڵبەسترابوو. لەسەر هەر ڕەفەیەك قتوو شوشەو تەنەکەی هەمەرەنگ دانرابوو کە تەپوتۆز داپیپۆشیبوون. پاکژی لە فەرهەنگی ئەو پیاوەدا، لەوە نەدەچوو کە مانایەکی هەبێت.



پیاوەکە وەك هەر دکتۆرێك، ڕۆبێکی سپی و سەماعەیەکی گوێ لەترپەی دڵگرتن بە شان و لاملیدا هاتبووە خوارەوە ئاوێنەیەکی بچکۆلەش بە قایشێکی سپی لە ناوچەوانیدا شەتەك درابوو. سمێڵێکی قیت لە ڕوویدا چەقیبوو، دوو گوێی گەورە کە بەلاتەنیشتی سەریدا ڕەپ وەستابوون کە هەموو نوزەو هاژەیەکی دەنگی دەپێوا. ئەوکاتە کە گەشتیارەکان چووبوونە ژوورەوە، دەنگی چرچولۆچ کردنی زەرفی جەلاتینی تۆماردەکرد. بە تایبەتی لەو کاتەدا کە هەوا دەچێتە ناویەوە. بەدەم کارکردنەوە پیاوەکە پرسی: ئێوە قەت گوێتان لە قرژاڵی چاو بەستراو بووە کە لە نایلۆنێکی داخراودا گیری خواردبێت.

مێلۆ بە دەنگیگی شڵەژاوەوە پرسی: جەنابتان دکتۆری چ جۆرە نەخۆشییەکن ؟

پیاوەکە بەدەنگێکی بێ هاوتاوە کەوتەلێدوان لەگەڵ دووانیدا دەنگ و گرمەی جۆراو جۆر لە ناوەوەو دەرەوە بەرز دەبووەوە ئینجا وتی: من ناوم دەنگ. گ. دەنگدانەوەیە وە دکتۆری لەرەلەر پێوانم.

زەردەواڵە کە هەڵدەلەرزی، پرسی: گ. چی دەگەیەنێت؟

دکتۆر لە وەڵامدا وتی: گرمە گرمی بێ هاوتا دەگەیەنێت تا ئەو ڕادەیەی کە دەلوێ. وەرنە پێشەوە، زمانتان دەربهێنن من گومان لە ساغیتان دەکەم، ئێوەی نوقسان پێویستان بەدەنگ نییە.

لەسەر ڕەفەکە چەند بوتڵێکی داگرت کە خڵتەی هەمەرەنگ لە بنەکەیدا قەتماغە بووبوو. لەسەر بوتڵەکە بەخەتێکی جوان نوسرا بوو...دەنگی گریان بەکوڵ بە بەزەییەوە، بە نەرمی ، بە هاوار و قیژەوە، بە نزمی،

گرمه، شریقه، شکاندن، بەیەك دادان، خشە، ورشە، چرپەی بەلەزەت و بێلەزەت. دوایی کەمێکی لە دەرمانەکە کردە ناو شوشەیەکی بەتاڵەوە لەگەڵ شلەیەکی ڕووندا تێکی هەڵدان. تێکەڵەکە کەوتە بڵقە بڵق کردن. لەسەر مێزەکە دایناو وتی: لە چەند خولەکێکدا ئامادە دەبێت.



مێلۆ کە لەتەمەنیدا دەرمانی وای نەدیبوو، ئامادەش نەبوو بیخوات، پرسی: تۆ لە چیدا تایبەتمەندیت؟

پیاوەکە لە وەڵامدا وتی: من تایبەتمەندم لە پێوانە و چێکردنی دەنگی ناقۆڵادا وە لە دوای چێکردنی هاژەو وژە و هەستمکرد کە خەڵکی دروستکردنی هاژەو وژەی مەزن دەخوازن. لە هەمانکاتدا دەتوانم لە نزمترین دەنگەوە تا بەرزترین دەنگ بخوڵقێنم. بۆ نموونە تۆ قەت گوێت لە زریکەی تایەی ئاسن بووە کە بڕوات بە سەر جادەیەکی بەهێلکە داڕێژراو؟

لەوکاتەدا کە دکتۆر دەدوا، دەنگی شکاندنی هەزاران هێلکە و زریکەی شەمەنەفەری لە هێڵ دەرچوو دەهات کە دانی گەشتیارەکانی دەخستە جیڕەجیڕ، مێلۆ کە تەواو بێ تاقەت بوو لەو دەنگە ناقۆڵایەی کە دەیبیست، پرسی: کێ لە دونیادا پێوستی بەدەنگی وەها ناخۆش هەیە؟

دکتۆر وتی: هەموو کەس لەمڕۆدا داوای ئەو جۆرە دەنگانە دەکات کە بەڕاستی من بە ئاستەم فریای چێکردنیان دەکەوم، گەر بڕوا ناکەیت، بچۆ بۆ ناو شارە گەورەگان بزانە، نرخی ڤیڕە ڤیڕ چەند بەرزە، یان بچۆ بۆ کۆنگرەکان بزانە، ئەوەندەی داوای هاژەی ساروخ دەکرێت، ئەوەندە پارە بە نان نادرێت. دیارە تۆ بێئاگاتری لە دەنگ و زرمە ناخۆشەکانی دیسکۆکان یان لە هاواری بێمانای بانگدەران. لەوبەر، کارمان وەك ئێستا چاك نەبوو، چونکە جاران هەر دەنگەکانی وەك هەورە تریشقە، بومەلەرزە، هاژەو وژەی با، خوڕە و شڵپەی شەپۆلی ئاو زیاتر خوازیاریان هەبوو. بەڵام ئێستا، گشت کەس دەنگی ناقۆڵا بە کار دەهێنێت تا پاساوی ڕاکەڕاکەی ڕۆژانەی ژیانیانی پێ بدەنەوە. ئێستا دەرمانەکە ئامادەیە بۆ خواردنەوە، بە دوای خواردنەوەیدا، یەکاو یەك دەماغتان سڕدەکا و بێخەم وەك زۆرینەی مرۆڤی تر گلەیی لە ناخۆشی دەنگی ڕۆژانە ناکەن کە لە موکەبەرە دوورەکان و گرمەی تۆپە دوورکوژەکانەوە و مۆزیکی بازاڕە گشتیەکانەوە دێن.

زەردەواڵەکە نەیدەویست ڕاستگۆیانە بدوێت ، کاتێ ( د. ز ) فەرمووی لێکرد، وتی: سوپاسی بەخشندەیت دەکەم، بەڵام گوێ قورسیی من بۆخۆی دەرمانێکی هەتاهەتایە نەبیستنە.

مێلۆش ڕاست و دروست وتی: نامەوێ ڕۆح و بیرم لە دەنگە ئاساییەکان بێبەشکەم.

تۆکیش کە حەزی بە لێدوانەکەی دکتۆر هاژە نەبوو، وتی: لە دونیادا، نەخۆشیەك نیە، کە ناوی نەخۆشی دەنگ بێت، بێ لە چاو برسێتی و هەڵپەی ناژیرانە کە گوێ کۆڵەوار دەکەن. دەرمانەکەی تۆش جگە لە سڕکردنی دەماغ، چارەی هیچیتر ناکات.

بەدوای لێدوانەکەیاندا، دکتۆر لای ڕوون بوو کە گەشتیارەکان دەرمانەکە ناخۆنەوە. بوتڵێکی زەرکەفتی لە سەر ڕەفەیەکیان داگرت و تەپوتۆزەکەی سەری لاداو لەسەر مێزەکە دایناو، وتی: مادەم ئێوە نایخۆن، دەیدەم بە هاژەو وژە کە بیخواتەوە.

زوو بە زوو، دوکەڵێك لەبوتڵەکە دەرچوو کە سەرنجی گەشتیارەکانی ڕکێشکردو بە پەرۆشەوە ئەوان چاوەڕوانی ڕووداوێکی نەزانراویان دەکرد. لەپڕ هاژەیەکی زۆرگەورە لە دەرەوەی کەرەڤانەکە هات. هاژەکە

تا دەهات، گەورەتر دەبوو، بەڕادەیەکی ترسێنەر دووپات دەبووەوە. بۆ چەند چرکەیەك گەشتیارەکان، لەبەر دەنگی هاژەکە، هیچ دەنگێکی تریان نەدەبیست. دەنگەکە زۆر سەیر شەپۆلی بەرزو نزمی دەسازاند، جارێك وادەردەکەوت کە ژوورەوە سەرچاوەکەی بێت جارێکی تر لە ژوورەکەوە دەهات. بوتڵەکە قرچەی ڕۆنی سوتاوی لێوەدەهات و دوکەڵێکی شلەیی لێ بەرز بۆوە کە بەرەو سەقفەکە دەکشا. شلە هەڵمیەکە هێدی هێدی فۆرمێکی دەمووچاوی وەرگرت. بە دوای ئەودا، جۆرێك لە دەست و قاچ تێیدا بەرجەستە بوو. ئینجا دەستە هەڵماویەکە کشا بۆ بوتڵە تێکەڵەکە و بە چەند قومێك هەڵی لوشی. لەگەڵ تەواو بوونیدا، جەستە هەڵماویەکە سەری نۆکەری بۆ دوکتۆر شۆڕکردو، بە هاژەهاژەوە وتی: ئای کە تێکەڵەیەکی نایاب بوو. بڕوام نەدەکرد ئەمڕۆ بەرم بدەیت. سوپاسی مەرحەمەتی گەورەیت دەکەم کە لەو پەستانەوەیەی ئازادت کردم.

دکتۆریش بەهەستێکی لە خۆڕازی بوونەوە، ڕووی کردە گەشتیارەکان و وتی: ئەمە هاژەو وژەی ناقۆڵای پێدەڵێن. گەر هەر ئەرکێکی بەسەردا بدەم، بێ یەك و دوو بەجێی دەگەیەنێت. چاکە ئێوە لە ڕەنگ و ڕووی بێفۆرمی چاوبپۆشن. چونکە کاتێك من ئەوم لە سەرەنوێلکەیەکدا دۆزیەوە. داماوە، لە هەموو نازێك بێ بەش بوو. هەروەك چۆن قوتوی کۆکا کۆلاکان فڕێ دەدەن، ئەویش وەها فڕێدرابوو، منیش هەڵمگرتەوە.

هاژەو وژە ، وتەکانی بە دکتۆر بڕی و بە پێکەنینێکەوە کە دووجار دەنگی دەدایەوە، وتی: هیچ مامانێك لە مامانیدا پەروەردگارنیە.

دکتۆر بێگوێدان بە دووانەکەی هاژەو وژە لەسەر وتەکانی خۆی ڕۆیشت: دوای ئەوە بۆ ئێرەم هێنایەوە، پاش هەوڵدانێکی بێوچان توانیم ئەم فۆڕمەی لێدروستکەم و بەگوێرەی پێویست مەشقی بدەمێ و بیخەمە ژێر فەرمانی بەجێگەیاندنەوە.

هاژەو وژە کە حەزی دەکرد سەرنجی گەشتیارەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشبکات وتی: هاژەی چاك وژە دەخولقێنێت.

دکتۆریش هەر بەردەوامی بە لێدووانەکەی خۆی دەدا: بەردەوام مەشقم پێکرد، بۆیە بێ پرسیار ئەرکەکان بە جێدەگەیەنێت. نەك کەم تەرخەمی ناکات، بەڵکو جارجار داهێنەرانە دەنگەکان بە کار دەبات.

زەردوەاڵەش کە لە ترسانا خۆی لەگۆشەی کەرەڤانەکە گیرکردبوو. ویستی سەرنجی هاژەو وژە بە لای خۆیدا ڕاکێشێ بەپێکەنینەوە وتی: هاژەی چاك، وژە دەخولقێنێت.

هوشە کە بەپێکەنینی دۆستانە ناڕەحەت دەبوو، بە هەنسکی ساردەوە وتی: گەر لە پێکەنین نەکەویت، ئەوا دوکتۆر لە بوتڵەکەدا بەندم دەکات .

مێلۆ ویستی بزانێت: هاژەو وژە چییە ؟

دوکتۆر بە سەرسامیەوە پرسیاری ئاڕاستەی مێلۆ کرد: تۆ مەبەستت ئەوەیە کە تا ئێستا بەمە نەگەیشتوویت؟ بۆچی؟ لە کوێ بوویت؟ من بڕوام دەکرد، کە هەموو کەسێك لە دونیادا بە هاژەو وژە گەیشتووە. باشە پێم بڵێ، کاتێك کە تۆ لە ژوورەکەدا هاوارو هاژە دەکەیت، دایکت دەڵێت چی؟

مێلۆش لە وەڵامدا وتی دایکم دەڵێت: ئەو هەموو دەنگە دەنگەت لەچییە ؟!

دوکتۆر بە دەنگێکی سەرکەوتووانەوە پرسی: ئەی کاتێك، کە دراوسێکانتان شەڕ دەکەن یان دەنگی موکەبەرەکان بەرز دێن، تۆ چی دەڵێیت.

مێلۆ وتی: بۆچی ئەو خەڵکە دەنگی خۆیان بەسەر ئێمەدا دەسەپێنن؟.

دوکتۆر پرسی: ئەی کاتێك کە ماشێن بە دوای ماشێندا بە لای ماڵەکەتاندا ڕەت دەبن، خەڵکی لە ناو ماڵی خۆیاندا چۆن لەگەڵ یەکدیی دەدوێن؟

زەردواڵەش بە خرۆشەوە وتی: دەقیژێنن و بەیەکتر دەڵێن قیژە بەسە.

هاژەو وژە کە لە وتەکانی زەردواڵە دلگران بوو، وتی: باپیرە گەورەم ناوی قیژە بوو، کە لە ساڵەکانی 1712 سەرکوتیان کرد.

مێلۆ کاتێك بینی هاژەو وژە لە ناوچوونی باپیرە گەورەی پێناخۆشە، دەستەسڕەکەی خۆی دایە تا چاوی پێ بسڕێت. دەستەسڕەکە لە ناو دوکەڵی فرمێسکدا وون بوو، ئینجا بە مێلۆی وت: من تێناگەم بۆچی مرۆڤ هەردەم دەنگەدەنگ دەخوڵقێنێت، کەچی کە لە دەنگ دەدوێن... دەڵێن.. قیڕە قیڕو، هاژە هاژ مەکەن.

بەدوای تەواوبوونی دووانەکەیدا هاژەو وژە بەرەو لای دکتۆر کشاو مت بوو.

مێلۆ بە دکتۆری وت: هاژەو وژە هەستی زۆر ناسك دیارە، وا نیە؟

دکتۆر وتی: هەستی هاژەو وژە لە ڕادەبەدەر ناسکە. لە هەمان کاتدا، هاژەو وژە ڕاستە لە بۆچوونەکەیدا، چونکە قیژە و هاوار، شاڵاوێکی ناکاوە کە دەنگ پێناسە دەکات، کەسیش نیە لەم بارەدا یان لەو بارەدا نکوڵی لە بوونی "مەزنێتی" دەنگ بکات.

لەوە دەچوو کە لە بیری مێلۆشدا ، وتەکانی پیتی مەزن دەنگی دابێتەوە. بۆیە وتی: پیتی مەزن دەڵێت...وشە مەزنترین شتە کە تا ئێستا خوڵقێندرابێت. تۆ پێت وا نیە ئەوە "ڕاستی" بێت؟

دکتۆر قیژاندی: دەربڕینێکی نەفامانەیە. کاتێك ساوایەك کە برسی بێت، چۆن سەرنجی گەورەیەك ڕادەکێشێت؟

هاژەو وژە بەگەرمییەوە وتی: بە قیژەی گریان هاوار دەکات.

دکتۆر پرسی: کە بەهار دێت، کەر بۆ ماکەر چی دەکات؟

هاژەو وژە بە لاسایی کردنەوە وتی: زەڕ، زەڕ، زەڕ دەکات.

**دکتۆر پرسی: ئەی باشە کە ڕوبارێك بە شیوێکی نارەحەتا گوزەر دەکا، چی دەڵێت ؟**

**هاژەو وژە لە خۆشیدا بوو بە دوو شەقاری نایەکسانەوە و وتی: خوڕەو هاژە هاژ دەکات.**

**ئینجا دکتۆر بە دەنگێکی کەمێك هێمنەوە ڕووی کردە مێلۆ و وتی: تۆ دەبینیت کە دەنگ نەك ڕەسەنە لە دەربڕیندا، مەزنیشە لە ئاشکرا بووندا.**

**دوو پارچەیی هاژەو وژە سەرنجی مێلۆی تەواو تەلیسماوی کرد و بیری بە لای دوولایەنی شتەکاندا ڕکێشکرد. ئینجا ڕووی کردە دکتۆر، وتی: کاتێك کە نەتوانرێت "ڕاستی" ئاشکرا بکرێت، چاکتر نیە کە دەستبەرداری بین، تۆ دەڵێی چی؟**

**هاژەو وژەش لە دکتۆری پرسی: کەی من بۆ کۆکردنەوەی دەنگە قەبەکان بڕۆم؟**

**مێلۆش لە هاژەو وژەی پرسی: بەرەو چ لایەکەوە دەکشێیت؟ دوورنیە بۆ ماوەیەك هاوڕێگابین ؟!**

**هاژەو وژە لە وەڵامدا وتی: بڕواناکەم، چونکە من دەڕۆم دەنگە ناسازەکان کۆدەکەمەوەو دەیهێنمەوە تا دکتۆر دەرمانی تازەی لێ دروستبکات. جا لە هەرکوێیەك دەنگی ناقۆڵا هەبێت من لەوێ دەبیسترێم. ئەمڕۆش، بەیەکدادانێك هەیە، کە هەندێك گرمەی نەبیستراوی تێدا تاقیدەبێتەوە، دەبێت کۆیانکەمەوە.**

**دکتۆر پرسی: ئێوە بەرە و چ ڕاستە ڕێگەیەك دەچن؟**

**مێلۆ وتی: بەرەو شارستانیەتی ڕەنووس دەڕۆین.**

**لەو کاتەدا، هاژەو وژە بەرەو دەرەوەی کەرەڤانەکە دەکشا، ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە و وتی: بێبەختییە، چونکە ئێوە دەبێت، بە ناو شیوی دەنگا تێپەڕن...!**

**زەردەواڵە بە نیگەرانیەوە پرسی: بۆچی، خراپە لەو دۆڵەوە تێپەڕین؟**

**هاژەو وژە لە دەم دەرگاکەدا ئێستێکی بۆ کرد، بە ڕوویەکی ترشاوی بێ کەنارەوە، بە لای زەردەواڵە وەرچەرخا کە تەنانەت دەرگاکەش لە سەیرەکەی دادەچڵەکی. ئینجا کە وەستا ڕووی لە زەردەواڵە کرد، وتی: دەتوانیت پێش ئەوەی بکەویتە ڕێگا پرسیار بکەیت، بەڵام بەم زوانە بۆت دەردەکەوێت کە چی چاوەڕێت دەکات...**

# 12

## دۆڵی بێدەنگ

گەشتیارەکان دوای ماڵئاوای کردنیان لە دکتۆر بەرەو دەشتێکی کراوە گوزەریان کرد کە بەتەواوەتی سەرمەستی کردبوون. زەردەواڵە لەبەر خۆیەوە گۆرانی نیوەچڵی دەژەند. تۆکیش بەدەم خۆلێساندنەوەوە مرخەمرخی لە هەواکە دەکرد. مێلۆش بەخۆی دەوت: چەند دۆڵێکی هاوئاهەنگو دلگیرە!.

تاسەیەکی ناوەخت گەشتیارەکانی لە ڕامان دەرهاوردو لە بوونی دەربەندێکی سەر ڕێگاکە بە ئاگای هانینەوە کە پانتایی دەشتەکەی لە گەرو گرتبوو. دەربەندەکە قنج و قیت چاوەڕوانی گەشتیارەکانی دەکرد تا نەکا پێشوەخت پەی بە پەیامی شاراوەی شێوەکە بەرن. کاتێك گەشتیارەکان دەربەندەکەیان تێپەڕاند، مێلۆ وتی: کوڕینە من لە مەبەستی هاژەو وژە تێنەگەیشتم؟ بەڵام لەوە ناچێ هیچ ناڕەحەتییەك لەم شیوەدا خۆی مەلاس دابێت.

ئەو دیوی دەربەند، درێژبوونەوەی دەشتەکەی بەیان دەکرد، بێ لە جیاوازی شۆڕبوونەوە کە ڕێژەیەکی نەگۆڕبوو. تەنانەت هەواکەشی هەرچۆنێك بوو، بەڵام مێلۆ هەستێکی جیاواز لە هۆشیدا دەخرۆشا کە نەیدەزانی چییە؟ بۆیە ویستی لە تۆك بپرسێت کە چی ڕووی داوە، وتی: هەستێکی سەیر گوشارم بۆ دەهێنیت! تۆش وا هەست دەکەیت؟

{هەرچەندە مێلۆ لێوی دەجولاند، بەڵام هیچ دەنگێك لە زاریەوە دەرنەچوو} .

مێلۆ بۆ چەند خولەکێك ڕاما. ئینجا سەیری تۆکی کرد تا بزانێ ئەو چی دەڵێت، بینی کاتژمێرەکەی لە لێدان کەوتووە، زەردەواڵەش لەهەوای خۆیدایە و بێ ورتە زاری بەیەکدا دەدا. لەوەش سەیرتر نەدەنگی ماشێن، نەجریوەی باڵندە، نەزیکەی مێشوولە، یان قرتو ورتەی گەڵا نەدەهات. تەنانەت وژەو وەسوەسەی هەواش کپ بوو. لەوەدەچوو سویچی دەنگ لەناوەندی سەرەکی دەنگەوە کوژابێتەوە کە هەستی ماتەمینی لای مرۆڤ دەوروژاند، وەك ئەوەی کە دەڵێن... مۆتەکە گرتوویەتی.

{کاتێك مۆتەکە دەتگرێت، هاوارکردن بێسوودە}

کاتێك ماشێنەکە هێواش دەبووەوە، مێلۆش خۆی دەدوان: بێدەنگیەکی ترسناك خۆی مەلاس داوە.

گەشتیارەکان لە گۆڕینی هەواکە بە ئاگاهاتبوونەوە و کەوتنە هاوار و فوغان، بەڵام نەیاندەتوانی دەنگ سازبکەن. دەنگ دەرنەبڕینەکەیان، دڵەڕاوکێیەکی قوڵی لەبیرو هەستیاندا بەرجەستە کرد، تێنەگەیشت لە هۆی ڕوودانەکە زیاتر ترسی روحی لا بەهیزدەکردن. چونکە نەیاندەزانی بۆچی و چۆن ئەو بێدەنگیە ناوەختە ڕوویدا. گەرچی گەشتیارەکان دەیانبینی بەرەو ئاوەدانی لێدەخوڕن و مرۆڤەکانی سەر ڕێگاشیان

دەبینی کە دەم دادەچەقێنن و دەنگیان نەدەهات و بەیداخو دروشمی جۆراو جۆریان بەرزدەکردەوە کە نووسراوە: بڕوخێ بێدەنگی. هەموو بێدەنگییەك نیشانەی تەندروستی ناگەیەنێت.  گوێ بۆ هاوار ناگیرێ. دەنگ دەبێ دەرگای زەلیلی بشکێنێت.

لافیتەیەکی مەزنتریش بە ڕاشکاوی جەختی دەکرد :گوێ بگرە گوێ بگرە تا دەنگی ڕاستی خۆت دەبیستی.

خۆپیشاندەرەکانی شار بێ لە تۆپێکی مسی داڕێژراو  کە بەدوای خۆیاندا ڕایاندەکێشا، گونیەکانیش لەگەڵیاندا هاودەمانە دەمیان بەیەکدا دەدا و دەڕۆیشتن. {لەوانەیە تۆ قەت نەچووبیتە گوندەکان تا بزانی مرۆڤی ئەو ناوچەیە چ جیاوازییەکیان هەیە لەگەڵ خەڵکی شارەکان لە جل لەبەرکردندا }.

کاتێ ماشێنەکە بەتەواوەتی وەستا، خەڵکەکە لێیان هاتنە پێشێ،  هەندێکیان بەهەموو توانایانەوە دەمیان دادەچەقاند تا بڵێن بەخێرهاتن،  هەندێکی تریان بە لافیتە دەنگیان دەربڕیبوو کە نووسرابوو: سەرچاوهاتن بۆ شیوی دەنگ سازکەران. هاتوون تا هاریکاریمان بکەن لە دەنگ گەڕانەوەدا. بەشداریتان لە داهاتووی دەنگداندا، کاریگەر دەبێت.

مێلۆ بێهودە هەوڵی دەدا کە تێیانبگەیەنێ کە ئەو و هاوڕێکانی کێنو بۆ کوێ دەچن،  ئەوانیش هەر بڵێی یەكو دوو.  لافیتەیەکی تریان دەنووسی و بەرزیان دەکردەوە:  بە وردی لە دەوروبەر بڕوانە. وا ئێمەش بۆت ڕوون دەکەینەوە. ئەم بێدەنگ کردنە چۆن ڕوویدا.

لەو کاتەدا دوو کەسیان تەختەیەکی ڕەشی گەورەیان هەڵگرت. سێهەمیان بەنووسین لەسەر تەختەکە ڕوونی دەکردەوە،  کە چۆن بێدەنگی  هاتە گۆڕێ و دەنگ خەفەبوو:  لە رابردوودا، کاتێك ئەم دۆڵە لە دەست دێو و درنج  رزگارکرا.  پاشای دانا  ئەو قەڵا بەردینی پتەو و کۆی ئاوەدان کردەوە.  پارێزەرێکی لێهاتووی بۆ دەست نیشان کرد،  تا چاودێری لە ژینگەی دەنگ بکات. پارێزەیش لە قەوارە و جۆرەکانی دەنگە کۆنو نوێکانی کۆڵیەوە و دەستی کرد بە تۆمارکردنیان.

ساڵەهای ساڵە،  پارێزەر بەخۆشەویستی و زانایی دۆڵی دەنگی بە کارامەیی بەڕێوە دەبرد،  ئەو هەموو بەرەبەیانێك دەنگی تازەی بەردەدا تا لە هەوادا لە دایکبن.  لەنیوەشەویشدا هەرچی دەنگدانەوەیەك هەبوو، لەسەرانسەری وڵاتدا،  بەگوێرەی بزوێنەر کۆیدەکردنەوەو ڕێکیدەخستن. دوایی بەڕێكو پێکی لە ئەرشیفی خەزنەدار هەڵیدەگرت تا لە کاتی پێویستدا لە هەوادا بەریانبدات.

{نووسەرەکە دوای پشودانێك، دەستی بە ریشیدا هێناو تەختە ڕەشەکەی سڕیەوە،  دەستی بە نووسین کردەوە.}




پارێزەر لەگەڵ ئەوەی چاودێری لە دەنگ‌و دەنگدانەوە دەکرد، بێ‌جیاوازی دەنگ، رێگەی بەکاربردنی ئازادانەی دەنگ ئەدا. لەسەرو ئەوانەشەوە بە دڵفراوانیەوە چاوی لە هەڵەی دەنگیش دەپۆشی. پێشبینی پێویستی ڕۆژانەی جودای تاکەکانیشی دەکرد. بۆ نموونە، کاتێك کە مرۆڤ هەستی دەکرد گۆرانی بڵێت یان دەخوازێ گوێ لە دەنگی تەور وەشاندن بگرێت یان خوڕەی جۆگەی بن بنارو شڵپەی پێ بەناو باراندا یان شکاندنی ڕچەی بەفر لەکاتی ڕۆیشتندا ببیستێت. هەرچیەك کە دڵ بیخوازێ‌و زمان بیبێژێ، پێیدەوترا.

{نووسەرەکە جارێکی تر پشوی وەرگرت، لەو کاتەدا فرمێسکێکی سوێر گل بووەوە بۆ سەر لێوەکانی‌و تامەزرۆی بیرەوەریەکانی لا تازە کردەوە}.

ئەوسا هەموو دەنگەکان بەکاردەهاتن کە بە وردی و بڕگە لە دوای بڕگە ڕێکخرابوون تا مرۆڤ بێخەم هەناسەبدا لە کاتی دواندا، گەر لەهەر کاتێکیشدا، بخوازێ بەئاسانی بگەڕێتەوە بۆ چاوگەکان‌و پەرە بە گەشەیان بدات، ئەوا بۆ خۆی سەرپشك دەبوو. گەر بڕوا بکەی مرۆڤەکانیش بەگشتی وەك زۆربەی شایەرەکان وشەی دەنگدار لە زارو زمانیان ئاسان سازدەبوو. لە سەرەتادا مرۆڤی جۆراو جۆر لە دنیاوە بۆ ئەم شیوە دەهاتن، هەریەکە دەنگی جیاوازی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. هەندێك لە دەنگەکان ئاوازەکانیان داهێنەرانەبوو، و هەندێکی تریان ئاوازەکانیان مردووبوون. ئەو دەزانێت، لەگەڵ ڕۆژگاردا، بەرپرسیارو و داهێنان ڕووی لە کزی بوو و مرۆڤی ئەم شیوە زیاتر هەڵپەی بۆ ئەو شتانە دەکرد کە سەرنجڕاکێشان بۆ خۆ ڕازاندنەوە نەك بۆ داهێنان. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کەمتر گوێ لەیەکتر بگرن و زیاتر دەست بەکڵاوی خۆیانەوە بگرن.

{دەزانی دەنگی مرۆڤ لە گفتوگۆدا بوونی هەیە، بێ ئەو بوونەش گۆرستانێکی تاریکە کە وەسف ناکرێت}

بەدوای ئەو گۆڕانەدا، تا دەهات مرۆڤ کەمتر پێدەکەنی و زیاتر گلەییان دەکرد، کەمتر گۆرانییان دەووت، زیاتر دەیانقیژاند، دەنگی ناقۆلاو قەبەش تا دەهات زیاتر گەشەی دەسەند، ئەم گۆڕانەش کپ‌و خۆخواردنەوەی ئاپوورەی مرۆڤی لێکەوتەوە.

{ئەو، تەختە ڕەشەکەی پاك دەکردەوە تا زیاتر بنووسێت، زەردەواڵەش دانە جیرەی پێکەوتبوو.}

هێدی هێدی مرۆڤ کەمتر دەنگی نوێی دەخولقاند. پارێزەری دەنگ بەم گۆڕانە پەرۆش و نیگەران بوو. هەندێك خەڵك وایان لێکدەدایەوە، کە ئەم گۆڕانە پەیوەندی بە گۆڕانی ئاووهەواوە هەیە، بۆیە گلەییان لە خوا دەکرد. بەڵام سەرچاوە دەنگ ژمێرەکان وای ڕادەگەیاند کە ئەم گۆڕانە لە ژیانی کۆمەڵدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دوورخستنەوەی ئاواز و ژیر هەیە. جا هۆکان و ئاکامەکان چ ڕەنگدانەوەیەك لە خۆدەگرن، ئەوا وەك گرێ کوێرەیەك ماونەتەوە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەمڕۆ دەزانرێت، نەمانی بڕوا بەخۆبوون و لەدەستدانی ئیرادە گەورەترین کۆسپە کە تاکی دەستە پاچەکردووە، جا هۆکارە گشتیەکان و بابەتیەکان چۆن لە گەڵ ئاکامەکاندا تێهەڵکێش بوون، ئەوانەش لێدوانی زۆرتر هەڵدەگرێت.

نووسەرێکی تر لەسەر تەختەڕەشەکە نووسی. ڕۆژێك دکتۆر زەب زەبەو هاژەو وژە دوکەلاوی لەم شیوە دەرکەوتن. ئەوان پەیمانیاندا، کە چارەی هەموو دەردێکی دەنگیان لا دەست دەکەوێت. پارێزەریش کە بەهیوابوو کە ئاپوورەی مرۆڤ لە ڤیژە ڕزگاریان بێت، ڕێگەی دکتۆر زەب زەبەی دا کە دەست بەکاربێت. دکتۆر زەب زەبەش کەوچکێ دەرمانی تاڵ‌و تفتی بە گەورەو بچوکی ئەم دۆڵە داکرد، کە گوایە ڤیژەو ڤیڕەڤیڕی بێمانا چارەسەردەکات. بەڵام دەرمانەکە کاریگەریەکەی خراپ کەوتەوە، ڤیڕەڤیڕ وەك پەتایەك بڵاوتر بووەوە. پارێزەر لەم چارەسەرە زۆر توڕە بوو، دکتۆری لەم دۆڵە بە دەرنا و بەدوای ئەوەشدا، فەرمانیدا کە ناوی (دۆڵی دەنگ) بە(شیوی بێدەنگ بگۆڕێت)، چونکە ڕێز بۆ دەنگ نەماوە. لەهەمان کاتیشدا دەنگەکانی بۆ ناو قەلا گەڕاندەوە.

لە کۆتاییدا نووسەرەکە نووسی: لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئێمە بێدەنگین‌و ناتوانین پارێزەر قایلکەین بەوەی دەنگەکان لە هەوادا بەر بدات.

پیاوێکی تر لەناوەندی خەڵکەوە بە پاڵەپەستۆ خۆی گەیاندە مێلۆ و کۆمەڵێ پەیامی دایە، لە پەیامەکاندا نووسرابوو، پارێزەر دەنگی خۆش دەوێت. هەفتەی پێشوو کەشی پایز دەورانی ئاسایی بوو، هەمیشە دەنگی هەورە تریشقە بە چاکی دەبیسترا. بۆیە ئێمە بەپەرۆشەوە چاوەڕێی گرمەو ناڵەو سروشتی شەپۆلی بەیەکدادانی هەوای ساردو گەرممان دەکرد، بێ تیشکی ڕووناکی لەو هەفتەیەدا هیچ دەنگێ بەرگوێمان نەکەوت. تکایە سۆراغیمان بۆ بکە تا بزانین تا چەند ماوەی تر دەبێ ئێمە هەر چاوەڕێ بکەین؟.

لە پەیامێکی تردا نووسرابوو: سەرکەوتوترین کۆنسێرت لەم شیوەدا لە لێدان کەوت، ئێمە چاوەڕێی ژیانەوەی دەکەین.

نووسەرێك لەسەر تەختەکە پێشنیاری کرد:  ئێستا تۆ تێدەگەی کە بێ دەنگیمان چۆن گۆڕەوشاری ڕوحمان دەدات. گەر تێدەگەیت، ئامادەی یارمەتیمان بدەیت  تا قەڵای دەنگ بڕوخێنین و دەنگ بەرەڵاکەین.

میلۆش لەسەر تەختەکە نوسی:  دەتوانم چی بۆ ئەنگۆ بکەم ؟

نووسەرێك نووسی:تۆ دەبێ بچی بۆ لای پارێزەری دەنگو بەهەر شێوەیەك بێ دەبێ هەوڵبدەی قایلی کەیت کە دەنگ ئازادکات یان دەنگێك لەگەڵ خۆتا لە قەڵاوە دەربازکەو  بیهێنە. گرنگ نیە قەوارەی دەنگەکە هەر چەندێك بێت، گرنگ ئەوەیە لە سەرزارت بێت. دوای ئەوە، ئێمە ئەو دەنگە دەخەینە ناو لولەی  ئەو تۆپەوەو بۆ قەڵای دەهاوین.  دیواری قەڵاکە لەسەر بێدەنگی بنیادنراوە، بە بۆمبارانی بە دەنگ دادەڕمێ.  ئەوەشت دەبێ لەبیر بێ ، دەربازکردنی هەر دەنگێك لە قەڵاکەوە کارێکی ئاستەمە ئەنجامدانی. چونکە پارێزەر بە سانایی هەڵناخەڵەتێت. بەڵام تۆ دەتوانی بە ژیرێتی خۆت، هەوڵی دەربازکردنی دەنگێك بدەیت.

میلۆ پاش کەمێ بیرکردنەوە نووسی:  من بە هەموو بڕوایەکەوە ئامادەم ئەوکارە لە ئەستۆ بگرم.

لەچەند خولەکێکدا میلۆ گەیشتە قەڵاکەو لە دەروازە گەورەکەی قەڵایدا و نامەیەکی نووسراوی کرد بە درزی دەرگاکەدا.  دەرگای یەکەمی  قەڵاکە یەکاڵا بووەوە.  میلۆ چووە ژووری و یەك و دوو دەروازەکە داخرایەوە و دەرگایەکی تر لە ناوەوە کرایەوە.  لەو کاتەدا،  دەنگێکی خۆش وتی:  سەرچاوان هاتی، بفەرموو بۆ ژووری دەنگ ئارایشت کردن،  من چاوەڕێی هاتنت بووم .

میلوش بە هەستێکی ساوایانەوە وتی: دەتوانم ئێستا بدوێم ؟!

ئافرەتەکە بەهێمنیەوە، وتی:  بەڵێ لێرە دەتوانی بدوێیت،  ئێستا وەرە بۆ ژوورێ تا بە ئارایشت و سازدانی دەنگ ئاشناتکەم.

میلۆ لەسەرخۆ بەڕاڕەوەکەدا ڕۆیشت تا گەیشتە ژوورێکی بچوك کە پارێزەری دەنگ لەسەر جۆلانێیەك دانیشتبوو،  لەبەردەمی ڕادیۆیەك کە پڕاو پڕی دیوارەکەی داگیرکردبوو.  ڕادیۆیەکە بە دوگمە و موکەبەرە دەوری چنرابوو، بە بێدەنگیەکەیدا لەوە دەچوو کە کوژابێتەوە. لەگەڵ

گەشتنی میلۆ بۆ ناو ژوورەکە پارێزەر وتی:  بەڕاستی بەیانیان خۆشە پانزە دەقەیەك گوێ بۆ بێدەنگی بگریت.  ئەم  بێدەنگیە کە گوێت لێیە، یەکێکە لەو پرۆگرامە تایبەتیانەی کە ئەز بە ڕۆژانە گوێی بۆ ڕادەگرم،  دوای ئەوە نیوسەعات گوێ لە هێمنی دەنگ دەگرم،  ئینجا ماوەیەکیش بۆ پشودان، گوێ بۆ دەنگە جۆراو جۆرەکان شلدەکەم.  تۆ دەزانی ئەوەندەی ئاوازی دەنگدار هەیە،  ئەوەندەش ئاوازی بێدەنگ هەیە؟ بەڵام جێی داخە کە مرۆڤ سەرنج لە ئاوازە بێ دەنگەکان نادات.



**ئینجا پارێزەری دەنگ لە مێلۆی پرسی: ئایا تۆ قەت گوێت لە بێدەنگی خۆت گرتووە؟ یان گوێت لە هێمنی دوای شەستە باران گرتووە؟ لەوانەیە گوێت لە بێدەنگی بووبێ لەو کاتانەدا کە یەکێ پرسیارت لێدەکاو تۆش وەڵامەکەی نازانیت؟ یان گوێت لە بێدەنگی دەشت بووە کاتێ لە شەودا گەشت دەکەیت؟ یان چاوەڕوانی دووانی ئاخاوتنت کردوە، کە لە کۆڕێکدا چی دەڵێت، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە خەڵکی بێدەنگن؟ زۆر لەوانیش بەجۆشتر کاتێ بەتەنیا دەگەڕێیتەوە، گوێ بۆ بێدەنگی دوای چرکەی داخستنی دەرگای ماڵەوە دەگریت؟ هەریەکە لەو بێدەنگیانە جیاوازن لە هێمنیدا، گەرچی هەریەکەیان بە جۆرێك سەرنج ڕادەکێشن، گەر بە وردی گوێت بۆ ڕاگرتبێت، ئەوا دەزانی باسی چی دەکەم.**

**لەکاتێکدا پارێزەر دەدوا، زەنگۆڵە و پاوانە و گوارەو کەمەربەندەکەی خشەو زەنگیان لێبەرز دەبووەوە کەسەرنجی مێلویان زیاتر بە لای ئاوازو تێمپۆی دەنگدا ڕادەکێشا. کاتێ مێلۆ گوێی لە پرسیارەکانو ئاوازی ئەو دەنگانە دەگرت کە لەوەوە دەهاتن، زڕەی تەلەفۆنەکەی پارێزەر لەو ڕامانە و گوێگرتنە ڕاپەڕاندو لەبەرخۆیەوە دەیوت: ئەوانەی کە بێدەنگییان لا خۆشە، پێیان خۆشە بەسات گوێ لەم پارێزەرە بگرن.**

**پارێزەر بەبیستنی وشەکان هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو وتی: لەوەوبەر کە توانام لە گەشەدابوو، گوێم لە هەموو دەنگێ دەگرت لە کوێ و لە چ کاتێکدا و بۆچی چێکراون. بەڵام ئێستا زۆر بەکەمی دەنگی داهێنراو دەبیستم.**

**تەلەفۆنەکە لێیدایەوە، مێلۆ وتەکانی پێ بڕی، وتی: داوای لێبوردن دەکەم، تەلەفۆنەکەت لێدەدا....**

**لەو کاتەدا پارێزەر یاری بە ڕادیۆکە دەکردو لە وەڵامدا وتی: نا، نا لەکاتی پەخشی بێدەنگیدا، من وەڵامی تەلەفون نادەمەوە.**

تەلەفۆنەکە لێیدایەوە، مێلۆ وتی: لەوانەیە هەواڵێکی گرنگ بێ..!

پارێزەر وتی: خەمت نەبێ ئەوە کەس نیە، خۆم بە ڕۆژانە زەنگ بۆ خۆم لێدەدەم، لەبەر ئەوەی هەواڵێك نیە ڕامپەڕێنێ ؛ یان دەنگێك نیە کە بمەوێ کۆیکەمەوە، جا بۆ ئەوەی بزانم خۆم باشم، ڕۆژانە حەوت تا هەشت تەلەفۆن بۆ خۆم لێدەدەم.

مێلۆ بەرێزەوە پرسی: ئەی ئێستاکە چۆنی؟

پارێزەر بەنارەزاییەوە، وتی: زۆر باش نیم، هەست بەناهاوسەنگی کارەبا و کیمیای گیانم دەکەم، بەڵام پێم بڵێ چی تۆی بە ئێرە گەیاند؟ تێدەگەم لەوەی دەتەوێ بزوێنەرەکان ببینی، هەرچەندە ئەمڕۆ ڕۆژی سەیرکردن نیە، بێ لە ڕۆژانی دوشەممە پاش نیوەڕۆ تا هەشتی ئێوارە ڕێگەی سەیرکردن دەدەم. بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ ڕێگەیەکی دورت بڕیوە، ئەوا ناچارم دڵت نەشکێنم. ئێستا دەتوانی دوامکەوی...

{بە پەلە هەستاو کەوتەرێ، لەگەڵ ڕەوتکردنیا دەنگی زەنگۆڵەو نەرمە ئاوازی پاوانەکانی لە گوێی مێلۆدا، ئاشناییەکی کۆنی دەنگی زیندو دەکردەوە.}

بەدەم ڕۆیشتنەوە، پارێزەر پرسی: تۆ حەز دەکەی گوێت لە ئاوازی پاوانەو زەنگۆڵە بێ ؟ {هەر بۆخۆی وتی} گەر بێتو ئەم دەنگانە نەبیستم، ئەوا لەم قەڵایەدا بەئاسانی وندەبم، لە ڕێگەی ئاوازە جیاجیاکانیانەوە دەتوانم بزانم لە کوێی قەڵاکەدا ڕێدەکەم !.

هەردووکیان چوونە ناو ژوورێکی بچووکەوە کە بە پلیکانە بۆ ماوەی سێبەشی خولەکێك ڕۆچوون، ژوورێکی گەورە لە بزوێنەر لە لای چەپیاندا ئاشکرابوو کە لە ئەرشیفی ڕێکخراوی دەنگ پێکهاتبوو. ئەرشیفەکان لە ڕەفەدا لە ئەرزەوە بۆ بنمیچەکە هەڵچنرابوون. لەوێدا، پارێزەر لەسەرخۆ وتی: لەو ڕۆژەوەی کە مەملەکەتی دانایی ئاوەدانکراوەتەوە تا ئەم کاتە هەر دەنگێك کە چێکراوە، لەگەڵ ورتەو دەنگدانەوەیان لێرە کۆمکردونەتەوە، گەر بخوازی بزانیت سەرچاوەی دەنگەکان چۆن پەیدابوو ؟ لێرەدا دەتوانی لە دویان بگەرێیت.

دوایی پارێزەر چەکمەجەیەکی ڕاکێشاو زەرفێکی قاوەیی دەرهێنا و وتی: بۆ نموونە، ئەمە دەنگە، دەنگی فیکەی نیڵسن بەگە، کە لە بەیانیەکی تەماوی لەندەن دا، لە ترڤالگەسکوێر لەساڵی 1805 لێیداوە.

پێش ئەوەی پارێزەر چەکمەجەکە دابخات، مێلۆ ڕوانییە زەرفەکە و لای ئاشکرابوو کە وتەکانی لەجێی خۆیایەتی. بەدوای ئەودا، مێلۆ بە نەزانینەوە پرسی: باشە، تۆ ئەو هەموو دەنگانەت بۆ کۆکردۆتەوە؟

لەکاتێکدا پارێزەر لە بزوێنەرەکانی وردەبووەوە، وتی: گەر کۆیاننەکەینەوە، ئەوا مەترسی دەنگ بە یەکدادان لە جیهاندا دەکەوێتەوە؛ یان ترسی لەناوچوونیان دەبێ. لەسەر ئەوەشەوە قیڕەو قاوێکی بێکۆتایی دەکەوێتەوە، گەر بێتو بەردوام ڕێکنەخرێن. بۆنموونە، کاتێ تۆ دەنگێ دەبیستی، گەر نەزانی ئەو دەنگە کۆنە یان نوێیە لە ئێستادا ئەوا نازانی ئاخەوەرەکەی کێیەو چی وتووە یان چ پەیامێك

دەخوازێ کە تۆ پێویستە گوێت لێبێت. سەرباقی ئەوانەش، دەنگ لە هەوادا ون نابێت. لەهەمان کاتدا، بەرەلابوونیشیان مەترسی سەرلێشێواندنی لێدەکەوێتەوە. لەوانەیە بڕواش نەکەی، کە دەنگ لە گەردوونا لە هەموو شتێك زیاتر هەیە. دەزانی! ملیۆنێك ساڵ لەمەوبەر گەر مێشولەیەك وەسوەسەیەکی کردبێ، تا ئەم بەیانیە دایکت شتێ دەڵێت، لەم چەکمەجانەدا دەیدۆزینەوە. ئەمەش زۆر سانایيە کە بیکەیت، تۆ ئێستا وشەیەك بڵێ، هەر وشەیەك بێت گرنگ نیە.

مێلۆ تەنیا بیری لە وشەی ..( چۆن).. کردەوە!.

پارێزەر پرسی: بەبیری تۆ ئێستا دەنگی ئەو وشەیە لە کوێدایە ؟

مێلۆ بەشان جولانەوە وتی: نازانم، بەلام هەستدەکەم...کە.

لەو کاتەدا بەرەو ڕاڕەوێکی تر دەچوون، پارێزەر وتی: زۆربەی مرۆڤ هەر وەك تۆ بۆی دەچن. وەرە با ئێستا سەیری چەکمەجەی کۆکردنەوەی دەنگی ئەمڕۆ بکەین. ئەها، ئەوەتا، یەکەم جار دەگەڕێن بەدوای پیتی (چ) تا (چۆن) دەدۆزینەوە. دوای ئەوە دەگەڕێین تا پیتی (ۆ ) دەدۆزینەوە، ئینجا سەیری ساڵو چرکەی لەدایك بوونی دەنگ دەکەین کە مێلۆ لەم قەلایەدا وتوویەتی. سەیریکە، ئەوەتا ئالێرەدایە، بەڕاستی سیستەمێکی ئاسانە دانانو جیاکردنەوەی. تەمەڵییە بۆ هەر مرۆڤێك کە هەوڵنادا سیستەمی ڕۆژانەی دەنگی خۆی دیاری نەکات کە چی وتووە؟ بۆ؟ لە کوێ؟ بەچی گەیشتووە؟.

مێلۆ بەسەرسامیەوە، پرسی: جوانیەکی بێوێنەیە، دەتوانم بۆ یادگارئەو دەنگە هەلگرم ؟

لە وەلامدا پارێزەر وتی: بە دڵنیاییەوە دەتوانی (پاشان) وتی...من پەشیمانم لە بەڵێنەکەم، چونکە دەنگ نابێ لەقەلا بچێتە دەرەوە، چوونە دەرەوەی دەنگ لەم ئانەدا دژە بە دەزگای پاراستنو چاودێری لە دەنگ کردن.

مێلۆ لە دەست و ئەژنۆ کەوت، نەیدەزانی چۆن دەنگێ لە قەلاکە دەربازکات، لەهەمان کاتدا پارێزەر زۆر بەچاوکراوەیی لە هەڵسوکەوتی مێلۆ ورد دەبووەوە. لە دوای چوونە هۆڵێکی تر کە لانەی دەنگ سازکردن بوو ، ئامرازی دەنگ خولْقاندن، بێناز لەوناوەدا بەکارنەدەبران.

لەوێدا پارێزەر بە ئەسپایی چرپاندی: سەیری لانەی دەنگ سازکردن بکە، بە کوێ گەیشتووە...

مێلۆ بەهەستێکی نامۆو نەزانەوە وتی: من بڕوام وابوو، کە دەنگ بۆخۆیان لە قوڕگدا دروست دەبن.

بەدەم ناڕەزاییەوە، پارێزەر وتی: بێ لە داهێنەرانی دەنگ ئاستەمە ڕەشەخەڵك بزانن کە گیروگرفتی دەنگ سازکردن چەند کاتی خایاندووە.

مێلۆ بەسادەییەوە پرسی: باشە چۆن دەنگ چێدەبێت ؟

لەوەلامدا پارێزەر وتی: زۆر ئاسانە دەنگ خوڵقاندن گەر بیری داهێنانت هەبێت، بەلام پێش هەموو شتێك دەبێ بزانی ئەو دەنگە چ شێوەو قەبارەو مەبەستێك لە خۆ دەگرێ، چونکە هەر دەنگێك بەگوێرەی

مەبەستی جیاواز دەخوڵقێنێت. بۆ ئەوەی بتوانی بەڕەوانی بڕیار لەسەر چێکردنەکەی بدەی، دەبێ وشەیەك لە شێوەی وێنەدا لە دەماغی خۆتدا بکێشیت دوایی بە گوێرەی شەپۆلە بزوێنەکان تێمپۆ و ئاوازی بۆ دیارکەی ، ئینجا فۆرمێکی بۆ دارێژیت کە مەبەست بگەیەنێت و، ناوی وشەی لێدەنێیت. ئەو وشەیە سێجار هەڵدەسووی لە پاودەری بنچینەیی شەپۆلەکانی دەنگ سازکردن. دوای ئەوە کە ویستت بیڵێیت، کەمێك لەو چێکراوە لە هەوادا بەردەدەی.



مێلۆ بەسەرسامیەوە وتی: بەڵام من قەت دەنگم نەدیوە!

لەوەڵامدا پارێزەر وتی: تۆ قەت لە دەرەوەی خۆت دەنگ نابینی، ئەمە سەیر نیە کە تۆ نایبینیت. گەر بێتوو بتەوێت بە ڕۆژانە لەناو خۆتا دەنگ ببینیت، دەبێت بەدویدا بگەڕێیت، بەڵام ئێمە ، لێرە بەئاسانی دەیبینین، ئێستا پێت نیشاندەدەم..

پارێزەر شوڵکێکی هەڵگرت، شەش جار لە دەهۆڵێکی دا، شەش گلۆڵەی وەك پەموو بە هێواشی تل بوونەوە. ئینجا ڕووی دەمی کردە مێلۆ وتی: دەبینی چۆن دەنگ دروست بوو؟

پارێزەر هەر شەش گلۆڵەکەی هەڵگرتو هاویشتیە ناو خەباتەیەکەوە، دوایی هەندێ پاودەری نەبینراوی بەسەراکرد، لەگەڵ نیشتنەوەی پاودەرەکەدا دەنگی .. تەپ، تەپ، تەپ، تەپ، تەپ، تەپ، بەرزبوەوە.

ئینجا پارێزەر لە مێلوی پرسی: دەزانی چەپڵە لەچی دەچێ؟

مێلۆ سەرێکی بۆ لەقاند.

پارێزەر کەمێك پاودەری بە هەوادا بڵاوکردەوەو وتی: چەپڵەیەك لێدە.

مێلۆ چەپڵەیەکی لێدا، یەك وەرەقەی سپی بەلارولەنجە بەرەو ئەرزەکە کەوت. سێ چەپڵەی تری لێدا، بەهەمان شێوە سێ پەڕەی تر بەرەو خواربوونەوە. لەخۆشیدا چەپڵەی بە خێرا تر لێدەدا. شەلالەیەك لە لاپەڕەی سپی

بەوێنەی کەف بەرەوخوار دەبوونەوە، لەسەرچاوەی دەستیەوە بەلارولەنجە شەپۆلیان ئەدا.

لەو کاتەدا پارێزەر بەپێکەنینێکی خۆشەوە دووا : بەڵی گیانەکەم، ئاوەها دەنگ چێدەکرێ، وەك ئەوەی دیتو کردت، گەر بیری لێبکەیتەوە، ئەوا دەزانی هەر دەنگێك چۆن دەخولقێت. بۆ نموونە، پێکەنین لەبلقی بچوكو گەورەی هەمەڕەنگی گەشەدار پێکدێت، دیارە هەر دەنگێ بەگوێرەی تۆنەکەی دەگۆڕێت، هەندێکیان ناسكو نەرمن کە دڵخۆش و سەرمەستت دەکەن، هەندێکیان تیژو خوارن کە دڵتەنگو دەروون ورووژێنەرن.

مێلو پرسی: ئەی مۆزیك لە کوێ چێدەکەن؟

پارێزەر وتی: ئا لێرە ئێمە جۆڵای تاڵەکانو چنینی فەرشی سەمفۆنی دەکەین، لەگەڵ ئاوازو مێلۆدیەکانیان، بڕگە بە بڕگە دایان دەڕێژین. کونسێرتیش لەشێوەی جاجمی هەمەڕەنگدا دروست دەکرێ، کە پانتاییەکەی پێکهاتووە لە زەخرەفەی وردی بێکۆتایی تێهەڵکێشان کە هاوسەنگ و هاوتایانە شەپۆلەکانی بەرزدەبن و دادەبەزنەوە بە هێمنی پارسەنگی یەکتر ڕادەگرن. ئاوازی بەجۆشو هێمنی هەڵپەرکێ لە شاڵێکی هەمەڕەنگ دەچنرێ، کە بزوێنەری تیژ تا پۆپەی خاو هەستی نشیوێ بۆ بەرزی دەفڕێنێت. تەنانەت، ئەو گۆرانیانەی کە تۆش بە ڕۆژانە دەیبێژی لە شێوەی دەستەسڕی ڕەنگیندا چێدەکرێ. لەوەوبەر لێرە جۆڵاییەکی بێشوماری دەنگو دەنگدانەوە سازدەکرا، بەڵام ئێستا ئەوەیە کە دەیبینیت.

پارێزەر ماوەیەك بێدەنگی دایگرتو دوایی بەپەژارەوە، وتی: بەر لە ئێستاکە دەنگی دەریاش لێرە دروست دەکراو لەناو هێلکەی گیاندارە ئاوییەکاندا هەڵماندەگرت.

لەناکاو مێلۆ بە ڤیژەیەك پارێزەری ڕاچڵەکاند و پرسی: باشە بۆچی، ئێستاکە تۆ دەنگ ئازاد ناکەیت؟

پارێزەرەکە ڕووی دەمی کردە مێلۆ وتی: لاوەکە مەڤیژێنە ! چونکە لێرە بەهیچ شێوەیەك پێویستت بە ڤیژە نابێت. تۆ، دەزانی هیچ شتێك لەوە ناشرینتر نیە کە خۆت بەڕاست بزانیو بەڤیژە ڕاستی خۆت بسەلمێنیت. ئێستا ئەوەی بەدەستەوەیە داینێو دوامکەوە تا هەموو شتێکت بۆ باسکەم.

ئەوان چوونەوە بۆ ژووری دەنگ ئارایشتکردن و پارێزەر چووە سەر کورسیەکەی و پرۆگرامێکی هێمنی کردەوە. مێلۆش پرسیارەکەی بەدەنگێکی نزم دووبارە کردەوە. لەسەرخۆ پارێزەر هاتە ئاخاوتن: دڵخۆش نیم بە دەنگ ڕاگرتن، بەڵام گەر بێتو مرۆڤ وردتر گوێ بۆ دەنگ بگرێ، ئەوا دەزانێت کە بێدەنگی هاوتایە لەتەك دەنگ دەربڕیندا. چونکە وزەی لایەنێکی دەنگ کە پارسەنگی لایەنەکەی تر دەداتەوە. دیارە کاروکرداریش هەردوو لا بەشێوەی جودا سەرچاوەی هێز ڕاگرتنن، جا چۆنو بۆچی بەکاریان دەبەین، ئەوە جێگەی پرسیارە...؟

مێلۆ کە لە مەبەستەکەی پارێزەر حاڵی نەبوو، پرسی: باشە لەبەر ئەو هۆیەیە کە تۆ ڕێگەت لە دەنگ گرتووە ؟.

پارێزەر وتی: نەخێر، ئەوان دەنگ لەچێکردنی ڤیژەی ترسێنەردا بەکار دەبەن، کە ناشرینە سەیریکەیتو ناخۆشە گوێی لێبگری. هەر لەبەر ئەو هۆیەیە کە ئەو کارەم بۆ دکتۆر زەب زەبە و هاژەو وژەی بەدفەسالْ بەجێ هێشتووە، کە بیکەن.

مێلۆ بەدەنگێکی دلێرەوە، وتی: بەڵام هەندێ لەو ڤیژانە سوودبەخشن..

پارێزەر وتی: لەوانەیە ئەوەی تۆ دەیلێیت هەندێك ڕاستی تێدابێت، بەڵام گەر بێتو ئاپۆرەی مروڤ ئەو ڤیژەیە دروست نەکەن کە ژیان دەیخوازێ، چاکترە تەواو بێدەنگ بن .

مێلۆ ویستی بڵێ "بەڵام" بە بیریا هات ، کە گفتوگۆکەیان بەرەو یەکالا کردنەوەی دەروازەی دەنگ ناڕوات ، بۆیە بەچاکی زانی کە سود لەمانەوەی دەنگی "بەڵام" وەرگرێو لە زاریدا حەشاری بدا بە هیوای ئاودیو کردنی، نەی درکێنێت.

پارێزەر بەکەمێ سەبرەوە، وتی: نامەوێ لەوەزیاتر گلت بدەمەوە، گەر بە ئەرکیشی نازانی هەردوو گیرفانەکانتم بۆ دەرخە، نەکا دەنگێکت هەڵگرتبێت.

پێش ئەوەی مێلۆ بڕوا ، ئەوەی داوای لێکرابوو کردی ، بێ ئەوەی ورتەیەك لە دەمیەوە دەرچێ ، چونکە دەیزانی گەر بڵێ "سوپاس یان ماڵ ئاوا"، ئەوا دەنگی "بەڵام" کە لە زاریدا قەتیس مابوو، لەسەر زمانی بەرەڵا دەبێت و ڕیسەکەی دەبێتەوە بەخوری، بۆیە بەپەلە لەگەڵ ئاوەڵابوونی دەروازەی قەڵاکە بەجێیهێشت.

13

## دەرئەنجامێکی شکست

مێلۆ بە پەلەو  بەدەمی نوقاوەوە هەنگاوی هەڵدەهێنا،  مرۆڤگەلێکیش بەرەو ڕووی بەڕاکردن چوون. زەردەواڵەش هەروەك نوێنەری مێلۆ دەستی سوپاسی بە سنگەوە بۆ خەڵکەکە دەگرت. یەکێك لەو خەڵکە لەسەر تەختەکەی بە نووسین لە مێلۆی پرسی:  دەنگەکە لەکوێدایە ؟


باقی خەڵکەکەش بە پەرۆشەوە چاوەڕێی وەڵامیان دەکرد. مێلۆ لە کاتێکدا هەناسەی خۆی ڕاگرتبوو، دەباشیرەکەی هەڵگرتوو نووسی:  وشەیەکم لە بەینی لێوەکامندا ڕاگرتووە.

هەندێکیان لە خۆشیانا جامانەو کڵاوەکانیان بەئاسماندا فڕێدەدا،  هەندێکیان پاڵیان بە کانوونەکەوە دەنا تا بۆ جێگای خوازیاری بەرن کە لایەنی لاوازی قەڵاکە بپێکێ لە کاتی دەنگ هاویشتندا،  هەندێکی تریان کانونەکەیان بە باروت دادەگرتەوە.

کاتێ تۆپەکە تەواو ئامادەکرا،  مێلۆ خۆی بەرزکردەوە تا ئاستی دەمی تۆپەکەو لەسەر نوکی پێ ڕاوەستا، ئینجا هەردوو لێوی نایە ناو لولەی تۆپی دەنگ هاوێژەرەکەوە.  دەنگێکی بچوك بە هێواشی لە زاریەوە بە پەلە بەناو لوولەی تۆپەکەدا شۆڕبووەوە. یەك و یەك ئاگر لە کانونەکە بەردرا.

مێلۆ لەبەرخۆیەوە وتی: بە هیوام پارێزەر ئازاری پێنەگا...

پێش ئەوەی مێلۆ بەردەوام بێت لەسەر بیرەکەی دوکەڵێکی سپی و ڕەش لە تۆپەکە بەرزبووەوە،  بە ئاستەم دەنگی "بەڵام"  کە هەستێکی بەگومانی لە بیری  مێلۆدا ڕەخساند،  بەر گوێ کەوت.  لەچەند چرکەیەکدا دەنگی "بەڵام" بە بەرزی بەرەو دیواری قەڵاکە چوو،   دوایی بە کەوانەیی خواربووەوە تا بە



لاتەنیشتی چەپی دەروازەکە کەوت.

بۆ ماوەیەك هەموو شتێك لە هێمنییەوە بۆ هێمنتر دەچوو تا بێدەنگی تەواو لەو ناوەدا بالادەست بوو.

{لەوە دەچوو هەوا هەناسەی خۆی ڕاگرتبێ‌و مرۆڤەکانیش بە گومان بن لەوەی دەیکەن}.

دوای قەلادارِماندن، هەموو شتێك بووە دەنگ‌و دەنگدانەوە، گرمەو هاژەو ڤیژە، شکاندن‌و ڕوخاندن، تەنانەت بەردی قەلاکەش وورد و خاش بوو. لەگەڵ قەلاکەدا دارِما، لەو ناوەدا دەنگی کۆن‌و نوێی بزوێنەر سست و بە نائاسایی لە هەوا یەکانگیر و شێتگیربوون. هەندێکیان تیژ بەرز دەبوونەوەو لەشێوەی تافگەیەکی وردە شوشەدا بەرەو خوار دادەبەزینەوە. هەر یەك لە دەنگەکان بە جۆرێك ڕەفتاریان دەکرد. دەنگی پێکەنین هەروەك ڕەنگ دەگەشایەوە، بەلام دەنگی تورِەو ترِۆیی ، بەدوای کوندا دەگەرِا تا خۆی بشارێتەوە...

سەرجەمی دەنگەکانی تر هەر لە فیکە لێدانەوە تا ڤیژاندن، گریان، گۆرانی، کۆکین، ترِین‌و پژمین بەیەکەوە دەکراو دەوترا کە تێکەلەیەکی بێ کۆتاییان لە سەرسورِمان دەخولقاند. هەندێ لەو دەنگانە بە باڵە فرِێ‌و جیکەجیك ڤونەیان دەکرد تا لانەیەك بۆ مەلاسدان وەدۆزن، شریقەی شمشێرلە یەکدان‌و ناڵەی تفەنگ و گرِەگرِی ساروخ، ورِەی مۆتۆرِو، فرِەی پانکە و چوارناڵەی ئەسپ ، لەگەڵ زۆر دەنگی ترا بە تێکەلاوی دەبیستران‌و بێ‌دەنگ دەبوون. جەنگەڵی ئازادی دەنگ بۆ ماوەیەکی نەزانراو مرۆڤەکانی سەرقاڵ و بێدەنگ کردبوو. ئینجا ماوەیەك کەرِو سەرلێشێواو مانەوە. بەدوای ئەوەدا، چۆن دەنگەکان ئازاد بوون، ئاواش دەنگە لاوازەکان‌و بەپێزەکان لە ناوەندی خەڵك‌و یاڵ‌و هەردەکاندا ونبوون، گەرچی هەندێکیان هەر بەدووی لانەدا وێڵ دەگەرِان. لە کۆتاییدا مرۆڤ و دەنگەکان بەیەك گەیشتنەوەو هەریەك بە پەلە کەوتەوە سەودا و مامەڵەی دەنگ و دەنگ ڕفاندن.

کاتێ دوکەڵی دەوری قەلاکە ڕەویەوە، زەردەواڵەو تۆك و مێلۆ پارێزەریان لە کەناری ئاسەواری قەلاکە بەدیکرد کە بەرِاماوی و پەرِۆشەوە لە کاولکاری دوای کارەساتەکە دەیرِوانی. هەرسێکیان بۆ دڵدانەوەی، بۆ لای چوون..... کاتێك پێیگەیشتن مێلۆ بە دەنگێکی هێمنەوە وتی: بە هیوام لێم بگەیت.

تۆك هەڵیدایە: دەبوو ڕووبدا.

زەردەواڵە شەکری شکاند: ئەوەی "بەلام" بە دەنگی کرد، مەگەر با بە ڕەشماڵی کردبێت.




پارێزەر بە تیلەیەکی قەتیسماوی تورەوە، چاوێکی پڕ لە ئازاری بەو ناوەدا گێڕا، بەدەم هەنسکی گریانەوە: کۆکردنەوەی ئەو دەنگانە زۆر دەخایەنێت، ڕێکخستنیشی ماوەیەکی زیاتری دەوێ. ڕوودانی ئەم بەسەرهاتە و ئەنجامەکەی بەشێکی لە ئەستۆی مندایە، چونکە ناکرێ کە دەنگ پێناسە بکەیت لە ڕێگەی بێدەنگ کردنەوە.

کاتێك پارێزەر دەدوا، لە یاڵەکەی پشتیانەوە قرچەو بۆن کڕوزی دوکەڵ دەهات، پاش ماوەیەك هاژەووژە بە گونیەیەکی گەورەوە دەرکەوت، بە بۆڵەیەکی چەند جارەوە وتی: کەس لە ئێوە ئەم دەنگانە دەخوازێ ؟ چونکە بۆ دەرمانەکانی دکتۆر ناسازن و بەکار نابرێن...!

پارێزەر سەری بەناو گونیەکەدا کرد ، ئەو دەنگانەی دییەوە کە لە ئەرشیفی چاوەڕوانیدا هەڵگیرابوون تا لە ئایندەیەکی نەزانراودا بەر بدرێن. بۆیە بەدڵێکی خۆشەوە وتی: هاژەو وژە، بەڕاستی ئەم کارەت جێی پێزانینە. دەبێ سوپاسێکی بێپایانت بکەم. پەیمان بێت ڕۆژێك تۆ و دکتۆر بۆ، مۆزیکی هێمن بەسەرکەمەوە.

لەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵە، هاژەو وژە لەشی داهێزراو بە هێواشی خۆی دزیەوە. کاتێ پارێزەر هەستی کرد کە هاژەو وژە ئەو ناوەی بەجێهێشتووە، بەدەنگێکی پەشیمانیەوە وتی: کاشکی بیرم لەهەست ناسکی هاژەو وژە بکردایەوە کە ئاسان کڵپە دەکا و زوو لەچاو ون دەبێت.



**تۆك هەڵیدایە: بێ لەوەی هاژەو وژە هێمنی ئازاری دەدات، ئەو گرمەو قیژە دەخوازێت.**

**پارێزەر هەناسەی هەڵکێشا، وتی: وایە، زۆرکات لەبیرم دەچێت کە زۆر کەس هەن دەنگی ناقۆڵایان لا پەسەندە . دوای ئەم ڕووداوەش وای بۆ دەچم، کە ئەو دەنگانەش پێویستن. چونکە زۆربەی مرۆڤ تا دەنگی ناساز نەبیستن بیر لە دەنگی خۆش ناکەنەوە. بەڵام بڕوا دەکەم، گەر ئاوازو ژیر لە ناوماندا بوونایە ڕۆژمان بەم ڕۆژە نەدەگەیشت.**

**مێلۆ بە بەرچاو ڕوونیەکەوە وتی: هەر ئەو ناهاوسەنگییە بوو منیشی خستە بەردەمی ئەم گەڕانە.**

**لەوکاتەدا، پارێزەر زەرفێکی پێچراوەی لە باخەڵی چاکەتەکەیدا دەرهانی بە مێلۆی وت: هەریەك لە ئێمە دەبێت ڕێگەیەك هەڵبژێرێت. تۆ، بەرەو گەشتی خۆت بەخێرچیت، بە هیوام ئەم زەرفە کە پڕە لە دەنگی نەسرەوت لە کاتی پێویستدا سوودی لێ وەرگریت. هەروەك چۆن گیاندار خواردنی دەوێت ، هەستو هۆشیش دەنگی دەوێت تا کێڵگەی ژیان نەرمکات. ئێوە دەبێت ئەو ڕێگەیە بگرن کە بە کەناری چەپی دەریاکەدا دەڕۆن. لەوێشەوە شاری ڕەنووس ڕەچاو دەکەن، بەڵام گرنگە کە لە ڕێگادا ئاگاداری ڕووداوی چاوەڕێ نەکراوبن و دوور بڕوانن.**

{پێش ئەوەی  لە مەبەستی پارێزەر بگەن،  گەشتیارەکان ملی ڕێگەیان گرتەبەر.}

کەناری دەریاکە پاكو بێگەرد دیاربوو،  شەپۆلەکانیش سەرەتاتکێیان لەگەڵ لی کەنارەکاندا دەکرد.  لە ناوەندی دەریاکەدا دوورگەیەك سەوزە وادەردەکەوت کە خۆی بە گوڵ و گەڵا ڕازاندبێتەوە تا  پێشوازی لە میوانی ناوەخت بکات. کاتێك گەشتیارەکان لە دوورگەکەیان دەڕوانی، زەردەواڵە بەخۆشیەوە وتی: بڕواناکەم هیچ ڕووداوێك لەم ڕێگەیەدا  شاراوەبێت.

یەكو دوو زەردەواڵە بە هەوادا پەلکێش کرا،  لەوە دەچوو قولاپێك لە دورگەکەوە، ئەو واتەیەی زەردەواڵە بە دروست نەزانێت، هەر بۆیە، دوورگەکە بە شێوازێك پەلکێشی کرد.  تەنانەت تۆكو مێلۆش بە ئاگا نەبوون لە ونبوونەکەی.

تۆکیش پشتگیری لە بۆچوونەکەی زەردەواڵە کردو وتی:  هیچ ڕوونادا.  ئەویش بەهەمان شێوە پەلکێش کرا. مێلۆش کە سەرقاڵی جوانی دوورگەکە بوو  بێ ئاگایانە درێژەی بە لێدوانەکەی ئەوان دەدا، وتی: بێگومان لە ڕۆژێکی وا خۆشدا،  هەر شتی چاك ڕوودەدا.

ئەویش هەر بە دەردی ئەوان ڕاپێچکرا.

لە ناوەختێکدا بوو مێلۆ، خۆی و تۆك و زەردەواڵەی هەڵەرزیوی لە ناو دورگەیەکی بەردەڵانیدا دییەوە. دوورگەکەی کە بە سیمای سەوز دیاربوو، لە ڕاستیدا بەردەڵانی بوو. وەك دەڵێن..دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە.  مێلۆش کاتێك هۆشی بە لای خۆیدا هاتەوە، زیاتر سەرسام بوو بەوەی کە لە ناو ئەو بەردەڵانیەدا، پیاوێکی بەدیکرد.  دوای کەمێ ڕاوێژکردن لەگەڵ خۆیدا ، لە پیاوەکە چووە پێشەوە لێی پرسی:  بە ئەرکی نازانی گەر لێت بپرسم،  ئێمە لە کوێینو چۆن بۆ ئێرە هاتووین؟

پیاوەکەش لە وەڵامدا وتی:  بمبوورە کە وەڵامی تۆ لای من چنگ ناکەوێت،  بەڵام تۆ دەتوانی لێم بپرسی کە من کێم ؟

پیاوەکە نیوە پاڵتۆیەکی تاڵ تاڵی لەبەردابوو،  کە بەسەر پانتۆڵە نوکتە نوکتەکەیدا هاتبووە خوارێ، گۆرەوی پوزەوانەشی بەسەردا لەپێکردبوو، شەپقەیەکی نوك تیژی دوولایەنی وەك یەکی لەسەر خۆی نابوو،  بە سەرلێشـێواویەوە دەدوا. مێلۆ بەبێ ئارامیـەوە وتی:  تۆ بۆخـــۆت دەبــێ بزانی کێیــت ! چ پێویست دەکات تۆ پرسیاری وا لە من بکەیت.

کابراش بەلا بەلایەکەوە وتی: کەوابوو تۆش دەبێ بزانیت بۆچی بۆ ئێرە ڕاپێچکراویت و ئێرەش کوێیە.

مێلۆ بە فسکە فسك بە تۆکی وت:  ئەمە لەوە دەچێت، کە دەڵێن... وەرە ئەو کەرە لەو قوڕە دەربهێنە.  جا تۆ بڕوادەکەی کە ئێمە بتوانین یارمەتی ئەو بدەین ؟.

دوای ڕاوێژکردن لەناو خۆیاندا،  زەردەواڵە لە پیاوەکەی پرسی : تۆ چۆن خۆت پێناسە دەکەیت ؟



**کابرا بەجۆشەوە هاتە وەڵامدانەوە: بەهەموو بڕوایەکەوە، دەتوانم بڵێم من ئەوەندە باڵا بەرزم کە کەس لەهاوشانمدا ناوەستێت.**

**{هێدی هێدی پیاوەکە باڵای دەکرد، تا ئەو ڕادەیەی کە هاودەنگەکان لە جووتێ قۆندەرەو دوو گۆرەوی پوزەوانە زیاتر لە جەستەی کشاوی ئەو هیچی دییان بەدی نەدەکرد}.**

**پاشان پیاوەکە قەوارەکەی ئاسایی بووەوەو وتی: دەتوانم بچوك ببمەوە تا ڕادەی خشۆکێك‌و بەسەر زەویدا بێترس بخشێم. دەتوانم زۆر بەخشندەبم تا دەکرێ {سێوە لاسورەی بە هەر یەکەیان دا}. وە دەتوانم ئەوەندە بۆ خۆم بم کە کەس لەوێنەم نەبێ {سێوەکەی لە دەستی هەرسێکیان ڕفاندەوە}. دەتوانم لە ڕادەبەدەر بەهێزبم {تاشە بەردێکی هەڵگرت‌و بە ئاسانی بەرزی کردەوە}. دەتوانم بێهێزبم بەڕادەیەکی هەست پێنەکراو {تەنانەت لەژێر باری کڵاوەکەیدا دەلەرزی} دەتوانم لە زیرەکیدا بێوێنە بم {بە دوانزە زمان کەوتە دووان}. دەتوانم لە بێ مێشکیشدا شەڕ لەگەڵ گونی خۆمدا بکەم {هەردوو پێی خستە ناو یەك تاك قۆندەرەوە}. دەتوانم ئەوەندە هاوسەنگ بم کە لەسەر دەرزیەك هەڵپەڕم {لەسەر نوکی پەنجە توتەی پێی ڕاوەستا... وەك دەرزیەکی لێهات، ئەمجا کەوتە سەماکردن}. دەتوانم ئەوەندە ناڕێك بم کە مرۆڤ لەخۆی تورەبێ {پەنجەی کرد بەچاوی خۆیدا}. دەتوانم خێرابم کە تیر پێم نەگا {لەخولەکێکدا ، دوو خولی بە دەوری دوورگەکەدا کرد}. دەتوانم ئەوەندە خاو ببزوێم کە مێروولە بەخیلیم پێببات. {ئینجا ڕووی دەمی کردە ئەوان} و پرسی: ئەوەی دیتان لە بارەی منەوە...چی لای ئێوە لەسەر من ئاشکرا دەکات ؟**

**هەمدیسان لەناو خۆیانا کەوتنە چرپەچرپ تا ڕێککەوتن لەسەر وەڵام دانەوەی. زەردەواڵە بەدەم پیاسەکردنەوە، وتی: بەڕاستی ئاسانو ئاشکرایە تۆ دیاریت.**

**تۆك هەڵیدایە، وتی: گەر وەك ئەوەی دەیڵێیت و دەیکەی ڕاست بێت.**

**مێلۆش درێژەی پێداو وتی: بێگومان و ئەملاوئەولاکردن، تۆ دەبێ هەر خۆت بیت.**

**کابرا بە فیژەیەکەوە، وتی: ڕاستە، زۆر ڕاستە ئەوەی ئێوە دەیڵێن، چونکە من بۆ خۆم ناوم هەر (خۆم)ە، بەڵام بۆچی من بۆ خۆم لەوەوبەر بیرم لە ناوی تەواوی خۆم نەکردۆتەوە؟ ئێستا من لە ڕادەبەدەر دڵخۆشم کە دەزانم بە راستی من کێم {دەستی کرد بە قاقای پێکەنین}، دیارە گەر ئێوە نەبوونایە من نەمدەتوانی خۆم بۆ خۆم پێناسەکەم. پاشان وتی: ئێستا من ئەوەندە خەمبارو دڵتەنگم کە دڵم خەریکە لە داخا بتەقێت، {دانیشت، بە هەردوو چەپۆك دای بەسەری خۆیدا}.**

**تۆك کە بەدورگەکەدا دەیڕوانی پرسی: ئەتوانی ئێستا پێمان بڵێیت... ئێمە لەکوێینو چۆن بۆ ئێرە ڕاپێچکراین ؟.**

**خۆم وتی : دڵنیابن کە ئێستا ئێوە لە دوورگەی بێسەرئەنجامدان، جا خۆتانی تەواو بۆ شل بکەنەوە، چوونکە بێخەم ماوەیەك لێرە بەسەر دەبەن تا بە ئەنجامی تەواو دەگەن.**

**مێلۆ تا ئەوکاتەی لێدوانو کردارەکانی پیاوەکەی بە لێدوانی پێشوەختی خۆیانەوە بۆ دورگەکە نەبەستەوە. هەر بۆیە لێدوانەکەی (خۆم) ی بە مەتڵ دەزانی و دورگەی دەرئەنجامیش لە بیرکردنەویدا مانایەکی نەدەگەیاند. بەڵام وردە وردە کە لێدوانەکەیان بەیەکەوە گرێ دەدا لە دەرئەنجامی پەلەی لێدوانەکەی خۆیانی زیاتر لا ڕوون دەبووەوە. هەر بۆیە مێلو لە (خۆم)ی پرسی: باشە ئێمە چۆن گەیشتینە ئێرە بەبێ ئەوەی خۆمان بڕیارێ هاتنمان دابێت.**

**خۆم دوای تێڕامان لە مێلۆ و هاوڕێکانی وتی: بێگومان... بێگومان، ئێوە لە ئەنجامی بێئاگایی دیدو بۆچوونەکانتانا دەرئەنجامی خێرا وەردەگرن، بە راشکاویشەوە خۆتان واتان بۆ خۆتان دەرخست کە دەیزانن، ئەو جۆرە زانینەتان قەڵەمبازێکی نەزانراوە لە سەر ئەم دوورگەیە کە ئێستا تێدەگەن. زۆر کەس هەروەك ئێوە بەم ڕۆژگارە لە لێدوانیاندا بەو جۆرە دەرئەنجامە دەگەن. چونکە بڕیاری ساکار ئاسانە لە کاتێکدا کە بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ بیرکردنەوەکانی خۆتدا نەکەیت. جا هاتنتان بۆ ئێرە پەیوەستە بە پرسیارنەکردنتان لەوەی بینیتان، کە بە راستی وەهایە وە ئەوەی بینیتان یان نە، گەر وایە چۆن وایە؟ گەر واش نیە بۆچی وانیە؟ بە هاتنتاندا، ئەو فاکتەرە ڕوون دەبێتەوە کە بۆتان لواوە زۆر بڵێن و کەم پرسیاربکەن. بەڵام کاتێك بە لای ئەم دوورگەیەدا ڕێتان کرد و ئەو دەرئەنجامگیریەتان بەرامبەر دەرکەوتنی دورگەکە وەرگرت ناتەواو بوو، دیارە ئەم دورگەیەش بێ سزادان ئەو جۆرە دەئەنجامگیریە پەسەند ناکات. بەکورتی لێدوانەکەی ئێوە وەك ئەوە وایە کە دەڵێت... تفەنگ بە تاریکیەوە دەنێت.**

چونکە تەقەی ئاسان مەبەست ناپێکیٚو روانینی نادروستیش پەشیمانی لە دوایە کە سزایەکە، یان خۆت بەسەر خۆتدا دەیدەیت یان یەکێکی تر بەسەرتا دەیدات.

مێلۆ وتی: کەواتە، ئێرە سەوزو ڕازاوە نیە وەك لەوەی کە لە دوورەوە دەردەکەوت.

خۆم لەوەڵامدا: ئەوە ڕاستە کە دەیڵێیت، بەڵام ئەم دوورگەیە مەبەستی خۆی نەخشاندوە و لە دوورەوەش هەر ئەوەیە دەرئەنجامی، گەر ورد بۆی بڕوانی.

لەو کاتەدا کە ئەوان دەدوان، هەشت تا نۆ نەفەر لەڕاستە ڕێی جیاجیاوە بەرەو دوورگەکە ڕاپێچدەکران. زەردەواڵەی گلاراویش لەو ئانەدا، گوڕی بۆ بازدان دەخواردەوە، وتی: بە بازێك بۆ دواوە دەگەڕێمەوە.

{بۆ بێبەختی خۆی زەردەواڵە لەچەند هەنگاوێك تێنەپەڕیو بە پشتا کەوتەوە}.

خۆم ڕووی لە مێلو و هاوڕێکانی کردو وتی: بەو شێوەیە کە زەردەواڵە دەیەوێ قەڵەم بازبدا، کار لێرە بۆ ناچێتە ڕێوە. چونکە، کەس ناتوانێ بەئاسانی لێرە دەربازبێت. گەڕانەوە بۆ کەنار، باجی خۆی هەیە کە دەبێ بیدەن. گەیشتن بەدەرئەنجامو پاشەکشێی زەردەواڵانە لێرە هیچ ناگەیێنێت، چونکە لێرە تۆ دەبێت وەك من خۆت بیت بۆ گەشتنت بەو مەبەستەش دەبێت سەوڵ لێدەیت و مەلە بکەیت تا بەو ئەنجامە دەگەیت کە بە راستی مەبەستە.


مێلۆ بە نیگەرانیەوە پرسی: ئایا بەلەم هەیە تا بەردەوامی بە گەشتەکەمان بدەین؟

خۆم بەسەرلەقانەوە، وتی: تەنیا ڕێگە مەلەکردنە تا ڕێگەی خۆت بگریتەبەر. گەڕانەوەشتان هەم درێژە بۆ بیرکردنەوە، هەم گرانە بۆ باڵ وەشاندن.

زەردەواڵەکە بیری لە مەلە دەکردەوە، موچوڕکەی بە گیاندا دەهات، بە بۆڵە دەیوت: من نامەوێ تەڕبم.

خۆم بەبیری زەردواڵەی هانیەوە و وتی: هاوڕیکانیشت هەروەك تۆ ناخوازن تەڕبن، بۆیە تا ئێستا لێرە چاوەڕێ دەکەن، گەر من لەجێی تۆبم، خەمی تەڕبوونم دەخوارد. چونکە چەند بێ بیرکردنەوە سەوڵ لێبدەین، هەر بە وشکی دەمێنیتەوە و دەریایی زانینش ئەو بیرانە تەڕ دەکات کە پەل دەهاون و لەشەقەی باڵ لێدان سڵ ناکەنەوە. ئێستا داوای لێبووردن لە ئێوە دەکەم، دەبێ بڕۆم تا بەخێرهاتنی میوانە بەپەلەکان بکەم، کە لە بڕوای خۆیاندا بەئەنجام گەیشتوون. ئێوە بۆخۆتان دەزانن من خۆم تا ئەو ڕادەیە پێمدەکرێت کە خۆمبم...

سەرباری سەرکێشی زەردەواڵەو ناڕەزابوونی، مێلۆ و تۆك بڕیاریان دا بە مەلە بپەڕنەوە، ئەویش ناچارما کە مل بۆ مەلە کردن بدات. کاتێ مێلۆ بەرەو دەریا هەنگاوی دەنا، دوا وتەی (خۆم)ی گوێلێبوو کەلە تازە گەیشتووەکانی دەپرسی: دەتوانن پێم بڵێن من کێم؟



کێشەی ساردی ئاوەکە و زۆرانبازیان لەتەك شەپۆلەکاندا. شەپۆلەکان مێلۆیان کەمێك نارەحەتکردبوو، تۆکیش بێ کۆڵدان هانی مەلەکردنی دەدا. کاتێ بە کەناری دەریاکە گەیشتن، جگە لە زەردەواڵە کە کەم تەڕببوو، مێلۆ و تۆك بە تەڕییەکی سەرگەرمەوە بیریان لەئەنجامی پەلەو حوکمی حاکم دەکردەوە لە لێدواندا.

زەردەواڵە بەدەم خۆڕاوەشاندنەوە، وتی: ئەوەندەگران نەبوو کە لێیدەترسام، گەر ڕۆژگار بۆم ڕێکبخات، ئەوا لە داهاتوودا لێرەوە بە مەلە بۆ ئەو بەردەڵانە دەچم.

مێلۆ هەڵیدایە: گەر ئەمە بۆچوونت بێت بۆ بەئەنجام گەیشتن، دیارە نەك هەر تەڕ نابیت، بەڵکو بە ڕۆژانە دەبێت گەشتەکان دوو بارەو سێ بارە بکەیتەوە، بێ ئەوەی پێبزانیت. بەڵام لەمڕۆ بەدواوە من بەڵێن بەخۆم دەدەم، دەبێ هۆیەکی زۆر چاك هەبێ بۆ بەئەنجام گەیشتنم، لەمەڕ هەر تێڕوانینێك کە دەمبێت، چونکە نامەوێ لەوە زیاتر کات لەدەست بدەم، لە دوورگەی بێئەنجامدا.

ئوتۆمبیلەکەیان لەجێی خۆیدا ڕاوەستابوو، هەرسێکیان سواربوون و بەڕێ کەوتن، بە ملەی ڕێگاکە و پێچاوپێچەکاند و بەسەر بەردەڵانیەکەدا ڕووەو بەرزایی شاخەکە لێیان دەخوڕی. هەتاویش بەهێمنی ڕێگاکەی ڕووناکردبووەوە، برسێتی زۆری بۆ هانیبوون.

مێلۆش لەبەرخۆیەوە دەدوا: هیوادارم بەم زووانە گۆشەی قەڵای شارستانیەتی بیرکاری دەرکەوێت. تۆ بڵێیت پێش نانخواردنی بەیانی بگەیەنە لایان؟

# 14

## دوانزه پاڵو سەرقافڵەیە

ماشێنەکە ڕووەو بەرزی دەڕۆیشت و ڕووبەڕووی شەقامێکی سێ ڕییانی بووەوە. گەشتیارەکان کەوتنە بەردەم پرسیار، چ ڕێگەیەکیان هەڵبژێرن؟ تابلۆیەك لە ناوەندی سێگۆشەی ڕێگاکەدا چەقێنرابوو کە وەڵامی پرسیارەکەی مێلۆی ئەدایەوە. دووری شارستانیەتی ڕەنووس بەم شێوەیە لەسەر تابلۆکە دیاری کرابوو: بە میل( 5) میلە، بە یارد (8ر800 )یاردە، بە پێ (26ر400) پێیە، بە گرێ ( 316ر800 )گرێیە، بە نیوگرێ (633ر600 ) نیوگرێیە.

پاش کەمێ تێڕوانین، زەردەواڵە وتی: ئەگەر ئێوە بەگوێی من بکەن، بەبڕوای من ڕێگاکە بەمیل کورتتر دەنوێنێت.

مێلۆش پێشنیاری کرد: با بەگرێ بڕۆین زووتر دەگەین.

تۆك بە گومانەوە وتی: گەر هەر ڕێگایەك هەڵبژێرین ، دەشێ جۆرێك جیاوازی هەبێ.

لەو کاتەی ئەوان دەدوان، بیچمێکی سەیروسەمەرە بەدەم لێوکرۆژتنەوە بەرەو ڕوویان دەهات، لەبەر خۆیەوە دەیووت: بەڕاستی هەر وەهایە! لەجێی خۆیەتی، ئەی چۆن؟ بەڵێ، دەبێ هەر جیاوازییەك هەبێ، گومان لەوەدانیە کە جیاوازی هەیە.

بیچمەکە تەنێکی لەیەکدراوبوو، یان وا دەردکەوت کە ئەندازیارەکان کاتێکی تایبەتیان بە دروستکردنیەوە بە سەر بردبێت {بەڕاستی ئەمە تەنیا ڕێگەیە بۆ پێناسە کردنی ئەو تەنە یان ئەو شێوەیەی کە بتوانی بۆ خۆت وێنەی لە دەماغتا بنەخشێنیت، چونکە هێڵ و گۆشەکانی کە جەستەی ئەویان بەرجەستەکردبوو، پێکهاتەیەکی جوداوازبوو لە ڕووکار، کە فۆڕمی لەیەك دراویان پێکدەهێنا و بەیەکەوە کار دەکەن، ئەو بەو جۆرە ڕەوتی دەکرد.} با بلێن تۆ شەش پاڵویەکت هەیە، دوای ئەوە هەر شەش گۆشەکانی بە یەکسانی دەبڕیتەوە، جارێکی دی هەمان شەش گۆشەی شەش پاڵووەکە ببڕەرەوە. ئەوا ئەوسا شێوەیەکی دوانزە پاڵو پێك دەهێنێت. جەستەی دوانزەپاڵو، جەستەیەکی بەڵگەنەویستە کە ماتماتیك گونجانوویەتی.

تەنەکە هەموو کەنارەکانی بچوك دیاربوونو سووچە گەورەکانیشی هەڵتۆقابوون، کلاوێکی شازادانەی لەسەر خۆی نابوو، ڕوویەك لە ڕووەکانی دەمو چاوی زۆر بەویقارەوە دەیڕوانی. گەر تۆزێ بەوردی لە وێنەکەی بکۆڵیتەوە، ئەوا دوورنیە تێبگەیت مەبەستم لە ڕووکاری چیە؟ کاتێك تەنەکە بە گەشتیارەکان گەیشت، کلاوەکەی بەڕێزەوە داگرتو بە دەنگێکی بەرزەوە وتی:

***گۆشەکانم زۆرن لە چاوتاندا***

***ڕووبەرەکانیشم کەمنین لە ژماردندا***

***من دوانزە پاڵوم پێدەڵێــن***

***ئەی ئێوە کێنو چیتان پێدەڵێن؟***

**مێلۆ کە نەیدەزانی ناوەکەی چۆن گۆبکا، پرسی: دوانزە پاڵو چی دەگەیەنێ ؟**



**دوانزەپاڵو لەوەڵامدا وتی: بۆ خۆت تێمبڕوانە، تۆ نازانی کە دوانزە پاڵو شێوەیەکی ماتماتیکیە لە دوانزە ڕوو پێکهاتووە؟ ڕووکارەکان بەیەکەوە قەوارەیەکی یەکگرتوو سازدەکەن. منیش هەرجارەی ڕووکارێکیان وەك دەموچاو بەکاردەهێنم.**

**کە بە جیددی دەدوا، دەموچاوێکیان سورهەڵگەڕا، کە پێکەنی دەموچاوی گەشایەوە، ئینجا وتی: ئا بەم شێوەیە دەموچاوەکانم لە کۆن بوون و دارزاندن سەرفراز دەکەم، ئەی بە تۆ دەڵێن چی؟**

{لەگەڵ لێدوانی دوانزەپاڵۆدا، یانزە ڕووکارەکەی تریشی دەرکەوتن، کە هەر یەکەیان بۆ خۆیان پانتایی جیاوازی دەربڕینیان ئاشکرا دەکرد.}

مێلۆ بەسەرسوڕمانەوە، وتی: پێمدەڵێن (مێلۆ) ....

لەگەڵ بیستنی ناوی مێلۆدا، دوانزە پاڵو لە پێکەنینەوە دەموچاوی گۆڕا بۆ توڕەیی، وتی: ناوێکی زۆر سەیرە، تەنیا یەك ڕووکاریشت هەیە.

مێلۆ پرسی: بۆ؟ نابەجێی یەك ڕووبوونم لە چیدایە؟

لەوەلامدا دوانزە پاڵو وتی: تۆ ئەوەندەی ئەو یەك دەموچاوەی هەتە، لەگەڵ ڕۆژگاردا بەکاری دەبەیت، پڕ لە چرچولۆچ دەبێ، بەلام من دانەیەك بەکار دەهێنم بۆ پێکەنین، دانەیەك بۆ گریان، یەکێکی تر بۆ سووربوون لەسەر هەر شتێك بێت، تا دەسەلمێنرێت، یەکێکی تر بۆ بیرکردنەوە. شەشەمیش بۆ زمان دەرهێنان. هێشتا هەر شەشی تریشم دەمێنێ. پێمبلێ، ئەرێ ئێوە بەهەموو کەسێك دەڵێن مێلۆ کە یەك ڕووی وەك تۆی هەبێت؟

مێلۆ لەوەلامدا: نەخێر، بەهەندێ کەس گەر کوڕبێت، پێیدەڵێین (جۆن، جاك،..) و گەر کچیش بێ پێی دەڵێین (کارین، سوزان ، .. )، زۆر ناوی تریش هەیە.

دوانزەپاڵو بە هاوارەوە وتی: چ سەرلێشێوانێکە لە جیهانی ئێوەدا کەوتۆتەوە؟! لێرە هەموو شتێك ناوی تەواوی خۆی هەیە. لێرە سێ گۆشە، سێ گۆشەی پێدەڵێن، بازنە، بازنەی پێدەڵێن، گەورەیی یان بچوکی هیچ کاریگەریەکی نیە، تەنانەت هەر ژمارەیەك یەك ناوی هەیە. بۆچی لای ئێوە دەبێ هەرکەسێ ناوێکی جودای هەبێ؟ بوونێك لەو جۆرەی ئێوە بۆ جیهانی ئێمە کارەساتی گەورە دەخوڵقێنێت و ئاشوبی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە، گەر هەموو دوویەك ناونێن دوو مێلۆ و دوو کارین، زۆر شتێتر لەو جۆرە! ئەوسا دەبێ بڵێیت دوو مێلۆو دوو کارین چوار دەکات، خۆ گەر چوار ناوی کارینیشت هەبێت، ئەوا بەجارێ ماڵکاولی ڕوودەدا گەر کۆیان کەیتەوە...

مێلۆ بە ڕاشکاویەوە وتی: من قەت بەو جۆرە بیرم لە بوونی ناولێنان نەکردۆتەوە.

دوانزەپاڵو بە ڕوویەکی بەئاگا هێنەرانەوە وتی: چاك وایە لە ئێستاوە بە ئاگابیتو بە وردی بیر بکەیتەوە، چونکە لە شارستانیەتی بیرکاریدا، بێکەمو زیاد، هەموو شتێك بە وردی و پڕ بەپێستی خۆی دەپێورێت.

مێلۆ وتی: کەواتە، لەوانەیە تۆ بتوانی یارمەتیمان بدەیت لە بڕیاری ڕێگا هەڵبژاردندا.

دوانزەپاڵو بە ڕوویەکی خۆشەوە وتی: بە دڵنیاییەوە دەتوانم، ئەوە کارێکی ئاسانە، بەلام دەبێ وەلامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، پێش ئەوەی بەڕێ بکەوین. ئەمە پرسیارەکەیە : ماشێنێك 30 میل لە ساتێکدا ببڕێ و بۆ ماوەی دە خولەکێك لێبخوڕێ، بڵێین لە کاتژمێری 30ر11 بەیانیدا بەڕێ بکەوێت. ماشێنێکی تر 20 میل لە ساتێکدا لێخوڕێ بۆ ماوەی 15 خولەك لەهەمان کاتژمێردا دەست بە لێخوڕین بکات، بەلام

له ڕێگەیەکی کەوە کە دوو ئەوەندەی تەواوی نیوەی ڕێگاکەی تر درێژبێت، هەروەها گەر سەگێك‌و زەردەواڵەیەك و منداڵێکی بچوك لە ڕێگەی سێهەمەوە هەمان ماوە لێخوڕن، لەهەمان کاتی یەکساندا، لەڕۆژێکی گەرمی ئۆکتۆبەردا. کامیان لەمانە زوو ڕێگاکە دەبڕێ‌و چ ڕێگەیەکیان باشە بیگرنەبەر؟

زەردەواڵە دوای ماوەیەك پەڕە ڕەشکردنەوە و بە پەلە وتی: حەڤدە دەکات!..

مێلۆش دوای هەوڵێکی باش وتی: گەر ڕاستت لەمن دەوێت، من دڵنیانیم لەسەرئەنجامی ڕاڤەکردنەکەم.

دوانزەپاڵو بە ڕوویەکی سووربوونەوە، وتی: دەبێت زیاتر هەوڵی ڕاڤەکردن بدەیت و وردتریش بیر بکەیتەوە، ئەگەر نا ئەوا فێرنابیت بزانیت کە چەند ماوەت بڕیوە؟ یان چەند لە مەبەست نزیك بوویتەوە؟

مێلۆ گەرچی هەستی بە لاوازی بۆچوونەکەی دەکرد، بەڵام نەترسانە دانی بە نەزانینی خۆیدا ناو لەوەڵامدا وتی: من باش نیم لە گرفت دیاریکردن‌و ڕاڤەکردندا.

دوانزەپاڵو بەڕوویەکی ساردەوە وتی: هەواڵێکی ناخۆشە کە لاوێکی وەك تۆ وا سەیری توانای خۆی بکات، تۆ سەیری بیڤەر بکە {بیڤەر گیاندارێکی شیردەرەو لە گوێی ڕووبارە بچکۆلانەکانی دونیادا ژینگەی خۆی دروست دەکاو دەژی} ، ئەو بە کلکێکی یەك پێیەوە و لەشێکی سێ پێیەوە، دەتوانێ بەربەستێك کە پانی و درێژی دوومەتربێ لەسەر جۆگەلەیەك لە دوو ڕۆژدا دروست بکات. کەواتە بۆ دروستکردنی بەربەستێکی بیست مەتری تۆ پێویستت بە بیڤەرێك دەبێت ، کە لەشێکی هەژدە مەتر درێژو کلکێکی شەش مەتر درێژی هەبێت، تا ئەو کارە ئەنجامدا.

زەردەواڵەش وتی: لەکوێ دەتوانیت بیڤەرێکی وەها گەورە بدۆزیتەوە؟.

دوانزەپاڵو لە وەڵامدا وتی: من بەدوایدا ناگەڕێم تا بیدۆزمەوە، بەڵام گەر تۆ بینیتەوە، ئەوسا تۆ دەزانی چی پێدەکەی ؟

لەکاتێکدا مێلۆ بیری دەکردەوە، بە دەنگێکی ناڕەزاییەوە، وتی: ئەوە شێتیە کە دەیڵێیت.

دوانزەپاڵو لەسەر ڕوونکردنەوەکەی خۆی ڕۆیشت و وتی: ئەوەی تۆ دەیڵێیت لەوانەیە ڕاستبێت، بەڵام وەڵامەکەی من لەجێی خۆیدایە، جا گەر پرسیارەکە لەجێی خۆیدا نەبێت، کێ گوێی پێدەدات ! جا گەر تۆ بتەوێ لێم تێبگەیت، ئەوا دەکەویتە هەوڵدان.

تۆك کە بە سەبرەوە هەوڵی ڕاڤەکردنی گرفتەکەی دەدا، لەسەرخۆ وەڵامی پرسیاری یەکەمی دوانزەپاڵوی دایەوە، وتی: هەر سێ ڕێگاکە بۆ یەك جێ دەچن و لەهەمان کاتیشدا دەگەن.

دوانزەپاڵو بە دەنگێکی بەرزەوە وتی: تەواوە، ئێستا دەزانن کە گرفت چەند گرنگە چارەسەربکرێ، بەلای کەمەوە لە بیرکردنەوەدا، گەر بهاتایە ئێوە یەك گرفتتان بەتەواوی شیتەڵ نەکردایە، ئەوا دوور نەبوو ڕێگەیەکی هەڵەتان هەڵبژاردایە، مادەم وایە خۆم دەتانگەیەنم.

زەردەواڵەش کە بەڕاستی بە ڕاڤەکردنەکەیدا دەچووەوە، وتی: تێناگەم لە کوێدا هەڵەم کردوە...؟

مێلۆ هەڵیدایە: ئەگەر هەرسێ ڕێگاکە لەیەك کاتدا بەجێگای مەبەست بگەن، کەوابوو دەبێ هەر سێ ڕێگاکە ڕاستبن ، وانیە ؟

دوانزەپاڵو کە تورە بوو لە وەڵامەکە، بەدوای دەموچاوە تورەکەیا دەگەڕا، وتی: بەدڵنیاییەوە وەها ناکات، هەر لەبەر ئەوەی تۆ دەتوانی ڕێگەیەکیان هەڵبژێری، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە یەك لەو ڕێگایانە دەبێ ڕاستبێت، چونکە دەشێ هەر هەموو ڕێگاکان بۆ ئەو سەرچاوەیە نەچێ کە تۆ مەبەستتە بۆی بچیت.

دوانزەپاڵو چوو تابلۆ چەقیوەکەی سەر جادەکەی سێ جار خولاندەوە بەدەوری خۆیدا، کە تابلۆکە لە خولانەوە ڕاوەستا هەر سێجادەکە وون بوون ، لەپڕ جادەیەکی تر دەرکەوت، کە تابلۆکە بەشێوەی ئێستا ئاماژەی بۆ دەکرد.

مێلۆ پرسی: ئایا هەموو ڕێگاکان پێنج میل لە شارستانیەتی ڕەنووسەوە دوورن؟

دوانزەپاڵو کاتێ لە ماشێنەکەدا دانیشت وتی: بەڵێ دەبێ وەهابێ، ئەوە تەنیا تابلۆیەکە کە هێما بۆ ئەوێ دەکا..

ڕێگاکە پڕ تاسەو چاڵو چۆڵی بوو، لەگەڵ هەر تاسەیەکدا دوانزەپاڵو بەرز دەبووەوە و دەکەوتو یەکێ لە دەمووچاوە گۆڕاوەکان دەردەکەوت، جارێك بە پێکەنینەوە، جارێك بە تووڕەبوونەوە. بەدرێژایی ڕێگاکە سەرنجی ڕووی ئەویان دەدا، لەپڕ دوانزەپاڵو وتی: زۆرمان نەماوە بگەین.

پاش ماوەیەکی کورت تابلۆیەکیان دی، کە لێی نووسرابوو: بۆ شاری ژماردن بەخێربێن. ڕووکار و دەورووبەری تابلۆکە لە کانەبەرد دەچوو. زەردەواڵە بەوناوەدا دەیڕوانی، بەتوانجەوە وتی: لە بەخێرهاتنێکی گەرم ناچێت !

ڕێگاکە بەهێواشی لەشاخەکەوە بەرەو کونی ئەشکەوتێك شۆڕدەبووەوە، تاسەکانیش گیانو ڕۆحی دوانزەپاڵویان گوشار دەدا، کە لەوە دەچوو دەموچاوی خەمباری، دەموچاویی دوانزەپاڵویان تاپۆ کردبێت.

مێلۆش بە سادەییەکەوە پرسی: ئەرێ ئێمە بەرەو کارگەی ژمارە دروستکردن دەچین ؟

دوانزەپاڵو بە سووکە تووڕەبوونێکەوە وتی: ژمارە چێناکرێ، بەڵکو بەدویدا دەگەڕێیت تا فۆرمی خۆی دەدۆزیتەوە. بۆچی تۆ هیچ دەربارەی ژمارە نازانیت؟

مێلو لەبەردەم پرسیارەکەیدا، هەستی بەشەرمەزاری دەکرد، ئامادەش نەبوو، دان بە نەزانی خۆیدا بنێت، بۆیە لەوەڵامدا وتی: ئاها، من ژمارە زۆر بە گرنگ نازانم. دوانزەپاڵو کە نەیدەزانی چۆن تورەبێت لە تورەییدا وتی: دەڵێیت ژمارە زۆر بە گرنگ نازانیت؟! پێم بڵێ، دەتوانی دوو پیاڵە چاییت هەبێت، بەبێ ئەوەی دوو پیاڵە چا لە بەرچاودا بوونی هەبێت؟ یان سێ مشکت هەبێت، بەبێ ئەوەی سێ مشك بوونیان


هەبێ؟  ئەگرێ بڵێین ئەرز چوارگۆشەی هەیە،  بەبێ ئەوەی چوارگۆشە لە کۆتای جەمسەرەکەیدا دیاربێت؟  دوای ئەوە چۆن دەتوانی حەوت دەریا ببڕی،  بەبێ ئەوەی حەوت دەریا شەپۆل بدات؟

مێلۆ وتی:  من دەمویست بڵێم.....

دوانزەپاڵو کە لە تورەییدا کلپەی دەکرد،  بەردەوامی بە لێدوانەکەی خۆی داو وتی:  گەر تۆ هیوایەکی بەرزت هەبوو لە ژیانتا چۆن دەزانی هیواکەت دەگەشێتەوە؟  ئایا دەزانی هەموو دەربەندێکی تەسك لە پانتاییەوە دەست پێدەکات؟  یان چۆن دەزانی کردنی شتێك درێژخایەنە؟ {لەو کاتەدا دەستی بە چواردەوری سەریا دەگێڕا}  گەر نەزانی درێژخایەنی تا چەند دەکێشیت؟ و بۆچی؟  ژمارە بەهاترینو بەسودترین و جوانترین شت نیە کە  گەردوون نەخشاندویەتی.  دوام کەون تا پێتان نیشاندەم کە ژمارە چیەو چی دەگەیەنێت !...

لەبەردەمی کونی ئەشکەوتێکدا ، دوانزەپاڵو هاتە سەر چۆکو خۆی بە ناویدا کرد، لەناوەوەی بانگی گەشتیارەکانی دەکرد:  وەرنە ژوورەوە من بەتەما نیم لە چەند خولەیەك زیاتر چاوەڕێتانکەم.

ئینجا گەشتیارەکان یەك بەدوای یەكدا خۆیان بە ناو کونە ئەشکەوتەکەدا کرد. لەگەڵ چوونە ژورەوەیاندا، ئەشکەوتەکە لەسەرەتادا  ناچاریکردن کە چاویان  هەڵگلۆفن و بیکەنەوە تا دەستەمۆی تاریکی ناوەوەی ببن. لە هەمان کاتدا گوێیان لە دەنگی بەرد پارچەکردنو خشاندنو پاککردنەوەو بەیەکادانی بوو کە سەرنجیانی بۆ قوڵایی ئەشکەوتەکە ڕاکێشکرد.  باروگوزەرانی ناوەوە وەك ڕوانگەیەکی بێنیگا دەردەکەوت، بۆیە بە چرپەوە، مێلۆ پرسی:  بۆ کوێ دەچین؟



دوانزەپاڵو وتی: بۆ کانگەی ژمارە دروستکردن دەچین.

مێلۆ لەناو ئەشکەوتەکەدا بە دەوری خۆیدا خولایەوە. دیوارە داتاشراوەکەی ئەشکەوتەکە لە تەپڵەسەری ئاوەژووکراو دەچوو کە شانە کرابێت. دەنگە دەنگی کارگەکان لەلای خوارەوە مێلۆیان لە تەلیسمی ڕوانین دەرپەڕاند و بەرەو سەرچاوەی دەنگەکە گوێ قوت بوو ، لەگەڵ نزیك بوونەوەیدا، مێلو بۆی دەرکەوت کە هەر یەکەیان لە کارگەکان خەریکن کارێکی جودا دەکەن. یەکێ بەردی هەڵدەکەنیو یەکێ نەقاڕی دەکا، یەکێکی تریان سمارتە دەکاو هەندێکیان گالیسکەکان پڕ دەکەن. چاودێرێك بە پەرۆشەوە لە پەڕاوەکەیدا ژمارەو کۆد تۆمار دەکات تا بەرهەمە ئامادەکراوەکان ڕەوانەی جێی پێویست بکرێن.

کلاورۆژنەی بنمیچی ئەشکەوتەکە بەچەپکە تیشك ئەو ناوەی ڕووناك دەکردەوە. دەنگەکان کە دەهاتن، وەها تێکەڵ بە دەنگدانەوەکان بووبوون، کە گیانی ئامادەییو بەرگرییان لەلای تۆك دەبزواند ، زەردەواڵەی شلەژاویش لای ڕوون نەبوو چی بکات.

مێلۆ پرسی: ئەم کانگایە کێ ئاوەدانی کردۆتەوە؟

دەنگێك لە دوورەوە وەلامیدایەوە: ئەمە شارستانیەتی ڕەنووسە کە تۆ دەیبینیت. من ئاوەدانم کردۆتەوە، سوێندیشت بۆ دەخۆم بە(چوار ملیۆنو هەشت سەدو بیستو حەوت هەزار و شەش سەدو پەنجا و نۆ) تووك کە سەرمیان داپۆشیووە، ئەوەی دەیڵێم هەر وەهایە.

سێبەرێك لەتەك دەنگەکەدا دەرکەوت کە پاڵتۆیەکی درێژی بە هاوکێشەی ماتماتیکی سادەو ئاڵۆز نەخشاو لە بەردا و کلاوێکی قووچی لەسەرداناوە. وردە وردە لە مێلۆ نزیك دەبووەوە. دارێکی درێژی بەدەستەوەبوو کە سەرێکی تیژبوو لە وێنەی نوکی قەڵەمدا، سەرەکەی تری خڕبوو لە وێنەی لاستیکی کوژانەوەدا. کە تەواو نزیك بووەوە، بیرکاری بە هەستێکی لەخۆڕازیبوونەوە وتی: من ناوم بیرکارە و ئەم کانگایە ژمارە بۆ جیهان بەرهەم دێنێت.

مێلۆ پرسی: بەردی بەنرخ لێرە دەست دەکەوێت؟

بیرکار سەری بردە نزیك گوێی مێلۆ، وتی: بەم پاڵتۆیەی بەرم کە تۆ نیگای دەکەیت، ئەمە پێکهاتووە لە هەشت ملیۆنو دووسەد و چلو حەوت هەزارو سێسەدو دوانزە تاڵ دەزووی لە یەکدراو، کە من سوێندی پێدەخۆم. ئەم کانگایە پڕە لە بەردی بەهادار، گەر تۆ بە زانایانە نیگا بکەیت، ئەوا بۆ خۆت دەتوانی بیان ناسیتەوە.



بیرکار لەو کاتەدا بەردێکی لە گالیسکەیەك هەڵگرت کە تێدەپەڕی، بە پاڵتۆکەی جوان پاکی کردەوەو بەرەو تیشکەکان بەرزی کردەوە، کە بریسکەو ڕەنگدانەوەی بەردەکە چاوی مێلۆیان بەندکرد.

مێلۆ بە حەپەساویەوە وتی: ئەوە ژمارە پێنجی لێهەڵکەنراوە.

بیرکار وتی: بەڵێ وەك زێڕێکی نرخدار، لەهەموو سەودایەکدا مامەڵەی پێدەکرێ.

بیرکار هەر لەو کاتەدا دەستی بەناو گالیسکەیەکی تردا کرد ، یەك چنگ بەردی ورد و درشتی هەڵگرت، کە پێکهاتبوون لە (لە سفر گەورەتر و بچوك تر) لە مشتی مێلۆی نا.

دوانزەپاڵۆش لەولاوە هێمای بۆ کارگەکانی دەوروبەری کرد و وتی: ئێمە ژمارە هەڵدەکەنین و ڕێکوپێکیان دەکەین، ئینجا بەگوێرەی داواکردن بەسەرانسەری جیهاندا بلاویان دەکەینەوە، کارێك دەکەین مەگەر هەر ژمارە بزانێ نرخی خۆی لەچیدایە، ئێوەش، هەروەها بیری لێدەکەنەوە، وانیە؟

تۆك کە ژمارە بیری وروژاندبوو، وتی: کەوایە ئەو هەموو ژمارانە کە هەیە، لێرە چێدەکرێن و بە دونیادا بلاودەکرێنەوە.

مێلۆ ئەو کۆمەڵە ژمارەیەی کە لەناو دەستیدا بوو، بۆ دوانزەپاڵۆی گەڕانەوە، یەکێك لەوانە لە دەستی کەوتەخوارەوەو شکا. مێلۆ بەم ڕووداوە دلگران بوو.

بیرکار هاتە وەلام و وتی: دڵ لە دڵ مەدە، چونکە لێرە بەشەکانی ژمارە بە فیڕۆ ناچێ، ئێمە ئەو بەشە شکاوە وەك بەش دادەنێین، تۆ دەزانی زۆربەی زۆری ژمارە بەسەر خۆیدا و بەسەر یەکێکی تردا دابەشدەبێت ؟

زەردەواڵە کە بێهیوابوو لە ڕوانین ، پرسی: ئەی بەردی وەك ئەڵماس و کوژەکەی بەهادار لێرە چێناکەن ؟

بیرکار لەوەلامدا: بەڵێ هەڵیان دەکەنین، ئێستا ئێوە دەتوانن لێرەوە لەگەڵمدا ڕێکەن. چوونە ژوورێکی گەورە و کۆمەڵەیەکی گەورە لە زەوییەوە بۆ بنمیچەکە هەڵدرابۆوە، کە پێکهاتبوو لە بەردی جۆراوجۆری مرواری سپی، سور و سەوز، لەگەڵ بەردی سور، سەوز و زەردی بەنرخی زومرود، هەر وەك خۆڵ لەو ناوەدا هەڵدرابووەوە.

بیرکار بەهەناسەیەکی ساردەوە وتی: بڕوانە ئەو کۆمەڵەیە چۆن کەڵەکە بووە و بۆتە ڕێگر لە بەردەممماندا، کەس نازانێ چییان لێبکات، جگە لە فرێدان.

بیرکار لوولەیەکی بچووکی لە گیرفانیا دەرهێنا و بە هێواشی فوی پێداکرد تا دەنگێکی وەك فیکەی لێیبەرز بۆوە، ئینجا وتی: کاتی نان خواردنە دەست لە کار هەڵگرن.

زەردەواڵەش بۆ یەکەم جار لەوێدا ویستی بڵێت..



# 15

## ڕێگەیەك بەرەو هەتا هەتایی

لە ناو ئەشکەوتەکەدا، هەشت کارگەی دەست و مەچەك ئاسن بە تاوەیەکی گەورە کە هەڵاوی بۆن خۆشی لێ بەرزدەبووەوە دەرکەوتن. هەڵاوەکە بە شێوەی گێژەڵوکە ڕووەو بنمیچەکە بە ئەسپایی دەکشا. گەدەی مێلۆ و تۆك و زەردەواڵەش وەك باڵدارێکی بێباڵ فڕکەیان بۆ بۆنەکە دەکردو لیبك لە زاریاندا بەگەڕدەکەوت. دەمیان وەك زەڕنەقووتە کردەوە بە سوپاس کردن، ژماردنی خولەکان لەو ساتەدا وێردی سەر زمانیان بوو. کاتێك تاوە دانرا، کارگەرەکان نانیان بۆ خۆیان تێکرد و دەستیان بە خواردن کرد.

بیرکاریش کەمێکی لە قاپەکە کردو بە گەشتیارەکانی وت: دوورنیە ئێوەش برسیتان بێت.

مێلۆ وتەکەی لە دەم بیرکار قۆزتەوە: بەڵێ ئێمە زۆر برسیمانە..

تۆکیش بە کلکە لەقێوە وتی: زۆر سوپاس، ئامادەی نانخواردنین.

زەردەواڵە کە نوزەی لێبڕابوو، بێدووان قاپی خۆی پڕ لە خواردن کرد. گەشتیارەکان لە چاو تروکانێکدا قاپی یەکەمیان تەواوکرد. بیرکار وتی: بۆ خۆتان سەر پشك بن لە بڕیاری خواردن و نەخواردندا ..

{ئەو وەجبەیەشیان هەر بە پەلە خوارد}.

مێلۆ لەبەر خۆیەوە دەیووت: ئەم خواردنە زۆر سەیرە لەدوای هەرجارێك کە دەیخۆم، هەست دەکەم کەمێ لەوەوبەر برسیتر دەبم.

دوای ئەوەی مێلۆ نۆ قاپی بە هێواشی تەواوکرد و تۆك یانزە قاپی پڕکردەوەو زەردەواڵە بیست و سێ جار قاپەکەی لە خواردن بەتاڵکردەوە.

بیرکار شاوەری بە ئاگا هێنانەوەی لێدا، کارگەرەکان هاتن و قاپەکانیان یەکسەر کۆکردەوە.

زەردەواڵە کە بینی خواردنەکەیان لابرد، وتی: برسێتی خەریکە گەدەم هەڵدەلووشێ، لەوە دەچێت ئەوەندەی کە خواردوومە، ئەوەندەی تر برسی کردبێتم.

مێلۆش گوێی بۆ قۆڕەی ورگی دەگرت و دەیگوت: منیش هەروەها هەست دەکەم گەرچی دەزانم زۆریشم خواردووە.

دوانزەپاڵۆش کە دەمە جیاجیاکانی پاکدەکردەوە، وتی: کوڕینە خواردنێکی نایاب بوو، وانەبوو؟ دەزانن ئەوە خواردنێکی شاهانەی تایبەتییە کە پێی دەڵێن لێدەرکردن.

تۆکیش کە شانی لەسەر بەردێك دایابوو، وتی: هەستی برسێتی گوشاری لەسەر گەدەم زیاد دەکات، لە دوای نانخواردنەکەوە، بۆیە زوو لە خواردن کشامەوە.

بیرکار وتی: خواردنەکەی خواردتان، خواردنی لێدەرکردن بوو، هەربۆیە هەستتان، هەستێکی سروشتیە کە زیاتر برسیتان بێت. بۆچی ئێوە چاوەڕێی سەرەئەنجامێکی ترتان دەکرد؟ ئاشکرایە کە زیاتر بخۆی زیاتر برسیت دەبێ، هەموو کەسێك لێدەرکردن دەزانێ ئەنجامی چۆن دەکەوێتەوە.

مێلۆ بەگومانەوە پرسی: گەر هەموو کەسێ دەزانێ ؟ باشە چۆن دەزانێت کەی دەست لە خواردن هەلگرێ؟

بیرکار بەبێ ئارامیەکەوە وتی: لەشاری ژمارەدا، ئەو کاتە خواردن دەخۆین کە تێرین بۆ ئەوەی برسیمان بێت. ئەم پێوانەیە لەوەوە هاتووە، کاتێ کە تۆ هیچت نیە، لەڕاستیدا تۆ زیاتر لە پێویستت هەیە. ئەمەش سیستەمێکی ئابووری زۆر بەکارە، تۆ دەبێ پڕ بووبێتیتەوە چونکە ئەوەندە زۆرت خواردوە.

دوانزە پالۆ مەبەستەکەی بیرکاری ڕوونتر کردەوە و وتی: ئەوە لۆژیکی تەواوە، هەتا زیاتر داواکەی کەمترت دەست دەکەوێت. ئەوسا زیاترت هەیە. ئەوە کۆکردنەوەیەکی ئاسانە بێچەندوچونکردن. داینێ تۆ شتێکت هەیە و شتێکی بۆ زیادکە، دوای ئەوە ئەو شتەی هەتە چی لێ بەسەرهات؟

مێلۆ بە پەلە وتی: زیاتر دەکات.

دوانزەپالۆ وتی: ڕاستە، ئینجا وای دانێ کە تۆ شتێکت هەیە، هیچیشی بۆ زیاد ناکەیت، ئەوە چی دەگەیەنێ؟

بێلێکدانەوە، مێلۆ وتی: هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە.

دوانزەپالۆ وتی: زۆر تەواوە. جارێکی تر وایدابنێ کە شتێکت هەیەو کەمتر لەهیچی دەهاویتە سەر، ئەوسا چیت هەیە؟

زەردەوالەی نیگەران کە برسێتی گێژی کردبوو، وتی: ئافات دەکەوێتەوە.

{ زەردەوالە لای ئاشکرا بوو کە ئەو بیست وسێ جار خۆی برسیتر کردووە}.

دوانزە پالۆ بە دەموچاوێکی هاودەنگانەوە بە زەردەوالەی وت: ئەوەندە خراپ لێکیمەدەرەوە، زۆر لە بەختی خۆت گلەییمەکە، دوای چەند ساتێ ورگت پڕدەبێتەوە تا ئەوکاتە نان خواردنی ئێوارە دێت.

مێلۆ وتی: من ئەوکاتە نان دەخۆم کە برسیم دەبێ.

بیرکار سەری دارەکەی دەستی کە لاستیك بوو، بە بنمیچی ئەشکەوتەکەدا چەند جارێك هێناو برد، دوایی وتی: بۆچوونێکی سەیرو سەمەرەت لەمەڕ نانخواردن هەیە، تۆ ئەتەوێ وا لە ئێمە بگەیەنی کە بڕوابکەین، تۆ تا هیلاك نەبی نانویت.

لەناکاوێکدا، کارگەری بەردتاشینی ناو ئەشکەوتەکە و دوانزەپالۆ لە چاو ونبوون.

زەردەواڵە، تۆك و مێلۆش لە پێشانگاکەیدا وەستابوون، چاوەڕێی بیرکاریان دەکرد کە شتێك بڵێت.

بیرکار دیدو بۆچوونی خۆی بەو شێوەیە بۆ میوانە گێژبووەکانی لەمەڕ جێگۆڕینەکە ڕوون کردەوە: من ڕێگەی خۆم بەم جۆرە دەدۆزمەوە، کاتێ لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکیتر دەچم، ئەو جێگەیەی کە لێیم، دەیکوژێنمەوە تا بڕۆم بەرەو ئەو جێگەیەی کە دەمەوێ لێیبم. ئێستا ئێوە پشوی خۆتان بدەن.

مێلۆ بەسەرسامیەوە پرسی: تۆ بەم جۆرە گەشت دەکەیت؟.

لەو کاتەدا مێلۆ چاوی بە ژوورە بازنەییەکەی بیرکاردا دەگێڕا، کە لە شانزە پەنجەرەی بچووك پێکهاتبوو، کە هەر پەنجەرەیەکی تەواو بەرامبەر خاڵێکی قیبلەنما دەوەستایەوە. چوار دەوری بازنەکە لە سفرەوە تا ژمارە سێ سەدو شەستی لێ نووسراوە کە نمرەی گۆشەکانی بازنە بەیان دەکات. لەسەر زەویەکە، دیوارەکە، مێزەکە، کورسی‌یەکە، مێزی کارەکە، دۆڵابەکە و تابلۆ بچوکەکە، پانی، بەرزیو دووری هەریەکەیان لەوی تریاندا نووسراوە. لەلایەکی تری ژوورەکەوە پەڕاوێکی مەزن دانراوە. لەولای دیوارەکەوە قولاپێك داکوتراوە، کە مەتر، تەرازو، قەپان و زۆر شتی‌تری پێدا هەڵواسراوە کە بۆ پێوانەی جۆراوجۆر بەکاردەبرێن.

ئینجا سەرە قەڵەمەکەی بەهەوادا هێناو برد، لە شێوەی هێڵێکی ڕاستدا، بە ویقارەوە بۆ کۆتایی هێڵەکە ڕۆیشتو وتی: زۆربەی کات کورتترین ڕێگە دەگرمەبەر لە ناوەندی دوو خاڵی ڕاستەڕێدا ڕێدەبڕم، گەر بشمەوێ لەیەك کاتدا لە 7 جێگابم ئەوا دەنووسم 1×7=7. لەناکاو حەوت بیرکار لە شێوە و بەرگی ئەودا دەرکەوتن، بە تەواوی لەیەك دەچوون، لە تەنیشت یەکەوە ڕاوەستان.

مێلۆ بە واق وڕمانەوە پرسی: چۆن ئەوەت ئەنجامدا ؟

حەوت دەنگ بەیەکەوە لەیەك کاتدا وتیان: هیچی تێدانیە، گەر تۆ ئامرازی ئەفسووناویت هەبێت. دوای ئەوە شەشیان خۆیان لەیەکتر دەرکردو تەنها یەکێکیان مایەوە.

زەردەواڵە گۆچانەکەی دەستی خۆی دا بە دارەکەی دەستی بیرکاردا و وتی: قەڵەمە، پێی دەنووسرێ و دەیکوژێنێتەوە.

بیرکار ڕووی کردە مێلۆو وتی: زۆر تەواوە، هەرواشە کە زەدەواڵە دەیڵێت، بەڵام گرنگە کە تۆ فێربیت نەترسانە و بیر تیژانە بەکاری بهێنیت. کاتێکیش زانیت بنووسیت دەزانیت قەڵەم لە ئەندازەبەدەر توانای ڕێخستنی فکری هەیە. ئێستا وەرە نزیکەوە، بە وردیش لە دەستم بڕوانە.

مێلۆ سەیری جلوبەرگ و کراسو کڵاوە قووچەکەی بیرکاری دەکرد. بیرکاریش بە وردی لەسەر تەختەکەی ئەم هاوکێشەیەی نووسی:

4+9 – 2 ⋆ 16 + 1 ÷ 3 ⋆ 6 – 67 + 8 ⋆ 2 –3 + 26 –1 ÷ 34 + 3 ÷ 7 +2–5 =

بە چاویش لە نووسینەکەی وردبۆوە، ئینجا ڕوویکردە هەرسێ گەشتیارەکەو پرسی: سەرئەنجامی ئەم هاوکێشەیە چۆن دەکەوێتەوە؟

زەردەواڵە بە پەلە وتی: نۆزدە دەکات.

مێلۆش وتی: هیچی نامێنێتەوە و دوائەنجام سفر دەکات.

بیرکار وتی: وەڵامەکەت زۆر تەواوە، بینیت ژمارەکان یەکتری ڕەت دەکەنەوە، بێ بەرگری، یەکتر دەخۆنەوە لە چاو وندەبن. ئێستا هیچ شتێکیتر هەیە ، کە تۆ بتەوێ بیزانی؟

مێلۆ پرسی: گەر بە ئەرکی نەزانی، دەتوانی گەورەترین ژمارەم نیشاندەی؟

لەو کاتەدا بیرکار چەکمەجەیەکی کردەوەو وتی: زۆر بە دڵخۆشیەوە ئامادەم، دەتوانی بێیتە پێشەوە بۆی بڕوانیت. ئەم ژمارەیە کە تۆ پێی دەڵێیت سێ، گەورەترین ژمارەی هەڵکەنراوە.

{لەناو چەکمەجەکەدا ژمارەی سێ بەم شێوەیە ڕاکشابوو. }←

مێلۆ لە ژیانیدا ژمارەی وا گەورەی داتاشراوی نەدیبوو، کە دوو ئەوەندەی باڵای بیرکار دەبوو.

مێلۆ وتی: من مەبەستم ئەو جۆرە گەورەییە نیە، بەڵکو مەبەستم لەدرێژترین ژمارەیە.

بیرکار چەکمەجەیەکی تری کردەوە، وتی: ئەوەتا بیبینە، ئەوە بەسێ گالیسکە بۆ ئێرە گواستراوەتەوە.



ژمارەی هەشت بە پانی سێ ئەوەندەی ژمارەی سێ دەبوو، بەدرێژیش یەکاو یەکی مێلۆ دەبوو، بێ خەمیش لەسەر گازی پشت ڕاکشابوو.



لەو ساتەدا مێلۆ بە بێهیواییەوە ڕوانیە تۆك و وتی: من مەبەستم لەو جۆرە گەورەیی و درێژییەی ژمارە نییە.

تۆك ڕوی دەمی کردە بیرکارو وتی: من وای بۆ دەچم کە مێلۆ بیر لە گەورەترین ژمارەی گریمان بکاتەوە.

بیرکار کە چواردەوری قەترە بارانێکی دەپێوا، لە مێلۆی پرسی: باشە تۆ بۆ لەسەرەتاوە وا نالێیت؟ ئێستا چاك وایە کە پێم بلێیت کە گەورەترینو بچوکترین ژمارە چیە، کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە.

مێلۆ بە پرتەپرت وتی: نۆ تریلیۆن، نۆسەد و نەوەد و نۆ بلیۆن، نۆسەد و نەوەدو نۆ ملیۆن، نۆسەد و نەوەد و نۆ هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ دانە.

بیرکار وتی: زۆر چاکە، ئێستا ژمارەیەك بۆ ئەو ژمارەیەی کە وتت زیاد بکە، ئێستا ئەو ژمارەیەی دواییان لەگەڵ یەکی تردا کۆیبکەرەوە، ئێستا دانەیەکی تری بخەرەسەر، ئێستا ژمارەیەکی تری بۆ زیاد بکە، ژمارەیەکی تری بۆ زیاد بکە، دانەیەکی تری بخەرەسەر، لەگەڵ یەکی تردا کۆیبکەرەوە.

مێلۆ، کۆکردنەوەی ژمارەکان تەواو بێتاقەتی کرد، بۆیە وتی: ئەی کەی دەبێ من لە زیادکردن بوەستم؟

بیرکار بە زەردەخەنەوە وتی: قەت، چونکە ئەو ژمارەیەی کە تۆ هەتە، بەگشتی ژمارەیەکی گەورەتر لەو ژمارەیە هەیە، لەویش گەورەترو گەورەتر هەر هەیە، گەر بێتو تا دەساڵی تر هەر بیژمێریت، ئەوا هەر تەواو نابێت.

زەردەواڵە بە فۆشمەییەوە وتی: لەچ جێگەیەك دەتوانی ژمارەی وا گەورە بدۆزیتەوە؟

بیرکار لەوەڵامدا وتی: لەو جێگەیەی کە بچوکترین ژمارەی لێیە ، دەزانی ئەوێ کوێیە ؟!

زەردەواڵە بەدەم ڕۆیشتنەوە بۆ شتێك دەچوو لە ژوورەکەدا تا خۆی لە وەڵامدانەوە ڕزگار بکات، وتی: بێگومان هەر وەهایە وەك تۆ دەیڵێیت.

مێلۆ پرسی: ئەی بچوکترین ژمارەی گریمان چەندە؟

بیرکار وتی: ئەو ژمارەیە بڵێ کە لات بچوکترینیانە...

مێلۆ کە بیری لە بچوکترین بەشی ژمارە دەکردەوە، وتی: یەك...یەك لە ملیۆنێکدا ؟

بیرکار وتی: لەوانەیە ئەو ژمارەیە خراپ نەبێ بۆ دابەشکردن. ئێستا بەسەر دوودا دابەشیکە، ئێستا بەسەر دووی تردا دابەشیکە، ئێستا بەسەر دووی تردا دابەشیکەرەوە، ئینجا بەسەر دووی تردا دابەشیکەرەوە، ئێستا بەسەر دوودا دابەشیکە، جارێکی تر بەسەر دوودا دابەشیکەرەوە..

مێلۆ بەهەردوو دەستی گوێی خۆی توند گرت و وتی: ئەویش قەت کۆتایی پێنایەت.

بیرکار وتی: چۆن دەبێ کۆتایی بێت، گەر ژمارەیەك سەرەتای نەبێ چۆن دەبێ کۆتایی هەبێ، چونکە تۆ دەتوانی زۆربەی کات نیوەی ئەوەی هەتە دابەشیکەیت تا بە کەمترین بەشی دەگەیت، گەر هاتوو ویستت، بڵێی ئێستا کۆتایی دابەشکردنە، ئەوا بڕوا بکە کە پێش وتنی وشەی ئێستاکە، ئێستا بەسەر دەچێت.

بیرکار کە دی مێلۆ سەرە لەقێیەتیو لە تاووتوێکەی تێناگات. ناچار دەستبەرداری ئەو شێوە ڕوون کردنەوەیە بوو، وتی: بۆ نموونە، گەر بێتو تۆ پاکەتێکی ئەوەندە بچوکت هەبێ، کە بەچاو نەبینرێ، دوایی لە دۆڵابێکی ئەوەندە بچوکدا داینێی کە تۆ بەچاو نەیبینی، دوایی دۆڵابەکە لە خانوویەکی بچووکی نەبینراودا هەڵگریت، ئەو خانوەش لە شەقامێکی زۆر بچوکدا دانێیت، کە تۆ هەر بەدی نەکەیت، ئەو جادەیەش لە شارێکی ئەوەندە بچووکدا بڕەخسێنیت کە هەر دیارنەبێ. لەهەمان کاتدا، ئەو شارە بەشێك بێ لە وڵاتێکی بچووك کە هەر نەبینرابێت. دواییش ئەو شارە لە دنیایەکی ئەوەندە گچکەدابێ، کە نەك تەنها چاوی تۆ بەڵکو مایکرۆسکۆبیش زەفەر بە بینینی نەبا، هەڵدەگرین.

دوای ئەوە بیرکار لەسەرخۆ دانیشت، بە دەستەسڕەکەی کەوتە باوەشێنی خۆیو لەسەر ڕوونکردنەوەکەی ڕۆیشت: دوای ئەوەش ئەو دۆڵابە دەخەینە ناو پاکەتێکی زۆر بچوکترەوە کە تۆ هەر نایبینی، گەر دەتەوێ ئێستا پیشانتی دەدەم، کە ئەو پاکەتە لەکوێ هەڵدەگرین تا تۆ بچیت بیدۆزیتەوە.


ئینجا بیرکار بەرەو پەنجەرەیەکی بچووك چوو، کە لە بنمیچەکەیەوە هێڵێکی لێدرێژ دەبووەوە، هێڵەکەی بەرەو سەرەوە دەکشا تا ئەو ڕادەیەی مێلۆ بەدی دەکرد دیاربوو، بەدوای ئەوەدا لە گەردوونی نادیاردا ون دەبوو. لەدەم پەنجەرەکەدا، بیرکار بە مێلۆی وت: دوای ئەو هێڵە بکەوە هەتا بە کۆتایی هێڵەکە دەگەیت،

کاتێ بەکۆتایی گەیشتی، ئەوسا بەلای چەپدا وەرچەرخێ، بەڵکو گۆڕەپانی هەتا هەتایی بدۆزیتەوە، کە درێژترین، کورتترین و بچوکترین شت لە هەموو شتێك، لەوێ دەکرێ هەڵبگیرێت.

مێلۆ وتی: بەڕاستی ئێستا کاتم زۆر نیە بۆ ئەو گەشتە، ئایا ڕێگەیەکی تیژتر شك دەبەی تا بیگرمەبەر بەرەو هەتا هەتایی؟

بیرکار پەنجەرەیەکی تری کردەوە، پەیژەیەکی هەڵواسراو لە بەرزییەوە بۆ ناوەوە شۆڕدەبووەوە، بە مێلۆی وت: تۆ دەتوانی لەڕێی ئەو پلە پەیژانەوە سەرکەویت. بێخەمبە کە ون نابیت، چونکە ڕێگەی تری لێ جیا نابێتەوە.

مێلۆ لە پەنجەرەکەوە خۆی بە ڕاڕەوێکی تەسکدا کرد کە دەچووە سەر پلەی پەیژەکە کە بەرەو ئاسمان بەرز دەبۆوە. لە سەرەتادا مێلۆ بە هەنگاوێك دوو پلەی پەیژەی دەبڕی. ئینجا ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوەو بە هاوڕێکانی وت : چاوەڕێم بکەن، پاش چەند خولەکێك بۆ لاتان دەگەڕێمەوە.



# 16

## باڵندەیەکی زۆر ناشرین

لەسەرەتادا، مێلۆ بە پلەکانی پەیژەکەدا بەرەو سەرەوە  هەنگاوی خێرای هەڵدەهێنایەوە،  پاش ماوەیەك هەنگاوەکانی هێواش و هێواشتر کردەوە. لاقەکانی تا دەهات لە وزە بەتاڵ دەبوونەوە. سەرباقی ئەوانەش، مێلۆ بۆی دەرکەوت کە زۆر لە پلەکانی خوارەوە دوورنەکەوتۆتەوە. بەڵام وزەیەکی بیرکردنەوە تا ئەوکاتە هانیئەدا  کە ڕانەوەستێت و بەردەوامبێت لە سەرکەوتن، گەرچی قاچەکانی  دەیانویست بزانن کەی لە هەنگاوهەڵهێنانەوە دەوەستێت. لەم ڕاوێژکردنانەدابوو لەگەڵ خۆیدا کە لەپڕ لەسەر پلەکان دانیشت. هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژیو قاچی بۆ درێژکردو لەبەر خۆیەوە نەرمە بۆڵەیەکی لێ بەرزبووەوە و دەیووت:  دەبوو بمزانیایە کە ئاوا بە ئاسانی زەفەر بەم ڕێگای هەتا هەتاییە نابەم. چونکە ئەم ڕێگەیەش هەر وەك هێڵەکەی کە بۆ سەرەوە دەکشێت تا چاو بڕکا هەر درێژ دەبێتەوە. بەڵام بە ڕاستی هەتا هەتایی چی دەگەیەنێت؟

لەناکاو دەنگێك بەهاودەنگیو لەسەرخۆ وتی:  گەر بێتو بە هەتاهەتاییش بگەیت،  ئەوا هەر خۆشحاڵ نابیت،  چونکە هەتا هەتایی جێگەیەکە کە جەمسەرەکانی قەت یەك ناگرنەوە.

مێلۆ کە هێشتا سەری لەبەینی دەستیدا پشووی دەدا.  سەری بۆ دواوە وەرچەرخاند.  منداڵێکی هاوتەمەنی خۆی بینی کە یەك لا شانی هەبوو، وەك سێویکی بەشکراو دەردەکەت. جا چ لەبەر هیلاك بوونی لاقەکانی بێت، یان لەبەرئەوەی کە لەم دواییانەدا  شتی سەیرو سەمەرەی زۆری دیبوو، هیچ کاردانەوەیەکی ناسروشتی نیشان نەداو سڵی لە منداڵەکە نەکردەوە،  بگرە بە هەستێکی تەباییەوە بیری خۆی دەربڕی: داوای لێبوردن دەکەم، کە ئاوا نیواونیو بۆت دەڕوانم...!

لەوەڵامدا منداڵەکە وتی:  بۆ شارەزاییت، من لە سەدا  پەنجا و هەشتی(58ر0) جەستەیەك  پێك دەهێنم کە دەشێت بڵێیت لە نیوەی جەستەیەکی ئاسایی زیاترم.

مێلۆ لەبیری خۆیدا ئافەرینی لەوەڵامە کورتو پڕەکەی ئەو کردەوە و لەسەرخۆ لێیپرسی:  ئایا گشت کات تۆ بەم شێوەیە ژیاویت؟



منداڵەکە ویستی مێلۆ لە بوونی خۆی دڵنیا بکاتەوە، وتی: ئای گیانەکەم، چەند ساڵێك لەمەوبەر من تەنیا (0ر42)ی بەشێك بووم، بڕوابکە ئەوساکەش ژیانم هەر وەك ئێستا دەچوو بەڕێوە.

مێلۆ بە هاودەنگانەوە پرسیارێکی تری ئاڕاستە کرد: ئەی سەرجەمی خێزانەکەت چۆن گوزەران دەکەن؟

بە هەستیارییەوە لاوەکە وتی: ئێمە وەك هەموو ڕەشە خێزانێك لەدایكو باوكو منداڵ پێکهاتووین، کە ڕێژەی گشتیمان (2ر58) دەبێت.

مێلۆ ڕاستەوخۆ مەبەستی خۆی درکاندو وتی: من وای بۆ دەچم کە ژیان لە جەستەیەکی وەك ئەوەی تۆدا گران بێت، وا نیە؟

منداڵەکە لەوەڵامدا: نا وانیە کە تۆ تێدەگەیت، وەك وتم ڕەشەخێزان لە (2ر58) پێکدێت. بۆیە بۆ من ئاسانە هاودەنگی پەیدا کردن، لەسەروو ئەوانەشەوە، هەر خێزانێ کە ماشێنی (1ر3) گشتی هەبێت، بێ سەرئێشە من دەتوانم بەکاری بهێنم.

مێلۆ بەڕەزابوونەوە وتی: زاراوەی گشتی تەنیا دارێژراوێکی دابڕاوە، بۆیە دەربڕینی ڕاستی نادا بەدەستەوە کاتێ تەواو وردی دەکەیتەوە.

منداڵەکە لەسەرخۆ وتی: ئەوەی تۆ دەیڵێیت لەوانەیە وەهابێت، بەڵام تێکڕایی لە پڕاکتیکدا، هەندێك جار کار، ئاسانتر دەکاو تۆزێکیش بۆچوونەکان ڕووناکتر دەکاتەوە. بۆ نموونە، گەر هاتوو تۆ چوار هەڤاڵت

هەبێ  هەریەك لەوان 10 دیناریان پێبێت،  ئەوسا تێكڕای هەریەك لە ئێوە هەشت دینارتان پێدەبێ. باشە ئەو تێڕوانینە چاك نیە؟

مێلۆ بەڕامانەوە وتی:  لەوە دەچێ چاك بێت.

لاوەكە لەسەر ڕاڤەكردنەكەی ڕۆیشت و وتی: گەر تۆ بیری لێ بكەیتەوە گشتیەت لەبارترە بۆ بەیەكەوە گوزەران كردن. بۆنموونە، بڕوانە كاتێك كە جووتیارێك چاوەڕێی باران بارین دەكا،  بۆ ئەوەی بەروبوومی كشتوكاڵی هەبێت.  گەر لە ساڵێكدا ڕێژەی گشتی بارانبارین( 37 سم) بێ لە ناوچەكەیدا،  باشترە وەك لەوەی كە لەو ساڵەدا باران هەر نەبارێ.

لێكدانەوەی لاوەكە لەمەڕ بوونی گشتیەتی شتەكاندا بیری مێلۆیان زیاد هەڵدەگلۆڤ، هەرچەندە لە مێژەوە ئەو دەیزانی كە لە ژمێریاریدا كۆڵەوارە،  بەڵام شێوەی ڕاڤەكردنی گشتیەتو پەیوەندی بە باران و شتەكانی ترەوە، ڕەهەندێكی تری بیركردنەوەی لەلا گەڵاڵەكردبوو، بۆیە بە خۆشیەوە گوێی دەگرت تا پەی بەمەبەستی لاوەكە بەرێت.

لاوەكەش بەردەوامی بە لێدوانەكەیدا:  بەگشتی یان بە تێكڕایی دووانو لێكدانەوە دەشێ هەندێ سوودی تری هەبێ.  بۆ نموونە،  گەر نۆ پشیلە هەڵمەت بەرنە سەر یەك مشكو لە گۆشەیەكدا گۆشەگیری كەن، هەر پشیلەی لەوكاتەدا سەرجەمی 10٪ ی مشكەكەی بەردەكەوێت،  مشكەكەش لەو ئانەدا بەرەنگاری سەرجەمی 90٪ ی هەر یەك لەو پشیلانە دەبێتەوە لە بەرگری كردنی لە مانەوەیدا.  جا گەر هاتو تۆ ئەو مشكەبیت و دەرباز بیت لە دەستیان، ئەوا  دوورنیە  زۆر بە قارەمانانە بەسەرهاتی ئەو ڕووداوە بۆ نەوەكانت بگێڕیتەوە.

مێلۆ لەجێی خۆی ڕاپەڕیو وتی:  كاری وەها هەرگیز نابێت.

منداڵەكە بە ئارامیەوە پێیوت:  باشە تۆ نەتبیستووە كە مشكێك شێرێكی لە تۆڕی ڕاوچی ڕزگاركردووە؟ لە بیرت بێت جەخت كردن لەسەر زۆر ڕووداو كە دەشێت وا بێت، یان نا، لە فاكتەر كە دەشێت هەندێ كات شت ڕووبدات یان هەندێ شت تێبگەیت، دوورتدەخاتەوە. بۆنموونە، گریمان كە شێوازێكی جیاواز لە بیركردنەوە لە مرۆڤدا هەیە، لەوكاتەدا، تۆ  بڕواناكەی كە بیركردنەوەی جیاواز، دونیایەكی دەوڵەمەندتر دەخەملێنێت؟ خوێندنەوەی شتەكانیش مانادارتر دەبێت. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ كە زۆرشت لەزۆر كاتدا وا دەردەكەوێ كە نابێت، دوایی دەردەكەوێ دەگونجێ وەهابێت. هەروەك ئەوە وایە كە تۆ بەر لەئێستا هەوڵت دەدا كە بەهەتا هەتایی بگەیت،  بەڵام ئێستا دەزانی كە ناتوانی وا بەئاسانی پێی بگەیت،  جا دەشێ پاشگەز بوونەوەت،  لەبەر ئەوەبێ كە ئێستاكە نازانیت چۆن بۆی بچیت !  یان لەبەر ئەوەیە كە هیلاكی و پەلەی گەڕانەوەتە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ كە گەڕانت بەدوای هەتا هەتایی هەوڵدانێكی بەهادار نیەو داهاتوی تۆش ، بەجۆرێك لە ئەنجامی ئەو هەوڵەتدا بە شێوازیكی تر ناكەوێتەوە!.

مێلۆ كە بۆ پلەكانی خوارەوە دەیڕوانی وتی: من بیر دەكەمەوە كە چاك وایە بۆ دواوە بگەڕێمەوەو بەردەوامی بە گەشتەكەم بدەم.

لاوەكە بە تەباییەوە وتی: بیرەكەت لە جێی خۆیدایە.

كاتێ مێلۆ بەرەو خوار دەبووەوە، ئاوڕێكی بۆ دواوە دایەوەو دەستی بۆ لاوەكە ڕادەوەشاند... لاوەكەش بە زەردەخەنەیەكی گشتییەوە كە بە ڕێژەی 47 جار لە ڕۆژێكدا دەیكرد، وەڵامی دایەوە.

مێلۆ، لەكاتێكدا كە بەرەوخوار قەڵەمبازی دەدا، لەبەر خۆیەوە وتی: هەموو كەسێ لەمن زیاتر شت دەزانێت، دەبێ منیش هەوڵێكی زیاتر لەگەڵ خۆمدا بدەم تا بتوانم ژێر و ئاوازی ژیانم بەگەڕبخەم.

لەچەند خولەكێكدا مێلۆ لە پەنجەرەكەوە دەركەوت، تۆك‌و زەردەواڵە بە پەرۆشەوە لە ژوورەوە چاوەڕێیان دەكرد. بیركار بەخێرهاتنەوەی كرد و وتی: هیوادارم شتێكت لە هەتا هەتایی هەڵكڕاندبێ.

مێلۆ بە ساردییەوە وتی: لە ڕاستیدا، ئێستا شتێ زیاتر هەست دەكەم كە كەم لە بوونی شتەكان ئاگادارم.

بیركار دەستی لەسەر چەناگەی داناو بەخۆشەویستیەوە وتی: لەگەڵ ڕۆژگاردا تۆ ڕێگەی خۆت دەدۆزیتەوە، ئەوساش تێدەگەیت كە هەر شتێ ئاسان ئەنجام بدرێت، بە هەڵە كۆتایی دێت.

مێلۆ دەیویست تێبگات لەو شتانەی دوێنێ و ئەمڕۆ كە بینیبوونی‌و بیستبوونی، هەرچەندە یەك شت زۆر ئازاری دەدا، ئەویش ئەوەبوو كە نەیدەزانی بۆچی وەهایە؟ بۆیە لەسەرخۆ بە دەنگێكی هێمنەوە پرسی: هەرچەندە هەندێك جار شتەكان تەواویش دەردەكەون، كەچی لەوەناچێت ڕاستی ئاشكرابكەن!

تەزوویەكی كارەبایی بەگیانی بیركارا گوزەری كردو چاوەكانی ئاوی تێزا، بۆ چەند خولەكێك هەموو بێدەنگ بوون لە ژوورەكپەكەدا، كاتێ بیركار هۆشی بەبەردا هاتەوە لەسەر خۆ وتی: زۆر ڕاست دەكەیت، لەوەتەی ئاواز و ژیر لەم جیهانەی ئێمەدا تاراوگەكران، حاڵی ئێمە ئاوەهایە كە تۆ دەیبینی.

زەردەواڵە بەپەلە هاتە دووان: ئەوە هەر وەهایە وەك تۆ دەیڵێیت، منیش هەروەها بیرم لێكردۆتەوە.

بە تووڕەییەوە بیركار نەڕاندی: هەر هەمووی بەهۆی نەزانینی پیتی نالەبارەوە ڕوویدا.

{ناڵەی بیركار زەردەواڵەی تەواو ترساند}... هەڵەی ئەو پیاوە مەزنە بوو كە بەم بارەی گەیاندین.

مێلۆش وتی: لەوانەبوو گەر تۆ لەگەڵ ئەودا گفتوگۆت بكردایە، ئەنجامەكەی.....

بیركار وتەكانی بە مێلۆ بڕی‌و وتی: پیت لە بیركردنەوەدا زۆر بێسەروبنە، كاتێ كە ورد لێكی دەدەیتەوە. بزانە مانگی ڕابردوو نامەیەكی دۆستانەم بۆ نارد كەچی ئەو هیچ لوتفێكی پیشان نەدا لە گەڕانەوەی وەڵامدا، تۆ دەتوانی بۆ خۆت سەیریكەیت تا بزانی چیم بۆ نووسیوە.

نامەكەی دایە دەست مێلۆ كە ئەمە ناوەرۆكەكەیەتی:

**667 394017 5841 6258 4738 1919**

**5864 98053 27689 57131 85371 14 39588 7190434 203**

**مێلۆ ماوەیەك لە شێوازو ناوەڕۆکی نامەکەی بیرکاری ڕوانی، بیری لە ژمارەکان و شێوازی داڕشتنەکەی کردەوە، بەڵام نە سەری لە لێکدانەوەی ژمارەکان و نە لە مەبەستی بیرکار لە نووسینیدا لای ئاشکرا بوو. بۆیە بەناچاری ڕوویکردە بیرکارو وتی: بەدووری مەزانە کە ئەو لە نووسینی نامە بە شێوەی ژمارە (بیردەربڕین) نەگات.**

**بیرکار لە ناکاو نەڕاندی: بێ مێشکییە لە ژمارە نەگەیشتن، چونکە گرنگ نیە تۆ بەچ زمانێك ژمارە دەنووسیت، ژمارە مەبەستی لۆژیکی دیاریکراو پەیڕەو دەکات و لە هەموو زمانێکدا یەك مەبەست ئەدا. بۆ نموونە، ژمارەی (حەوت) لە گشت کات و جێگەیەکدا، هەر حەوت دەگەیەنێت.**

**مێلۆ لەبیری خۆیا دەیوست بەهەستیارانە مامەڵە لەگەڵ بیرکاردا بکات، چونکە زمانی لۆژیکی نەدەزانی، بۆیە لەسەرخۆ پرسی: زۆر کەس لە ڕادەبەدەر بەرامبەر شتی خۆیان هەستیارن، لەوە دەچێ کە دەڵێن: کەس بە ماستی خۆی ناڵێت ترشە! بۆچی وەهایە؟**

**تۆك بە مەبەستی گۆڕینی بابەتی دەمەتەقێکە وتی: گەر تۆ ڕێگەمان بدەیت ئێمە ئامادەین کە ژیرو ئاواز ئازادکەین.**

**بیرکار خواستی بزانێ: پیت تەبایە لەسەر ئەو بابەتەی کە تۆ دەیڵێیت؟.**

**تۆك لە وەڵامدا وتی: بەڵێ ئەو ڕازییە بە گەڕانەوەیان.**

**بیرکار وتی: ئەوسا لە تاراوگەکردنی خانزادەکاندا تەبابووین، بەڵام لەدوای ئەوە ئێمە لەسەر هیچ شتێك تەبانین‌و تەباش نابین، هەر لەبەر ئەوە من ڕازی نابم بە گەڕانەوەیان.**

**مێلۆ لەبیرکاری پرسی: هەرگیز لە ژیانتا لەگەڵ پیت دا تەبا نابیت؟**

**بیرکار وتی: هەرگیز تەبا نابین، بەڵام گەر تۆ قسەکەی من بە بارێکی تردا بسەلمێنی، لەوانەیە ئەوسا بیرێکی تر بکەمەوە.**

**مێلۆ کە شاری وشەی بەجێهێشتبوو، ئەو بیری لەو گرفتە کردبووەوە، بۆیە لەسەرخۆ لە بیرکاری پرسی: پیت لەسەر هەر شتێك تەبابێت یان ڕازی بێت، تۆ هەر ناڕازیت، وانیە؟**

**بیرکار بەبزەوە وتی: تەواوت لێکداوەتەوە.**

**مێلۆ لەسەر شیکردنەوەکە ڕۆیشت و وتی: پیت لەسەر هەموو شتێك ڕازیبێ، تۆ لەگەڵیا ناتەبا دەبی، وانیە؟**

**بیرکار کە خەریکی پاککردنەوەی نینۆکی بوو وتی: باش بۆی چوویت.**

**مێلۆ بەردەوامی بە لێدوانەکەی داو وتی: پیت لەسەر هەر شتێك ناڕازیبێ، تۆش ڕازیت، وانیە؟**

بیرکار بەساردییەکەوە وتی: ئەویشت تەواو لێکداوەتەوە.

مێلۆ وتی: کەوابوو هەریەك لە ئێوە تەبان لەسەر ئەوەی ناتەبابن، لە هەموو شتێکدا و قەت لەسەر هیچ شتێك ڕێك نەکەون. بەڵام پێم بڵێ گەر هاتوو هەردووکتان تەبابن لەسەر ئەوەی کە کۆتایی بەشتێك بهێنن، ئایا ئەمە ڕازی بوون و تەبایی ناگەیەنێت؟

بیرکار ڕاماو کەوتە دەریای بیرکردنەوە، پاش ماوەیەك هاواری لێ هەڵساو وتی: تۆ منت هەڵخەڵەتاند...

زەردەواڵەش هەڵیدایە: هەوڵدانێکی لۆژیکی بوو نەك هەڵخەڵەتاندن، هەرچەندە منیش دەمویست بەهەمان شێوە مەبەستم ڕوونبکەمەوە.

تۆکیش پرسی: ئایا ئێستا دەتوانین بڕۆین؟

بیرکار دۆڕاندنەکەی بە دڵێکی خۆشە پەسەندکرد. ئینجا هەرسێ گەشتیارەکەی بۆ لای خۆی بانگ کردو پێیوتن: ئەو ڕێگەیەی کە هەڵتان بژاردووە، ڕێگایەکی دوورو پڕ مەترسییە بڕینی و پڕە لە دێوو درنجی ترسناك کە بیر لە بەرەنگاری و هەڵخەڵاتاندن بەولاوە ناکەنەوە. بۆیە ئێوە دەبێت، زۆر زاناو وریابن لە هەنگاو هەڵهێنانتاندا، تا ئەوان نەتوانن ڕێگەتان لێبگۆڕن، یان خەرقی نامۆییتان بکەن.

لەو ساتەدا زەردەواڵە قەیتانەکانی قۆندەرەکانی توند دەکردەوە، مێلۆش موچڕکەیەکی سارد بە لەشیدا تێپەڕی، کە لە سەری پەنجەی پێیدا پەنگی خواردەوە.

ئینجا بیرکار بە چرپە بە مێلۆی وت: بەڵام گرفتێکی زۆر گەورەو ترسناکی تر هەیە.

مێلۆ بە ئەبڵەقیەوە پرسی: ئەو گرفتە چییە؟

بیرکار بە هێمنیەوە وتی: ناتوانم ئەوە بدرکێنم تا دەگەڕێینەوە، ئێستا وەرن با ڕێگەتان نیشاندەم.

بیرکار هەرسێکیانی تا کۆتایی مەرزەکە هەڵگرت کە ناوەندی مەملەکەتی زانینی لە مەملەکەتی ترس جودا دەکردەوە، ئینجا وەستاو پێیوتن: ئالێرە بەدواوە ڕێگە تاریك و نادیارە، گەر بتانەوێ هەڵنەتووتێن دەبێ هەنگاوی یەك لەدوای یەك بنێن‌و چاویلکەی پرسیار بکەنە ڕۆشنایی ڕێگەتان، ئەم دیاریەش دەکرێ لەجێی پێویستدا سوودمەند بێت بۆ بەکاربردن.

لە پڕ دوانزەپاڵو لە (کەس نەزانەوە) پەیدابوو وتی: ئەم دیاریە هی بیرکارە کە دەشێ لیرە بەدواوە ئامێری بژمێریاتان بێت، لە هەر کاتێکتدا کە زانیتان ژمارەکان بەوشێوەیە نین کە لۆژیکی ڕەنووس ئاماژەی بۆ کردوە { بە دەموچاوێکی ماتەوە، شەشپاڵو کەمێك وەستا و وا دەردەکەوت کە پیتی بەبیردا هاتبێتەوە، دوایی دەموچاوێکی دەربڕینی لەڕووی خۆیدا ئاشکرا کرد}، ئینجا وتی: هەم وشەی دەربڕینتانە.

دیاریەکە قەڵەمێکی ڕەنگا و ڕەنگ بوو، کردی بە ئێخەی مێلۆدا.

بیرکار هەڵیدایە: ئەو قەڵەمە، ئەفسووناویەکی بەکارە، بەکاری بهێنن لە هەرکاتێکدا کە ویستتان.




**لە کاتێکدا کە گەشتیارەکان لە بیرکار و دوانزەپاڵو جیادەبوونەوە، هەردوولایان هیوای سەرکەوتنو بە یەکگەیشتنەوەیان بۆیەکترخواست. گەشتیارەکان کە ڕووەو ناوچە قەدەغەکراوەکان بەڕێ کەوتن، لەگەڵ هەنگاونانیاندا سامیان کەمتر دەبووەوە. تۆکیش کە سەرقافڵە بوو لە پێشەوەدەڕۆیشت، مێلۆش لە دوایەوە هەگبەکەی پیتی توند بە سنگیەوە نوساندبوو، هەنگاوەکانی خۆی دەژمارد.... زەردەواڵەش کش ومات بەئەسپایی ڕێگەی دەکردو بەدەنگێکی نزم وتی: چاك وایە یەکێ چاودێری دواوە بکات. {کەس وەڵامی نەدایەوە}. ئینجا بە خۆی وت: جێ پێ هەڵگرتن چاکترە لە ڕچە شکاندن.**

شان بەشانی بەرز بوونەوەیان، تاریکی تا دەهات بالآدەستتر دەبوو. تاریکییەکە تاریکی شەوی ئاسایی نەبوو، بەڵکو سێبەری ترس و کینەی نەزانراوی ناوەندی زەوی و ئاسمان بوو، کە رابردووی بە هەنووکەوە گرێدابوو. هەوای شەوەکەی، بە قورسی ئەو پانتاییەی داگیر کردبوو، کە دڵە نەسرەوتەکەی مێلۆ بە هەنگاو هەڵهێنان ڕایدەژەن، چونکە لەگەڵ هەنگاوەکاندا، مێلو هەستی دەکرد کە جیا بوونەوەیەکی بێ مەبەست لەوەدا روو بدات.

ڕێگاکەی لای چەپیانەوە بەرزو تاریك دیاربوو، لای ڕاستیشی کەندەلآنێکی نادیار بوو. مێلۆ دەستی بۆ کلکی تۆك درێژکردو وتی: هیچ نا بینم، لەوانەیە باشتربێ تا بەیانی لێرەدا بحەوێینەوە.

لە حەشارگەیەکی تاریکەوە دەنگێکی ناساز وتی: بەیانی تۆ زۆر زوو کۆتایی دێت.




لە کەندەلآنەکەی پشتیانەوە، باڵندەیەکی ناقۆڵا لەسەر لقە دارێك، بێئارامانە ڕاوەستابوو، کە ئاستەم بوو ڕەنگی قوڕاوی ئەو دیواری کەندەلآنەکە لە یەك جودا بکرێتەوە، پەڕوباڵی لە گسکی شەقام پاککردنەوە دەچوو، دەنوکێکی قەبەو ناقۆڵا ڕووکاری داپۆشی بوو، بەچاوێکی نوقاوەوە دەدوا، نەکا ڕووی دزێوی شەو زەفەری پێبەرێ و ناشرینانە بەدەوری خۆشیدا دەیڕوانی.

تۆك لە ناخۆشی دەنگو ڕەنگیدا مرخاندی، مێلۆش وتی: لە مەبەستی تۆ تێناگەم و ئێمە تەنیا لەدوی جێگایەك دەگەڕێین کە شەوی تیدا بەسەربەرین.

بەدەم قاقایەکی ناشرینەوە، باڵندەکە قیژانی: ئەمە جێی تۆ نیە تا تەنیا ماوەیەکی لێ بەسەربەری، یان تەنها بۆ ماوەیەك بەکاری بەریت، ئەوەی تۆ دەیلێییت هیچ مانایەك ناگەیەنێ، تێدەگەی؟ {مەلەکە دەیویست ڕوونی بکاتەوە} جێگا و کات هی تۆ نیە تا بە کەیفی خۆت بەکاری بەریت.

مێلۆ وتی: بەڵام من مەبەستم ئەوە نەبوو.



مەلەكە بە ناقۆلاّییەوە وتەكانی بە مێلۆ بڕی، وتی: بەڵێ تێدەگەم كە تۆ مەبەستت هەر نیە {مەلەكە بەدەم قسە كردنەوە چاوەكەی تری كردەوە، ئەوەی تریانی توند نوقاند}. جا هەر چۆنێك تۆ مەبەستت ڕوونبكەیتەوە، شەو بەكار بردن هی تۆ نیە، چونكە مەبەستت هەنگاوهەڵهانینە بە راستە رەوێكی تردا.

مێلۆ وتی: من بیرم نەدەكردەوە.....

ئەمجارە مەلەكە بەشێوەیەكی سەیرو كەمێك دۆستانە وتەكانی بە مێلۆ بڕی: ئەوەی دەتەوێ بیڵێیت چیرۆكێكی تر دەگەیەنێت، بەلاّم گەر دەخوازی ئەم شەو بەكرێی بگریت، ئەوا دەتوانم بۆت بڕەخسێنم، هەرچۆنێك بێت لەوانەیە چارەنووست پابەندی دەردێك بێت و لەتەسكیەكدا كۆتای بێت.

مێلۆ كە لە سەروبنی زمانی مەلەكە تێنەدەگەیشت، هەستی بەناموٚییش دەكرد، بۆیە وتی: ئەوەی تۆ دەیڵێیت لەڕاستی ناچێ.....!!

مەلەكە لەسەر وتەكانی خۆی بە تەقەتەق ڕۆیشت و وتی: ڕازیبی یان ناڕازی، ڕێگە چارەیەك بۆ تۆ نەماوەتەوە كە هەڵیبژێریت، گەر من لەجێی تۆ بوومایە دەمێك بوو سەری خۆم بەلایەكیتردا هەڵگرتبوو و بیریشم هەر نەدەكردەوە.

تۆك پەتی سەبری پچڕاو بەمرخەوە وتی: دەبێ تۆ گشت كات قسە بە قسەكەر ببڕیت.

مەلەكە بە تەقتەق وتی: بێگومان ئەوە كاری منە كە وشە لە دەمی خەڵكی بڕفێنم و هەڵیگێڕمەوە تا نیگەرانی لە دەروونیانا بچێنم و بە سەرلێشیواوی بمێننەوە. هەر بەو بۆنەیەوە، چاكە بزانیت كە نازناوی ناووناتۆرەم بۆ خۆم داناوە.

مەلەكە لەگەڵ دووانیدا سەرێكی بۆ لای زەردەواڵە درێژكردو وتی: ئەرێ برادەر منو تۆ قەت بەیەك گەیشتووین؟

زەردەواڵە لەو دەمەدا، نەیدەتوانی بەئاسانی قەدو بالاّی خۆی بشارێتەوە. ترسیش وەك مزراح لە دەرونیا قۆڕەی دەهات. بەلاّم بە سەرلەقاندن حاشای لە ناسینی مەلەكە كرد.

مێلۆ لە مەلەكەی پرسی: هەموو كەسێك لەم ناوچەیەدا وەك تۆ شالاّوبەرن؟

مێلۆ كاتێ كە ملپێچەكەی لە ملی خۆی دەئالاّند لە مەلەكەی پرسی: هەموو شوێنێك لە تاریكستان چاكترە كە تۆ بۆی دەڕوانی، ئێستا تۆ پێم ناڵێیت كە تۆ دێویت یان دەعەجانیت؟

مەلەكە بە نوزەوە وتی: بەداخەوە من هیچیان نیم، بەلاّم ئەوەندەی بۆم لوابێت هەوڵمداوە كە شەهادەی نالەباری "ناوو ناتۆرە" بۆ خۆم بپچڕم. بەلاّم ئەوەش بزانە من كە ئیستا لە دەوری جەوهەردا دەسوڕێمەوە، كەمتر توندڕەوم لەوانەی جەوهەربازن.

مەلەكە پێش ئەوەی ڕێگەی قسەكردنی زیاتری مێلۆ بدات، لە شەقەی باڵیدا و فڕی. مێلۆ كە دەیویست پرسیاری تری لێبكات وتی: چاوەڕێكە.

زەردەواڵە بە ترسێکی خۆفشکردنەوەوە وتی: ئاگات لە جەوهەربێت هەڵت نەلووشێت.

مەلەکە بەڕاچڵەکانەوە وتی: بیرکردنەوە لە ناوەرۆك ترس لە گیانمدا دەخولقێنیَ.

مەلەکە بەخێرایی لەناو تەموومژەکەدا وندەبوو، بەڵام دەنگی ناقۆڵای هەر دەنگی دەدایەوە کە ئەیوت: کرێی مانەوەی شەوێکت سی وچوار دینار دەکات.

گەشتیارەکان کەوتنە ڕێگا، مێلۆ لەبەر خۆیەوە دەیووت: مەلێکی بێسوود بوو.

زەردەواڵەش گۆچانەکەی بەو ناوەدا هەڵدەسووڕاندو دەیگوت: هەی ناکەسبەچەی نەزان، ئاوەها ڕاوتدەنێم. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەدوای دەعەجانەکاندا بگەڕێین تا کونە مشکیان لێبکەینە قەیسەری خۆشاردنەوە.

تۆکیش لە وەڵامدا بە زەردەواڵەی وت: لەوانەیە زووتر بە دەعەجانەکان بگەین، لەوەی کە تۆ چاوەڕێی ناکەیت.

لە چەند خولەکێکدا خۆیان لەسەر ترۆپکی شاخێکدا دییەوە، کە بە زنجیرەیەك لوتکەو ترۆپکی بەرزی یەك لەدوای یەکدا کۆتایی دەهات. هەوری ترسیش وەك تاجی دۆش داماو سەری پرۆپکەکانی داگیر کردبوو. پاش ماوەیەك ڕۆشتن لە ترۆپکی یەکەمدا، مرۆڤێکیان دی کە بە ویقارەوە پاڵی بە دارێکەوە دابووەوە. قاتێك چاکەتو پانتۆڵی لە بەردابوو، بۆینباخێکی ڕەشی بەسەر کراسێکی سپیدا بەستبوو. جوتیَ فۆندەرەی تازەی لە پێدابوو. نینۆکی پاكو خشت دیاربوو. شەپقەیەکی سپی لەسەر خۆی نابوو. دەستەسڕێکی ڕەنگداریشی بە گیرفانی چاکەتەکەیدا کردبوو. دەموچاوێکی بێ ڕووی هەبوو کە هیچ دەربڕینێکی ئاشکرای پێوە دیار نەبوو.

کاتێك گەشتیارەکان بەئاستی ئەو گەیشتن، پیاوەکە بە گەرمیەوە دەستی تەوقەی بۆ مێلۆ درێژکردو وتی: کوڕە بچکۆلەکە چۆنیت !؟ ئەی سەگە بەوەفاکەت لە چیدایە؟

چەند جارێك دای بە پشتی زەردەواڵەداو وتی: پشتی پانو بەتوانایە، ئەم گیاندارە ڕۆح سوکەی لە خزمەتتانایە چ کارەیە؟ { بەدەم لێدوانەکەیەوە شەپقەکەی بەڕێزەوە داگرت}و وتی: زۆر دڵخۆشم بە بینینتان.

گەشتیارەکان دەم و زاری پیاوە بێ ڕووکارەکەیان لە جێگەیەکی وەها نابەجیَدا لا خۆش بوو. پیاوەکەش خۆش باوەڕی ئەوانی بە خێرایی قۆزتەوە و پرسی: ئێوە وەك بزانن بۆتان دەکریَ هەندیَ کاری ئاسان هەیە بۆم ڕاپەڕێنن؟

زەردەواڵە بەپەلە وتی: بێگومان بۆچی نا !.

مێلوش وتی: بە دڵێکی خۆشەوە چەند بتوانین.

پیاوەکە بە خۆشییەوە وتی: کارەکەی پێتانی دەسپێرم ئاسانە بەجێگەیاندنی. ئەو کۆمە لمەی کە هەڵدراوەتەوە دەبیَ یەکێکتان بۆ ئەو لایەی تر ڕاگوێزی کەن، لەم کەوچکی خواردنەش بەولاوە هیچی تر

شك نابەم تا ئەو کارەی پێ ئەنجام بدەن. {مێلۆی ڕاسپارد کە ئەو کارە بکات.} دووهەم کار لەو بیرەدا ئاو هەیە، ئەو ئاوە بۆ ناو ئەو بیرە وشکە رادەگوێزنەوە، بەداخەوە لەم بۆریەم زیاتر لادەست ناکەوێ، دەتوانی ئاوەکەی پێهەڵبمژیو لە گوپتا ڕایگریو دوایی بیرێژیتە ناو ئـەو بیرە وشـکەوە تا پڕی دەکەیتەوە. { ئەو کارەشی بە تۆك سپارد.}



تۆی ئازیزیش دەتوانی ئەو گاشە بەردە کون بکەیت، دیارە بێلەم دەرزیەش، زیاترم لا دەست ناکەوێت. {زەردەواڵەش بە ئازایانە قۆڵی کاری بۆ هەڵماڵیو دەستی بە هەڵکۆڵین کرد.



**پیاوەکەش زۆر بەسادەیی گەڕایەوە بۆ بنداری ڕێگاکە و دەیڕوانیە ڕێگاکە، گەرچی هیچ شتێك لە ڕووانینیا ئاشكرا دیارنەبوو، بەلای کەمەوە وا دەردەکەوت کە سەیری ڕێگاو بانەکە دەکا. ئەوانیش سات لە دوای سات کاریان دەکرد، سات لەدوای سات بەردەوام بوون، سات لەدوای سات بەردەوام بوون، سات لەدوای سات کاریان دەکرد.**

17

# لیژنەی تڕۆکەر

زەردەواڵە کە سەرمەستی کارێك بوو کە بیر کردنەوەی نەوێت، بەدەم هەڵکۆڵینەوە فیکەی لێدەدا. بە کارکردنەکەیدا لەوە دەچوو ڕۆژێك خەریکی کار بێت. لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی پەنجەیەکی هەڵکەندبوو. تۆکیش کە زوو زوو دەمی پڕدەکرد لە بیرێك و لە بیرێکی تردا بەتاڵی دەکردەوە، نە بیرە وشکەکەی تەڕ کردبوو نەپڕەکەش کەمی کردبوو. لمەکەی کە مێلۆش گواستبوویەوە کەڵکی حەمامۆکی منداڵانیشی پێوە نەبوو. مێلۆ کاتێ لە کارەکەی خۆی ڕوانی، بەسەرسامییەوە لەبەرخۆیەوە دەدوا: زۆر سەیرە ئەو هەموو کاتە کارم کردووە، نە هەست بەهیلاکیو نە بیر لە خواردن دەکەمەوە. بەدڵنیاییشەوە دەڵێم، گەر بێتو بەم شێوەیە کاربکەم، ئاوا پێویستیم بە وەستاندن نابێت.

پیاوەکەش وتی: لەوانەیە قەت نەوەستیت لە کارکردن.

کاتێ تۆك بەلایدا تێپەڕی، مێلۆ بەچرپە وتی: بە ئاواتەوەم کە بزانم ئەم کارە چەند ماوەی تر دەخایەنێت.

تۆك هەرچەندە بۆرییەکە بەددانیەوە بوو، بەڕاشکاوی پرسی: بۆچی قەڵەمە ئەفسوناویەکەت بەکار ناهێنی تا بزانی چەند ماوە دەبات؟

مێلۆ قەڵەمەکەی بەپەلە دەرهانی تا بزانێ ڕێژەی کارو کاتو قەوارەی لمەکە چۆن وابەستەی یەکن و ماوەی چەند دەخایەنێ کە هەموو لمەکە بگوێزێتەوە. پاش لێکدانەوە بۆی دەرکەوت، گەر بەردەوام بەو ڕێژەیە کاربکات، ئەوا هەشت سەدو سیو حەوت ساڵ دەخایەنێ.

مێلۆ لە پیاوەکە نزیك کەوتەوەو وتی: بمبوورە لەوەی لەناوەختا دەستبەرداری کارەکە بووم، بەڵام تۆ دەزانی کە ئەم کارە هەشت سەدو سیو حەوت ساڵ دەخایەنێت.

پیاوەکە بەلاموبالاتیەوە، وتی: ئینجا چیە؟ چاکتر وایە بەردەوامبی تا تەواو دەبیت.

مێلۆ بەنەرمی وتی: بەڵام ئەم کارە شایەنی ئەو هەموو کات بەسەر بردنە نییە.

پیاوەکە لەناکاو نەڕاندی: شایەنی هەبێ یان نەیبێت ئەوە کاری تۆنیە کە بیری لێبکەیتەوە !

مێلۆ وتی: من مەبەستم ئەوەیە کە ئەم کارە لەو کارانەیە کە زۆر گرنگ نیە.

پیاوەکە قیژاندی: بێگومان گرنگ نیە، گەر بهاتایە گرنگ بوایە، من داوام لە ئێوە نەدەکرد کە بیکەن.

لەوکاتەدا کە پیاوەکە بۆ مێلۆ دەیڕوانی، ڕقو کینە چرچولۆچییەکی ترسناك بوو کە دەمامکی ڕووکاری بەیان دەکرد. ئەم دەربڕینە چاوەڕوان نەکراوەی پیاوەکە گەشتیارەکانی بە ئاگا هێنایەوە لەوەی کە کوشندەیی لەو کارەدایە کە دەیکەن. کاتژمێرەکەی تۆکیش کەوتە زەنگ لێدان. پیاوەکە کە زانی گەشتیارەکان خەریکن دەنگیان یەکخەن، زمانی لووسی خستەکارو وتی: ئەی هاوڕێ بچکۆلەکەم چ کارێکی گرنگ هەیە، کە لەکاری بێ نرخ گرنگتربێ بۆ دواخستنی تۆ لە بەمەبەست گەیشتن ،{ئەو بەقاقاوە ددانی بەدوا وشەدا نا}.

مێلۆ بە شڵەژاوییەکەوە وتی: کەوابوو تۆ دەبێ هین بیت!.

پیاوەکە بە ناڵەیەکی ترسێنەرەوە، وتی: زۆر تەواوە من هینی ترساندنم، دەعەجانی بەزەییم کە کاری بێمانا ڕادەپەڕێنم. هەڵسووڕێنەرو موستەشار و پارێزەری نەریتم، تا ماوم هەر دەکرێ نۆکەریی دەکەم. هەروەك دەبینن لە بەڕێوەبردنی کارەکەمدا، نەك هەر شەرم ناکەم بەڵکو ڕووکاریشم نیە تا بۆ کەس هیچ بەیانکەم.

زەردەواڵە کە گوێی لەو باسەبوو دەرزییەکەی لەدەست بەربۆوە، مێلۆ و تۆکیش پاشەکشێیان بۆ دواوە دەکرد. پیاوەکەش دەینەڕاند: هەوڵ مەدەن دەستبەرداری فەرمانم بن. ئێوە دەبێت بەکڕنوشەوە فەرمانەکانی من بەجێبگەیەنن. کاری بێ بەها سەروەتێکی نەزانراوە بۆ ئەو کەسانەی هیوایان لەوەڕینە. ئێوە دەتوانن تا هەشت سەد ساڵی تر بێنەوبەرەی بێ سەروبن بکەن.

مێلۆ کات کوشتنی خۆی بەبیردا دەهاتەوە، بۆیە پرسی: بۆچی و لە پێناوی چیدا دەبێت تەنها کاری نابەجێ لە ئەستۆ بگرین؟

پیاوەکە بە مۆڕەوە دەیڕوانی،{گەر بلوێ بڵێین ڕووکاری وای هەبوو لەکاتی دەربڕیندا} دوایی وتی: کاری بێمانا، بەرامبەرە بە دورکەوتنەوە لە دەردەسەری ئازادبوون چاکترە. بە دوای ئەوانەشدا ئەرکی زانین نیگەرانیو گومان لە دەرونتاندا بەگەڕناخات. لەهەمان کاتدا ئەم کارە دەتانپارێزێ لە لۆمەی کات کوشتن. ئای گەر قەڵەمی ئاشوبەچی نەبایە، نهێنی ئەم کارەتان بۆ ئاشکرا نەدەبوو، ئەوا بۆ خۆتان بێخەم لە نەگبەتیو بەڵای بیرکردنەوە دەربازدەبوون {ئەو کە زانی ئەوان هەر بەردەوامن لە پاشەکشێ کردن، ئینجا هەوڵیدا کە بە زمان لووسی لەخشتەیان بەرێت}. ئێوە برای باشبن و وەرن لەگەڵمدا تا زۆر شت هەیە بەیەکەوە بیکەین. لەو بەیانیەشدا کاری ئاسانی وەك بێنەو بەرەو بگرەو بەردە دەکەین یان ئەوە بەتاڵکەیت و ئەوی تر پڕکەی، قەڵەم تیژکە، نینۆك بۆیەکە، پول بلێسەرەوەو زۆر شتی تری بێمانا بکە، کە قەت پێویستی بە بیرکردنەوە نیە، وردە وردە شەهادەی دەعەجانیش بۆ پاراستنی نەریتی کوێخایی وەردەگرن.

هەرسێکیان دەستەو ئەژنۆمان بۆ ماوەیەك کش و مات بوون، ئینجا دەنگێك وتی: ڕاکەن خۆتان دەربازکەن.

مێلۆ وا هەستی دەکرد کە تۆکە دەڵێت ڕاکەن، بۆیە بێئاوڕدانەوە دەستی بە ڕاکردن کرد.

"ڕاکە، ڕاکە" دەنگەکە دووبارە بووەوە، ئینجا تۆك ڕای کرد.

"ڕاکە، ڕاکە" دەنگەکە زەردەواڵەی بەئاگا هێنایەوە، زەردەواڵەش بێگوێدان بەوەی کێیەو کێنیە، بەڕاکردن کەوتە دوای هاوڕێکانی، دەعەجانیش بە دوایاندا بە گرمە و ناڵەوە دەهات.

"لەم ڕێگەیەوە، لەم ڕێگەیەوە"، دەنگە بێ ڕەنگەکە هاواری لێدەکردن. ڕێگەکە ڕێگەیەکی قوڕاوی بوو، کە ڕووەو هەوراز دەچوو، ئەوانیش بێ هیوا گوێڕایەڵی فەرمانی دەنگە نەزانراوەکە بوون. دەعەجانی ترسیش وەك مۆتەکە لە دوایانەوە هەنگاویدەنا.

"لێرەوە پێهەلگرن"، دەنگەکە ڕێنمایی دەکردن، ئەوانیش بێ بیرکردنەوە و دوو دڵبوون، گوێ ڕایەڵانە بە دوی فەرمانەکەی دەکەوتن. ڕێگاکە وردە وردە ڕووەو نشێوی چوو و تادەهات زیاتر شۆڕدەبووەوە. ئینجا بە ناو قوڕاوێکی خەست ملیان نا کە بە ناڕەحەت دەیانتوانی هەنگاو هەڵگرن.

دەعەجانی بێڕووش بە دوایانەوە بوو، نەیدەخوازی خۆی لە قوڕەکە بدا، بۆیە لە کەناری زەلکاوەکە ڕاوەستا و بەدەستی خۆیدا دەکێشاو دەیوت: دەبێ هەرچی دێوو درنجی بەرزی و نزمی تاریکستان هەیە لێتان بوروژێنم.

مێلۆ کە هیلاکیی شەکەتی کردبوو، بە دەنگێکی کزەوە وتی: چەند هاودەنگێکی نابەجێ بوو ! بە هیوام بۆ ئاخرجاربێ دەعەجانی وا بێڕوو ببینمەوە.

زەردەواڵە پاش ئاوڕدانەوەی بۆ دواوە وتی: بڕوا دەکەم ئەو دەعبایە نەیوێرابێ لەوە زیاتر دوامان کەوێت. کاتێك لە زەلکاوەکە دەردەچوون، تۆك وتی: ئێستا دواوە نیگەرانم ناکات، بەڵام پێشەوەیە کە دەم ترسێنێ.

ڕێگاکەی پێشەوە نادیار بوو، ڕاوێژکەرەکەش ڕێگەیەکی تایبەتی هەڵبژاردبوو، هەر جار ناجارێك دەیووت: بەرەو سەرەوە، بەرەو سەرەوە.

ئەوانیش لەبەر نەشارەزایی و بێبواری ڕاکە ڕاکە ، هەست و هۆشی پرسیاریان لە دەستتدابوو کە بۆ کوێ



و لەگەڵ کێدا هەنگاو دەنێن. لەناکاو کەوتنە خوارەوە، کاتێك تێڕامان، خۆیان لەناو بیرێکی قوڵدا دۆزیەوە. مێلۆ بە ناڕەزاییەوە، وتی: ئەو ئاماژەی بۆ سەرەوە کرد.

دەنگەکە لە بەرزییەوە، وتی: چاکە، دەتان ویست بەرەو سەرەوە بەرز ببنەوە، سەرئەنجام بۆ خوارەوە کەوتەوە. بە هیوابووم کە لە ڕێگای ئامۆژگاریەکانمەوە بە هیچ کوێیەك نەگەن، هەر ئەوەشتان کرد کە من پلانم بۆ دانابوو.

زەردەواڵە لە بەرزایی بیرەکە ورد دەبووەوە، بە دڵشکاوییەوە وتی: ئێمە هەرگیز لەم کونە لەعنەتیە ڕزگارمان نابێت.

دەنگەکە لەگەڵ زەردەواڵەدا تەبا بوو، وتی: ئەوە هەڵسەنگاندنێکی تەواوە بۆ ئەو حاڵەی کە ئێستا ئێوەی تێدان.

مێلۆش بە توڕەییەوە وتی: بۆچی تۆ لەدەست ئەو بێڕووە ڕزگارت کردین؟

لەوەڵامدا دەنگەکە لە دەم کونەکەوە وتی: من لەم جۆرە کارانەدا تایبەتمەندم، کە تۆ ناوی درزێوت لێناوە. لەسەر ئەوانەشەوە، ئەی ئێوە چاوەڕێی چی لە منێکی لووت درێژ، چاو سەوزی، قژ لوولی، دەم گەورەی، مل پانی، ناوشان پانی بێویژدانی، باسك کوڵی، قاچ کەوانەیی، پانو پۆڕیم بەبێ ناو نیشان دەکەن. ئەوەی ئێستا بۆ خۆم پێتان دەڵێم زۆر کەمترە لە پێناسەی دڕندەییم. دوا وتەم بۆ ئێوەی بەسەزمان ئەوەیە کە ملکەچی چارەنووسبن، بپاڕێنەوە بێ لێدوان !!

بەدوای گوتارەکەیدا، دەنگەکە هاتە سەر کەناری بیرەکە تا بزانێ حاڵی بەندەکانی لە چیدایە. زەردەواڵە لە ترسی تارمایەکە ڕووی وەرچەرخاند. بەڵام مێلۆ لەگەڵ ڕۆژگاردا فێربوو کە زۆر کات، خەڵکی ئەوەی دەیڵێن مەبەستیان نییە بەجێی بگەیەنن. بۆیە تەلیسکۆبەکەی دەرهێناو سەیری دەمی بیرەکەی کرد. بینی لەسەر لێواری بیرەکە گیانلەبەرێکی لاوازی کەم تووکی بەدیکرد، کە بەنیگەرانی، لە ترسدا هەڵدەلەرزێ.

مێلۆ بە دەنگێکی خۆشو بەچاوی لێبوردنەوە، بانگی لێکرد: ئەی لووت بچوکی بەسزمان، ئەی چاو ڕەشی بێویژدان، درۆزنی کەس نەزان، مل باریکی بێنیشان، بچکۆلەی قاچ هەلوکی بێ ویژدان. ئەی دەعەجانی بێبەها، ئەوەی بۆ خۆت وتت وەها نیە. ئێستا من بە ڕوونی تۆ دەبینم. ئەو پێناسە درۆیەی کە بە بەرۆکی خۆتدا بریوتە بێ لەوەی کە لە سەر درۆ بنجد ناوە، هیچ نییە تر نیە ئەی نەزان، ئەگەر نا ، چ پێویستە تۆ بەم جۆرە ئازاری ڕێبوارێکی وەك من بدەی؟ کە لە گەشتی خۆناسیندا دەخولێتەوە، یان بەو شێوەیە پێناسەی درزێوی بە بالای خۆت دەبڕیت کە دیڵێت. ئامۆژگاری من بۆ تۆ ئەوەیە کە تا زووە پرسیار لە نابەجیی پەروەردەی خۆت لە دایكو بابت بکە تا بزانیت بۆ وا نابەجێ ڕەفتار دەکەیت. ئێستا بێ یەك و دوو پێم بڵێ تۆ چ جۆرە دەعبایەکی؟.

گیانلەبەرە بچکۆلەکە بە بیستنی هەواڵەکان تێکچوو. پاشەوپاش کشایەوە، نەکا لاوازیەکانی زیاتر لایان ئاشکرا بێت و نەتوانێ بەرەنگاری بوونی نا دروستی خۆی ببێتەوە. ئینجا بە لوشەلوشەوە وتی: من شاگردی دەعەجانی درۆسازدانم. ئەوەی دەیڵێم مەبەستم نیەو بڕواشم پێی نیە، بۆیە هەمیشە بە ترسەوە هەر کارێکی دزێو هەبێت دەیکەم. لە راستیدا من ئەوە نیم کە دەیڵێم، بەڵام زۆربەی خەڵك هەر بڕوا دەکەن بەوەی دەیڵێم. ئێوەش بڕواتان کرد، گەر ئەو تەلیسکۆبە ئەفساناویە نەبوایە، هەرگیز نەت دەزانی کەمن چیمپێدەکرێت یان کێم.



بەدوای لێدوانەکەیدا، دەعەجانەکە، گەڵاوگەڵ ڕێی گرتە بەرو ئەوانی بەجێهێشت تا ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی یان شردنەوەی ببێتەوە. زەردەواڵەش کە زانی دەعەجانەکە دەمی بیرەکەی بەجێ هێشتووە، ڤیژاندی: بە دایکت بڵێ با گوێت لێگرێ لەجێی ئەوەی دەست بەسەرتا بهێنێ تا چارەی ڕەشی تۆ، لە بیر کەشنەزاندا کوتایی نەیەت.

مێلو بەدەم تەلەسکۆب پێچانەوە وتی: ڕاستە دەڵێن خۆشباوەڕیی مایە پوچییە.

تۆك چنگی لەدیوارەکە گیرکردو وتی: تەنیا ڕێگەی دەرچوون لەم قۆرتەدا بە دیواردا هەڵگەڕانە دێت، ئێستا یەك بە دوای یەکدا بەسەر پشتما سەرکەون.

زەردووەاڵە بەسەرشانی تۆکا هەڵگەڕا. ئینجا مێلۆ بەسەر شانی هەردووکیاندا سەرکەوت تا گۆچانەکەی زەردەواڵەی لە ڕەگی دارەکان گیرکرد. دوای ئەوە تۆك هەڵگەڕا بە گیانی زەردەوالەدا، ئینجا بە گیانی مێلۆدا، دوایی بە گۆچانەکەدا سەرکەوتە سەرێ. هەربەزوویی زەردەواڵە هەرئەوەنەی بڵێیت یەك و دوو بەسەر مێلۆ وگۆچانەکەدا سەرکەوت و ئینجا تۆك و زەردەواڵە مێلۆیان بە یەك تەکان بۆ سەرەوە ڕاکێشا.

پاش کەمێ پشودان. بەدەم خۆ تەکاندنەوە زەردەواڵە وتی: بەچاکی دەزانم کە لێرە بەدواوە من سەرقافڵەچی ئەبم تا ناوچەی ترسناك تێدەپەڕێنینین.

زەردەواڵە بۆ خۆپاراستن لە دەعباکان لاتەنیشتی کەندەڵانێکی ناوەندی هەڵبژارد بۆ ڕۆیشتن. ماوەیەك بە ناو بەردەڵانیەکدا بە قەڵەمبازدان تێپەڕین، کە زۆر هیلاکی کردن. لەبەر هیلاکی لاڵوپاڵ لێیکەوتن. پاش کەمێك ماندوو شکاندن، گرمەیەکی ناکاو لە سەرەوەیان هات، ئەرزەکەی کە لە سەری ڕاکشابوون شەقار شەقاربوو. تەپوتۆزێکی بێ شومار بەو ناوەدا بڵاوبۆوە. دوای ماوەیەك گەشتیارەکان خۆیان بەهەڵواسراوی لە ئاسماندا دییەوە. کاتێك کە ورد بوونەوە تا بزانن چی ڕوویداوە.. خۆیان لەسەر لەپی دەستی کەرتە شاخێك بینیەوە، کە بە زمانە بچووکەکەی ، لێوی پاك دەکردەوەو بە گرمەگرمەوە دەیوت: ئەوە چ خواردنێکە خوا لەناکاودا ناردوویەتی. دەعەجانەکە بەڕەنگ لە کێو دەچوو. کەللە سەرێکی بێتوكو دوو چاوی بێ برژانگی هەبوو، لە ڕوانینیشیدا بەستەڵەکی بەستوی لە چاواندا دیاربوو.

{تەنانەت باسکردنی، ترس لە ڕۆح و گیانی مرۆڤدا بەرپا دەکات}، شێوە دانیشتنەکەی لە تەپاڵەی تەڕی ملیۆنێك گا دەچوو، کە بەدرێژایی پەنجا هەزار ساڵ لەیەك کاتداو بەیەکەوە فیڕاندوویانە و لەیەك خولەکدا وشك بۆتەوە.

مێلۆ لەسەرخۆ هاتە زمان بە دەعەجانەکەی وت: ئێمە بەڕاستی داوای لێبوردن لە تۆ دەکەین کە لە خەومان کردیت. گەرچی تۆش چەقی ڕێگاکەت تەنیوە.



به گرمەوە {گرمەکان لە دەنگی بۆمبای بێ باروت دەچوو} دەعەجانەکە وتی: من شێوەیەکی تایبەتی خۆمم نیە، بۆیە لە هەر کوێیەك بم ڕەنگو بەرگی ئەوێ بە بەری خۆمدا دادەبڕم. لەشاخدا من ترۆپکم، لە کەناری دەریادا وردە لـمم، لەدارستاندا سەرپەلی بەڕووم. هەندێ جار لە شارە گەورەکاندا دوانزە ڤاتی ناڤۆلاّم. ناخۆشترین کاتیشم ئەو کاتەیە کە بە ئاشکرا مرۆڤ ڕووکارم هەڵدەماڵن و دەستەکەم لایان ئاشکرا دەبێت. گەر بەرگ گۆڕین نەبوایە حەشارم، ئەوا چاوە بزەکانی کە رۆژانە بە دوای ڤاکتەردا دەگەڕێن، بە تینی بینینیان وەك بەفری پاشماوەی زستانیان لێ بەسەر دەهێنام. بەڵام ئەم بەرگ گۆڕینەیە کە سەلامەتی مانەوەمی پاراستووە و بەردوامی بە بوونی خۆم ئەدەم.

دەعەجانەکە بەچاوی مشتەرییەوە لەوانی دەڕوانی، بۆیە بێترس ڕازی خۆی ئاشکرا کرد و بڕواشی دەکرد کە ئەوان نێچیرێکی بێدەسەلاّتن و هیچیان لە دەستنایەت.

زەبەلاحەکە دەمی کردەوە, مێلۆ بەپەلە هاواری کردو وتی: تۆ ئەوەندە گەورەی کە هیچ شتێك ناتترسێنێ!.

"نا من دەترسم"، لەگەڵ وتنەکەیدا ڕاچڵەکانێکی ترس بەجەستەیا ڕەت بوو، ئینجا وتی: من لە هەموو شتێك دەترسم، هەر لەبەر ئەوەیە ئاوەها خۆم دەشارمەوە، ئەگەر ئەوانی تر ئەوە بزانن ئەوا من لەترسا دەمرم. ئێستا تکایە بێدەنگ بە، تا نانی بەیانی دەخۆم.

زەردەواڵە لە ترسا کەوتە پەلەڤاژێ و لەوەش دەچوو بیر بکاتەوە.

مێلۆ بیستبووی کە زەبەلاحەکان بە زلی خۆیانەوە دەنازن و هەمیشە جۆرێك نەریتی زلتر لە خۆیانیان داڕشتووە و پەیڕەوی دەکەن، بۆ نموونە، ئەوان نابێ لەکاتی نانخواردندا قسەبکەن بۆیە مێلۆ بەو هیوایەوە کەوتە دووان: بەڕاستی تۆ دەعەجانێکی ترسێنەر نیت!.

لەوکاتەدا زەبەلاحەکە دەستی لەدەمی دوورخستەوە، وتی: ئا، تا ڕادەیەك ئەوە ڕاستە، بەڵام ئەگەر بە بەراورد وەریگری ئەوە زۆر ڕاست نیە. ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم کە ترس بە ڕێژە نیە وەك دەیڵێن. ئەی باشە با من پرسیارێ بکەم، ئەی ئەوانی تر چۆن بۆی دەچن؟ تۆ دەبینی چی دەڵێم. من تەنانەت ناتوانم هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانە وەرگرم لەوەی دەیڵێم. جا تکات لێدەکەم بەسە ، پرسیار مەکە، چونکە من لە پرسیار دەترسم، هەر بۆیە توڕەش دەبم.

دەعەجانەکە جارێکی تر هەرسێکیانی بەرزکردەوە بۆ نزیك دەمی تا بیانکاتە لوقمەیەکی بەلەزەت. خەریك بوو هەڵیانداتە ناو دەمیەوە، مێلۆ ڤیژاندی: بۆچی تۆ هاریکاریمان ناکەی تا ژیر و ئاواز ڕزگار بکەین؟ لەوانەیە زۆر شتی چاك ڕووبدا دوای گەڕانەوەیان.

دەستەکانی زەبەلاح تا دەهات شل دەبوو، بەدەم دەست نزمکردنەوەوە وتی: نا من کاری واناکەم، لەوەدەچێت ورێنە بکەم، من پارسەنگی هەستو هۆشی خۆم پێڕاناگیرێت، جا هاوسەنگی ئاوازو ژیریش بێتە سەر بارەکەم. دەزانیت تۆ داوای شتێك دەکەیت کە ناکرێت. من نازانم بۆچی دستبەرداری ویست و

بیری ئازاد بووم؟ ئا.. بیرم كەوتەوە، من قەت جەربەزە نەبووم تا ئازادی لام بەهایەكی هەبێت. هەموو گەورەیەك هەر وەهابوون. تكایە باسی گۆڕان مەكە، چونكە دەم ترسێنێت.

{كەڵە شاخ لەگەڵ وتەكانیدا دەمی دەلەرزی‌و ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا. ترس بیرەوەریەك بوو كە دەیهەژاند.}

پاش ماوەیەك كەڵەشاخەكە وتی: ئێستا هەست بە باشی ناكەم، بۆیە بیری لێدەكەمەوە كە چاكتروایە یەكێكتان بخۆم‌و ئەوانی ترتان بۆ دوایی هەڵگرم.

مێلۆ وتی: من بیرێكی چاكترم هەیە.

كەڵەشاخ كە هەستی خواردنی لەدەست دابوو، وتی: تۆ چیت هەیە؟ من هەست بەناڕەحەتی دەكەم، چونكە تۆ جیاواز دەدوێیت. لەهەمان كاتدا، بیرەكانی تۆ بە من هەزم ناكرێت، چ لەبەر گرانیان وە چ لەبەر قەبارەی نادیاریان.

مێلۆ بە دڵخۆشییەكی سەركەوتووانەوە هەگبەكەی بەرزكردەوەو وتی: سەیری ئەم هەگبەیە بكە، پڕە لە بیری جۆراوجۆر كە پیتی مەزن وەك دیارییەك بەمنی داوە، بۆ شارەزابوون لێیان منیش دەیدەم بە تۆ تا ترست بشكێت.

بیركردنەوە لە بیری نادیار، كەڵەشاخی بەشێوەیەكی سەر سوڕهێنەر هانیە زمان كە دەیگوت: دامگرە خوارەوەو بەرۆكم بەردە، دەڕۆم بەڕێی خۆمەوەو شەڕم لێ لادە. ئەو هەگبەیەش قایم هەڵگرە نەبا بكرێتەوە.

كەڵەشاخ بۆ خۆ ڕزگاركردن، لە خولەكێكدا هەرسێ گەشتیارەكەی بەخێرایی لەسەر ترۆپكێك دانا، بە پەلەش ئاگاداری دەورو بەرەكەی كردەوە كە پەتای بیر لە ناوچەكەدا كەوتۆتەوە.

دەنگ بەئاسانی بە ناوەندی ڕەقەڵانیدا بڵاودەبێتەوە. بەكەمترین كات هەواڵی گەشتیارەكان كە بۆ ئازادكردنی خانزادەكان هاتبوون، لە زارو دەنوكی ناوەناتۆرەوە بۆ بێڕوو تا لووت درێژی چاو سەوزی، قژلوولی، دەمپانی، ملپانی، ناوشان پانی، خڕو خەپانی، قاچ كەوانی و سەرجەمی دەعەجانەی تر بڵاوبوبووەوە.

دەعەجانە نادیارەكانیش بەپەلە لە كەناڵی كونەكونەكانەوە هەواڵی هاتن و مەبەستی چاوەڕانكراوی تازە گەشتیارەكانیان بە درزەكان دەگەیاند تا شەقارە لاوازەو پڕوكاوەكان دەنگەكان بە هەورە ماتەكان بگەیەنن و خۆسازدەن بۆ بەرگری و شاڵاو بەرپەرچیان بدەنەوە. لە هەموو لایەكەوە دەعەجانەكان دەیانبۆڕاند: پەلوپۆی زانین بشكێنن‌و سنوورەكانی نەزانین قایمكەن، ڕێگە لە هەموو گەڕۆكێ بگرن، كە نیازیەتی بناغەی بێدەنگی بشڵەقێنێت.

لەو ڕوانگەیەوە کە مێلۆو تۆك و زەردەواڵە لێی وەستابوون، دەیانبینی کە لەشکری نەزانین خرۆشاوەو ئامادەی شاڵاو هێنانە.

تۆك هاتە زمان و وتی: چاك وایە زوو بجوڵێین دەنا دوور نیە بمانگەنێ.

هەرسێکیان قەتارەیان بەست و کەوتنە ڕۆیشتن. مێلۆ هەناسەیەکی پڕ بەسییەکانی هەڵمژی، ئەوانیش هەر وەهایان کرد، زەردەواڵە کە دەیزانی مەترسی لە دواوە پەلدەهاوێ بە پێکەنینەوە وتی: کوڕینە من وابزانم ئەم ناوەم لەوەوبەر دیوە.

{هەر بە زوویی خۆی گەیاندە پێشی ڕەوتەکە}.

# 18

## زینده خەو

## {قەڵاکەی کە لە هەوادا}

گەشتیارەکان بەرەو ژوور سەردەکەوتن، لە لوتکەی شاخ بۆ شاخێکی تر دەڕۆیشتن. بەسەر بەردی تیژو بە تەنیشت کەندەڵانی ترسناکدا هەنگاویان هەڵدەهێنایەوە، بەهێواش‌و پەلە ڕەوتیان دەکرد. بێدەنگی ترسێك بوو وەك هاوسەر لەتەکیاندا گەشتی دەکرد. بێ لەدەنگی پێدانان و هەلگرتن، جارجارێك بەرد دەرچوو لە ژێر پێیان و خل دەبوونەوە. بەدەم ڕۆیشتنەوە سەدان بیر لە مێشکی مێلۆدا چەکەرەیان دەکرد. دێوەکانیش تا دەهاتن لێیان نزیك دەبوونەوە.

"وا گەیشتن"، زەردەواڵە ڤیژانی، لەوە دەچوو کە بە ئاواتەوە بووبێت کە ئەو سەرەی هەر بەرز نەکردایەتەوە.

مێلۆ هاواری کرد: ئەوەتا لە لوتکەکانی پێشەوە بەرەو ئێرەوە دێن.


گەشتیارەکان بەرەو ئەو لوتکەیە دەچوون کە پلەپەیژەکانی بەرەو ئاسمان بەرز دەبووەوە. ڕێگاکە بە پێچاو پێچی بۆ پۆپەکە سەردەکەوت. زەردەواڵە پڕ بەدڵ هاواریکرد: دەیبینم، دەیبینم...

زەردەواڵە ئەو پیاوە خەوتووەی دەدی ، کە پاڵتۆیەکی بەشان‌و ملیادابوو، لەبەردەم پلە پەیژەکان وەك پاسەوان هەڵتووتابوو. زەردەواڵە هەنگاوی بەپەلەی هەڵهێنا لە ملەی شاخەکەوە سەرکەوت و بەرەو ترۆپکەکەی هەنگاوی دەنا، بە پەلە بە پلە پەیژەکەدا سەرکەوت، تۆك بە ئەسپایی چرپانی: لەسەرخۆ ڕێکە.

پیاوە خەوتووەکە لە گرمە و زرمەی زەردەواڵە بەخەبەرهات، بەپەشۆکاویەوە پرسی: ناوتان چییە؟

لەهەمان کاتدا پەڕاوەکەی کردەوە، پیت لەدوای پیت گەڕا تا بەلاپەڕەی 215 گەیشت، یەکسەر دەستی بەنووسین کرد، ئەوەندە بە ترسەوە دەینووسی، کە خشەی نووسینەکەی دانی مێلۆی جیڕ دەکردەوە. پیاوەکە لەترس‌و لەرزا مەرەکەبەکەی بە کۆشی خۆیدا ڕژاند. پاش ماوەیەك هۆشی بەخۆیا هاتەوە، ئینجا دەستی کرد بە هاوارکردن، بە ناسازیەکەوە وتیەوە: ناوەکانتانم پێبڵێن. زۆر چاکە، زۆر چاکە، زۆر دەمێکە گوێم لە پیتی (م) نەبووە.

مێلۆ بە پەرۆشەوە پرسی: ناوی ئێمەت بۆچییە؟ ئێمە زۆر پەلەمانە کە بڕۆین.



**پیاوەکە بۆ هێمن کردنەوەی گەشتیارەکان، وتی:  خەم مەخۆن زۆر ناخایەنێ،  من بە ڕەسمی ، هەست پێوەرم.  ئێستاش ئێوە دەبێت هەندێ زانیاریم لەسەر خۆتان بدەنێ تا هەستتان بپێوم.  پێم بڵێ تۆ لەکوێ لەدایك بووی؟   کەی لە دایك بووی؟  بۆ لەدایك بووی؟  تەمەنت چەندەو تۆزێکی تر تەمەنت دەبێ بەچەند؟  ناوی دایکت،  ناوی خێزانت،  ناوی مام،  خاڵ،  ئامۆژن،  خالۆژن،  ئامۆزاکانت،  خالۆزاکانت،  نێرو مێیان، لەکوێ دەژینو چەند لەوێ ژیاون؟  ناوی ئەو قوتابخانەیەی لێیدەخوێنی،  ئەو قوتابخانانەی کە لێی نەتخوێندووە، ئەو یاریانەی دەیکەی. ژمارەی قۆندەرەکان و قەوارەیان،  ژمارەی کراسو بلوسو پانتۆڵو دەرپێو فانیلە لەگەڵ قەبارەیاندا.  ئا،  زەحمەت نەبێ ڕەنگەکانیشیان چۆنەو بۆچی؟   دیارە شەش زەلامیش دەبێ پشتگیری لەو زانیاریانە بکەن، کە ڕاستن.   ئێستا تکایە بەسەرە ڕیزبگرن،  بێدەنگو بێ پرسیار ڕاوەستن. لە بیریشتان بێت پاڵنانو نوقورچ گرتن قەدەغەیە.  ئێستا یەك بەدوای یەك وەرنە پێشەوە.**

**زەردەواڵە بە گرانی پرسیارەکانی کە هەست پێوەرەکە لێیکرد بە بیردا دەهاتەوە،  بەڵام،  بەپاڵە پەستۆ خۆی گەیاندە بەردەمی و قوت ڕاوەستا.  پیاوەکەش بە کەیفو زەوقی خۆی وەڵامەکانی لە پێنج جێگەدا دەنووسیەوە. هەرجارە ناجارێکیش پشوویەکی وەردەگرتو بۆینباخەکەی چاك دەکردو چاویلکەکەی پاك دەکردەوەو  قرخەیەکی بۆ دەکرد و لووتی دەسڕی.  بەدەم نووسینەوە زەردەواڵەی نیگەرانی مەرەکەباوی کرد. لەو کاتەدا کە دەیوست بزانێ  قەوارەی کراسو قۆندەرەو پانتۆڵەکەی چەندە.**

"یەکێکی ترتان بێتە پێشەوە"، پیاوەکە بە دەنگێکی شارەزایانەوە بانگی کرد.

مێلۆ لەو کاتەدا لە ڕێگەکە ورد دەبووەوە، بینی دێوەکان نزیك دەبنەوە، بەکابرای وت: بەهیوام پەلەبکەیت لە نووسینیدا.

پیاوەکە لەسەرخۆ دەینووسی، هەرچۆنێك بوو تۆك و مێلۆ زانیاری تەواویان پێدا.

تۆك بۆنی دێوەکانی دەکرد، بە مرخەوە پرسی: ئێستا ئێمە مەرەخەس بوین، یان نا؟

پیاوەکە بەتەباییەوە، وتی: بەهەموو شێوەیەك ئەنگۆ مەرەخەس دەبن، تەنیا دوای ئەوەی پێم دەڵێن باڵاتان چەند درێژە، کێشتان چەندە، ژمارەی ئەو پەڕاوانەی کە لە ساڵێکدا دەیخوێننەوە چەندە، ئەوانەی کە نایخوێننەوە چەندە. لەگەڵ ئەو ماوانەی کە بە نانخواردن، خەوتن، یاریکردن، لە ڕۆژێکا بەسەری دەبن چەندە. لەکوێ کاتی پشوودانتان بەسەر دەبەن. چەند جار لە هەفتەیەکدا دۆندرمە دەخۆن. حەز لەکام جۆرەیان زیاتر دەکەن. دوای ئەوە بە ئەرکی مەزانن ئەو سێ فۆرمە بە وردی وبێ هەڵە پڕبکەنەوە، ئەگەر نا دەبێ سەر لەنوێ پڕیبکەنەوە.

مێلۆ کە بە فۆڕمە هەڵچنراوەکاندا دەیڕوانی وتی: باوکەڕۆ، چۆن ئێمە فریا دەکەوین !

هەست وەرگرەکەش بەنازەوە دەیوت: دەی دەی پەلەکەن، من بەتەما نیم تا ڕۆژی قال و بەلا چاوەڕێتانکەم.

هەرسێکیان دەستیان کرد بە پڕکردنەوەی فۆڕمەکان بەخێرایی. هاوار فۆڕمەکانی دانا و سوپاسی کردن. پیاوەکە چاویلکەکەی داگرت و قەڵەمەکەی کرد بەلاگوێیدا، پەڕاوەکەی لێکناو دەستیکرد بەخەوتن. زەردەواڵە بەلاشان دەیڕوانی، بە پلەپەیژەکەدا بۆ سەرەوە ملی نا.

هەست پێوەرەکە بە خەبەرهاتەوە، چاویلکەکەی نایەوە سەرچاوی، قەڵەمەکەی بە دەستەوە گرتەوەو پەڕاوەکەی کردەوەو قیژانی: ناوچەکەی بۆی دەچن؟

زەردەواڵە بەناڕەزاییەوە وتی: من وابیر دەکەمەوە....

هەست وەرگرەکە هەندێك تێبینی لە پەڕاوەکەیدا نووسی، وتی: ناوچەکەی بۆی دەچن؟

مێلۆ بە بێئارامییەوە وتی: قەڵاکەی کە لەهەوادا ڕاوەستاوە.

لەوەڵامدا پیاوەکە وتی: بۆچی کاتی خۆت لەو بەرزیەدا بەبا دەدەیت {دەستی بۆ ناوچەیەك درێژکرد تا سەرنجی مێلۆ بەندکات}. من دڵنیام کە تۆ زرمە کوتێی سێرکت پێخۆشترە وەك لە گەڕان بەدوای شتێکدا کە هەوا دەیهێنێ و دەیبات.

لەو کاتەدا کە پیاوەکە دەدوا، هەرسێکیان بۆ ڕاستەڕێگەکە دەیانڕوانی، تەنها مێلۆ سێرکسێکی بەدیکرد. تۆك و زەردەواڵە هەستیانکرد کە یاری بە حەزەکانی مێلو دەکات.

ئینجا پیاوەکە ڕووی بۆ لای تۆك وەرچەرخاند و وتی: ئەزانم تۆ بۆن و بەرامەت پێخۆشە{لەوکاتەدا سەگەکە لووتی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە.} هەست پێوەرەکە بە زەردەواڵەشی وت: دەزانیت تۆ بەو خەوەوە دەخەویت کە کۆڕو کۆمەڵ چەپڵەی بۆلێدەدەن {زەردەواڵە گوێی لەو دەنگانە بوو کە چەپڵەیان بە تووندی بۆ لێدەدا.}

گەشتیارەکان هەستی بینین و بۆنکردن و گوێگرتنیان لە تەڵەی تەلیسمی هەست پێوەرەکەوە گلا و بوونە بەندەی شەپۆلی ئارەزووە شاراوەکانیان و لە دەریای ئەفسوناویی دالْخەدا هەریەك بە جۆرێك بە دووی مەبەستە ساکارەکانیانەوە کەوتنە مەلەکردن.

لەوکاتەدا هەست پێوەرەکەش هەوای باڵی خۆی دەدا و دەعەجانەکانیش هێدی هێدی نزیك دەبوونەوە، مێلۆش بەخەیاڵ بەناو یاریەکانی سێرکسدا دەگەڕا. تۆکیش چاوەکانی بۆ نوقاندبوو تا شەپۆلی بۆنەکان چاکتر مەستی کات. زەردەواڵەش لەخۆشیدا هاواری دەکردو گەزگەز باڵای دەکرد. پیاوەکەش چاوی لە ملەی شاخەکە بڕیبوو بە هیوا بوو دەعەجانەکان بگەن.

دەنگو دەنگدانەوەی سێرکس و هیلاکی ڕێگەوبان دەستەکانی مێلۆیان شلکرد، لەناکاو هەگبەی دەنگ کە دیاری پارێزەری دەنگ بوو لەدەستی کەوتە خوارەوەو، لەگەڵ کەوتنیدا، دەنگە نەسرەوتەکانی ناو هەگبەکە، بەتایبەتی قاقای پێکەنین، شەپۆلی هەوای بەتەوژم وروژاند و تەلیسمی گوێ ڕایەڵی کە بیری مێلۆیان بەند کردبوو، وردو خاش کرد، مێلو لە ناکاودا وتی: هیچ سێرکسێ لە هەنووکەدا بوونی نیە بێ لەو سێرکەی کە بیری منداڵێك تامەزوی دەکات.

تۆکیش بە ئاگا هاتەوە وتی: بۆن دێت بۆنی بێگانان دێت لەم دەوروبەرە دێت.

زەردەواڵە بە پەرۆشەوە وتی: گەرچی دەنگەکان درۆن، بەڵام دەماخم فێنك دەکەنەوە.

کابرای هەست پێوەر بە زەلیلییەوە هاتە دوان: من ئاگادارم کردن لەوەی کە من هەست پێوەرم، و سوود لە سروشتی سادەییتان وەردەگرم و بە تەنکاوی ژیاندا سەوڵتان پێلێدەدەم، بەو مەبەستەوە لغاوتاندەکەم. مەستی خەونەکانم خەواندبوو و هەستی بەرپرسیاریتانم بەلاوە نابوو. ڕێگەی هەڵبژاردنتانم ئاوەژوو کردبوو. هەستی ڕێژەییتانم پارچە پارچە کردبوو، بەڵام یەك هێزم پێ دەستەمۆناکرێت.

مێلۆ پرسی: ئەو هێزە چییە؟

پیاوەکە بە لەرزینەوە، وتی: پێکەنین، کە تۆڕی دەماری منی پساند و بازوشمی ڕاتەکاند.

**تۆك بەڕامانەوە پرسی: تۆ کە دەتوانی هەست بدزی، بۆچی هەستی پێکەنینت نەڕفاند؟**

**پیاوەکە لەوەڵامدا: من لە نەوەی (مۆنەکانم) ڕقم لە پێکەنین دەبێتەوە و لە میکانیزمی شەیتانی پێکەنین ناگەم.**

**زەردەواڵەش کە هێشتا خوماری داڵغە لە دەست چووەکانی بوو، لەپڕ وتی: ئەوا هاتن با دەرچین تا نەیانگرتووین.**

**زەردەواڵە بەسەر مێزو پەڕاوو چاویلکەی هەست وەرگردا فەڵەمبازیدا، دوایی تۆك بەدوایدا بەچوار پەل غاری دا و ئینجا مێلۆ بەپەلە بەدوایاندا هەنگاوی هەڵگرت.**

**لەوکاتەدا دەستێك بە ترسنۆکانە لە پشتەوە پەلاماری قاچی مێلۆی دا، بەڵام لەبەر ئەوەی پلە پەیژەکان لە هەوادا وەك چەرخ وفەلەك دەهاتنو دەچوون، ئەو نەیتوانی قاچی مێلۆ بگرێت.**

**دەعەجانەکان کە نەریتی جەربەزەییان نەبوو. بڕواشیان وابوو گەر سەرکەون بۆ ناو قەڵاکە، دوور نیە بەر لەعنەتی ژیری و ئاواز بکەون. دەرئەنجامی داخی لە دەستدانی گەشتیارەکانیان بە یەکتر دەڕشت.**

**مێلۆ و هەردوو هاودەنگەکەی وردە وردە سەردەکەوتن و لە مەبەست نزیك دەبوونەوە، گەرچی پلە پەیژەکان لە هەوادا جیلم وجۆلانەیان دەکرد. تەمومژی سەرکەلیش بەری ڕووناکی تەنیبوو. گەشتیارە هۆشیارەکانیش بە هەستێکی پڕ مەبەستەوە سەردەکەوتن. هەنگاو بە هەنگاو هاریکاری یەکتریان دەکرد ، پەیکولێیان لەگەڵ گێژەڵۆکەی نەسرەوتا دەکرد، چما لە کاتێکی وەهادا بتوانن بیر لە ڕاوەستان بکەنەوە. ڕۆیشتن بەرەو سەرەوە بێ ئاوڕدانەوە، تەنها بیرێك بوو کە ئەوان لەو چرکانەدا پێی ئاشنابوون.**

**هێدی هێدی گەشتیارەکان لە دەروازەی قەڵاکەی کە لە هەوادا بوو، نزیك دەبوونەوە. تیشکە ساوکانی گەردونیش هەم دەروازەی قەڵای لا ئاشکرا کردن، هەم بە ڕووناکی تاریکی و سەرمای بەرزیی دەڕەواندەوە. هەرسێکیان بەخێرایی خۆیان گەیاندە ناوەو چاوەڕوانی خانزادەکانیان دەکرد کە فەرموویان لێبکات. لەناکاو دوو دەنگ بەئاوازێکی ژیرانە وتیان: فەرموون دەمێکە چاوەڕێی هاتنتانین.**

**پەردەیەکی دوو فاقەیی یەکالا کرایەوە، دوو ئافرەتی قەشەنگ بە پێکەنین و ڕووی گەشەوە دەیان ڕوانی. هەردووکیان بەرگی سپیان پۆشیبوو. یەکێکیان زۆر گەرمو نەرم پێدەکەنی، ئەوی تریان ژیرو چاومەستانە دەیڕوانی. مێلۆ بە نەرمی چۆکی ڕێزی دانەواندو وتی: تۆ دەبێ خانزادی ژیری بێگەرد بیت.**

**ئەویش بەسادەییەوە وتی: بەڵێ وایە.**



مێلۆ ڕوویکردە ئەوی تریان‌و بە خۆشیەوە وتی:  دەبێ تۆش ئاوازی شیرین بیت.

ئەویش بە پێکەنینەوە وتی:  ئەی لەمنت نەکەوێ ئەوەی تۆ دەی فەرمووی هەروایە.

مێلۆ بە دڵنیاییەوە وتی:  ئێمە هاتووین کە ئێوە لەگەڵ خۆمان بەرینەوە.

زەردەواڵە کە ترس بەری نەدابوو وتی: دێوەکان بەڕێوەن.

تۆکیش پێشنیاری کرد:  پێویستە بەخێرایی ئەم قەڵایە بەجێ بهێڵین.

ئاواز بەنەرمیەوە وتی: خەمتان نەبێت، ئەوان ناوێرن سەرکەون،  ئێمەش زوو بەزوو ڕێدەکەوین.

ژیر پێشنیاری کرد:  فەرموون دانانیشن،  من دڵنیام لەوەی هیلاکن و پێویستیتان بە پشوویەك هەیە.

تۆك بە هەناسە بڕکێیەکەوە جێی خۆی خۆشکرد و وتی:  ڕۆژێکە بەڕێوەین.

زەردەواڵە کە شانی لەسەر قەنەفەکە دایابوو وتی: هەفتەیەکە لە شەڕو هەراداین.

مێلۆ بەرەو لای خانزادەکان چوو ، بەدەم دانیشتنەوە وتی: ماوەیەکی زۆری خایاند تا گەیشتین، بەڵام دەکرا زووتر بگەین گەر لە ڕێگەدا هەڵەمان کەمتر بکردایە.  ئێستا دەزانم هەڵەکان چۆن ڕوویاندا.

ژیر لەسەرخۆ وتی:  ڕاست نیە کە هەڵەت لا ناخۆش بێت. چونکە مەبەستی ژیان فێربوون نیە،  گەرچی فیربوون بێ هەڵە بوونی نیە.  تۆ ئەوکاتە فێردەبیت کە نەترسی هەڵە بکەیت. چونکە ئەو کاتە زیاتر فێر

ئەبی لەو هەڵەیەوە کەلە دەرئەنجامی هۆیەکی دروستەوە هاتۆتە کایەوە، لەجێی ئەوەی راستبیت لەبەر هۆیەکی نا دروست.

مێلۆ بەگومانەوە وتی: بەڵام فێربوون هەرگیز کۆتایی نایەت.

ژیر بەتەباییەوە وتی: ئەوە زۆر ڕاستە کە دەیڵێیت، بەڵام تەنیا فێربوونی شت گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە بزانی چی لەو فێربوونانە دەکەیت تا ژیانی پێ دەوڵەمەند بکەیت.

تۆك و زەردەواڵە خەوبردنیەوە، مێلۆ لە تێگەیشتنی خۆی دەدوا: من وا تێدەگەم کە هەندێك شت دەزانم بەڵام بەکاری ناهێنم. چونکە نازانم بۆچی دەبێ بیانزانم؟

ژیر کە دەیڕوانیە ڕووی ماندوی مێلۆ وتی: تۆ لەوانەیە ئێستا بەهای ئەو شتانە نەزانیت کە فێریان بوویت. هەرچۆنێك بێت ئەو شتانەی کە فێریان دەبین ڕۆژێك لات ڕوون دەبنەوە، ئەگەرچی بچوکیش بن لە ڕواڵەتدا کاریگەری خۆیان هەر دەبێت. بۆ نموونە بۆچی و لەبەرچی مێروولەیەك باڵ دەگرێت؟ یان باڵدارێك دەورەی هەموو دنیا دەکات یان بۆچی تۆزێك دەنیشێتەوە سەرزەوی و ئاسمان ڕای ناگرێت یان کاتێك کە تۆ گەشت بە سەر زەوی دەکەیت، تۆزقاڵێکی ڕەوتی ئەرز دەگۆڕێت یان کاتێك پێدەکەنی و دڵت خۆشە، بۆچی بڵقی ئاو ڕەنگی دەگۆڕێت یان کاتێ ماتی و سستی دڵت دەگرێ، دەبینی خەڵکێك لێت دەپرسن چی قەوماوە؟. دیارە کۆششی زۆری دەوێ تا تێیان دەگەین. زانیاریش هەر بەو شێوەیەیە، کاتێ تۆ شتێکی تازە فێردەبی، دنیا شتێك دەوڵەمەندتر دەبێت، جا پێی بزانی یان نا ، ئەوە باسەکە لە دەرگایەکیتر دەدا.

ئاوازیش وەك ئەوەی بیەوێ لێدوانەکەی ژیر تەواوبکات بە مێلۆی وت: لەبیرت بێت زۆر جێگە کە تۆ ئێستاکە حەز بە بینینیان دەکەی، دەشێ لە دەرەوەی نەخشەی ئەمڕۆی ژیانتا بێت و هەندێکیشیان دەشێ هەر لە دەرەوەی نیگا و ڕوانینی ئەمڕۆتدا بێت، یان دەشێ لەمڕۆدا تۆ دەستت پێیان نەگات، یان دەشێت کە نەزانی چۆن گەشتیان بۆ بکەیت. بەڵام ڕۆژێك دێت کە ئەم ئەزمونەت سود بەخشبێت و ئەو جۆرە گەشتانەت بۆ نزیك بخاتەوە. چونکە ئەوەی کە ئەمڕۆ فێری بووی لەبەر هەر هۆیەك بێت، دوور نیە کە لە کردنەوەی هەندێ لەو گرێ کوێرانەی لە ئایندەدا دێنە ڕێت، کردنەوەیان ئاسانتربێت بۆت.

مێلۆ پاش ماوەیەك ڕامان وتی: بڕوا دەکەم کە لە هەندێ لایەنی لێدوانەکەتان دەگەم، بەڵام چی لە هەموو شتێك گرنگترە تا لەئێستادا بیکەین؟

لەو ساتەدا شەقەی دەنگی تەور گفتوگۆکەی پێ بڕین. لەگەڵ هەموو شەقەیەکدا، قەڵاکە لەهەوادا زیاتر لەنجەی دەکرد. لە تاریکاییەکەی خوارەوە دێوەکان بە تەورو داس و مشار گوریسەکەیان دەبڕیەوە. پاش ماوەیەك دانیشتوانی قەڵاکە هەستیان کرد کە شەپۆلی هەواکە بەهێواشی لە ئامێزی گرتوون. هەر کە زەردەواڵە زانی چی ڕوویدا، هەستایە سەرپێ و قیژاندی: ئێمە بەهەوادا گەشت دەکەین {ئینجا سەیری دەرەوەی قەڵاکەی کردو پرسی}: چۆن دەتوانین دابەزین؟ نە پلە پەیژەمان پێیە، نە باڵیشمان هەیە بفڕین، لەگەڵ هەموو خولەکێکیشدا لەوە دەچێت قەڵاکە بەرزتر ببێتەوە.

مێلۆش پرسی: کاتیشمان لەدەست دەچێ گەر پەلەی دەرچوون نەکەین، وانیە؟

تۆك بە قەڵەمبازێ لە نێوانیاندا گیرسایەوەو وتی: گەر ئامادەن لەیەك کاتدا هەمووتان بە قەڵەمبازێك دەبەمە خوارەوە.

زەردەواڵە بەگومانەوە لە تۆکی پرسی: دەتوانی هەموومان هەڵگری؟

تۆك لەوەڵامدا وتی: بۆ ماوەیەکی کەم دەتوانم هەردوو خانزادەکە لەسەر پشتم دانیشن، مێلۆ خۆی بە کلکما هەڵواسێ و تۆش قاچی مێلۆ قایم بگرە.

زەردەواڵەکە دڵی بە پلانەکەی تۆك خۆش نەبوو، بەناڕەزاییەکەوە پرسی: ئەی قەڵاکە لە هەوادا چی لێ بەسەر دێت؟

ئاوازیش بەخەندەیەکەوە وتی: با قەڵاکە لەگەڵ هەوادا گەشتی کۆتایی خۆی بکات.

ژیریش وتی: قەڵاکە با دەیبات، ئیمەش دەبێ بە دوی کاری خۆماندا بڕۆین.

تۆك گوڕی بەستەوەو بەناو پەنجەرەکەدا قەڵەمبازیدا. خانزادەکان بێخەم وەك دوو خوشکی ژیان لەسەر پشتی تۆك دانیشتبوون و باوەشیان بەیەکدا کردبوو، مێلۆش باوەشی بە کلکی تۆکدا کردبوو کە ئاستەم بوو بەرەڵایکات، زەردەواڵەش قاچی تۆکی گرتبوو داڵغەی بە کۆڵارەوە لێئەدا. هەرهەموویان بۆ ناو تاریکی شاخە بەردینەکان بە خێرایی دادەبەزین.



# 19

## گەڕانەوەی ئاواز و ژیر

هاودەنگەکان بەقەڵەمبازێك، لەقەڵاکەوە سێ لووتکەی بەرزیان تێپەڕاند، کە دێوەکانی زیاتر تووڕەو تڕۆکرد. تۆکی جەربەزە کە لێهاتووانە بازێکی دا، لەسەر زەوی بە هاوسەنگی وەستایەوەو بە هاودەنگەکانی وت: دەبێ ڕاکەین پێش ئەوەی دەعەجانەکان بمانگرنەوە.

خانزادەکان بە سواریی مانەوە، تۆکیش تادەهات چاکتر بە لاپاڵی کەندەڵان و توولە ڕێگاکاندا لە پێشەوە غاری دەدا. گەرچی تاریکی و تەمو مژی ئەو بەیانیە بە ئاستەم ڕێگاکەیان ئاشکرا دەکرد. سوپاس بۆ لووتە سروشتیەکانی تۆك، کە هەنگاو بە هەنگاوی ڕێگاکەی بە بۆن کردن دەناسیەوە. دەعەجانەکانیش لە هەوارگەی نەزانینەوە بە تەپ و تل بە سەریەکدا دەکەوتن و هەڵدەستانەوە. هەورەچڵکنەکانی بەرزی تا دەهات نزمتر دەبوونەوە تا ڕێگە لە هاودەنگەکان ونکەن. مێلۆ بەدەم ڕاکردنەوە، ئاوڕێکی پەلەی دایەوە. تارماییەکی لای چەپیەوە بەدی کرد کە لە باڵا بەرزێك و کورتە باڵایەك و قەڵەوێك پێکهاتبوون. بەسەرو چاو یەکەم و دوهەم لەیەکتر نەدەچوون، سێهەمیشیان لە دوانەکەی تر دەچوو. هەرسێکیشیان زۆر بە ناهاوسەنگی ڕێگەیان دەکرد. یەگرتن و پەیوەندی ئەو سێ دەعەجانە کە بەدەم شاڵاویانەوە مشتومڕیان دەکرد، وای لە مێلۆ کرد کە بڕوابکات، کە دەبێت ئەوانە دەعەجانی ناهاوسەنگ بن، نەك تەنها لەبەر ئەوەی وەها دەردەکەون، بەڵکو ڕێ کردن و دووانیان ئەوەی بەیان دەکرد. یەکێکیان دەیگوت لێرەوە. ئەوی تریان دەیگوت لەوێوە، سێهەمیش لەگەڵ هەردووکیانا تەبا و ناتەبا بوو. ڕێکەوتنەکەیان زیاتر لە شاردنەوەی جیاوازی دەچوو، وەك لە ڕێکەوتن بچێت. لەڕاستیدا، لەوە نەدەچوو کە کەسیان خاوەنی بۆچونێك بن، بۆیە شپرزانە بە دوای هاودەنگەکاندا ڕەفتاری بێ سەرو بنیان دەکرد.

تائەو کاتە، دەعەجانەکان بە تەوژم دەهاتن. لەلای ڕاستی هەرسێ ناهاوسەنگەکەوە، دەعەجانێکی تر کێبڕکێی ناقۆڵایانەی لە تەك ئەواندا دەکرد و بەسەر تاشە بەردەکاندا قەڵەمبازی دەدا تا پێش لەوان بگرێت وەك لەوەی بیر لە گرتنەوەی هاودەنگەکان بکاتەوە. ڕووکاری پێشەوەی ئەو دەعەجانە پێچەوانە بوو، هەم دواوەشی ئاوەژوو بوو. لەوە نەدەچوو کە سەیری پێشەوە یان دواوە بکات، بۆیە هەر جارەی بەجۆرێك بازیدەدا لەوە نەدەچوو مەبەستی لای خۆشی ئاشکرا بێت. ئەو دەیویست لەو جێگەیەبێت کە نایەوێ بەجێی بهێڵێت. ئەوەی کە زۆر ترسناك دیاربوو، هێلکە شەیتانۆکەیەکی لینچو نەرمی گەورە بوو، کە بە پەلە دەکشا و چەند سانتیمێك لە مێلۆوە دوور بوو. کشاندن و چونەوەیەك ئازاراوی دەردەکەوت، چونکە ڕووکاری ڕقو کینە بە جرت و فرتیا هەر ئەوەی بەیان دەکرد. لەدوای خۆشیەوە هێڵێکی تفاوی دەکێشا تا نەزانەکان ڕێگەکەی ئەو بگرنەبەر. { لەوانەیە تۆ بڕوا نەکەی کە ئەو لە هەموویان خێراتر لەڕێگادا دەکشا.}



تۆك كە هەستی بە مەترسی دەكرد، نەڕاندی: پێهەڵگرن زۆرمان نەماوە سەرفرازبین.

تۆك و مێلۆ و زەردەواڵە لە تەك سەرەولێژیەكەدا كێبڕكێیان بوو. دەعەجانەكانیش بەهەمان شێوە شاڵاویان بەردەوام بوو. ماوەی بەینیان تا دەهات كەمتر دەبۆوە. مێلۆ بە قەڵەمباز پێش زەردەواڵە كەوت كە هەستی كرد بڵقێك بە دوایدا خل دەبێتەوە. بڵقەكە كە بۆڵەی دەهات، وا دەریدەخست كە شتێك دەزانێت، گەرچی بۆڵەیەكی ئاشكرای نەزانی دەكرد. بەدوای ئەویشدا دەعەجانی ڕەشپۆش تەكانی دەدا، هەروەك یەكێ لە دواوە پاڵی پێوە بنێ وا دەردەكەوت. خۆ ئەگەر ئەم بەزمو ڕەزمەی دەعەجانەكان كوێرانە نەبوایە، ئەوا دوور نەبوو مێلۆ و زەردەواڵە دەستگیركرانایە.

فسفس پاڵەوان بە هەزارو یەك ڕووەوە هەنگاوی دەنا و بە دانە تیژەكانی زوو زوو لێوی خۆی دەكرۆشت. هەركاتێك كە یەكێك لەو ڕێگایە دەكەوت، ئەوا هەزار ئەعوزوبیلا لە ژێر پێی ڕزگاری نەدەكرد. لەگەڵ شاڵاوەكەدا مەرە پاپاش بە یادی ڕۆژگاری لەدەست چووەوە، هاوشانیی دەعەجانەكانی دەكرد. هەرچەند

بەوێنەو کردار لەوان نەدەچوون. بەڵام بڕواش دەکرێ کە لە کۆندا لە سەر بەرماڵی شرە خۆریای خوانیان خواردوە. هەر بۆیە خورتە و بۆڵەیان بۆنی نهێنی درکاندنی لێوە دەهات. یەکێکیان دەیوت: من نەخۆش بووم بەڵام گونیەکە دڕا.... ئەوی تریان دەیوت: من ڕێگاکەم ون کرد بەڵام کەس دیارنەبوو.

بۆڵەو هاوارو شاڵاوی دەعەجانەکان لەو ڕۆژە دەچوو کە چاوەڕێ ناکرێت ڕوودات. تۆك بە خێرایی چوارناڵەی دەکردو مێلۆ و زەردەواڵەش لە پەلووپۆ کەوتبوون. ئەوەی لەو کاتەدا چاك بوو، سەر بەرەوخواریەکە بوو کە لە پێدەشتەکانی مەملەکەتی دانایی نزیکی کردبوونەوە و مەملەکەتی داناییش لە گەڕانەوەی هاودەنگەکان بە ئاگا هاتبۆوە.


هێزەکەیان مەملەکەتی دانایی لە پانتایی دەشتەکەدا کۆکردبۆوە تا بەرگری لە شاڵاوی دەعەجانەکان بکەن. کاتێك دەعەجانەکان گوێیان لە جوق و مۆسیقای هێزەکانی شارستانیەت بوو، شاڵاوەکەی خۆیان لێبووە مۆتەکەو دەستەو ئەژنۆ ڕاوەستان.

مێلۆ بەهێواشی سەری ماندوی هەڵبڕی، لە ئاسۆی دەشتە هەمەڕەنگەکەوە ڕوناکی قەڵغانو شیری بە دیکرد کە لە دەشتەکەوە بەرەو ڕوویان دەهاتن. بەڵام لەناکاودا دەنگەکان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بێدەنگ بوون، کە بۆ چرکەیەك مێلۆ لە بێدەنگی ئەو ناوەندە سەرسام ما. { لەو چرکەیەدا کە دوو دەنگەکان بەرەنگاری یەکتر دەبنەوە، شەپۆلە بەرامبەرەکان یەکتر دەخۆنەوە}. هەر دوای یەك بەشی چرکەیەك دەنگی دەهۆڵەکان بانگی سەرفرازییان بە گوێی مێلۆدا دا.

پیت بە بەربلاوی رەهەندی وشەوە ئامادەی جەنگ بوو، بیرکار بە ڕێنووس بەش ودابەشەوە لە پشتی لەشکرەوە نەخشەی دەکێشا، دوکتۆر زەب زەبە بە کەرەڤانەو گرمەوە، پارێزەر بە دەنگەوە. هوژەووژە بەپەلە دەنگی کۆدەکردەوە. هارمۆنیش ئاوازی بەهاری بە تایبەتی بۆ مێلۆ دەژەنی. هەنگی حونجەش بەزیکە زیك دەیووت: بژی ب.ژ.ی بژی ب.ژ.ی. مێلۆی گەڕۆك بژی.

لە دورگەی دەرئەنجامەوە (خۆم) هاتبوو، دەیویست پشتگیری لە بە ئەنجام گەیشتنی گەشتیارەکان بکات. پۆلیسی مامەڵەی نابەجێ لەو ڕۆژەدا نەیدەویست بێبەش بێت لە خۆشی سەرکەوتن. دەعەجانەکانیش بە ترسێکی گەلێك گەورەترەوە کە بڕوا ناکرێ، لەبیری پاشەکشەدابوون. زەردەواڵە، مێلۆ، تۆكو خانزادەکان بە هەناسەیەکی گەرمەوە سڵاویان لە لەشکری سەرکەوتن کرد. میری ڕوونکردنەوە لە ئەسپەکەی دابەزیو بەگەرمی دەستی مێلۆی گوشی و وتی: جێی شانازی هەموانیت، کە کارەکەت بە ئەنجام گەیاند.

پیری ماناش دەستی مێلۆی گوشی و وتی: کارێکی بێوێنەت ئەنجامدا.




ژمێریاریش  دەستی مێلۆی دووجار گوشی، وتی:  بەرهەمی کارەکەتان بێهاوتایە.

سۆفی جەوهەریش بە نەرمی دەستی گوشی و وتی: گەشتەکەتان پۆپەی هەوڵدانە.

بەردەستی دووهەمی تێگەیشتنیش، دەستی مێلۆی توند گرتوو وتی: لێرەبەدواوە خۆت پێناسەی خۆت دەکەیت.

هەموو کەسێ لەو ئانەدا لەو هەستەدا بوون، گەر بهاتایە لە جێی مێلۆ بوونایە گەشتێکی لەو جۆرە خۆناسینەیان دەکرد.



مێلۆش وتی: سوپاس بۆ هاندانتان کە ....

یەکێ لە ڕاوێژکەرەکان، نامەیەکی لوول کراوی کردەوەو بەدەنگێکی ئاگادارانەوە خوێندیەوە: با هەموو کەسێ گوێی لێبێت. لە ئێستا بەدواوە، سەرجەمی مرۆڤایەتی بزانن کە ئاوازو ژیر لەداهاتوودا بە هاوسەنگی سەرقافڵەی زانست دەکەن.

دوو خانزادەکە سەری خۆشەویستیو ڕێزیان بۆ دوو براکە دانەواند و ئەملاو ئەولای یەکدیان ماچکرد. مرۆڤگەلیش بەگشتی لەسەر ئەوە پێکهاتن کە جوانیەکی سەرتاسەری دەبێت بەرقەراربێت.

ڕاوێژکەرەکە لەسەر لێدوانەکە ڕۆیشت و وتی: زیاتر لەوەش، لاوەکەی کە بە مێلۆ ناسراوە. سەگەکەی کە بە تۆك پێناسە دەکرێت، حەشەرەکەی کە بە زەردەواڵە بانگ دەکرێت. هەرسێکیان لەمڕۆ بەدواوە، بە قارەمان و جەربەزە ناوزەند دەکرێن.

بژی خەڵکی هەواکەی پڕ لە دەنگی ژیان دەکرد. تەنانەت زەردەواڵە هەستی بەکەمیٚ شەرمەزاری دەکرد. ئینجا میری ڕوونکردنەوە، وتی: وەك پێزانینو ڕێزگرتن لە ماندووبوونی هاودەنگەکان، بڕیارە کە سیٚ ڕۆژ لە سەرانسەری مەملەکەتی دانایىدا شایی وشە و ژمارە دەست پیٚ بکات.

دوای ئەوە ڕاوێژکەرەکان سەریان بۆ مرۆڤگەل دانەواند، نامەکەیان پێچایەوەو بەیەك جاریش خۆیان لە کارکردن خانەنشین کرد. سوارچاکانیش وشەی پشوی سیٚ ڕۆژەیان بەهەموو لایەکی وڵاتدا بڵاوکردەوە. لەو ڕۆژەدا هەموو کەسیٚ ماڵی خۆی، گەڕەکەکەی، شەقامەکانی شارو کۆڵانەکانیان خاوێن کردەوەو دەوروبەری شاریان بە گوڵی ڕەنگین و بۆنخۆش ڕازاندەوە. پەنجەرەی ماڵەکانیشیان بەکراوەیی بەجێهێشت تا تیشکە سەرکێشەکان بە کەیفی دڵیان بێنو بچن. تەنانەت هەواش کەوتە کەیفو سەفای هات وچۆ کردن.

مێلۆ، تۆك، زەردەواڵە، خانزادەکان لەگەڵ پیت بیرکاردا بەگالیسکەیەك لەشارێکەوە بۆ شارێکی دی دەستیان بە گەڕان کرد. خەڵکەکەش بەخۆشیەوە بەخێرهاتنیان لێدەکردن و دەیان وت: بژی، بژی هەستو هۆشی ئازاد بژی.

لەو کاتانەدا ئاواز بە مێلۆی وت: ئەو دەست خۆشیانە لە تۆ دەکەن.

مێلۆ بەنەرمە ناڕازیەکەوە وتی: بەڵام من هەرگیز نەمدەتوانی ئەو کارە ئەنجام بدەم بەهاریکاری هەمووان نەبوایە.

ژیریش بەتەباییەوە، وتی: ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاستی تێدایە، بەڵام هەوڵو کۆڵنەدانی تۆ بووە هەوێنی ئەم گەڕانەوەیە.

پیت هەڵیدایە: لەبەر ئەوەبوو، کاتی خۆی کە نەمویست شتێکی گرنگت لەگەڵدا باس بکەم.

مێلۆ بە گەرمیەوە وتی: ئێستا پێم بڵیٚ ئەو شتە چی بوو.

بیرکار سەیرێکی پیتی کردو بە بزەوە وتی: ئەوسا لە جێی نەبووان بوو.

پیت بۆ بیرکاری سەندەوە: بەڕاستی لەجێی نەبووان بوو.

زەردەواڵە ڕەنگێکی هانیو برد، وتی: ئێوە مەبەستانە بڵێن!

هەردووکیان بەیەك دەنگەوە ڕوویان بۆ لای زەردەواڵە وەرچەرخاندو وتیان: وەك تۆ بیری لێدەکەیتەوە، وەهایە. بەڵام گەر بهاتایە بە مێلۆمان بوتایە. دوور نەبوو ئەوساکە ئەو بیری جەربەزییە کە هەیبوو،

بگۆڕایە.  ئێستاکە لای مێلۆ و ئێمەش ڕوونە کە زۆرشت هەیە دەشێت بکرێت گەر ملت بۆدا، گەرچی لەوکاتانەدا نازانیت کە دەکرێت تا تاقی نەکەیتەوە.

{مێلۆ کە بۆ خۆی لە گەشتەکەیاندا زەردەواڵەی ناسیبوو، بۆیە لێدوانەکەی پیت و بیرکار هەست و هۆشیان نەڕوشاند }

کاتێك گالیسکەکەیان گەیشتە ناوەندی شارستانیەتی ڕەنووس و وشە، دەنگی دەهۆڵ لە گۆشەی دارستانەکەوە دەهات.



گەشتیارەکان کەرنەڤاڵێکی هەمە جۆری لە مرۆڤی ناوچە جیاکانیان بینی کە خۆشحالی خۆیان بۆ یەکتر ئاشکرا دەکرد.  بیرکاریش هەر لەوێدا پێشانگایەکی ژمارەی لێدەرکردن و  دابەشکردنی بە داردەستەکەی دەستی نەخشاند کە هەناسەی لەدەم مرۆڤ دەفڕاند. هارمۆنی لە ژمارەبەدەر دەنگی سازادا تا دکتۆر زەب زەبەی ناهاوسەنگ بە شەپۆلە بێدەنگەکانی پارێزەر ئاشناکات و مرۆڤیش  بە هەوا گەرم و سارد و فێنك کاتەوە. دیدەش تەلیسکۆبێکی دانابوو تا مرۆڤگەل بڕوانن‌و ببینن زیاتر لەوەی کە بەچاوی رووت بۆیان

دەردەکەوێت.  زەردەواڵە بەخۆشیەوە دەگەڕا بە ناو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا و باسی قارەمانی خۆیو هاودەنگەکانی دەگێڕایەوە. هێدی هێدی کۆنسێرتی ڕۆژئاوابونیش لێدرا.  پیتیش خواردنێکی هەمەڕەنگی بە وشە ڕازاندبۆوە کە تامەکەی زمانی دەهانیە دووان. بیرکاریش بەهاوئاهەنگی خواردنەکەی چەندجارەکردبوو کە چەند  بخۆی هێشتا قاپەکەت هەر بە پڕی بمێنێتەوە. دەنگ خۆشەکانیش کۆڕەکەیان بە ئاوازو بەستەی ئەفسوناوی گڕەدا تا هەستو هۆشی هەموو تاکێك  پارسەنگی بیرو هەستی خۆی بە گۆرانی وتن بداتەوە. سێ ڕۆژیخۆشی دەبوو تەواو بێت،  وردە وردە مرۆڤ ماڵئاواییان لەیەکدی کرد.  ژیر بە مێلۆی وت:  ئێستا کاتی کارکردن هاتووە زۆرشت هەیە دەبێ بکرێت.

{مێلۆ بە ئاوات بوو کەرنەڤاڵی شادی و خۆشی بەردەوام بێت. بەڵام دەیزانی کە دەبێ بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە.}

ئاوازیش  دەستێکی نەرمی بەپشتی  مێلۆدا هانی و پێیوت:  تۆش کاتی ماڵئاوایت هاتووە.

مێلۆش بە خۆشیەوە وتی: ماڵئاوا !{بەڵام لەناکاو بێدەنگ بوو. ئینجا ڕوانیە دەوروبەرەکەی. بە ڕووانینەکەیدا  وادەردەکەوت کە بیەوێ وێنەیان لەبیری خۆیدا تۆمار بکات}  پاشان هاتە زمانو لە تۆك و زەردەواڵەی پرسی:  دەتوانن ئێوە لەگەڵ مندا بێن؟



زەردەواڵە بە بزەیەکی پڕ لە خۆشی و گریانەوە وتی: مامەپیرە، دەترسم بڵێم نا، چونکە جارێك بەسەلامەتی قوتاربووم، ناکرێ بۆ جارێکی تر گەشتێك لەوجۆرە دووبارە کەمەوە. سەرباقی ئەوەش پەیمانم بەستووە لەگەڵ چەند زانکۆیەکدا کە بەسەرهاتی گەشتەکەیان بۆ بگێڕمەوەو باسی ئیرادەگەری تۆیان بۆ بکەم کە چۆن بووە. ئەویش بەلای کەمەوە ساڵێك دەخایەنێ.

تۆکیش بە لێبوردنەوە وتی: لێرە پێویستیان بە چاودێری کات هەیە.

مێلۆ باوەشێکی توندی بە زەردەواڵەدا کرد، گەرچی زەردەواڵە لەبەر خۆیەوە دەیگوت "پەکو لەو حەلاماتەی، من نەمدەزانی ئەوەندە تۆ خۆشەویستیت بۆ من هەیە". لەو کاتەدا لە چاوەکانی زەردواڵە فرمێسك بەدی دەکرا. پاشان مێلۆ باوەشێکی توندی بە تۆکدا کرد، ماوەیەکی درێژ ئەملاو ئەولای ماچکرد ئینجا وتی: سوپاس بۆ لێکدانەوکانت کە فێری بیرکردنەویان کردم {ئینجا ڕوویکردە کۆڕەکە} و وتی: سوپاس بۆ هەوڵەکانتان.

پیت هەڵێدایە و وتی: سوپاس بۆ ئەو شتانەی کە تۆ فێرت کردم.

لە کاتێکدا کە مێلۆ سواری ماشێنەکە دەبوو، هەموو کەسێ چەپڵەی دەست خۆشی بۆ لێدەدا. ئەویش بەدەم ماڵئاوایی کردنەوە دەیوت: بەهیوام لە داهاتوویەکی نزیکدا بەسەردان بێمەوە.

پیت بە دەنگێکی بەرز وتی: سەرچاو هاتی، بەڵام تا ئەو کاتە گرنگی وشە وەك تام لەسەر زارت بێت.

بیرکاریش هەڵی دایە: هەروەها ژمارەی بێهاوتاش ئامێری بیر کردنەوەت بێت.

لەپاش ماڵئاوایی دورکەوتنەوە، مێلۆ گوێی لە دەنگی بیرکار بوو کە بە پیتی دەووت: بێگومان لەوەدەچێ کە تۆ تا ئێستا ژمارە بەهاوشانی وشە دانەنێیت لە ئاشکراکردنی نهێنیەکانی گەردوندا.

بیرکار لەوەڵامدا دەیگوت: تۆ ئاوەها لێکیدەدەیتەوە؟

مێلۆ لەگەڵ دوورکەوتنەوەیدا بەخۆی وت: بەهیوام لە داهاتوودا هەردووکیان لەمەڕ وشەو ژمارە گفتۆگۆیەکی ساغو سەلامەتتر بکەن.

{ مێلۆ نزیك ماڵ دەبووەوە. ڕۆژ ڕوەو ئاوابوون دەچوو. شتەکانی سەر ڕێگاش لەچاوی دا، وردە وردە کاڵدەبوونەوە}

# 20

## ماڵئاوا و سەرچاو هاتن

کاتێك ڕەهەندی دەنگ‌و ڕەنگ لە پانتایی بیری مێلۆ شەپۆلی دەدا. مێلۆش بڕوای دەکرد کە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەکە لەماڵەوە دوورکەوتۆتەوە. بۆیە ماشێنەکەی بە خێرایی لێدەخوڕی‌و بەخۆی دەوت: هیوادارم کە ئەم ماوەیە کەس بۆم نیگەران نەبووبێت. چونکە من کەسم لە پێشوەختدا ئاگادار نەکردبۆوە.

ئەو ئێوارەیە شینایی ئاسمان بەرەو زەردەپەڕ دەچوو، تیشکەکانیش بە ئاشکرا ماندوێتییان پێوە دیاربوو. ڕێگاکەش ئەملاو ئەولای دەکرد. داربەستە ئەفسوناویەکە بە زەقی بەخێرهاتنەوەی مێلۆی دەکرد. کاتێك وردە پارەی لە دەخیلەکە کرد، خۆی لەناو ژوورەکەی خۆیدا بینیەوە. ئەوەی کە زیاتر سەرسامی کرد، کات‌و ڕۆژ ژمێرەکەی بوو کە شەشی ئێوارەی ڕۆژی گەشتەکەی بەیان دەکرد، مێلۆ بەدوو دڵیەوە وتی: من تەنیا یەك سات لێرە دوورکەوتومەتەوە.

{مێلۆ هەرگیز بیری لەوە نەکردبۆوە کە دەتوانێ چەند شت بکات لە ماوەیەکی کورتدا}.

لەبەر هیلاکی و شەکەتی گەشتەکەی، مێلۆ ئەو شەوە بیری نە لەخواردن‌و نە لە قسەکردن لەگەڵ دایك‌و باوکیا دەکردەوە، بۆیە ڕاستەوخۆ چووە ناو جێگەوەو بەقووڵی بۆی نوست. خەو بە پەلە وەك میوانێك لە ئامێزی گرت‌و هیلاکی، لەشی لەناو جێگاکەدا ڕادەژەند. بەیانی بە پەلە ، پەلەیەکی ئەوتۆنا، مێلۆ بەرەو قوتابخانە چوو، لەبەر ئەوەی سەری پڕبوو لە بیرۆکەی هەمەڕەنگ کە بە یارمەتی خانۆچکەکەوە ئاشانایی پەیداکردبوو. لەگەڵ بەجێهێشتنی قوتابخانە لەسەرخۆ بەدەم بیرکردنەوەوە، بە دەورو بەری خۆیدا دەیڕوانی و لەشتەکانی سەر ڕێگەکە ڕادەماو بیری لە گەشتێکی تر دەکردەوە کە بیکات، بۆیە بەخۆی دەوت: گەشتێکی تریش دەکەم.

بەدەم ئەو بیرانەوە گەیشتەوە ماڵێ و بەرەو ژوورەکەی خۆی چوو. بەڵام لەناکاو بینی کە کەرەسەی خانۆچکە ئەفسوناویەکە لەوێدا نەماوە، بە سووربوونەوەوە بەدوایدا دەگەڕا. خانۆچکەکە چۆن بەڕێگەیەکی ئەفساناویەوە هاتبوو هەر بەوشێوەیە دیار نەمابوو. تەنها نامەیەکی شینی ڕەنگین لەجێی دانرابوو کە دەڵێت: بۆ مێلۆ کە ئێستا دەزانێ چۆن ڕێگەی خۆی بگرێتەبەر.

نامەکەی بەپەلە کردەوە کە تێیدا نووسرابوو: تۆ بەیارمەتی ئامرازی( سێبەر)، گەشتێکت بەئەنجام گەیاند. ئێمە بڕوا دەکەین کە گەشتەکەت دەرئەنجامێکی چاوەڕێکراوی لێکەوتۆتەوە. بەهیوای کە بردنەوەی کەرەسەی خانوچکەکە جێی ڕەزامەندیت بێت. ئێستا، دەزانیت کە زۆر کچ و کوڕی تر هەروەك تۆ پێویستیان بە گەشتێك هەیە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە زۆر ناوچەی تر هەیە کە زۆر چاکە تۆ لە

داهاتوودا گەشتیان بۆ بکەیت {هەندێکیان لەو جێگایانە دەشێ لە نەخشەدا نەبن}. بەڵام زۆر شتی تر هەیە کە تۆ دەتوانیت بیری لێبکەیتەوە کە تائێستا بەبیری هیچ کەسێکی تردا نەهاتوون. ئەمڕۆ ئێمە دڵنیاین گەر تۆ بەڕاستی بتەوێ گەشتێك بکەیت، خۆت بۆ خۆت توانای ڕێگا دۆزینەوەت هەیە. لەکۆتایدا... خۆشەویستی بێمەبەست.

{ئیمزای کۆتایی نامەکە ئاستەم بوو بخوێندرێتەوە}.

لەدوای خوێندنەوەکە مێلۆ چووە بەر پەنجەرەکە و بۆ ماوەیەك لە دەرەوەی دەڕوانی. دوایی بەدڵێکی شکاوەوە لەسەر قەنەفەکە ڕۆنیشت و بەرەو دنیای خەیاڵ پلاو هەڵهات. هەستی تەنیاییو بیری لە تۆکی خۆشەویستو هاژەو وژەی شێتۆکەو زەردەواڵەی زۆربلێ دەکردەوە. بیری لە دیدەی نیگازان دەکردەوە کە بە هیوای ڕۆچوون بوو یان بەیەکگەیشتنەوە لەگەڵ ڕێژەی لاودا، کە دەربەست نەبوو لە هەتاهەتایی شتەکان چۆنە و چۆن نیە. بیری لە ژیر و ئاوازی قەشەنگ دەکردەوە کە ژیانیان لە تەرازووی پارسەنگ دا دەبینیەوە.

لەگەڵ ئەو بیرانەدا مێلۆ هەستایە سەرپێ‌و لە پەنجەرەکەوە بۆ دەرەوەی ڕوانی. بینی کە تیشکی خۆر دەدرەوشایەوە و ئاسمانی شینیش تەنیا هەورێکی سپی لە ئامێز گرتووە. هەورەکە بەهەوای شان و باڵ سەوڵی لێدەدا، بێ ئەوەی شەپۆلێك لە هەوادا بەگەڕ بخات. لە دەرەوەی ژوورەکەش باڵندە سرکەکان جریوەیان دەهاتو بەناو لق‌و پۆپەکاندا بازیان دەدا. پەپوولەکانیش بەناو گوڵانی باخەکەدا باڵەفڕێیان دەکرد. یاڵەکانیش بەرگی سەوزو زەردیان پۆشیوە تا بەخێرهاتن لە میوانی ناوەخت بکەن. دەنگیش لێرەو لەوێ دێ بۆ گوێگرتن و دەمەتەقێ، ئەو ڕۆژەش لەوەدەچوو کە بۆنێکی تایبەتی لە خۆیدابێ.

بەدەم ئەم بیرانەوە، مێلۆ چاوی بە ژوورەکەیدا گێڕا، بینی کە پەڕاوی هەیە بۆ خوێندنەوە، کە هەتا ئێستا دەتوانێ لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ هەر جێگەیەك کە دڵی دەیخوازێ. هەر لە ژوورەکەدا شتی لێیە بۆ چێکردن‌و شکاندن. قەڵەمی لێیە بۆ نووسین و نەخشەکێشان. ئامێری مۆزیکی لێیە بۆ لێدان‌و گۆرانی وتن. وشەی جۆراوجۆر بە مێشکیدا دێن بۆ دەربڕین. وردە وردە تێگەیشت کە بیرەکانی نەبەزانە لە ناوەوەو دەرەوە دەڕوانن و چاوشارکێ لەگەڵ توانای بێکۆتایی هەوڵداندا دەکەن.

بۆیە بەهێواشی بەژوورەکەیدا کەوتە هاتووچۆ و بەخۆی دەووت: دەبێت خۆم بۆ گەشتێك ئامادەکەم، بەڵام کەی کاتم دەبێت؟ چونکە لەم کاتەدا زۆر شت لێرە هەیە کە بیری ورد و کاری دەوێت.



- **مەتەڵی ئاڵۆز:  مەبەست لە مەتەڵەکە وێنەکێشراوی کە پارچەپارچەیە لە بۆکسدایە، کە لەێکدەدرێن، وێنەیەکی تەواویی یاری یان بابەتێکی لێدروست دەبێت.**
- **تێمپۆ: کێشی مۆسیقا.**
- **هارمۆنیی: تەبایی، یەك ئاواز**

# پاشکۆ

Franz Boas
Stability of Culture
Translated by: Sabah Yassin

# سەقامگیری کولتور

کۆمەلگایەك کە بە دابڕاوی گوزەران دەکات، پابەندی ئەو مەرجانە دەبێت کە ژینگەکەی رەخساندویەتی و نەبوونی ژنخوازی هەڵبژاردن لە دەرەوەی خویاندا، وا لە نەوە دوای نەوە دەکات کە لەشیان شێوازێکی راگیراو وەرگرێت. ئەم بارە وەها دەمێنێتەوە، تا ئەوکاتەی کە هاندەرێکی کاریگەر پەیدا دەبێت و هەیکەلی کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیانی ئەقلیان دەگۆرێت، کولتوریش پارێزەی لەم رێیەوە رەوای بونی خۆی و شێوەی مانەوەی رادەگرێت. بۆ نموونە، هۆزە دەشتەکیە دابراوەکان کە لای خویان و ئێمەش سەقامگیرتر دەردەکەون، لەبەرئەوەی مەرجی شێواندن لە ژێر گۆرانی پرۆسیسی کولتوردا زۆر خاوە دەگۆرێت.

لە سەردەمانێکی زۆر زوودا، پێدەچێت کە رادەی گۆرانی کلتوری مرۆڤایەتی ئەوندە لەسەرخۆ بووبێت کە هەستی پێنەکراوە. مرۆڤ بۆ 150 هەزار ساڵێك دەچێت کە دەستی بە ئامراز دروستکرد بووە، زۆربەی ئامرازی ئەو ئەوکاتانە لە بەردی ئاسایی بوون کە لە ژێر زەویدا دۆزراونەتەوە. بەردەکان بەشێوەی ئاسای داتاشراون و بۆ زیاتر لە 30 هەزار ساڵ گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە. ئەو شێوازە نەگۆڕاویەش بە بەردەوامی لە ئاژەڵدا بەدی دەکەین، لەکاتی ڕاڤەکردنماندا ناو لەو نەگۆراندنە بە زگماکی ناو٘دەنێن. لەو دەمانەدا ئامراز دروستکردن لە لایەنی مرۆڤەوە دروستکراون بە شێوازێکی بابەتی لێیان دەڕوانین، چونکە سیمایەکی زگماکی لەخۆ دەگرن. هەروەك چۆن زگماگی لای هەنگ و مێلورە دەردەکەوێت. بەرهەمهێنانەوەی هەمان ئامراز بەبێ گۆڕان، نەوە دوای نەوە، هەستی بوونی زگماگی بریاردراوی بایولوژی دەخولقێن. ئێمە تائێستا نازانین ئەو بۆچوونە تەواوە و لەجێی خۆیەتی، لەبەرئەوەی ناتوانین بڵێین ئەوان چەند نەوە بەدوای یەکدا لە باوباپیرانیانەوە فێر بوون و ئەو فیربوونەیان وەك خۆیی گوازتۆتەوە. ئاژەڵ هەروەك پەلەوەرە شیردەرەکان تەنها لەرێگەی بوونە زگماکیەکەیانەوە هەڵسوکەت ناکەن. ئەوان لەرێی لاسایی و سەیرکردنیشەوە لەیەکدی فێردەبن. ئەسپ و سەگ لە رێی وشە و دەنگەوە فیردەبن و کاردانەویان بۆ دەنگ هەیە. چۆلەکەی ئینگلیزی کە دوای کەناری دەکەون ، فێری گۆرانیەکانیان دەبن کە بە ئاواز ناودەبرێن. پاپەگویە فێر دەبێت کە لاسای دەنگی تر بکاتەوە. مەیومن فێری بەکاربردنی دار و بەرد ئەبێت و وەك ئامراز بەکاریاندەبات.

وادەردەکەویت کە مەرجە سەرەتایەکانی ژیانی مرۆڤ چونیەك بێت، گەرچی لەدۆزینەوەکانی پێشوتردا جیاوازی دەبینرێت. لەهەندێ ناوچەدا بەردی شین بەشێواز تیخ تەنك و تیژ بەکارهاێنراوە و لە ناوچەیەکی تردا بەردەکە لەشێوازی تەوردا بەکاربراوە. مێنگین کە لەسەردەمی بۆسەدا ژیاوە، وابۆی دەچێ، کولتوری ئێسك بەکاربردن، لە ناوچەکانی ئارتیکی ئاسیا دامەزراوە و کولتوری شینکە بەرد لە خۆرئاوای ئاسیا نەفارپکراوە و تەلاشە بەردی شینکەیش لەهندستان دامەزراوە.

لەم کاتەدا کە ئێمە زیاتر لەسەردەم نزیك دەبینەوە، کاریگەری پرۆسێسی فێربوون زیاترو زیاتر لامان دەسەلمێت. هەر لەو پرۆسێسەشدا، جیاوازی ئامرازەکانیش زیاتربوون. هەموو هەرێمەکان دونیای کۆن بەهەمان شێوە نەگۆڕاون، هەروەها کاتێك لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانی ئەو دەمانە لە مەدای هەزاران ساڵی جودایان یەك بەیەك دەکۆڵینەوە، گۆرانی ئاشکرا دیارە کە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمەکەیی تر روویداوە.

لە کۆتایی چاخەکانی بەسەتلەکدا، جیاوازی لەشێوەی بەرهەم هانینی کاڵاو واڵادا زۆر گەورە و بەرفراوانتر بووە، هەروەك چۆن لە ناوەندی هۆزە دەشتەیەکانی ئەم سەردەمەدا بەدی دەکرێت. هیچ هۆیەك نیە، کەوا بکا ئێمە بەشێوەیەکی تر لێکیبدەینەوە، بۆچی مرۆڤ لە کۆتایی چەرخەکانی بەستەلەکدا، بۆ نموونە مەگەدیلیانس، لە ئاسکیمۆیەکانی ئەم سەردەمە سەرەتایی تر دەبێت ژیابێتن؟

لەگەڵ دەسپێکی ئێستا جیولوجی(ئەرزی) ئەم چەرخەدا، چالاکی ناوچەیەکان و کۆمەڵایەتی مرۆڤ لەرادەبەدەر بەرفراوان تر بوون. گورانکاری بنچنەیی کۆمەڵایەتی، لە سەرەتادا ماوەی 10 هەزار ساڵێکی بردوە، دوای ئەو دەمانە، رێژەی گۆران هەزار ساڵی بردوە، ئیستا ئەو گۆرانە لە سەد ساڵدا روودەدات و بەردەوام شێوەی گۆڕان تیژتر دەگۆڕێت.

لەگەڵ دەست پێکی مێژوو کە لە سەردەم زیاتر مرۆڤ نزیك بووتەوە، رادەی سەقامگیری کولتور تا هاتووە کەمتر بۆتەوە و گۆران تیژڕەوتر بووە. لەم دەمە تازەیەشدا، پرۆسێسی گۆرانکاری زۆر خێراتر تێدەپەڕێت. نەك تەنها لەبەرهەمهێنانی کەلوپەلی شارستانییەتدا، بەڵکو فۆرمی بیرکردنەوەی سەردەمیش خێرا دەگۆڕێت.

هەر لەسەرەتاوە، تیژڕەوی گۆران بە تێکڕای لەزیاد بووندایە.

تێکڕایی گۆڕان لەکولتوردا، بەهیچ واتەیەك یەك شێواز ناگەیەنێت. لەوانەیە ئێمە لەرەچاوکردنی، سەردەمە سەقامگیرەکاندا ، بۆنموونە بەبەراورد بەیەك دی وەرگرین، بە دوای سەردەمێکی هێوەربوونەوە هاتووە، وە بەدوایدا سەردەمێکی تیژی گۆران بەرێکەوتووە. خێڵە جەرمەنیەکان کە لە کۆتایی چاخە کۆنەکاندا کۆچی گەورەیان دەستپێکردوە، گۆڕانێکی بنەڕەتی هێنایە ناو کولتور و ئاخافتنەوە. بەدوای ئەوەدا چاخی پتەوکردنی ئەو گۆرانکاریانە بەدوایدا هات. عارەبەکان کە سەروی ئەفریقایان داگیرکرد، شارستانیەتی کۆنیان تێکدا و شێوازیکی تر شارستانیان بەدوایدا هاتەکایەوە. لەوە دەمانەدا کولتوری توانەوە دەشێت لە ناوەندی هۆزە دەشتیەکاندا ڕەچاوکرێت، گەرچی ئێمە تێگڕایی گۆڕان نازانین، بەڵام زۆرکات پەلەیی ناوخۆیی خۆگونجان بۆ ئاستی گۆڕاندندن دەبینرێت. رادەیی تیژ رەوەی گۆڕان و سەقامگیر و تیژرەوی روودانی لە جیاوازی زماندا رەچاودەکرێت. گوازتنەوەی زمان لە ئەنگلو-سەکسۆن و نۆرمانەوە بۆ ئینگلیز تیژ رەوانە روویداوە. بەڵام لەوساوە زمانی ئینگلیز بەرادەیەکی هێواش دەگۆڕێت. هەمان چاخی تێکدان و دارشتنەوە لە زمانی فارسی ئەمرۆدا ڕوودەدا.

تیژە گۆرانی نائاسایی کولتوری دەشتەکیەکان لەم دوایانەدا بە کاریگەری شارستانیەتی ئەوروپی روویداوە. کاتێك کە کولتورەی دەشتیەکان بەتەواوەتی لەناو نەبرا، بە پەلە خۆیان لەگەڵ باریی تازە ژیانی نوێدا گونجاندوە. کولتوری هندیە هاوچەرخەکان و مەکسیك و پیرۆ، نموونەیەکی ئەو گونجاندنەن. هەندێك لایەنی کەرەسەیی کولتوریان بەزەرکەفتی دینی کاسولیکی پۆشیوە تا لە شالاوی کولتور و شارستانیەتی ئیسپانی مەزن خۆیان بپارێزن. بەو شێوەیە لەرێگای خۆڕاگرتن و گونجاندنەوە توانیان بمێنەوە. بەم شێوەیە، شێوازێکی هاوسەنگی لەیەکدراوی کولتوریان بەرهەمهێنابوو. ئەم لەیەکدانە کولتوریە ئاشکرا دیار نەبوو تا ئەو کاتەی لێکۆڵەرەوە و بەشدارە چالاکەکانی جیهانی لەو تێکەڵە گەشەسەندوی کولتوری بەرهەمهاتووەیان راوەشاند و لێکۆڵینەوە. هۆزی پێوبولی مەکسیکی تازە * کە نموونەیەکی زیندوی بەئاگایانەیە لەمەسەردمی تیژ گۆرانندا، ئەوەندەی بۆیان کراوە خۆیان لە شێوە ژیانی ئەمەریکی دابڕیوە. پێویستی ژیانی رۆژانەیان گەرچی بەهۆی بەرهەمە ئەمەریکیەکانەوە رێکخراوە. شتومەکی چنین، شوشەی دەرگاو پەنجەرە دروستکردن، کشتوکاڵ بەرهەمهێنان، قەنەفەو کورسی ناوماڵ بەکاربردن، رۆژی شەممان، بۆ کەنیسەی کاسولیك چوون و یادی قەشەکان و جەژنەکان، هەر هەموو ئەوانە لە فۆرمی ژیانی دێریندا توێنراونەتەوە و پەیرەو دەکرێن. هەروەها شێوازی خانووکردنی دێرین و هەندێك لە جلوبەرگی پێوبولی، گەرمەشامی بەدەستاڕ وردکردن و نان بە تەنوری ئیسپانی کۆنکرد بەردەوامی پێدراوە. لەیەکدانی ئاینی کۆنی باپیران و کاسولیکی بەشێوازی چوونە ناویەکەوە گونجێنراو و جەژنەکانی خۆیان و مەسیحیەکان هاوشان بەیەك دی بەردەوامیان هەیە. ئەم بوونە دوولایەنیە کە لە ژیانیاندا پەیرەویی دەکەن، هەستێکی نابەجێی لە ناخیاندا نەخولْقاندوە. بەلام کە کاتێك مەرجی هاوسەنگ بوونی گشتی ژیان دابراوی ناتوانێت لەبەردەم گۆڕانە تازەکاندا خۆ بگرێت، لاوەکان ناچاردەبن کە خۆ بە جۆرێکی تر بگونجێنن ، ئا لەوێدا مەرجێکی تر بەدوایدا داهینانێکی تر بەرهەمدێنێت.

لەهەمانکاتدا دەبین لە ئەمەریکادا کولتوری رەش پێستە زۆر بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر گۆڕدار، لەدوای ئەوەی کە وەك کۆیلەیەك بۆ ئەمەریکا بردنیانن. ئابووری ئەمەریکی زوو بە زوو کولتور و زمان و بڕواو نەرێتی ئەوانی لوشدا. دکتۆر پەرسون، دکتۆر هێرسکوڤیتس و خانم زۆرا هەرتستونگ لەو لێکۆڵینەوانەی کە لەگانیای هوڵەندی لەئەمەریکای خوارووەوە بەرەو ئەمەریکای سەرو کردویانە، پیشانیان داوە کە کولتوری رەشپێستەکان کەمتر و کەمتر خۆی لەبەردەم شالاویی لوشدانی کولتورە شالاوبەرەکاندا ڕاگرتووە. هوزە بوشە رەشپێستەکانی سۆرینامە کە لە ناوچەکانی خۆرارەوە دابڕا بوون، تا رادەیەك هەندێك لە کولتوری ئەفریکایەکەیان زیاتر پاراستووە، بەلام ئەو رەشپێستانەی کە لە شارەکانی سەروی ئەمەریکا دانیشتوون، هەروەك سپی پێستەکانی دراوسیان لێهاتووە، بێ لەو بەربەستە کۆمەلایەتیە بەینی رەش و سپی پێستی کە ناوەندی رامیاریی سەپاندویەتی، دەرئەنجامی جیاکردنەوەی سەیرو سەمەرەی لێکەوتۆتەوە.

سەرەڕایی ئەوانەش، ئێمە لەهەندێ رووەوە رەچاوی باری سەقامگیری کولتوری دەکەین، هەرچەندە کۆمەڵگای مۆدێرن لە زۆر رووەوە بەگوڕانکاریەکی خێرادا تێدەپەڕێ. لەکەسایەتی شارستانی ئێمەدا، کێشە لەناوەندی پارێزەری نەریتخوازی نەگۆردا و رادیکاڵی هەڵپەکەردا کە رێز لەرابردو ناگرێ و بەپەرۆشەوە لەهەوڵێدایە کە داهاتوویەکی ئەقڵانی لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئایدیاڵەدا دارێژن کە بروایی پێدەکەن. ئەم کێشە و ململانەیە بەینی نەریتخوازی نەگۆرو رادیکالدا لە دەزگاکانی خوێندن، یاسا، تیۆریە ئابووریەکان، دین و هونەردا رەچاودەکرێت. مەشقدان بەپێچەوانەی سەربەستی زەوتکردن، کۆمەڵایەتی بەپێچەوانەی تاك سەربەستکردن، سەرمایەداری بەپێچەوانەی سوسیالیستکردن، خەملێوی(دۆگما)ی ئاینی بەپێچەوانەی بڕوای سەربەست بوون، چەسپاندنی فۆرمی هونەری بەپێچەوانەی جوانی(ئیستسیك) بابەتی هاندان کە تاك ئارەزوی دەربڕینیەتی دەکات، ئەمانە هەندێك لایەنن لەو کێشانەی کە لەو دوناوەندەدا هەن. بوونی ئەمانە بەیەکەوە تەنها لەکولتوری تیژ گۆڕدا دەشێت هەبیت، کۆن و نوێ دەکرێت هاوشانی یەك پێکەوە گوزەران بکەن.

ئێمە رەوشتێکمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە توانای کولتوری رەگەزیی بە بەدەستهێنانی ئابوورەیەکانی دەپێوین. تیژگۆڕاندن کۆمەڵایەتی ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە ئاشکرادەکات. بەگویرەی ئەو پێوانەیە رەگەزەکانی کە بەپەلە دەگۆڕێن بە گەشەسەندو لە قەڵمدەدەرین.

لەبەر ئەو هۆیانە، گرنگە مەرجەکان سەقامگیری و گۆران دەرەخەین و خوێندنەوەمان بۆیان هەبێت تا بزانین کە ئایا گۆران لەبنەرەتدا کولتوریە یان بڕیاردراوە.

رەفتارێك کە لەبنەڕەتدا بڕیار دراوە، بە زگماك ناو براوە. کاتێك ساوایەك دەگری و پێدەکەنێ، دوایش کە پێدەگرێت، ئەو رەفتارانە بەم شێوەیە زگماکین ناودەبراون. هەناسەدان، جووین، پاشەکشێ لە شاڵاوی کوتوپڕ لەبەردەم ترسی هەرەشەکاردا، هەست و بۆ بابەتی لەئارەزو نزیکبوونەوە، وابڕوا دەکرێت کەئەمانە لەبنەڕەتدا بڕیاردراوبن. ئێمە پێوستمان نیە کە فێر ئەمانە بکرێن. زۆربەی ئەوکارانە بۆ بەردەوامی ژیان پێویستن. ئێمە قەد ناتوانین هۆکارە دەمودەستیەکان بەجێگەیاندی فەرمانەکان بژمێرین کە لەبنەڕەتدا بڕیاردراون. چونکە خودی وریاکەرەوە لەکاتی پێویستدا ئامادەدەبن، ئێمەش راستەوخۆ کاردانەوەمان بۆیان دەبێت، بێ ئەوەی بە ئاگابین لە خۆ ئامادەکردنی کاردانەوماندا. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك جار کاردانەوانەکان هێوەردەکرێنەوە یان خەپەدەکرێن بێ ئەوەی ئێمە لە هەستەوە رەزامەندبین بەو کارکە دەیەکەین. لەوە دەچێت، بەم شێوەیە فێری ترس تێپەڕاندن بووبین. ئەگەرچی جێبەجێکردنی پاشەکشی یان هێوەر بوونەوە گرانە ، بەڵام کردنی مەحاڵ نیە کردنی.

ئەزموونە بنەرەتیەکان، وا لە ئێمە دەکەن کە راستەوخۆ وا هەڵسوکەوت بکەین، کە لەناکاو روودەدەن وەك ئەوەی کە زگماکبن. ئەمە هەڵەیە، چونکە ئەو خوانەیی کە لە کۆرپەیی و منداڵیەوە بەسەر ئێمەدا سەپاندویەتی هەمان سیمایان هەیە. ئەو سیمایانەن کە بڕیاری شێوازی چالاکیەکانی ئێمە

دەدەن،   ئەو بوونەیە کە پەیکەری  بنچینەیی ئورگانیزمی ئێمە پێکدەهێنن. ئێمە پێویستە ئەو شێوازە تایبەتیانەی کارکردنمان بناسینەوە کە کولتور بەسەرماندا  سەپاندویەتی.

ئێمە دەبێت خواردن بخوێن تا بژین. پێوستی مانەوە وەها داوا دەکات، ئەوە بوونە مرۆڤەکانی ناوچەی ئەرتیکی ناچارکردوە کە  گۆشت خۆراکی سەرەکیان بێت. هندەکان بە سەوزە خواردن دەژین، هەریەك لەوان شێوازیکی جیایی مانەوە و خواردنی خۆیان  هەڵبژاردوە.

ئێمە کە دەڕوێن، لەبنەرەتدا قاچمان جۆرە مەرجێکی رۆشتن بەسەرماندا  دەسەپێنێت. چۆن رەوتدەکەین، پەیوەستە بەپاژنەیی پێمانەوە و فۆرمی قوندەرەکانمانەوە و شێوازی بەرگەی کە بۆمان دوراوە کە کاتێك  شتومەك  هەلگرین یان رێگا دەکەین. لەوانەیە کە رەوتدەکەین، رەوتێکی سەیر بکەین. بەشێك لەو رەوتە جەستەمان کە بریارییدەدا، بەڵام زۆربەی رەوتەکەمان لەلاسای دەوروبەرمانەوە سەرچاوەیگروە.  زۆرکات ئەم رەوت و هەڵسوکەوتانەمان، ئەوندە دووبارە بوونەتەوە کە ئۆتۆماتیکی دەیانکەین. ئەمە بوونی رەوتکردنەمان و بە ئاسای (سروشتی) رەچاویی دەکەین بێ ئەوەی بیر لێبکەینەوە، هەر وەکو ئەوەی کە بە زگماکێکی  هاتبێتە کایاوە وەهایە،  بەڵام کاتێك هەولٚ  خوگۆرانێك  بە خویەکی تر دەدەین، هەست دەکەین کە رووبەرووی شێوازێکی گراندەبینەوە. کاتێك ئاگامەندی لەئاستێکدا ئۆتوماتیکیەتی لامان دادەمەزرێنێت، هەروەك زگماکیکی کاردانەوە کار دەکات.

لەهەموو ئەو بارانەدا، توانای  گەشە سروشتیەکان، بەشێکن لە بزوێنە (مۆتۆڕ) خویەکان کە لەبنەڕتدا بڕیاردراون. شێوە تایبەتی بزوتنەوە کە دەبێتە کاریی ئۆتۆماتیکی، لەو کاتانەدا بەردەوام داوای خو دەکات.

لەزمان بەکاربردندا  ئەم جوداییە تایبەتیانە  زۆر ئاشکرا بەتاکەوە دیارە. گەرچی توانی لێدوا، لە بنەڕەدا بڕیاردراو، لەبەرئەوە هۆیە کە بە زگماك ناویدەنێن. لەگەڵ ئەوشا وتنەکان هەرچۆنێك بێت، ئێمە چی دەبێژین تەنها ژینگە بڕیاریدەدا. ئێمە ئەتوانین فێری زمانێك یان زمانێکی تر بین، بەو گوێرەی کە چی لە دەروربەرماندا دەوترێت. ئێمە خو بەبزوتنی تەواوی لێو ، زمان و سەرجەمی  ئۆڕگانەکانی دەربرین دەگرین. کاتێکیش کە دەدوێن،  ئێمە بە تەواوەتی و بەبێئاگای لە تەواوی ئەو بزوتنەوانە دەدوین کە سەرچاوەی و بونیاد زمانەی دوان پێکدەهێن. ئێمە لە گۆکردن و بونیادی زمان دا بەرەنگاری لادان دەبینەوە. وەك پێگەیشتوویەك، کە رووبەرووی فێربوونی زمانێکی تازە دەکرێنەوە، لە سنوربەدەر رووبەرووی گرانی دەبینەوە، گەر ستەم نەبێت. دووان بە زمان پاراو  بیانی لەکاتی فێر بووندا،  ئاشنایی هەیکەلێکی زمان تازەکەمان دوا لێدەکات کە فێربین. ئێمە زمانمان وەك خو فێر بووین و بە زگماکی بۆمان نەماوەتەوە.  ئەو مانەوەیەش کە هەیە فێربوونکەی لەزۆرکاتدا  ئۆتۆماتیکی  روودەدا.

بیرکردنەوەکان و قسەکردن هاوکارن لەگەڵ ماسولکە بزواندندا رودەدا، تەنانەت هەندێ مرۆڤ بزوتنەوەکان بەبیرەکانەوەیان وە دەبەستەنەوە. شێوازی بزوانی ئۆرگانەکانی دووانی مرۆڤ بەهیچ شێوازێك

چون یەك نین لەهەموو جێگایەكدا. كاتێك ماسولكە بزوێنەكانی ئیتالٌیەكان بە ماسولكە لغاوكراوەكانی ئینگلیزی بەراورد دەكەین، سەیرمان لێدێت لە شێوازیی جیاوازیەكانیان دێت.

توانای بەكاربردنی ئامراز لەلایەن مرۆڤەوە لەبنەڕەدا بڕیاردراوە. ئەمە توانایە زگماكیە كە هەیە. هەرچۆنێك بێت، ئەمە ئەوە ناگەێنت كە زگماكی ڕەچەتەی گەشەسەندنی ئەو ئامرازانەی نووسیوە كە مرۆڤ بەرهەمی هانیوون. چونكە كەمترین زانیاری لەمەڕ ئامراز ناوچە جیاكانی دونیا گەشە سەند و مۆركی ناوچەیی و سەردەمی تایبەتی پێوەیە گرێدراوە كە پەیوەستی هەیە لەگەڵ نەریتی داهێناندا، نەك لە لەبنەڕەتدا ئەو داهینانە بڕیاردراوبوون. هەڵبژاردنی كەرەسەی خۆبەرهەم هانینەوە، بەشێكی بە ژینگەوە پەیوەستە و بەشێكی بە دۆخی داهێنانەوە. ئێمە پۆلاو شتی ترمان بەكاربردوە. ئەفریقایەكان ئاسن، یەكێكی تر بەرد، ئێسك، یان شتی رەقەیان بەكاربردوە. ئامرازەكە بەكاربردن لەزۆركاتدا پەیوەستە بەكاربردن بە بەجێگا و مۆتۆڕی خوی ئێمە كە بەڕێوەی دەبات.

بەشێوەیەك ئاسایی دروستە كە ئێمە چیمان لاخۆشە یان لاناخۆشە بیكەین. لەسەرەتاوە ئێمە توانیومانە موزیك بەرهەمبهێنین و چێژی لێوەرگرین. زۆربەمان خۆشی لە چ جۆرە مۆزیكێك دەبینین، پەیوستە بە خوگرتنەوە. هارموونی، ریسم لەگەڵ مێلۆدی لای هەریەك لە ئێمە شتی جیا دەگەێنن، هەروەك چۆن مرۆڤیك لەرێگەیی مەشقیكی درێژەوە چێژێكی جیاواز لە شێوازە جیاكانی موزیك وەردەگرێت.

هەرچیەك كە بەساوایی ولە منداڵیدا بەدەستدێت لە رێگەی خوە هەمیشەیەكان دەبنە راهاتنێكی ئۆتۆماتیكی كردن. ئۆتوماتیكیەت كاریگەریەكی نێگەتیفی هەیە، گرنگیش لە پۆزەتیف كەمترنیە كە ئاسان بەجێی دەگەیەنرێت.

هەر كارێك كە كاری جیاوازە لەو كارانەی كە خومان پێوە گرتووە دەیكەین، یەكسەر بۆخۆمان بەرامبەری دەوەستینەوە یان بەلامانەوە سەیر و نابەجێیە كردنی، بەگوێرەی ئەو دەنگە هەستیاریەی كە بەدوای كارە جوداكەدا دێت كە دەیكەین و بەشێك نین لەو خوانەی كە لەوبەرمان هەمانبووە. ئێمە لە زۆربەی كاتەكانمادا، لادان لە كاری ئۆتۆماتیكییەكانمان بەرهەڵستی دەكەین. سەگێ كە فێردەكرێت قاچی پاشەڵیمان بداتێ، لەجێی دەستی ئێمە زیاتر بەو كارەی سەرمەست دەبین و پێدەكەنین. بەرگی كە رواڵەتیە و لەسەردەمدا لەبەر دەكرێت و نەریتی باو بەچاوی سوك لێی ناڕوانێت. بەرگە باوەكانی لەوبەر كە ئێستا بەسەرچووە و لەبەر ناكرێن لای ئێمە سەیر گەریەكی لە ئیستادا لە بەریان بكات. بۆنموونە، بەسە بۆ ئێمە بیركردنەوە لە كراسی هوپ (كراسێكی دامێن بازنەیی كە ئافرەتی ئەورووپی لەو بەر لەبەریان دەكرد) بكەینەوە كە لەناوەراستی ئەم قەرنەدا مێینەكان لەبەریانكردوە، یان كراس سپی كە پیاوان لەوبەر لەبەریاندەكرد، گەر ئەمرۆ ئێمە ئەوانە لەبەریكەین كارمان تێدەكات. كاتێ ئێمە كە بەرگ دەپۆشین ناچارین بیر لەبەرهەڵستەكان بكەینەوە كە رەوشت وخویی باو سەپاندویاتی.

زیاتر لەوانەش بەرهەڵستی ئەو بارانەیە کە هەستی بەهێزی کاردانەوە دەوروژێنێت. بۆ نموونە لە بەجێنەگایاندنی خورەوشتە دارێژراوە کۆمەڵایەتیە پەسندکراوەکان لە کاتی نانخواردندا. زۆربەمان هەستیارین لە پێشێلنەکردنی  ئەو خوە دارێژراوانەدا کە هەیە کە پەیرەویان بکەین. گەرچی دەزانرێت خەڵکانێکی زۆر و هۆزی جیا هەن کە خواردن بە دەست دەخۆن. ئەو خوەی خواردنەی ئەوان هەستی ڕشاندنەوە لای ئێمە دروست دەکات کە بیری لێدەکەینەوە، چونکە ئێمە وا فێربووین کە بە کەوچك و چەتاڵ لە کەشێکی هێمندا نانبخۆین. بەڵام هۆزە هندیەکان خویەکیان هەیە، گەر یەکێك لە دوای نانخواردن لێو نەتەقێنێت بەسوکایەتی پێکردن، لەقەڵێمدەدەن. نەتەقاندی لێویش ئەوە دەگەێنێت کە نانەکەی خۆش نەبووە. ئەوەشی لای ئێمە مایەی قێز کردنەوەیە لای ئەوان پڕ بە پێستی خۆیەتی.

لەوانەش سەرسوڕهێنەرتر ئەو کاردانەوەیەی ئێمەیە کاتێك کە ڕەفتارە ئاساییەکان پێشێلدەکردێن و وئێمە بەپەرۆشەوە گەواهی گۆرانی ئاشکرا دەدەین کە ئاسایی یان نائاسایی چییە لەوکاتەدا چیدەگەێنێت. لێکۆلینەوە بەراوردکراوەکان کە لەمڕۆدا بەدەستهاتووە دەربارەی ئەوە کارانەی کە ئاساییە لەسەراپای جیهاندا  چیدەگەیەنێت ، بەڵام بیری ئاسایی یان نائاسایی چییە لای هەر لایەنێك لە رادەبەدەرە جودایە. بەرگی ئێستا ژنان لەبەرکردن، سی ساڵ لەمەوبەر بۆ ژنانی ئەو دەمە نائاسایی دەبوو. ڕەشپێستەکانی ئەفەریقای خواروو کە سڵاو لە گەورە پیاوێك دەکەن، پشتی تێدەکەن و خویان دەچمێنەوە و بەجێدەهێڵن. هەندێك لە هندیەکانی ئەمەریکای خواروو  بە نائاسای دەزانن کە لەبەردەم یەکێکی تردا نانبخۆن. شێوازی ئاسایی ڕەفتار هەرچۆنێك بێت، پێشیلکردنی ئاکارە نەریتیەکان بە توندی  لە زۆرکاتدا بەرهەڵست دەکرێت.

هەموو شێوەکانی هەڵسوکەوتی ئۆتوماتیکی تایبەتمەندێتییەیان خۆی هەیە.  کرداری ئۆتۆماتیکی لە بەجێگەیاندندا پلەیەکی زۆر نزم لە ئاگامەندی دەخوازێت. کاتێك کە بمانەوێت بەرپەرچی ئۆتۆماتیکیەتی ڕەفتاری خۆمان بکەین، بۆخۆمان گەواهی گرژی و خرۆشاندنێکی سەرنجراکێشە لەخۆماندا بەدەیدەکەین کە بەڵگەی بەرگریمانە لەو کردارەی  کە دژی خۆمان بەجێدەگەێنین.  ئەوەی پەیوەندی بە مۆتۆری خوەوە هەبێت،  ئەو گرانەیە  کەخوی لەسەر  بونیادنراوە و بەرهەڵست دەکرێت  تا خویەکی تازەتر  جێیدەگرێتەوە. لەگەڵ چونە تەمەنەوە بەرهەڵستی خۆمان گەورە تر لە بەرهەلستیکردنی خوی خۆماندا. لەوانەیە کە ئەمە کەمتر پەیوەندی بەبێتوانابوونەوە هەبێت وەك  لە هۆ، کە بەردەوام  داوای کارمان لێدەکرێت و ئێمەش کاتمان نییە تا خۆ لەگەڵ شێوازی تازەدا بگونجێنین. لە بێبایەخیدایە  کە بەرهەلستی دەکەین لەوانەیە لە ترسی ئەوش بێت   کە خوە تازەکە ناشرین دەرکەوین و ترسی جدیشمان لە کۆمەڵ هەبێت کە بمانبوغزێنێت. بەڵام تەنها ترس نیە لە هەڵوێستی ڕەخنەیی کۆمەڵ وا لەئێمە دەکات کە بەرهەڵستی لە گۆرینی خو بکەین، خۆشمان بەتەواوەتی نەویستانە لەبەر دەم گۆرانی خودا و هاوتاینە بەرەنگاری گۆرانێنیان دەبینەوە.

لێنەبووردوی حەدی ڕێرەوی کۆمەلآیەتی کە زۆرکات لەسەر کاردانەوە هەستی خرۆشاندن داڕێژراوە و بەرهەلستی ئۆتوماتیکیەتی مرۆڤە کە ئەو شێوازیی بەرپەرچدانەوەیەی دامەزراندوە. بۆنموونە دەمارگیری کەنیسە کە لە رۆژگاریی لەوبەر سزا و ئازاری بێدینەکانەکانیانیەکانیان دەدا، ئەمرۆ پێوستە ئێمە ئەو رەفتارانەی رابردوونە تاوتۆبکەین کە بۆچی ئەو کارانەیان ئەنجامداوە. ئەوسا کەنیسە مرۆڤی فیری دۆگمای* ئاینیەکانی دەکرد و بەسەر هەموو تاکێکدا بەچڕوپڕی دەیسەپاند، ئەو ڕێرەوەش هێدی هێدی بووە بەشێك لە ئۆتۆماتیکی کارو بیرکردنەوە کە هەستێکی بەهێزی بەرپەرچدانەوە لە دژایەتی ئەوانە بەگەرخست. دەستەواژەی دەمارگیر بەتەواوەتی هەلۆیستی *لێکۆڵەرەو ئاینیەکان ناگەیەنێت.چوونکە ئەو شێوازە بنچینە سایکۆلۆجیەکان خو کە دەبنە شێوەی بیرکردنەوەی ئۆتۆماتیکی و ئاستەمە بگۆڕدێت و ئەو ئاستەمیەتیەش کە هێلێکی تازەی بیرکردنەوە بەرهەمدەهێنێت. ئەو بوونەیە کە لە دواییدا وەك کاریی دژەکۆمەڵ دەردەکەوێت، ئا ئەمەیە کە تاوانی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

ئێمە لە کێشمەی ئێستای جیهاندا لە بەینی نەتەویەکان و نێونەتەوەیکان هەمان کێشمەمان هەیە. بەهمان شێوەش لەناوەندی زانستدا هەمان شێوازی لەیەك نەبووردن و بەرهەڵستی سەرسەختانەی تیوەری یەکدی دەکرێت و دەبینرێت کە بێتوانایی و تێپەراندنی بۆچوونی نەریتی لەبەرپەچدانەودا رەچاودەکرێت.

کاریگەری هەردووك پۆزەتیف و نێگەتیف ئۆتۆماتیکی کاریکی دامەزراو، و دەرئەنجامەکە بەتەواوەتی سەقامگیری ئەو کولتورە دەگەیێنێت. هەر تاکێك بەگوێرەی ڕێرەوی ئەو کولتورەوە کە تێدا گوزەران دەکا هەڵسوکەوت دەکا، بەلآم کاتێك چوونیەك تاکەکان کاری ئۆتۆماتیکی کۆمەلآیەتی پێشیلدەن، کولتور سەقامگیری خۆیی لەدەستدەچێت و هێدی هێدی لەناودەچێت. هەلکردن و جێگیرنەبوون لەیەك جودابوونە و بەیەکەوە گرێدران و هەڵنەکردن بەیەکەوە زەبرە لە نەریت و خۆ دەدا و تێکیدەهارێت.

پشکنین و گەڕان بەدووی مەرجەکانی هەلکردن و هەڵنەکردن بەیەکەوە ئێمەی بەمەگەیاندووە.

هەلکردن لەگەڵ چالاکیەکانی زگماکیدا جەختی بونیادی ئۆرگانیمانە دەکات، هەلکردن لەگەڵ ئۆتۆماتیکیەتی کار نەریت جەخد لە بەڕێوەبردنی کۆمەلآیەتیمان دەکات. ساوا بەلاسیکردنەوە فێری ئاخاوتن دەبێت. لەماوەی چەندسالێکدا بەسەر بزوتنەوەکانی قوڕگ، زمان، مەلاشوو و لێوەکاندا زالدەبێت و لەکۆتاییدا زۆر بە خیرایی و ڕێکوپێکی بەکاریدەبات. گەر مندالەکە بۆ ژینگەیەکی تر گوازرایەوە کە بەزمانێکی تر دەدوێن، پێش ئەوەی تەواو لەسەر گۆکردنی زمانی یەکەم ڕاهاتبێت و کە تا ئەودەمە هەندێك داوای فێرە ئاخاوتنی مابێت، تا ئەوکاتەش هەر دەتوانێت بەڕێکوپێکی و ئاسانی فێری زمانە تازەکە ببێت. بۆ پێگەیوێك کارێکی گرانە کە زمانێك بەزمانێکی تر بگۆڕێت. لەمندالیەوە ئۆتۆماتیکیەتی خو دادەمەزرێت و ئۆرگانەکانی دەربڕین و گۆکردن گەشەدەکەن و بەرۆژانەش ناچارە کە ئاخاوتن لەسەر ئەو شێوازە بکات. لەڕێی لاساییەوە هەندێك هێوەرکردنەوە ڕوودەدات، بەلآم دابڕینی تەواو کە

**لەڕادەبەدەری گرانە ئەو خوە بگۆردرێت و لەوانەشە لەهیچ بارێکیشدا بەتەواوەتی بەجێ نەگەیەندرێت. هەندێك جوڵانەوەی ناکاو هەن کە مرۆڤ نەویستانە وەك خویەك دەیانکات، ئەو خوانە پەیوەستە بە نەخۆشیەوە کە توشی دەماخ دەبن.**

**خوە سەرەتایەکانیش هەروەها کە بەسەر جموجولەکانی لەشدا زاڵن. لەمنداڵیەوە مامەڵە لەگەڵ لەشماندا بکەین شێوەیەکی تایبەتی وەردەگرێت. هەر جموجۆڵێکی لەش کە بە ئۆتۆماتیکی دەبن، زۆر ئاستەمە، گەر بێتو هەوڵدەین شێوازی کارەکانیان بگۆڕین، چوونکە ماسولکەکان بەگشتی سەقامگیرانە کاردەکەن. بۆ ئەوەی ڕۆیشتنمان بگۆڕین، یان شێوازی بەدەست نووسینمان بگۆڕین، یان بزووتنەوەی دەموچاوکان لەکاتی وەڵام باریکی سوزیدا بگۆڕین، ئەمانە هەمووی کاری گرانی دەوێت و ئاستەمیشە کە جێی ڕەزامەندی تەواومانبن کە لەکاتێکدا دەیان گۆرین.**

**چ مامەڵەیەك لەگەڵ لەشدا راستە بەهەمان شێوەش لەگەڵ کارکردنی هۆشیدا هەروەهایە. کاتێك کە ئێمە فێری جۆرێك لە پێناسەکردنی بیرکردنەوە دەبین، زۆر زۆر گران دەبێت کە ئەو کەو ئەو شێواز و رێگەیە بگۆڕین، گەر لەمنداڵیەوە فێرەبوون بە خۆگرتن بەو کارانە نەکراین، هەرەوەك گریان، پێکەنین وەهان، زۆر گرانە کە بە زۆر لە دوایدا فێرکرێن. فیربوونە سەرتاییەکانی منداڵیە کە دەبنە دۆگمای ژیانی دوایی گەورە بوونیان. ئەو فیربوونانەیە کە دەبنە راستیەك کە قەت مرۆڤەکان گومان لە نادروستی ناکات. لەم دوایانەدا، دەروون شیکەرەوەکان ⋆داندا دادەگرن لەسەر گرنگی مۆرکی منداڵی لەسەر گەورەبوون. لە پێنج ساڵی یەکەمی گەشەی ژیاندا هەرچیەك رویدابێت، رێرەوی کاردانەوەی تاك دادەرێژێت. خویەك کە لەو دەمەدا دامەزراوە، دەبێتە ئۆتۆماتیکی و بەرهەلستی هەموو گۆشارێکی گۆراندن دەکات.**

**گەر بێت و بوترێت خو بەتەنها بەرپرسە لە کاردانەوەی تاکدا، زیادەڕۆیی دەبێت. بێگومان ڕێکخستنی لەش لەکاردانەوەدا دەورێکی گرنگ دەگێڕێت. دەوری لەش بە ئاشکرا لە تاکی کەم ئەقڵ یان زۆر بەهەرەداردا لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر بە روونی دەردەکەوێت. زۆربەی دانیشتوان شێوەی کاری لەشیان لەیەکێکەوە بۆ یەکی تر بەزۆری دەگۆردرێت و هەر لەوکاتەنەوەیە کە شێوە و بەهرە جیا لە ناو گروپدا دەردەکەوێت، بونیاد لەو بارەیەدا ناتوانێت کاریگەری بنچینەیی لەسەر گروپەکە دابنێت. جیاوازی دەبێت پەیوستبێت بە ئۆتۆماتیکیەتی نەریتەوە کە کولتور خوازیاریەتی و ئەمەش لەسەرچاوە هەرە گرنگەکانی پارێزیارییە.**

**⋆ مەکسیکی تازە یان نیومەکسیك : ولایەتێکی ئەمەریکای سەرووە.**

**⋆ ئۆتۆماتیك: مەبەست لەو بزوتنەوانەیە کە ئەرکی تایبەتیان ناوێت لەکاتی کاردندا.**

**⋆ئۆرگان: ئەندامەکانی لەش یان کۆمەڵ**

**⋆ دۆگما: هەر کۆمەڵە بروایەك کە لەسەر وشکە بیر دامەزرابێت و راستی خۆی وەك بیرێك فەرزکا بە دۆگما ناو دەبریت.**

٭ لێکۆڵەرەو ئاینیەکان: بزوتنەوەیەکی دیی دەمارگیر مەسیح بووە کە گەڕانەوە بۆ دۆگما ئاینیەکانیان بەسەرچاوەی پاکردنەوەی مرۆڤ بوو لە رۆحی پیس لە ڕێگەی لێکوڵینەوەی زۆرەملی و زۆرداریەوە سزای خەڵکانی لە دین لادەریان دەدا.

٭ دەروون شیکەرەوەکان: سایکۆ ئەنالیست، مەبەست لە لێکۆڵەرەوە دەرونیەکانە.

٭ پارێزەری: کۆنسێرڤەیف گۆران نەخواز .

گەر لەزەتی بیر و خوێندنەوەت لە بابەتەکە دی یان بۆچوونێك لە هەر باریکەوە هەبوو، کاریکی چاك دەکەیی کە ئاگادارم کەیتەوە.

Email:sabah1054@yahoo.co.uk